# ئابوری
# بە زمانی سادە

(ئەوەی پێویستە هەموو کەسێک بیزانێت دەربارەی
سامان و خۆشگوزەرانی)

نووسینی:
**جەیمس گوۆرتنی**
**ڕیچارد سترۆپ**
**دوایت لی**

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
**بەختیار کەریم**

پێداچوونەوە و داڕشتنەوە:
**پێشواز سەعدوڵڵا فەیزوڵڵا**

پەرتوکی ژمارە سێ
پرۆژەی پەرتوکەکانی چرای ئازادی

سەرجەم مافەکان پارێزراون بۆ چرای ئازادی
بەشێك لە بەرنامەی جیهانی ئەتڵەس
دامەزراوەی ئەتڵەس بۆ توێژینەوەی ئابوری
واشنتۆن دی سی
ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا
بەهاری ۲۰۰۹

ناوی کتێب بە ئینگلیزی:

**Common sense ecomomics**

(What Everyone Should Know about Wealth and Prosperity)

**By: James Gwartney, Richard Stroup, and Dwight Lee**

St Martin’s Press 2005

چرای ئازادی

## ناوەڕۆک

دەستپێك ........................................................................ 4

**بەشی یەکەم**

10 پێکهاتەی سەرەکی

ئابوری.............................................................. 8

**بەشی دووەم**

حەوت سەرچاوەی سەرەکی گەشەسەندنی ئابوری
32 ...................................

**بەشی سێیەم**

گەشەی ئابوری و ڕۆڵی حکومەت
10 پێکهاتەی بیرکردنەوەی ڕوون لە گەشەی ئابوری و ڕۆڵی حکومەت
67 .............

**بەشی چوارەم**

نۆ پێکهاتەی سەرەکی بۆ دارایی عەمەلی تاکەکەسی
106 .................................

-

# دەستپێک

ئابوری یەکێکە لە کۆڵەکە گرنگەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵ و وڵات. تێگەیشتنیش لە ئابوری و ئابوریناسی رێگەخۆشدەکات لەبەردەم تاکەکانی کۆمەڵدا تاوەکو بتوانن تێگەیشتنی باشتریان هەبێت بۆ ئەو شتانەی لە چواردەوریان گوزەر دەکات و پەیوەندی راستەوخۆ و رۆژانەی هەیە بە ژیان و داهاتوویانەوە.

کتێبخانەی کوردی لەم بوارەدا تارادەیەکی زۆر هەژارە و زۆربەی ئەو کارانەی پێشتریش کراون لە یەك دیدی دیاریکراوەوە دەڕواننە ئابوریناسی کە ئەویش دیدێکی سۆشیالیستیە.

لە ئەزمونەکانی سەد ساڵی رابردووی ئابوری سۆشیالیستیدا دەرکەووتوە کە ئەو سیستەمە ناتوانێت ئابوریەکی سەقامگیر و پتەو بێت و لەوەش زیاتر دەرکەوتوە کە ناتوانێت ئەو خۆشگوزەرانیە بهێنێتە دی کە بەڵێنی هێنانەدی دابوو. ئەمەش راستیەکە سەد ساڵی رابردووی ئەزمونەکانی یەکێتی سۆڤیەت و ئەوروپای رۆژهەڵات سەلماندیان. وڵاتێکی وەك چین تاوەکو لە ڕووی ئابوریەوە نەکرایەوە، نەیتوانی ببێتە هێزێکی ئابوری گەورەی جیهانی. ئەگەر بەراورد بکەین لە نێوان کۆریای باکور و کۆریای باشوردا، بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن کۆریای باشور بە ماوەی پەنجا ساڵ لە وڵاتێکی هەژارەوە گەیشتە ئاستی یەکێك لە ئابوریە دیارەکانی دنیا و ئاستی گوزەرانی کۆرییاییە باشوریەکان بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەوپێشچوو. لە کاتێکدا کۆریای باکور لە ئێستادا یەکێکە لە هەژارترین وڵاتەکانی دنیا کە هاوڵاتیەکانی بەدەست بێ خۆراکیەوە دەناڵێنن و بێبەشیشن لە هەموو ئەو کەرەستە و پێویستیانەی کە خۆشگوزەرانی دابیندەکەن.

ئابوری بازاڕ کە لە نێوەندی رۆشنبیری و سیاسی کوردیدا چەمکێکی نوێیە و زۆرجاریش لەلایەن خەڵکەوە سیفاتی شەیتانی دەدرێتە پاڵ و لە دواجاردا وەها وەسفدەکرێت کە ئەمە بڵاوکردنەوەی شێوازی ئەمەریکاییە و گریمانەی ئەوە دەکەن، بە جۆرێك لە حەقیقەتیشەوە، کە لە ئەنجامدا وڵاتانی دواکەوتوو دەبنە قوربانی وڵاتانی گەشەکردوو و چەندین قسەی لەم جۆرە کە هیچ کامێکیان بناغەی زانستیان نیە و پشتئەستوریش نین بە زانیاری و لێکۆڵینەوەی زانستی.

ئابوری بازاڕ زۆر بە شێوەیەکی سادە لەسەر بنەمای هاندەر کاردەکات. هاندەر ئەو هێزەیە کە بەرهەمهێن والێدەکات ئەو شتانە بەرهەمبهێنێت کە کڕیار لە بازاڕدا دەیانخوازێت و کڕیاریش حەز و ئارەزوەکانی خۆی لە ڕێگەی کڕینی بەرهەمەکانەوە دەگەیەنێتە بەرهەمهێن. ئەگەر کڕیار ئامادەبوو ١٠ دۆلار بدات بە جوتێك پێڵاوی دیاریکراو، ئەوکات بەرهەمهێنی ئەو پێڵاوە هاندەری ئەوەی دەبێت کە پێڵاوی زیاتر بەرهەم بهێنێت و واز لە بەرهەمهێنانی، بۆ نمونە، نەعل بهێنێت، بەو پێیەش پێڵاوی باشتر بەرهەم دەهێنێت.

ئابوری بازاڕ لەسەر بنەمای ئیرادەی ئازادی تاکەکان دەڕوات بەڕێوە. کڕیار و بەرهەمهێن بەهەردوولایان بڕیار لەسەر جۆر و بڕی بەرهەم دەدەن بەبێ ئەوەی هێزێکی سەرووخۆیان، جا ئەو هێزە دەستەیەك بێت یاخود سەرجەمی دەوڵەت، بڕیار بدات لەسەر ئەوەی کڕیار دەبێت چی بکڕێت و بەرهەمهێنیش دەبێت چی بەرهەم بهێنێت.

پرۆسەی دەستێوەردانی حکومەت لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و سەرجەمی ئابوریدا بە پلانڕێژی ناوەندی ناسراوە کە تێیدا دەسەڵاتە باڵاکانی دەوڵەت و وەزارەتەکانی پیشەسازی و بازرگانی بڕیار دەدەن لەسەر بڕ و چۆنێتی و چەندایەتی بەرهەم. ئەم شێوازەش سەرکەتوو نابێت لەبەرئەوەی وەك ئابوریناسی ناودار و خاوەنی خەڵاتی نۆبێل فرێدریش هایاك دەڵێت ئەو دەستە و وەزارەتانە هەموو ئەو زانیاریانەیان لەبەردەستدا نیە کە پەویوەستن بە نرخ و خواستەوە، بەو پێیەش بڕیارەکانیان ناتەواو دەردەچن.

بازاڕ ئەو ناوەندەیە کە هەموو زانیاریەکانی تێدا ئاڵوگۆڕ دەکرێت و لە ڕێگەی نرخ و خواستەوە بەرهەمهێنەران و بەکاربەران بە شێوەیەکی ناراستەخۆ لەگەڵ یەك پەیوەندی دەکەن و بەو پێیەش پرۆسەی گەشەی ئابوری بەرەو پێش دەڕوات و سامانی وڵات زیاد دەکات و لە ئەنجامیشدا ئاستی گوزەرانی خەڵك باشتر دەبێت.

ئەم پەرتوکەی لەبەردەستاندایە، پەرتوکێکی سەرەتاییە و بە زمانێکی سادە نوسراوە. پەرتوکێك کە دەکرێت خوێندکارانی بەشی ئابوری کۆلیژەکان و مامۆستاکانیان بەهەمان شێوەی خوێنەرێکی سادە سودی لێببینن و بتوانن لە ڕێگەیەوە لە پرۆسەکانی بازاڕ و نرخ و خواست و خستنەڕوو و قازانج و سەرمایە و بەرهەمهێنان و سەرجەم پێکهاتەکانی دیکەی ئابوری تێبگەن.

هەڵبژاردنی ئەم پەرتوکە تەنها لە بەر سادەیی شێواز و زمانەکەی نیە. بەڵکو بەدێوێکی دیکەشدا خستنە ڕووی ئەو دیوەی زانستی ئابوری کە تاوەکو ئێستا لەنێو ڕۆشنبیری کوردیدا پەردەپۆشکراوە و هەر هەوڵێکیش بۆ باسکردنی دوچاری سەرکوتکردنی لەشکری ئەو ڕۆشنبیر و ئابوریناسانە دەبێتەوە کە بەراستەوخۆو ناراستەوخۆ داکۆکی لە سیستەمێکی ئابوری دەکەن کە مێژووی سەد ساڵی رابردوو سەلماندویەتی کە سیستەمێکە خۆشگوزەرانی لێناکەوێتەوە و لەوەش خراپتر ئەوەیە کە سیستەمێکە ناتوانێت لەسەر پێی خۆی رابوەستێت.

بۆ نمونە زۆر جار کە قسە لەسەر هەرەسی بلۆکی سۆشیالیستی و یەکێتی سۆڤیەت دەکرێت، زۆر کەس بە شێوەیەکی سۆزدارانە دەیانەویت شیکاری رەوشەکە بکەن و راستەوخۆ دەڵێن کە یەکێتی سۆڤیەت بە پیلانگێڕی سیستەمی سەرمایەداری هەرەسی هێنا. بەبێ ئەوەی جورئەتی ئەوە بکەن کە تەماشایەکی مێژووی ئەو سیستەمە بکەن و چاوێك بخشێنن بەو زانیاریە ئابوریانەی لەبەردەستدان کە پیشانی دەدەن چۆن سیستەمێکی هێندە گەورە و زەبەلاح نەیتوانی لەڕووی ئابوریەوە خۆی بگرێت و لە کۆتاییدا ناچاربوو ملبدات بۆ شکستهێنانی سیستەمە ئابوریەکەی کە وڵاتی بەرەو ئیفلاسبوون برد و هاوڵاتیەکانیشی بەرەو برسێتی و هەژاری وبێبەشی لە خۆشیەکان و پێداویستیەکانی ژیان برد.

کرانەوەی ئابوری و بەرفراوانبوونی ئازادیە تاکەکەسیەکان و بەرقەرابوونی میدیای ئازاد و باشبوونی گوزەرانی خەڵك و گەشەی ئابوری و زیادبوونی سامانی وڵات هەموویان وابەستەن بە ئازادی ئابوریەوە. وابەستەن بە موڵکایەتی تایبەت و بیرۆکە و پرۆژە نوێیەکانی ئەنترۆپەنۆرەکانەوە، ئەو کەسانەی کە دەستپێشخەری دەکەن لە هێنانە کایەی پرۆژە و کاری نوێدا کە ئەنجامەکانیان بۆ هەمووان بە قازانج دەشکێتەوە.

ئەگەر نمونەیەکی بچوك وەربگرین ئەم خاڵەمان بۆ روون دەکاتەوە. کۆمپانیای تەلەفۆنی مۆبایل، کە پرۆژەیەکی بازرگانیە و خاوەنی بیرۆکەکە بەمەبەستی قازانجی خۆی و زیادکردنی سەرمایەکەی ئەنجامیداوە. بەڵام بێگومان مەسەلەکە لێرەدا تەواو نابێت، بەڵکو قۆناغی دووەمی پرۆسەکە لێرەوە دەستپێدەکات، ئەمەش ئەو بەشەیە کە زۆرێك لە سیاسەتمەداران و تەنانەت ئابورناسانیش نایانەوێت ببینن یاخود دەریبخەن. خاوەنی کۆمپانیایەکی مۆبایل بە مەبەستی قازانجی شەخسی خزمەتگوزارییەك دادەمەزرێنێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو خزمەتگوزایە قازانجێکی گەورە بە خەڵکی دەگەیەنێت. ئەو سودەی کە بەخەڵکی دەگات یەکێکە لە دەرکەوتەکانی ئەو پرۆژەیەی کە لە سەرەتاوە بەمەبەستی قازانجی شەخسی دروستکراوە. لێرەوە لەو راستیە تێدەگەین کە ئەو کەسانەی هەوڵی زیادکردنی سەرمایەی خۆیان دەدەن، بە ناراستەخۆ سەرمایەی خەڵکانی دیکەش زیاد دەکەن لەبەر ئەوەی پرۆژەکانیان هەلی کارکردن بۆ ژمارەیەك خەڵك دابین

دەکەن و سەرباری ئەو خزمەتگوزاریەی کە دەبێتە یاریدەدەرێکی بەهێز بۆ باشترکردنی کار و بازرگانی کەسانی دیکە و بەم شێوەیەش کاریگەریەکان بڵاودەبنەوە لە شێوەی شەپۆلی بازنەییدا نەوەك بە ئاراستەی تیرێکی راستڕەو.

دواجار پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە ئێمە بەپێویستمان زانی ناونیشانی کتێبەکە لە(Conmmon Sense Economics)ەوە بگۆڕین بۆ (ئابوری بە زمانی سادە)، چونکە ئەوە شیاوترین ناونیشان بوو بۆ ناونیشانە ئینگلیزییەکە کە وەرگێرانی یان مەحاڵە یان بەدتێگەیشتن دروست دەکات.

پێشواز سەعدوڵڵا
فەیزوڵڵا
واشنتۆنی پایتەختی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا
هاوینی 2009

# بەشی یەکەم
# 10 پێکهاتەی سەرەکیی ئابوری

1. **هاندەر گرنگە.**
2. **شتێک نییە بەناوی ژەمی بەلاش.**
3. **بڕیارەکان لە پەراوێزدا دەدرێن.**
4. **بازرگانی پەرەدادت بە پێشکەوتنی ئابوری.**
5. ***تێچوونی ئاڵوگۆڕی بازرگانی ڕێگرە لەبەردەم بازرگانیدا.***
6. **قازانج بازرگانییەکان ئاراستەی ئەو چالاکییانە دەکات کە سامان زیاد دەکەن.**
7. **خەڵک لەڕێگای یارمەتیدانی ئەوانی ترەوە داهاتیان دەستدەکەوێت.**
8. **پێشکەوتنی ئابوری بەشێوەیەکی سەرەکیی لە بازرگانی و وەبەرهێنان و ڕێگای باشتر بۆ کردنی شتەکان و دامەزراوەی ئابوری دروستەوە دێتەئاراوە.**
9. **"دەستی نادیار"ی نرخەکانی بازاڕ کرێار و فرۆشیارەکان ئاراستەی ئەو چالاکییانە دەکات کە برەو بە خۆشگوزەرانی گشتی دەدەن.**
10. **زۆرجار ئەنجامە درێژخایەنەکان یان کاریگەرییە لاوەکیەکانی کردارێك پشتگوێ دەخرێن.**

## پێشەکی

لە ئابوریەکی بازاڕی ئازادی وەک ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، هەڵبژاردە تاکەکەسییەکانمان بەشێوەیەکی بەرچاو ئاراستەی ژیانمان دیاریدەکەن. هاوکات وەک دەنگدەر و هاوڵاتی ئێمە بڕیارگەلێک دەدەین کە کاریگەریان هەیە لەسەر ئەو یاسایانەی یان "ڕێساکانی گەمەکە" کە ڕێنامیی ئەم بڕیارە تاکەکەسییانە دەکەن. بۆ هەڵبژاردنی ژیرانە، چ بۆ خۆمان و چ بۆ کۆمەڵگا بەگشتی، پێویستە لە هەندێک پرنسیپی بنەڕەتی ڕەفتاری مرۆڤ تێبگەین. ئەوە ئەرکی ئابورییە کە ئەو کارتێکەرانە شیکاربکات کە کاریگەرییان هەیە لەسەر بڕیارەکانی مرۆڤ.

ئەم بەشە هەوڵدەدات ١٠ پێکهاتەی سەرەکی شیکاری ئابوری بناسێنێت، ١٠ فاکتەر کە ڕونیدەکەنەوە ئابوری چۆن کاردەکات. خوێنەر ئاشنا دەبێت بەشتی وەک 'بۆچی نرخ گرنگە'، 'مانای ڕاستەقینەی تێچوون' چیە و چۆن ئاڵوگۆڕی بازرگانی خۆشگوزەرانی زیاددەکات. بەکاتێکی زۆر کەم وانە سەرەتاییەکانی ئابوری فێردەبیت. لە بڕگەکانی دواتردا زیاتر فێر دەبیت کە چۆن ئەم زانیاریانە بەشێوەیەکی سوودمەندانە بەکاربهێنیت.

## 1. هاندەر گرنگە

کۆی ئابوری لەسەر یەک پرەنسیپی ساکار ڕاوەستاوە: هاندەر گرنگە. گۆڕینی هاندەر، تێچوون و سودی بڕیارێکی دیاریکراو و ڕەفتاری خەڵک دەگۆڕێت.

تێگەیشتن لە هاندەر کەرەستەیەکی ئێجگار بەهێزە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە بۆچی خەڵک ئەو شتانە دەکەن کە دەیانکەن چونکە دەکرێت کاریگەریی هاندەر لە هەموو ئاستەکاندا ببینرێت، هەر لە بڕیاردانێکی سادەی خێزانەوە تا دەگاتە بۆرسەی پشکەکان و بازرگانی نێودەوڵەتی.

لەڕاستیدا بازاڕ خۆی لە خۆیدا لەبەر ئەوە کار دەکات کە کڕیار و فرۆشیارەکان ڕەفتاری خۆیان دەگۆڕن لەکاتی گۆڕانی هاندەرەکاندا. ئەگەر کڕیار ویستی زیاتر لە شتێک بکڕێت لەو ڕێژەیەی کە فرۆشیار ئامادەیە (یان دەتوانێت) دابینیبکات، ئەوا نرخەکەی دەستدەکات بە

بەرزبوونەوە. بەڵام لەکاتی بەرزبوونەوەی نرخەکاندا، فرۆشیار زیاتر ئامادەیە بۆ دابینکردنی کاڵا یان خزمەتگوزارییەکە. لە ئەنجامدا، نرخە بەرزەکە هاوسەنگیی دروست دەکات لەنێوان پری خواستراو و پری دابینکراودا.

چی ڕوودەدات ئەگەر ئەمە بەپێچەوانەوە رویدا؟ ئەگەر نرخەکان زۆر بەرزبوون، دابینکەر بەرهەمەکانی کەڵەکە دەبێت و پێویستە کە نرخەکان دابشکێنێت بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانی. ئەم نرخە نزمانە هانی خەڵک دەدەن بۆ کڕینی زیاتر – بەڵام هاوکات بەرهەمهێنەکان ساردەکەنەوە لە زیادکردنی بەرهەمهێنان، چونکە بە نرخە تازە نزمەکە بەرهەمەکە قازانجی کەمتر دەبێت. وردەوردە پرەی داواکراو لەلایەن بەکاربەرەوە جارێکی تر هاوسەنگ دەبێتەوە لەگەڵ پری بەرهەمهێنراو لەلایەن دابینکەرەوە.

ئەم پرۆسەیە دەستبەجێ کار ناکات. کاتی دەوێت تاوەکو کڕیار کاردانەوەی تەواوی هەبێت بەرامبەر گۆڕان لە نرخەکاندا و بۆ بەرهەمهێنەر تاوەکو بەرهەمهێنان کەم یان زیاد بکات.

کاردانەوەی کڕیار و فرۆشیار بەرامبەر گۆڕانی نرخی بەنزین لە ساڵانی 1970کانەوە گرنگی هاندەر و ڕۆڵی کات لە پرۆسەی گونجاندا دەردەخات. لە ساڵانی 1970کاندا نرخی بەنزین بە ئاستێکی زۆر بەرزبووەوە. وەک کاردانەوەیەك، بەکاربەران دەستبەجێ سەفەرە ناپێویستەکانیان نەهێشت زیاتر لەگەڵ ئۆتۆمبێلی تر سوار دەبوون کە دەچوون بەرەو هەمان شوێن. بەڵام وردەوردە ڕوویانکردە بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی بچووکتر کە بەنزینی کەمتری دەخوارد بۆ ئەوەی بەکارهێنانی بەنزینی زیاتر کەمبکەنەوەی.

هاوکات دابینکەرانی پەترۆڵ، کەرەستەی خاوی بەنزین، ئاستی دەرهێنانیان بەرزکردەوە و تەکنیکی نوێیان بەکارهێنا بۆ دەرهێنانی نەوتی زیاتر لەو بیرانەی کە هەبوون، هەروەها گەڕانیان بەدوای بیری نوێدا چڕکردەوە. لەسەرەتای ساڵانی 1980دا دابینکردنی نەوت ئەوەندە زیادی کردبوو کە بەرهەمهێنەران ناچاربوون نرخەکانیان دابشکێنن بۆ فرۆشتنی هەموو ئەوەی کە دۆزیبوویانەوە. نرخەکان بەردەوام بوون لە داشکان بەدرێژایی 1980کان و 1990کان، بەکاربەرانیش دووبارە رەفتاری خۆیان گۆڕی. دەستیانکرد بە بەکارهێنانی لانکرۆزەر و ئۆتۆمبیلی گەورەتر و بەهێزتر. نرخی نزمی بەنزین، لێخوڕینی ئەم

ئۆتۆمبێلانە هەرزانتر کرد. بەڵام ئەگەر نرخی بەرزی بەنزینی ساڵی 2004 وەك خۆی بمێنێتەوە، ئەوا لاندکرۆزەری کەمتر دەفرۆشرێت، چۆنکە شۆفێرەکان کاردانەوەیان دەبێت بۆ ئەو هاندەرەی کە ئەو نرخە بەرزانە دروستیانکردوە.

هاندەر کاریگەری هەیە لەسەر هەڵبژاردە سیاسییەکانیش. ئەو کەسەی بازاڕدەکات رەفتاری هێندە جیاواز نیە لەو کەسەی کە لە سندوقی دەنگداندا "بازاڕدەکات". لەزۆربەی بارەکاندا دەنگدەر ئەگەری زیاتری هەیە پشتگیری پاڵێوراوێکی سیاسی و ئەو سیاسەتی کارانە بکات کە سوودی تاکەکەسیی پێدەبەخشن. زیاتر مەیلیان بەلای دژایەتی ئەو هەڵبژاردە سیاسییانەدا دەچێت کە تێچوونی تاکەکەسیان زیاترە بە بەراورد لەگەڵ سوودە چاوەڕوانکراوەکان. بۆ نموونە، دەنگدەران لە باکوری فلۆریدا لەم دواییانەدا ناڕەزایەتی خۆیان دەربڕی لەدژی باجی بەرزتر کە دەبێت بیدەن بۆ یاریگەیەکی نوێی کە دەکەوێتە باشوری فلۆریداوە.

بە هیچ شێوەیەك ناتوانین خۆمان لە گرنگی هاندەر بدزینەوە. هاندەر بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ. بۆ نموونە، گرنگی هاندەر لە سایەی سۆشیالیزمدا هەمان گرنگیە لە سایەی سەرمایەداریدا. لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران بەڕێوەبەر و کرێکارەکانی کارگەی شووشە لە سەردەمێکدا بەپێی تەنی تەبەقی شووشەی بەرهەمهاتوو پاداشتیان دەدرایەوە. چونکە داهاتیان وابەستەبوو بە کێشی ئەو شووشەیەوە کە بەرهەمیان دەهێنا، زۆربەی کارگەکان شووشەی ئەوەندە ئەستووریان بەرهەمدەهێنا کە بەئەستەم ئەودیوی دەبینرا. ڕێساکە گۆڕا و بەڕێوەبەرەکان بەپێی مەتر چوارگۆشەی شووشەی بەرهەمهاتوو پاداشت دەکران. لەژێر ئەم ڕێسایانەدا کارگەکانی سۆڤیەت شووشەی ئەوەندە تەنکیان دروست دەکرد کە بەئاسانی دەشکا.

هەندێک وابیردەکەنەوە کە هاندەر گرنگە تەنها لەو کاتانەدا کە خەڵک چاوچنۆک و خۆپەرستن. ئەمە هەڵەیە. خەڵک لەبەر چەندین هۆکار کردار دەکەن، هەندێک خۆپەرستانەیە و هەندێکیش خێرخوازانەیە. هەڵبژاردەکانی هەردووک خۆپەرست و خێرخواز کاریان تێدەکرێت بە گۆڕانی تێچوون و سوودە تاکەکەسییەکان. بۆ نموونە، ئەگەری ئەوە هەیە هەردوو خۆپەرست و خێرخواز هەوڵی ڕزگارکردنی منداڵێک بدەن لە حەوزێکی یەك مەتر قووڵدا وەک لەوەی لە شەپۆلە

خورەکانی نزیك تاقگەکانی نایاگرا دا. هەروەها ئەگەری ئەوە زیاترە کە جلە کۆنەکانیان بدەن بە کەسێکی نەدار زیاتر لەوەی جلە زۆر باشەکانیانی پێبدەن.

ئەگەرچی هیچ کەس دایکە تێرێزای کۆچکردوو بە چاوچنۆک تۆمەتبار ناکات، بەڵام بەرژەوەندییە خودییەکانی وایان لێکرد کە ئەویش کاردانەوەی هەبێت بۆ هاندەر. کاتێک ڕێکخراوەکەی دایکە تێرێزا، (میشنەریز ئۆڤ چارەتی)، هەوڵیدا پەناگەیەک بۆ لانەوازانی شاری نیۆرک بکاتەوە، شارەوانی نیۆرك داوای گۆرانکاری گرانبەهای (بەڵام ناپێویست) کرد بۆ بیناکەی. ڕێخراوەکە دەستبەرداری پرۆژەکە بوو. بڕیارەکە هیچ گۆڕانێکی درستنەکرد لە وابەستەیی دایکە تێرێزا بەرامبەر هەژاران. لەبەرامبەردا، کاریگەری هەبوو لەسەر هاندەر. کاتێک پرێ تێچوونی یارمەتیدانی هەژارانی نیۆرك گران دەکەوت لەسەری، دایکە تێرێزا بڕیاریدا کە سەرچاوەکانی باشتر دەبن لە شوێنی دیکە. گۆڕانی هاندەر کاریگەری هەیە لەسەر هەڵبژاردەکانی هەمووومان، بەدەرلەوەی کە ئێمە چاوچنۆکی ماددین یان خێرخوازی میهرەبانین یان بەشێکین لە هەردوولا.

## 2. شتێک نییە بەناوی ژەمی بەلاش.

ڕاستی ژیان لەسەر هەسارەکەمان ئەوەیە کە *سەرچاوە بەرهەمدارەکان سنووردارن، لەکاتێکدا خواستی مرۆڤ بۆ کاڵا و خزمەتگوزاری بێسنوورە*. ئایا حەزدەکەیت کە هەندێک جلی تازە و بەلەمێکی گرانبەهات هەبێت یان سەفەرێکی چیاکانی ئەڵپ لە سویسرا بکەیت؟ ئەی پێت چۆنە کاتی زیاترت هەبێت بۆ چێژوەرگرتن و سەفەرکردن؟ ئایا خەون دەبینیت بە لێخوڕینی ئۆتۆمبێلێکی پۆرشی نوێ و ڕاگرتنی لە گەراجی ماڵەکەی کەناری زەریات؟ زۆربەمان حەزدەکەین کە هەموو ئەم شتانە و زۆری دیکەشمان هەبێت! بەڵام گیرۆدەی دەستی دەگمەنی سەرچاوەین بە کەمی کاتیشەوە.

لەبەرئەوەی ناتوانین هەموو ئەوشتانەمان هەبێت کە ئارەزویان دەکەین، بۆیە ناچارین کە لە نێو بەدیلەکاندا هەڵبژێرین. بەڵام بەکارهێنانی سەرچاوەکان وەك کات، بەهرە، بابەت، چ مرۆڤکرد یان سروشتی، بۆ بەدیهێنانی شتێك، فەراهەمی هەمان ئەو شتە بۆ

کەسانی دیکە کەمدەکاتەوە. یەکێک لە گوزارشتە پەسەندەکان لەلای ئابورییناسان ئەوەیە کە "شتێک نییە بەناوی ژەمی بەلاش." زۆر چێشتخانە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە منداڵان بە بەلاش ناندەخۆن لەکاتی کڕینی ژەمی کەسێکی گەورەدا. بەواتایەکی تر، ژەمەکە بەڕاستی بەلاش نییە. موشتەریەکە لە نرخی ژەمی کەسە گەورەکە پارەکەی دەدات. لەبەرئەوەی کە "ژەمی بەلاش نییە"، پێویستە کە شتێک کە بەهای هەیە لەلامان بکەینە قوربانی بۆ بەدەستهێنانی شتێکی دیکە. قوربانیەکە ئەو تێچوونەیە (نرخ) کە دەیدەین بۆ شمەک یان خزمەتگوزاری. هەردوو بەکاربەر و بەرهەمهێنەر ئەزموونی پێدانی تێچوون دەکەین لەو شتانەدا کە دەیانکەین.

وەک بەکاربەر، تێچوونی کاڵایەک یارمەتیمان دەدات بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان ئارەزوومان بۆ کاڵایەک لە بەرامبەر ئارەزووماندا بۆ کاڵای دیکە کە دەتوانین لە بری ئەوە بیانکڕێن. ئەگەر نرخ لەبەرچاو نەگرین، دەرئەنجام سەرچاوەکانمان بەکاردەهێنین بۆ کڕینی شمەکە هەڵەکان، کاڵاکەلێك هێندە بەهایان نیە لەلامان لەچاوە شتی دیکەدا کە لەوانەبوو بمانکڕینایە.

بەرهەمهێنەرانیش ڕووبەڕووی تێچوون دەبنەوە -تێچوونی ئەو سەرچاوانەی کە بۆ بەرهەمهێنانی کاڵایەک یان بەخشێنی خزمەتگوزارییەک بەکاریان دەهێنن. بۆ نموونە بەکارهێنانی سەرچاوەی وەک تەختە ئاسن و تاشە بەرد بۆ دروستکردنی خانوویەکی نوێ، سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی شتی دیکەی وەک نەخۆشخانە و قوتابخانە کەمدەکاتەوە. کاتێک نرخی تێچوون بەرزە، لەبەرئەوەیە کە سەرچاوەکان بۆ مەبەستی دیکە خواستیان لەسەرە. کاتێک بەکاربەرەکان دەیانەویت سەرچاوە بەنرخەکان بە شیوازی جیاواز بەکاربێنن، نرخی ئەو سەرچاوانە بەرزدەکەنەوە و بەرهەمهێنەکان ژمارەیەکی کەمتریان لێبەکاردەهێنن بە شێوازەکانی ئێستایان. بەرهەمهێنەکان هاندەرێکی بەهێزیان هەیە بۆ دابینکردنی کاڵا بە نرخی تێچوونیان یان زیاتر، بەڵام کەمتر نا. ئەم هاندەرە مانای ئەوەیە کە بەرهەمهێنەکان هەوڵی دابینکردنی ئەو کاڵایانە دەدەن کە بەکاربەرەکان لە هەموو ئەوانی تر بە بەهاتریان دەزانن.

بێگومان دەکرێت کاڵایەک بە بەلاش بدرێت بە کەسێک یان گروپێک ئەگەر کەسانی تر پارەکەی بدەن. بەڵام ئەمە بەتەواوەتی تێچوونەکەی

دەگوێزێتەوە بەڵام کەمی ناکاتەوە. سیاسەتمەداران زۆرجار باسی "خوێندنی خۆڕایی" یان "خزمەتگوزاری تەندروستی خۆڕایی" یان "خانووبەرەی خۆڕایی" دەکەن. ئەم چەمکانە فریودەرن. ئەم شتانە خۆڕایی نیین. سەرچاوەی دەگمەن پێویستن بۆ بەرهەمهێنانی هەر یەکەیان. بیناکان، کرێکار و سەرچاوەی دیکە کە بەکاردێن بۆ دروستکردنی قوتابخانە کە دەکرێت بەکاربێن بۆ بەرهەمهێنانی خواردنی زیاتر یان شوێنی حەوانەوە یان پاراستنی ژینگە یان خزمەتگوزاری تەندروستی. تێچوونی قوتابخانە بەهای ئەو شتانەیە کە پێویستە دەستیان لێهەڵبگیرێت. حکومەت دەتوانێت تێچوونەکان بگوێزێتەوە بەڵام ناتوانێت خۆییان لێلابدات.

بە تێپەڕبوونی کات زۆرجار خەڵک شێوازی باشتر دەدۆزێنەوە بۆ ئەنجامدانی شتەکان و فراوانکردنی زانینمان لەسەر چۆنێتی گۆڕینی سەرچاوە دەگمەنەکان بۆ کاڵا و خزمەتگوزاری خواستراو. لەماوەی 250 ساڵی ڕابوردوودا، ئێمە توانیومانە کە چنگی دەگمەنی شل بکەین و ئاستی ژیانمان باشتر بکەین. بەڵام ئەمە ئەو خاڵە بنەڕەتییە ناگۆڕێت کە: ئێمە هێشتا لەگەڵ واقیعی دەگمەنیدا ڕووبەڕووین. بەکارهێنانی کرێکاری زیاتر، مەکینە و سەرچاوەی سروشتی بۆ بەرهەمهێنانی شتێك، ناچارمان دەکات کە دەستبەرداری کاڵای دیکە ببین کە لەوانەیە بەهەمان ئەو سەرچاوانە بەرهەم بهاتنایە.

## 3. بڕیارەکان لە پەراوێزدا دەدرێن.

ئەگەر دەخوازین کە زۆرترین شتمان دەست بکەوێت لە سەرچاوەکانمان، پێویستە کە ئەو کردارانە ئەنجام بدەین کە سوودیان دەبێت زیاتر وەک لە تێچوون و خۆلادەین لە ئەنجامدانی ئەو کردارانەی کە تێچوونیان زۆرترە لە بەهایان. بۆ نموونە، خێزانێک کە دەیەوێت خانوویەک بکڕێت پارە کۆدەکاتەوە بۆ قیستی یەکەم لەڕێگای سەعاتی زۆری کارکردنەوە بۆ دەستکەوتنی پارەی زیاتر، هەروەها لەڕێگای خەرجکردنی کەمترەوە لە خۆشنودی و نانخواردندا لە دەرەوە. ئەو خوێندکارانەی دواناوەندی کە دەیانەوێت بچن بۆ زانکۆ کاتێکی زیاتر تەرخان دەکەن بۆ خوێندن وەک لە یاریکردن. ئەم هەڵسەنگاندنەی

تێچوون و قازانج زۆر گرنگە بۆ تاکەکەس، بازرگانیەکان و بۆ کۆمەڵگا بەگشتی.

زۆربەی هەرە زۆری هەڵبژاردنەکان لە پەراوێزدا دەکرێن. بەواتای ئەوەی کە تائەندازایەک هەمیشە خستنەسەر یان لێدەرکردن لە هەلومەرجەکانی ئێستا لەگۆڕێیە، زیاتر لەوەی بڕیاری هەموو-یان-هیچ بن. وشەی "خستنەسەر" هاوواتای وشەی "پەراوێزیە". دەکرێت بپرسین، "تێچوونی پەراوێزیی (یان خستنەسەر)ی کڕینی یەکەیەکی دیکە چەندە؟" لەوانەیە بڕیارە پەراوێزییەکان گۆڕانی گەورە یان بچووک بگرنەوە. "یەکەیەی تر" لەوانەیە کراسێکی نوێ، خانوویەکی نوێ، کارگەیەکی نوێ یان تەنانەت بەسەربردنی کات بێت، وەک لە باری خوێندکارێکی ئامادەییدا کە لەنێوان چەند چالاکییەکدا هەڵدەبژێرێت. هەموو ئەم بڕیارانە پەراوێزیین چونکە تێچوون و سوودی زیادە لەخۆ دەگرن.

ئێمە بڕیاری "هەموو-یان-هیچ" نادەین، وەک هەڵبژاردن لەنێوان خواردن یان لەبەرکردنی جل، نانخواردن بەڕووتی بۆ ئەوەی بتوانین نان بکڕین. لەبری ئەوە ئێمە کەمێک خواردنی زیاتر هەڵدەبژێرین لەسەر حسابی جلی کەمتر یان کەمتر لە شتێکی تر. لە بڕیارداندا ئێمە بەراورد ناکەین لەنێوان کۆی نرخی خواردن لەگەڵ کۆی نرخی جلوبەرگدا، بەڵکو بەهای پەراوێزییان بەراورد دەکەین. پلانی بازرگانێك بۆ دروستکردنی کارگەیەکی نوێ، ئەوە لەبەرچاو دەگرێت کە ئایا سوودی پەراوێزی کارگە نوێیەکە (بۆ نموونە دەستکەوتی فرۆشتنی زیادە) زیاترە لە تێچوونی پەراوێزیی (مەسرەفی دروستکردنی بینا نوێیەکە). ئەگەرنا، ئەوا بازرگانەکە و کۆمپانیاکەی بەبێ کارگە نوێیەکە قازانجیان زیاترە.

کردە سیاسییەکانیش هاوکات پێویستە بڕیاردانی پەراوێزیی تیایاندا رەنگبداتەوە. نموونەی بڕیارێکی سیاسی بریتییە لە دیاریکردنی ڕێژەی ئەو هەوڵەی کە پێویستە بۆ پاککردنەوەی ژینگە تەرخان بکرێت. ئەگەر پرسیار بکرێت پێویستە ڕێگە بە چ رێژەیەك لە پیسبوون بدەین، زۆربەی خەڵک وەڵامەکەیان "هیچ" دەبێت، بەواتایەکی تر دابەزاندنی ئاستی پیسبوون بۆ سفر. لەسەر سندوقەکانی دەنگدان لەوانەیە بەو شێوەیە دەنگ بدەن. بەڵام چەمکی پەروازیی نیشانی دەدات کە ئەمە شتێکی تەواو بەفیڕۆدراو دەبێت.

کاتێک پیسبوون ئەوەندە زۆرە، با بڵێین هەڵمژینی ئەو هەوایە بینمان دەگرێت، سوودی پەراوێزی دابەزاندنی ئاستی پیسبوون زۆر بەرزە و لەوانەیە کە سەنگینتر بێت لە تێچوونی دابەزاندنەکە. بەڵام لەگەڵ دابەزینی ئاستی پیسبووندا، سوودی پەراوێزیش – بەهای دابەزاندنی زیادە - دادەبەزێت. هێشتا سوودی تری وەک کەشوهەوای پاکتر هەیە، بۆ نموونە دەتوانین کە شاخە دوورەکان ببینین، بەڵام ئەم سوودە هێندەنی پاراستنمان لە بینگیران بەو هەوایە بەهادار نییە. لە خاڵیکی پێش لەناوبردنی پیسبووندا، سوودی پەراوێزی لەناوبردنی زیاتری پیسبوون دادەبەزێت بۆ نزیک سفر.

بەڵام لەکاتێکدا کە سوودی پەراوێزی کەمکردنەوەی پیسبوون دادەبەزێت، تێچوونی پەراوێز بەرزدەبێتەوە و دەگاتە ئاستێکی زۆر بەرز بەرلەوەی کۆی پیسبوون لەناوببرێت. تێچوونی پەراوێزیی بەهای ئەو شتانەیە کە پێویستە بیانکەینە قوربانی بۆ کەمکردنەوەی کەمێك زیاتری پیسبوون. سوودی پەراوێزی بریتیە لە بەهای کەمێک باشتربووی هەوا. کاتێک کە تێچوونی پەراوێزی کەشوهەوای پاکتر سوودە پەراوێزەکەی تێدەپەڕێنێت، دابەزاندنی زیاتری ئاستی پیسبوون شتێکی بەفیڕۆدەر دەبێت. بەسانایی ئەو تێچوونە ناهێنێت.

بۆ ئەوەی لەگەڵ نموونەی پیسبووندا بەردەوام بین، ئەم دۆخە گریمانەییە لەبەرچاو بگرە. گریمان کە پیسبوون بەهای 100 ملیۆن دۆلار زیان دەدات و تەنها 1 ملیۆن دۆلار خەرجدەکرێت بۆ کەمکردنەوەی پیسبوون. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم زانیارییە، ئایا ئێمە شتێکی کەم یان شتێکی زۆر دەکەین بۆ دابەزاندنی ئاستی پیسبوون؟ زۆربەی خەڵک دەڵێن کە ئێمە شتێکی یەکجار کەم دەکەین.

*ئەمە لەوانەیە دروست بێت، بەڵام لە زانیارییە پێدراوەکانەوە سەرچاوەی نەگرتوە.*

100 ملیۆن دۆلاری زیان کۆی زیانەکەیە و 1 ملیۆن دۆلارە سەرفکراوەکە کۆی تێچوونی پاککردنەوەیە. بۆ ئەوەی بڕیارێکی ژیرانە بدەین لەسەر ئەوەی بۆ هەنگاوی داهاتوو چی بکەین، پێویستە سوودی پەراوێزی پاککردنەوە و تێچوونی پەراوێزی ئەنجامدانی بزانین. ئەگەر سەرفکردنی 10 دۆلاری تر بۆ دابەزاندنی ئاستی پیسبوون زیاتر لە 10 دۆلار زیان کەمدەکاتەوە، ئەوا پێویستە بیکەین. سوودی پەراوێزی زیاترە لە تێچوونی پەراوێزی. بەڵام ئەگەر سەرفکردنی 10 دۆلاری تر بۆ

هەوڵەکانی دژەپیسبوون تەنها یەک دۆلار زیان کەمبکاتەوە، ئەوا سەرفکردنی زیادەی دژەپیسبوون کارێکی ناژیرانەیە.

تێکەڵکردنێکی هاوشێوە لە نێوان کۆ و پەراویزی تێچوون و سوود لەو گفتوگۆیانەدا بەدیدەکرێت ئەویش چۆنیەتی تەرخانکردنی بودجەیە بۆ لێکۆڵینەوەی تەندروستی. لە هەواڵێکی ئەسۆسیەتد پرێس لەساڵی 1989دا هاتووە کە نزیکەی 1.3 ملیار دۆلار خەرجدەکرێت بۆ لێکۆڵینەوە و بەرگرتن بە ئایدز، بەڵام تەنها 1 ملیار دۆلار بۆ لێکۆینەوە و بەرگرتن بە نەخۆشیەکانی دڵ. لەکاتێکدا، وتارەکە ئاماژەی پێدابوو، کە چاوەڕوان دەکرێت خەڵکێکی زۆر زیاتر (77 هەزار کەس)، بە نەخۆشی دڵ بمرن وەک لە ئایدز، کە لەوانەیە 35 هەزار کەس بکوژێت (ئەسۆسیەتد پرێس، 1989/07/15). پێدەچوو کە وتارەکە پێشنیاری ئەوە بکات کە وڵات پارەی زیاتر خەرجدەکات بۆ ئایدز بە بەراورد لەگەڵ نەخۆشی دڵدا. ئەمە لەوانەیە راست بێت، بەڵام زانیارییەکانی وتارەکەی ئەسۆسیەتد پرێس پشتگیری ئەمەی نەدەکرد.

وتارەکە زانیاری لەبارەی کۆی خەرجکردن و مردنەوە تێدابوو، بەڵام هیچ شتێکی پێنەوتین لەبارەی کاریگەرییە پەراوێزەکانی خەرجکردنی زیاتر. لە 1989دا ئایدز نەخۆشیەکی نوێ بوو و بە بەراورد لەگەڵ نەخۆشی دڵدا، هێشتا هەر نوێیە. زۆر شت هەن کە لەبارەی ئایدزەوە فێریان دەبین زیاتر وەک لە نەخۆشی دڵ. کەواتە سەرفکردنی هەر دۆلارێکی پەراوێز (زیادە) بۆ لێکۆڵینەوە لە ئایدز لەوانەیە ژیانی زیاتر بپارێزێت وەک لەوەی ئەگەر بۆ نەخۆشی دڵ سەرفبکرێت. ئێمە ناڵێین ئەمە وا دەبێت. ئێمە نازانین. بەڵام ئەوە دەزانین کە بەبێ زانیاری لەسەر کاریگەری پەراوێزی خەرجکردن بۆ لێکۆڵینەوە، مەحاڵە بزانین کە چۆن خەرجی دیاری بکەین بۆ نەخۆشیە جیاوازەکان بۆ پاراستنی ژیانی زیاتر.

خەڵک بەگشتی کاریگەرییەکانی پەراوێزیی پێشگوێ دەخەن لە بۆچوونەکانییان و دەنگداندا، بەڵام بە دەگمەن لە کردارە تاکەکەسییەکانیاندا. تەماشای خواردن بکە بەرامبەر حەوانەوە. بەگشتی، خواردن زۆر بەهادارترە لە حەوانەوە، چونکە یارمەتیمان دەدات لە ژیان بەردەوام بین. کاتێک خەڵک هەژارن و لە وڵاتی هەژاردا دەژین، زۆربەی داهاتیان بۆ بەدەستهێنانی خۆراکی پێویست تەرخان

دەکەن. کاتێکی زۆر کەم یان هەر هیچ کاتێك تەرخان ناکەن بۆ یاریکردن و مەلەکردن و کەیف و سەفا.

بەڵام کاتێك کەسەکان دەوڵەمەندتر دەبن، خواردنیان ئاسانتر دەستدەکەوێت. ئەگەرچی خواردن هێشتا پێویستی ژیانە، بەردەوامبوون لەسەر سەرفکردنی هەموو پارەکەیان بۆ خواردن گەمژەییە. لەگەڵ ئەوەی کە دەرامەتیان زیاتر دەبێت، دەبینن لە پەراوێزدا کاتێک کە بڕیاردەدەن لەسەر چۆنێتی خەرجکردنی هەر دۆلارێکی زیادە، بۆیان دەردەکەوێت کە خواردن بەهای زۆر کەمترە لە حەوانەوە. بەو پێیەش کاتێک ئەمەریکیەکان دەوڵەمەندتر دەبن، بەشێکی کەمتری داهاتیان بۆ خواردن  و بەشێکی زۆرتر بۆ کەیف و سەفا تەرخان دەکەن.

چەمکی پەراوێزی دەریدەخات کە ئەوە تێچوونی پەراوێز و سوودی پەراوێزن کە پەیوەندیان هەیە بە بڕیاردانی دروستەوە. ئەگەر بمانەوێت زۆرترین شت لە سەرچاوەکانمان بەدەست بهێنین، پێویستە تەنها ئەو کردارانە ئەنجامبدەین کە سوودی پەراوێزیان یەکسانە یان زیاترە لە تێچوونی پەراوێزیان. هەردوو تاکەکەس و وڵاتان زیاتر ئاسوودە دەبن کاتێک دەرکەوتەکانی پەراوێزیی لەبەرچاوگیران.

## 4. بازرگانی پەرەدادت بە پێشکەوتنی ئابوری

بناغەی بازرگانی دەستکەوتی هاوبەشە. خەڵکی شمەك ئاڵوگۆڕ دەکەن چونکە چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە بوونیان باشتر بکات. پاڵنەری بازرگانی لەم وتەیەدا کورت کراوەتەوە "ئەگەر تۆ شتێکی باش بۆ من بکەیت، منیش شتێکی باش بۆ تۆ دەکەم." بازرگانی بەرهەمهێنە چونکە ڕێگە بە هەریەک لە لایەنەکانی یاڵوگۆڕی بازرگانی دەدات زیاتر لەو شتانە بەدەستبهێنێت کە دەیەوێت. سێ سەرچاوەی سەرەکیی دەستکەوت هەن لە بازرگانییدا.

*یەکەم: بازرگانی کاڵاکان دەگوێزێتەوە لەو کەسانەوە کە کەمتر بەهای دەزانن بۆ ئەو کەسانەی کە زیاتر بەهای دەزانن.* بازرگانی بەهای بەدەستهاتووی کاڵا بەرزدەکاتەوە، ئەگەرچی هیچی نوێش بەرهەم نەهێنراوە. کاتێک کاڵای دەستیدوو لە بازاڕی مەزاددا یان لە ڕیکلامی ڕۆژنامەکان یان لەسەر ئەنتەرنێت بازرگانیان پێوە دەکرێت،

ئاڵوگۆڕەکە پری کاڵای فەراهەم زیاد ناکات (وەک ئەوەی بەرهەمی نوێ دەیکات). بەڵکو ئەم ئاڵوگۆڕە بازرگانیانە بەرهەمەکان لە کەسێکەوە دەگوازێتەوە بۆ کەسێکی دیکە کە زیاتر نرخی دەزانێت. بەرهەمەکە سامانی کەسی کڕیار زیاد دەکات.

خواست و زانیاری و ئامانجەکانی خەڵک زۆر هەمەجۆرن. بەرهەمێک کە بەتەواوی بێبەهایە لای کەسێک لەوانەیە بەهادار بێت لای کەسێکی دیکە. لەوانەیە پەرتوکێکی تەکنیکی لەبارەی ئەلەکترۆنیات هیچ بەهایەکی نەبێت بۆ هونەردۆستێك، بەڵام بەهای سەدان دۆلاری هەبێت بۆ ئەندازیارێک. بەهەمان شێوەش لەوانەیە تابلۆیەک کە ئەندازیارێک گرنگیەکی کەمی پێدەدات لەلای هونەردۆستێك زۆر ویستراو بێت. ئاڵوگۆڕکردنی خۆویستانەی پەرتوکەکە بۆ لای ئەندازیارەکە و تابلۆکە بۆ لای هونەردۆستەکە، سوودی بەدەستهاتوو لە هەردوو کاڵاکە زیاددەکات. ئاڵوگۆڕە بازرگانیەکە سامانی هەردوو کەسەکە و وڵاتەکەشیان زیاد دەکات. ئەوەی دەوڵەمەندیی وڵاتێك دیاریدەکات تەنها کاڵاو خزمەتگوزاری بەرهەمهاتوو نیە، بەڵکو چۆنێتی تەرخانکردن و دابەشکردنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانە.

*دووەم، بازرگانی ڕێگە دەدات بە بەرهەمهێنانی و بەکاربردنی زیاتر چونکە ڕێگەدەدات بە هەریەک لە ئێمە بۆ تایبەتمەندبوونی زیاتر لەو شتانەدا کە بە باشترین شێوە دەیانکەین.*

کاتێک خەڵک تایبەتمەند دەبن لە بەرهەمهێنانی ئەو کاڵا و خزمەتگوزاریانەدا کە دەتوانن بە ئاسانی و بە نرخێکی کەم دابینیان بکەن، دەبنە خاوەنی داهات کە دەتوانن بەکاریبهێنن بۆ ئاڵوگۆڕکردنیان بە ئەو شتانەی کە ناتوانن خۆیان بەرهەمیان بهێنن. ئەو کەسانەی کە بەم شێوەیە تایبەتمەندبوون دەتوانن پێکەوە پری زیاتر لە کاڵا و خزمەتگوزاری بەرهەمبهێنن وەك لەوەی کە بەبێ هاوکاری دەیانتوانی، هەروەها هەمەڕەنگی و فرەیی زیاتر لە کاڵاکاندا وەک لەوەی کە خۆیان بەتەنها دەیانتوانی بەرهەمیان بهێنن. ئابورناسان بەم پرینسیپە دەڵێن *یاسای باڵادەستی ڕێژەیی*. ئەم یاسایە گەردوونییە: بازگانی لەنێوان تاکەکەسەکان و بازرگانەکان و ناوچەکان و وڵاتاندا دەگرێتەوە.

یاسای *باڵادەستی ڕێژەیی* شتێکە بە سروشتی دەیزانین. ئەگەر کەسێک ئامادەبوو بەرهەمێکت بۆ دابینبکات بە نرخێکی کەمتر لەوەی خۆت بەرهەمی دەهێنیت، ئەوا شتێکی شیاوە ئەو ئاڵوگۆڕە بازرگانیە

بکەیت. ئەوکات دەتوانیت کات و سەرچاوەکانت تەرخانبکەیت بۆ زیاتر بەرهەمهێنانی ئەو شتانەی کە بە نرخێکی هەرزان بەرهەمیان دەهێنیت. بۆ نموونە، هەرچەندە زۆربەی پزیشکەکان باشن لە تۆمارکردن و ڕێکخستنی سەردانەکاندا، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لەبەرژەوەندیانە ئەگەر کەسێکی تر دابمەزرێنن بۆ ئەنجامدانی ئەم خزمەتگوزارییانە. ئەو کاتەی کە تەرخانی دەکەن بۆ ناونوسین دەکرا تەرخانی بکەن بۆ بینینی نەخۆش. لەبەرئەوەی کاتی تەرخانکراو بۆ بینینی نەخۆش بەهای زیاترە، داهاتیان دادەبەزێت ئەگەر کاتێکی زۆریان بۆ ناونوسین تەرخانبکەن. مەسەلەکە ئەوە نییە کە ئایا پزیشکەکان ناونوسی باشترن لەو یاریدەدەرانەی کە دایاندەمەزرێنن دەگرن، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە پزیشکەکان چۆن کاتەکانیان بە کاریگەرانەترین شێوە بەکاربهێنن.

*سێیەم، ئاڵوگۆڕکردنی خۆویستانە ڕێگە بۆ کۆمپانیاکان خۆشدەکات کە تێچوونی نزمتر بۆ هەر دانەیەك بەدەستبهێنن لەڕێگای شێوازی بەرهەمهێنانی بە کۆمەڵەوە.*

بازرگانی ڕێگە خۆشدەکات بۆ کۆمپانیا بازرگانییەکان بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانیان لە بازاڕێکی فراوانتردا، هەتا بتوانن پلانی بەرهەمی زیاتر دابنێن و ئەو پرۆسانەی بەرهەمهێنان پەیڕەو بکەن کە سوود لە ئابورییە هاوتاکان وەردەگرێت. ئەم پرۆسانە زۆرجار دەبنە هۆی تێچوونی نزمتر بۆ هەر دانەیەك لە بەرهەم و بەرزبوونەوەیەکی بێشومار لە توانای بەرهەمهێنانی هەر کرێکارێك. بەبێ ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئەم دەستکەوتانە بەدینەدەهاتن. هێزەکانی بازاڕ بەردەوام بەرهەمهێنان دووبارە ئاراستەی بەرهەمهێنەری هەرزانتر دەکەنەوە (دووردەکەونەوە لە بەرهەمهێنەرە گرانەکان). لە ئەنجامدا، بازاڕە کراوەکان کاڵا و سەرچاوەکان بەشێوەیەک تەرخاندەکەن کە بەهای کاڵا و خزمەتگوزارییە بەرهەمهاتووەکان بەرزدەکاتەوە.

گرنگی بازرگانی بۆ جیهانی مۆردێرنمان راستیەکە هیچ پێویستی بەوە نیە قسەی زیادەی پێوەبینێیت. بازرگانی ڕێگەدەدات بە زۆربەمان کە کۆمەڵە کاڵایەک بەکاربەرین کە زۆر زیاترن لەوانەی کە خۆمان دەتوانین بەرهەمیان بهێنین. ئەو سەختیانە بهێنە بەرچاوت ئەگەر کە ڕووبەڕووت دەبنەوە ئەگەر خۆت خانووەکەت و جلەکانت و خواردنت دروستبکردایە، ئەوە هەر باسی درستکردنی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و

جلشۆر و ئۆتۆمبێل و تەلەفۆن مەکە؟ ئەو کەسانەی کە ئەم شتانەیان هەیە، زیاتر لەبەرئەوەیە کە ئابورییەکانیان بەشێوەیەک ڕێکخراوە کە تاکەکەسەکان دەتوانن هاریکاری بکەن، تایبەتمەندبن و ئاڵوگۆڕی بازرگانی بکەن. ئەو وڵاتانەی کە ڕێگری دەکەن لە ئاڵوگۆڕ -ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی- ئەوا ئەو وڵاتانە توانای هاووڵاتیەکانیان کەمدەکەنەوە بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی خۆشگوزەران.

## 5. تێچوونی ئاڵوگۆڕی بازرگانی ڕێگرە لەبەردەم بازرگانیدا.

ئاڵوگۆڕکردنی خۆویستانە برەو بە هاریکاری دەدات و یارمەتیمان دەدات بۆ بەدەستهێنانی زیاتری ئەوەی دەمانەوێت. لەگەڵ ئەوەشتا ئاڵوگۆڕی بازرگانی خۆی لە خۆیدا بەمەسرەفە. کات، هەوڵ و سەرچاوەی دیکەی دەوێت بۆ گەڕان بەدوای شەریکی بازرگانی شیاودا و مامەڵەکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و لە دواجاریشدا کڕینی کەلوپەلەکە. ئەو سەرچاوانەی کە بەم شیوەیە بەکاردەهێنرێن پێیان دەوترێت خەرجیی *مامەڵەی بازرگانی*، هاوکاتیش ڕێگرن لەبەردەم کۆکردنەوەی ساماندا. توانای بەرهەمهێنان و هێنانەدی دەستکەوت لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی هاوبەشدا سنوردار دەکەن.

زۆرجار خەرجیی ماڵەی بازرگانی بەرزە بەهۆی بەربەستی فیزیکیەوە، وەک زەریا، ڕووبار و شاخ، کە گەیاندنی بەرهەمەکان بە بەکاربەران سەخت دەکات. وەبەرهێنان لە ڕێگاوبان و باشترکردنی گواستنەوە و پەیوەندی، دەتوانێت ئەم خەرجیانە کەمبکاتەوە. لەهەندێک حاڵەتی تردا خەرجیی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بەرزە بەهۆی نەبوونی زانیارییەوە. بۆ نموونە، تۆ دەخوازیت دانەیەك لە پەرتوکێك بکڕیت کە لە زانکۆ دەیخوێنیت ، بەڵام نازانیت کێ دانەیەکی هەیە و ئامادەیە بیفرۆشێت بە نرخێکی گونجاو. پێویستە هەوڵ بدەیت ئەو کەسە بدۆزیتەوە: ئەو کات و وزەیەی کە بۆ ئەنجامدانی ئەمە تەرخانی دەکەیت بەشێکن لە خەرجی ئاڵوگۆڕی بازرگانی.

زۆربەری جار خەرجی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بەرزە بەهۆی بەربەستی سیاسیەوە: وەک باج، مۆڵەت وەرگرتن، ڕێساکانی حکومەت، کۆنترۆڵکردنی نرخەکان، گومرگ، یان دیاریکردنی پڕی هاوەردەکراو

لەلایەن حکومەتەوە. بەڵام بەربەستەکان هەر جۆرێك بن، خەرجی ئاڵوگۆڕی بازرگانی قازانجی بازرگانی کەمدەکاتەوە.

ئەو کەسانەی کە یارمەتی خەڵکی تر دەدەن بۆ ڕێکخستنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و هەڵبژاردنی باشتر، خەرجی ئاڵوگۆڕی بازرگانی کەمدەکەنەوە و برەو بە گەشەی ئابوری دەدەن. ئەم تایبەتمەندانە هەندێک جار پێیان دەوترێت، دەڵاڵ، کە کتێبفرۆشی ناو زانکۆ و دەڵاڵی موڵک و دەڵاڵی ئۆتۆمبیل و بڵاوکەرەوەی ڕیکلام و چەندین بازرگانی دیکە دەگرێتەوە.

زۆربەی کات خەڵک لەو پروایەدان کە ئەم دەڵاڵانە تەنها نرخی کاڵاکان بەرزدەکەنەوە و هیچ سوودێک نابەخشن. بەڵام کاتێک لەوە تێدەگەین کە خەرجی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەمپەرە لەبەردەم بازرگانیدا، ئەو کاتە لە ناراستی ئەم بۆچوونە تێدەگەین. خەڵک زۆرجار باس لە لابردنی دەڵاڵ دەکەن، بەڵام کەم جار ئەمە دەکەن.

بۆ نموونە کابرای بەقاڵ دەڵاڵە. (بێگومان سوپەرمارکێتە زەبەلاحەکانی ئەمڕۆ ڕەنگدانەوەی کاری چەندین کەسن، بەڵام خزمەتگوزارییەکانیان بەسەریەکەوە بریتیە لە دەڵاڵی). بیر لەو هەموو کات و هەوڵە بکەرەوە کە پێویستن بۆ ئامادەکردنی ژەمێك خواردن ئەگەر کڕیار ناچاربوایە ڕاستەوخۆ لەگەڵ جوتیارەکاندا مامەڵە بکات بۆ کڕینی سەوزە، یان لەگەڵ خاوەن ڕەزەکاندا بۆ کڕینی میوە، یان ئاژەڵدارەکان بۆ کڕینی رۆنەکەرە و شیر یان پەنیر، یان قەساب و ماسیگرەکان ئەگەر بیەوێت گۆشت یان ماسی لێبنێت. بەقاڵەکان ئەم پەیوەندییانە بۆ بەکاربەرەکان ئەنجام دەدەن، شتەکان لە شوێنێکی شیاوی فرۆشتندا دادەنێن و بابەتی شیاو دەفرۆشن .

خزمەتگوزاری بەقاڵ و دەڵاڵەکان بەڕێژەیەکی بەرچاو خەرجی ئاڵوگۆڕی بازرگانی کەمدەکەنەوە، و ئاسانکاریش دەکەن بۆ کڕیار و فرۆشیار کە قازانجی زیاتریان دەستبکەوێت. ئەم خزمەتگوزارییانە پری بازرگانی زیاد دەکەن و پەرەدەدەن بە گەشەکردنی ئابوری.

## 6. قازانج بازرگانییەکان ئاراستەی ئەو چالاکییانە دەکات کە سامان زیاد دەکەن.

گەلی وڵاتێک باشتر دەبن ئەگەر سەرچاوەکانیان – زەوییەکانیان، بیناکانیان، خەڵکەکەیان – بەرهەم و خزمەتگوزاری بەهادار بەرهەم بهێنن. لەهەر کاتێکی دیاریکراودا تاڕادەیەک ژمارەیەکی بێسنوور پرۆژەی وەبەرهێنان بیریان لێدەکرێتەوە. هەندیک لەم وەبەرهێنانانە بەهای سەرچاوەکان زیاد دەکەن لەڕێگای گۆڕینیانەوە بۆ ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانەی کە ڕازەزامەندی بەکاربەرەکان زیاددەکات. ئەمانە هانی گەشەی ئابوری دەدەن. ئەگەر بمانەوێت زۆرترین دەستکەوتمان هەبێت لە سەرچاوە بەردەستەکان، پێویستە برەو بدرێت بەئەو پرۆژانەی کە بەها زیاد دەکەن، هاوکات ئەوانەی کە سەرچاوەکان بۆ بەرهەمهێنانی کەمتر بەکاردەهێنن پێویستە ساردبکرێنەوە.

ئەمە رێك ئەو شتەیەیە کە قازانج و زەرەر ئەنجامی دەدەن. کۆمپانیا بازرگانییەکان سەرچاوە دەکڕن (کەرەستەی خاو، کاڵای ناوەندی، خزمەتگوزاریی ئەندازیاری و نوسینگەیی و هتد.) و ئەو سەرچاوانە بەکاریاندەهێنن بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاری کە دەفرۆشرێن بە بەکاربەرەکان. ئەگەر فرۆشی بەرهەمەکان زیاتر بوو لە تێچوونی کۆی سەرچاوە پێویستەکان بۆ بەرهەمهێنانیان، ئەوکات ئەم کۆمپانیایانە قازانج دەکەن. ئەمە واتای ئەوەیە کە قازانج تەنها لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەگەر کۆمپانیاکان ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانەیان بەرهەمهێنا کە بەکاربەرەکان زیاتر بەهایان دەزانن لەچاو پری تێچوونی ئەو سەرچاوانەی بۆ بەرهەمهێنانیان پێویستن.

بەهای بەرهەم لای بەکاربەر تەنها بەو نرخە دەپێورێت کە بەکاربەر ئامادەیە پێیبدات. ئەگەر بەکاربەر زیاتر لە نرخی تێچوون بدات، ئەوا بڕیاری بەرهەمهێنەر بۆ گواستنەوەی سەرچاوەکان لە بەکارهێنانی ترەوە بۆ بەرهەم، بڕیارێکی قازانج نەخش بووە. قازانج پاداشتی گۆڕینی سەرچاوەکانە بۆ شتێک کە بەهایەکی زیارتی هەیە.

بە پێچەوانەشەوە، زەرەر سزایەکە کە دەسەپێنرێت بەسەر ئەو بازرگانیانەدا کە سەرچاوەکان بەکاردەبەن بەبێ گۆڕینیان بۆ شتێکی بەهادارتر. زەرەر ئاماژەی ئەوەیە کە باشتر دەبوو ئەگەر سەرچاوەکان بۆ بەرهەمهێنانی شتی دیکە بەکاربهێنرانایە.

وایدانێ کە بەکرێگرتنی بینایەک و ئامێری پێویست و کرێی کرێکار و کڕینی قوماش و قۆپچە و کەرەستەی دیکەی پێویست، مانگی 20 هەزار دۆلار دەکەوێت لەسەر بازرگانێك بۆ بەرهەمهێنان و خستنە

بازاڕی هەزار کراس لە مانگێکدا. ئەگەر بەرهەمهێنەرەکە هەر کراسێك بە 22 دۆلار بفرۆشێت، ئەوا داهاتی مانگانەی 22 هەزار دۆلار دەبێت، یاخود دوو هەزار دۆلار قازانج. بەرهەمهێنەری کراسەکە سامانی بۆ خۆی و بەکاربەرەکان پێکەوەناوە. لەڕێگای ئامادەباشیانەوە بۆ پێدانی پارەی زیاتر لە نرخی تێچوونی بەرهەمهێنان، کڕیارەکان ئەوە نیشان دەدەن کە کراسەکانیان لەلا بەهادارترە وەک لەو سەرچاوانەی کە پێویستن بۆ بەرهەمهێنانیان. بڕی قازانجەکە بریتیە لە پاداشتی بەرهەمهێنەرەکە لەبەرامبەر گۆڕینی سەرچاوەکان بۆ شتێکی بەهادارتر.

لەلایەکی ترەوە، ئەگەر کراسەکە تەنها 17 ی کرد، ئەوکات بەرهەمهێنەرەکە تەنها 17 هەزار دۆلاری دەستدەکەوێت، واتە مانگی سێ هەزار دۆلار زەرەر دەکات. ئەم زەرەرە ئەنجامی ئەوەیە کە کرداری بەرهەمهێنەرەکە بەهای سەرچاوەکانی دابەزاندوە. کراسەکە -دوابەرهەم- لای بەکاربەرەکان بەهای کەمترە لەو سەرچاوانەی کە پێویستن بۆ بەرهەمهێنانی. ئێمە ناڵێین کە بەکاربەرەکان هوشیارانە دەزانن کە ئەو سەرچاوانەی بۆ بەرهەمهێنانی کراسە بەکارهاتوون باشتر دەبوون ئەگەر بۆ بەرهەمێنانی شتێکی دیکە بەکاربهاتنایە. بەڵام هەڵبژاردنەکانیان بەگشتی ئەو ڕاستیە دەردەخەن و پەیامێکی ئاشکرا دەنێرن بۆ بەرهەمێنەر.

لە ئابوری بازاڕدا، زەرەر و شکستی بازرگانی لە ئەنجامدا چالاکی بەدفەڕی لەم جۆرە -بەرهەمهێنانی کراسێک کە کەمتر لە نرخی تێچوونی دەکات- ڕادەگرێت. زەرەر و شکستی بازرگانی سەرچاوەکان ئاراستەی بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایانە دەکات کە زیاتر بەهایان دەزانرێت. لێرەوە، ئەگەرچی شکستی بازرگانی زۆر بەئازارە بۆ وەبەرهێنەکان و ئەو کارمەندانەی بەشدارن، لایەنێکی باشیشی هەیە: ئەو سەرچاوانە ئازاد دەکەن کە دەکرێت ئاراستەی ئەو پرۆژانە بکرێن کە سامانیان لێدەکەوێتەوە.

ئێمە لە جیهانی گۆڕانی چێژ و تەکنەلۆجیادا دەژین، لە جیهانی زانینی ناکامڵ و نادڵنیایدا دەژین. خاوەن بازرگانییەکان ناتوانن دڵنیابن لە نرخەکانی بازاڕ یان لە تێچوونی بەرهەمهێنان لە داهاتوودا. بڕیارەکانیان بەرمەبنای پێشبینی دەبێت. بەڵام بونیادی پاداشت-سزای ئابوری بازاڕ ئاشکرایە. ئەو *ئەنترۆپەنۆرانەی* کە کاریگەرانە بەرهەمدەهێنن و دروست

پێشبینی ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانە دەکەن کە سەرنجی بەکاربەرەکان ڕادەکێشێن بە نرخێکی زیاتر لە نرخی تێچوونی، ئەوانە سەرکەوتوو دەبن. ئەو بەرپرسە بازرگانیانەی کە ناکاریگەرن و سەرچاوەکان ئاراستەی ئەو شوێنانە دەکەن کە داواکارای بۆیان لاوازە، بە زەرەر و زەحمەتی دارایی سزادەدرێن.

قازانج و زەرەر، وەبەرهێنانی بازرگانی ئاراستەی ئەو پرۆژانە دەکەن کە برەو بە پێشکەوتنی ئابوری دەدەن و دووریان دەخەنەوە لەوانەی کە سەرچاوە دەگمەنەکان بەفیڕۆدەدەن. ئەمە چالاکییەکی ئێجگار گرنگە. ئەو ئابوریانەی کە شکست دەخۆن لە ئەنجامدانی ئەم چالاکییەدا، بێگومان تووشی *چەقبەستنی ئابوری* یان خراپتر دەبن.

## 7. خەڵک لەڕێگای یارمەتیدانی ئەوانی ترەوە داهاتیان دەستدەکەوێت.

خەڵک بەزۆر شێوە جیاوازن -لە توانای بەرهەمهێنانیاندا، لەو شتانەدا کە گرنگە لایان، لە دەرفەتەکانیاندا، لە شارەزاییەکانیاندا ، لە ئامادەییاندا بۆ سەرکەشیکردن، و لە بەختدا. ئەم جیاوازییانە کاریگەرییان هەیە لەسەر داهاتی خەڵک چونکە کاردەکەنە سەر بەهای ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانەی کە تاکەکەسەکان دەتوانن یان ئامادەن دابینیان بکەن بۆ ئەوانی دیکە.

ئەو کەسانەی کە داهاتێکی زۆریان دەستدەکەوێت، بەهۆی ئەوەوەیە کە ئەو شتانە دابیندەکەن کە بەلای کەسانی دیکەوە پڕبەهان. ئەگەر ئەم کەسانە کاڵا و خزمەتگوزاری بەهاداریان دابیننەکردایە، بەکاربەرەکان ئەوەندە بە بەخشندەییەوە پارەیان نەدەدانێ. لێرەدا ئەخلاقێک هەیە: ئەگەر دەخوازیت کە داهاتێکی گەورەت هەبێت، باشتروایە کە بزانیت چۆن زۆرترین یارمەتی پێشکەشی کەسانی دیکە دەکەیت. پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە. ئەگەر ناتوانیت یان ئامادەنیت یارمەتی کەسانی دیکە بدەیت، داهاتەکەت کەم دەبێت.

ئەم پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەی نێوان یارمەتیدانی ئەوانی دیکە و دەستکەوتنی داهات، هاندەرێکی گەورەیە بۆ هەریەکەمان بۆ بەدەستهێنانی شارەزایی و برەودان بە بەهرەکانمان تاوەکو بتوانین کاڵا و خزمەتگوزاری بەهادار بۆ کەسانی دیکە دابین بکەین. خوێندکاری زانکۆ چەندین کاتژمێر دەخوێنێت، دەکەوێتە بەر فشار و دەکەونە ژێر باری قەرزی خوێندنەوە بۆ ئەوەی ببن بە دکتۆر یان کیمیاگەر یان ژمێریار یاخود ئەندازیار. کەسانی دیکە ڕاهێنان دەبینن و ئەزموونەکەن بۆ ئەوەی ببنە کارەباچی یان کارمەندی چاککردنەوە یان بەرنامەداڕێژەری کۆمپیوتەر. لەلایەکی دیکەشەوە کەسانی دیکە وەبەرهێنان دەکەن و بازرگانی دادەمەزرێنن. ئایا بۆچی خەڵک ئەم شتانە دەکەن؟

لەهەندێک باردا، لەوانەیە خولیای تاکەکەسی هانی کەسەکان بدات بۆ باشترکردنی ئەو جیهانەی کە تێیدا دەژین. لەگەڵ ئەوەشدا، کە ئەمەش خاڵە سەرەکیەکەیە، تەنانەت ئەو کەسانەی کە گرنگیش نادەن بە باشترکردنی جیهان و هاندەری سەرەکییان خولیای داهاتە، هێشتا هاندەرێکی گەورەیان هەیە بۆ پەرەدان بە تواناکانیان و کردنی ئەو کارانەی کە لای خەڵک بەهادارن. *داهاتی زۆر لە دابینکردنی ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانەوە سەرچاوەی گرتووە کە خەڵکی تر بە بەهاداریان دەزانن.* ئەو کەسانەی کە هەوڵی بەدەستهێنانی سامانی زۆر دەدەن هاندەرێکی بەهێزیان هەیە بۆ تێڕامانی ورد لەوەی کە کەسانی دیکە دەیانەوێت.

هەندێک کەس پێیانوایە کە کەسانی خاوەن داهاتی بەرز خەڵکی دیکە دەڕوتێننەوە. بەڵام ئەو کەسانەی کە داهاتێکی بەرزیان هەیە لە بازاڕدا بەگشتی ئەمەیان دەستدەکەوێت لەڕێگای باشترکردنی ژیانی چەندین کەسی ترەوە. ملیۆنەها کەس چێژ وەردەگرن لە تەماشاکردنی *تایگەر وود* (باشترین یاریزانی گۆڵف لە ئەمەریکادا) کاتێک یاری گۆڵف دەکات، ئەویش پاداشت دەدرێتەوە لەلایەن بردەوەی خولەکان و داهاتی پارەی ڕیکلام. *سیلین دیۆن* میلۆنەها دۆلاری دەستدەکەوێت چونکە زۆر کەس ئامادەن پڕێکی زۆر پارە بدەن بە گۆرانیەکانی. ئەو ئەنترۆپەنۆرە بازرگانییەکان کە بەشێوەیەکی بەرچاو سەرکەوتوو دەبن، هۆکاری سەرکەوتنەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی دروستکردنی بەرهەمەکانیان کە ملیۆنەها بەکاربەر بتوانن بیانکڕن.

*سام واڵتن*ی کۆچکردوو، کە *واڵمارت ی*(گەورەترین سوپەرمارکێت لە جیهاندا) دامەزراند، بوو بە دەوڵەمەندترین پیاوی ئەمەریکا چونکە زانی کە چۆن کاریگەرانە سەرپەرشتی کاڵای بێشومار بکات و بەرهەمی مارکە بفرۆشێت بەنرخێکی داشکاو بە دانیشتوانی شارە بچووکەکانی ئەمەریکا. *بیڵ گەیتس* داهێنەر و سەرۆکی پێشووی مایکرۆسۆفت، هەنگاوی نا بەرەو سەرەوەی لیستی "چوارسەد دەوڵەمەندترین"ی گۆڤاری فوربز (گۆڤارێکی ئەمەریکیە) لەڕێگای پەرەدان بە کۆمەڵە بەرهەمێکەوە کە سەرسوڕهێنەرانە توانا و کاریگەری کۆمپیوتەری باشترکرد. ملیۆنەها بەکاربەر کە هەرگیز ناوی واڵتن یان گەیتس یان نەبیستووە، سوودمەندبوون لە بەهرەکانیان و بەرهەمە هەرزانەکانیان. واڵتن و گەیتس پارەیەکی زۆریان دەستکەوت چونکە یارمەتی خەڵکێکی زۆریان داوە.

## 8. پێشکەوتنی ئابوری بەشێوەیەکی سەرەکی لە بازرگانی و وەبەرهێنان و ڕێگای باشتر بۆ کردنی شتەکان و دامەزراوەی ئابوری دروستەوە دێتەئاراوە .

لەڕۆژی یەکەمی وانەی ئابوریدا، ئێمە زۆرجار بە خوێندکارەکانمان دەڵێین کە ئەمەریکییەکان بەپێی تاکەکەس نزیکەی ۳۰ ئەوەندەی ساڵی 1750 بەرهەمدەهێنن و داهاتیان هەیە. ئەوجا سەرنجیان ئاراستەی ئەم پرسیارە دەکەین: بۆچی ئەمەریکییەکان زۆر زیاتر بەرهەمهێنەرترن لەچاو 250 ساڵ لەمەوبەردا؟" بۆ ساتێك بیربکەرەوە لەوەی کە چۆن وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەیتەوە.

بەشێوەیەکی نەگۆڕ، خوێندکارەکانمان ئاماژە بە سێ شت دەدەن: یەکەم، مەعریفەی زانستی و توانا تەکنەلۆجییەکانی ئەمڕۆ زۆر لەوە زیاترن کە ئەمەریکییەکانی 1750 بەخەیاڵیاندا دەهات. دووەم، ئامێر و کارگەی ئاڵۆز، ڕێگەی باشتر و سیستەمی پەیوەندی بەرفروانمان هەیە. سێیەم، خوێندکارەکان زۆربەی جار ئاماژە بەوە دەدەن کە تاکەکەس و خێزانەکان لە 1750دا ڕاستەوخۆ زۆربەی ئەو کەرەستانەیان بەرهەمدەهێنا کە بەکاریان دەبردن، لەکاتێکدا ئەمڕۆ ئێمە لە خەڵکانی دیکە دەیانکڕین.

بەشێوەیەکی سادە، وەڵامی خوێندکارەکان راستە ئەگەرچی کەمێک یان هیچ مەعریفەیەکی پێشوەختیان نییە لەبارەی ئابوریەوە. دەرک بە گرنگی تەکنەلۆجیا و سەرمایە و بازرگانی دەکەن. وەڵامەکانیان دیدی ئێمە پشتڕاست دەکەنەوە کە ئابوری "زانستی تێگەیشتنی سەلیقەییە".

ئێمە باسی دەستکەوتەکانی بازرگانی و گرنگی کەمکردنەوەی خەرجی ئاڵوگۆڕی بازرگانیمان کرد وەک سەرچاوەکانی پێشکەوتنی ئابوری. ڕاڤەی ئابوری سێ سەرچاوەی دیکەی گەشەسەندنی ئابوریمان بۆ ئاشکرا دەکات: وەبەرهێنان لە مرۆڤ و ئامێردا (واتە راهێنانی کەسەکان و کڕینی ئامێری باش)، باشترکردنی تەکنەلۆجیا و باشترکردنی ڕێکخستنی ئابوری.

*یەکەم، وەبەرهێنان لە کەرەستەی پڕبەرهەمدا (بۆ نموونە ئامێر و ئامرازەکان) هەروەها لە شارەزایی کرێکاراندا (وەبەرهێنان لە "سەرمایەی مرۆیی"دا) تواناکانمان بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان زیاد دەکەن.* ئەم دوو جۆرەی وەبەرهێنان وابەستەی یەکن. کرێکارەکان دەتوانن زیاتر بەرهەمبهێنن ئەگەر بە ئامێری زیاتر و باشتر کاربکەن. دارپڕ دەتوانێت بەرهەمی زیاتر بێت کاتێک بە مشاری کارەبایی داردەپڕێت وەک لە مشاری دەستی. بەهەمان شێوەش، کرێکاری گواستنەوە دەتوانێت زیاتر باربکات بە لۆری وەک لە ئەسپ و عەرەبانە.

*دووەم، باشترکردنی تەکنەلۆجیا (بەکارهێنانی توانای هزری بۆ داهێنانی بەرهەمی تازە و ڕێگای هەرزانتری بەرهەمهێنان) گەشەسەندنی ئابوری دەبزوێنێت.* لەماوەی 250 ساڵی ڕابوردوودا، مەکینەی هەڵم، بەدوای ئەویشدا مەکینەی سووتانی ناوەکی، کارەبا و وزەی ئەتۆمی جێگەی مرۆڤ و ئاژەڵیان گرتەوە وەک سەرچاوەی سەرەکیی وزە. ئۆتۆمبیل، پاس، شەمەندەفەر و فڕۆکە جێگەی ئەسپ و عەرەبانە (هەروەها پیادەڕەوی)یان گرتەوە وەک شێوازی سەرەکیی گواستنەوە. بەرەپێشچوونە تەکنەلۆجییەکان بەردەوامن لە گۆڕینی شێوازی ژیانماندا. کاریگەری سی دی پلەیەر و کۆمپیوتەری بچوك و فڕنی مایکرۆوەیف و کامێرای ڤیدیۆ و مۆبایل و دی ڤی دی نەشتەرگەری خێرا گۆڕینی ئێسقانی سمت تەبریدی ئۆتۆمبیل بهێنە بەرچاوی خۆت. هێنانەکایەوە و پەرەدان بەم بەرهەمانە لە چل ساڵی

ڕابوردوودا بەفراوانی شێوازی کارکردن و گەمە و چێژی گۆڕیوین، هەروەها ژیانمانی باشتر کردووە.

*سێیەم، باشترکردنی ڕێکخستنە ئابورییەکان دەتوانێت برەو بە گەشەسەندنی ئابوری بدات.* لە مەبەستمان لە ڕێکخستنی ئابوری ئەو ڕێگایانەیە کە چالاکییە مرۆییەکان ڕێکدەخات و ئەو ڕێسایانەی کە لەژێر سایەیاندا کاردەکات – ڕاستییەک کە زۆرجار وەک بەڵگەنەویست سەیردەکرێت یان چاوپۆشی لێدەکرێت. تا چ رادەیەك سەختە بۆ خەڵک تا ئاڵوگۆری بازرگانی بکەن یان بیزنس ڕیکبخەن؟ سیستەمی یاسایی وڵاتێک بە رادەیەکی بەرچاو لە وەڵامی ئەم پرسیارانە دیاریدەکات، هەروەها کاریگەریشی دەبێت لەسەر ئاستی وەبەرهێنان و ئاڵوگۆری بازرگانی و هاوکاری ئابوری.

ئەو سیستەمە یاساییەی کە تاکەکەسەکان و موڵکەکانیان دەپارێزێت، گرێبەستەکان بەشێوەیەکی ڕەوا دەچەسپێنێت و ناکۆکیەکان چارەسەر دەکات، پێکهاتەیەکی بنەڕەتیە بۆ پێشکەوتنی ئابوری. بەبێ ئەو، وەبەرهێنان نایێت، بازرگانی دەخنکێت و بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی داهێنەرانە دوادەکەوێت. بەشی دووەمی ئەم پەرتوکە بەشێوەیەکی درێژتر لە گرنگی بونیاتی یاسایی و پێکهاتەکانی دیکەی ڕێکخستنی ئابوری دەکۆڵێتەوە

وەبەرهێنان و باشترکردنی تەکنەلۆجیا هەر لەخۆیانەوە ڕوونادەن. ڕەنگدانەوەی کردارەکانی ئەنترۆپەنۆرەکانن، ئەو کەسانەن کە سەرکێشی دەکەن بەئومێدی بەدەستهێنانی قازانج. کەس نازانێت کە داهێنانی داهاتوو چی دەبێت یان کام تەکنیکی بەرهەمهێنان تێچوون کەمدەکاتەوە. لەوەش زیاتر، ئەنترۆپەنۆری ژیر لە جێگای چاوەڕواننەکراو دەدۆزرێتەوە. بەم پێیەش، پێشکەوتنی ئابوری وابەستەی ئەو سیستەمەیە کە ڕێگەدەدات هەموو کۆمەڵە جیاوازەکانی خەڵک بیرۆکەکانیان تاقیبکەنەوە بۆ ئەوەی بزانن کە لە تاقیکردنەوەی بازاڕدا دەردەچن، لە هەمان کاتیشدا ساردیان دەکاتەوە لە بەفیرۆدانی سەرچاوەکان لە پرۆژەی بێبەرهەمدا.

بۆ ئەوەی ئەم پێشکەوتنە ڕوودات، پێویستە بازاڕ کراوە بێت بۆ ئەوەی هەموان ئازاد بن لە تاقیکردنەوەی بیرۆکە داهێنەرانەکانیاندا. (ئەنترۆپەنۆرێك کە بەرهەمێک یان تەکنەلۆجیایەکی تازەی پێیە پێویستی تەنها بە پاڵپشتی چەند وەبەرهێنەرێك هەیە کە ئامادەن

خەرجی پرۆژەکەی دابینبکەن.) پێویستە پێشبڕکێ هەبێت بۆ ئەوەی ئەنترۆپەنۆر و وەبەرهێنەرەکان بەرپرسیار ڕابگرێت: پێویستە بیرۆکەکانیان تاقیکردنەوەی واقیعی بەکاربەران ببڕن، ئەو بەکاربەرانەی کە بڕیاردەدەن لەسەر کرین یان نەکرینی بەرهەم یان خزمەتگوزارییەک بە نرخێکی بەرزتر لە نرخی تێچوونی بەرهەمهێنانی. بەکاربەران دوا دادوەر وبڕیاردەرن. ئەگەر کاڵایەک یان خزمەتگوزارییەکی نوێ وەک پێویست بە بەهادار نەزانن بۆ دانی نرخی تێچوونەکەی، لە بازاڕدا سەرکەوتوو نابێت.

## 9. "دەستی نادیار"ی نرخەکانی بازاڕ کریار و فرۆشیارەکان ئاراستەی ئەو چالاکییانە دەکات کە برەو بە خۆشگوزەرانی گشتی دەدەن.

> هەموو تاکەکەسێک بە بەردەوامی هەوڵ دەدات کە سوودمەندترین بەکاربردن بدۆزێتەوە بۆ ئەو سەرمایەیەی کە هەیەتی. بەدڵنیاییەوە، سوودی خۆی لەبەرچاودەگرێت نەک هی کۆمەڵگا. بەڵام لێکۆڵینەوەی سوودەکانی خۆی بەشێوەیەکی سروشتی، یان باشترە بڵێین وەك زەرورەت، بەرەو هەوڵدانی دەبات بۆ دۆزینەوەی بەکاربردنێك کە زۆرترین سوودی هەیە بۆ کۆمەڵگا....ئەو تەنها مەبەستی دەستکەوتی خۆیەتی، ئەو لەمەدا، وەک لە زۆر حاڵەتی تردا، لەلایەن دەستێکی نادیارەوە ڕێنمایی دەکرێت بۆ گرتنەبەری ئامانجێک کە بەشێک نەبووە لە مەبەستی خۆی".

*ئادەم سمیس*

وەک ئادەم سمیس سەرنجیداوە، مەزنترین شت لەبارەی ئابوریەکەوە کە بنەماکەی موڵکایەتی تایبەتە بریتییە لەوەی کە خودبەرژەوەندی خۆشنودی گشتی کۆمەڵگا یان وڵاتێك زیاد دەکات. تاکەکەس "تەنها مەبەستی دەستکەوتی خۆیەتی" بەڵام لەلایەن

"دەستی نادیار"ی نرخەکانی بازاڕەوە ئاراستە دەکرێت بۆ برەودان بە ئامانجەکانی کەسانی دیکە و هەنگاونان بەرەو خۆشنودی زیاتر.

پرینسیپی "دەستی نادیار" بۆ زۆر کەس زەحمەتە تێبیگات. مەیلێکی سروشتی هەیە بۆ بەستنەوەی ریزبەندی (نیزام) لە کۆمەڵگادا بە پلاندانانی ناوەندی (مەرکەزی)یەوە. بەڵام ئادەم سمیس پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی سوودی تاکەکەسی کۆمەڵگایەکی ریزبەند دروست دەکات کە تێیدا خواستەکان بەشێوەیەکی رۆتینی دابین دەکرێن بەبێ هەبوونی پلاندانانی ناوەندی.

ئەم ریزبەندیە دێتەکایەوە چونکە نرخەکانی بازاڕ کردارەکانی تاکەکەسە خودبەرژەوەندەکان ڕێکدەخات کاتێک مولْکدارێتی تایبەت و ئازادی ئاڵگۆڕ لەگۆڕێ بن. ئامارێک –نرخی بازاڕی کاڵا یان خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو– ئەو زانیارییانە دابیندەکات کە کڕیار و فرۆشیارەکان پێویستە بیانزانن بۆ ئەوەی کردارەکانیان لەگەڵ کردار و خواستی کەسانی دیکەدا بسازێنن بکەن. نرخەکانی بازاڕ هەڵبژاردەکانی ملیۆنەها بەکاربەر، بەرهەمهێنەر و دابینکەری سەرچاوەکان تۆمار دەکات. زانیاری دەدەن لەبارەی خواستی بەکاربەرەکان، تێچوون و بابەتی پەیوەندیدار بە کات، شوێن و هەلومەرجەوە، کە بەتەواوی لە دەرەوەی توانای تێگەیشتنی هەر تاکەکەسێک یان دەسەڵاتێکی پلاندانانی نێوەندیە.

ئایا هەرگیز بیرت لەوە کردۆتەوە کە بۆچی سوپەرماركێتی گەڕەکەکەتان پڕی پێویستی هەیە لە شیر و نان و سەوزە و کاڵای تر –پڕێک کە هێندە زۆرە کاڵاکان بە بەردەوامی بەردەستبن بەڵام ئەوەندەش زۆر نییە کە خراپ ببن و بەفیڕۆبچن؟ چۆنە کە بەفرگرە و ئۆتۆمبیل و سی دی پلەیەر کە لە ناوچەی جیاجیای جیهاندا بەرهەم دەهێنرێن، لە بازاڕە ناوخۆییەکانی نزيك تۆدا و بە پڕی خواستراوی بەکاربەران هەن؟ دەستە نادیارەکەی نرخەکانی بازاڕ وەڵام ئەم پرسیارانەیە. دەستە نادیارەکە تاکەکەسی خودبەرژەوەندەکان ئاراستەی کرداری هاوکارانە دەکات و هەڵبژاردەکانیان لەگەڵ یەکدا ڕێکدەخات.

فرێدریش هایاک، ئابورناسی مۆدێرن، سیستەمی بازاڕی بە "بلیمەت" ناودەبرد لەبەر تەنها یەک شت، نرخی کاڵایەک لە بازاردا،

بەشێوەیەکی خۆبەخۆ ئەوەندە زانیاری لەخۆدەگرێت کە ڕێنمایی کڕیار و فرۆشیار دەکات بۆ بڕیاردانێک کە یارمەتی هەردوولا دەدات ئەو شتانە بەدەستبهێنن کە دەیانەوێت. نرخی بەرهەمێک لە بازاردا ڕەنگدانەوەی هەزاران، بگرە ملیۆنان، بڕیارە کە لە سەرانسەری جیهاندا لەلایەن خەڵکەوە دراون کە نازانن ئەوانی تر چی دەکەن. بۆ هەر کاڵا یان خزمەتگوزارییەک، بازاڕ وەک کۆمپیوتەرێکی زەبەلاح کاردەکات ئاماژەیەک بەرهەم دێنیت کە هاوکات زانیاری پێویست دەدات بە هەموو بەشداربووان و هەروەها هاندەریش بۆ ئەوە بەپێی ئەو زانیارییانە رەفتار بکەن.

نرخی سێو لە سوپەرمارکێت لەبەرچاو بگرە. ئەم نرخە ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە بەکاربەر لەوانەیە ئامادە بێت بیدات بۆ کڕینی سێوێك بەڵام هاوکات ئەو تێچونەش لەخۆدەگرێت کە دابینکەران خەرجیانکردوە بۆ فەراهەمکردنی. وەک بەکاربەرێک، تۆ تەنها ئەو کاتە سێوی زیاتر دەکڕیت کە بەهای هەر سێوێکی زیادە (بەهای پەراوێزیەکەی) بۆ تۆ لانیکەم ئەوەندی نرخەکەیەتی. ئەگەر ئامادەبوویت نرخەکەی بدەیت، تۆ سێوت لا بەهادارە لانیکەم ئەوەندەی بەکاربەرانی دیکە کە لەوانەیە کڕیبێتیان و لانیکەم ئەوەندەی تێچوونەکەی بۆ بەرهەمهێنەران. لەبەرئەوەی تۆ پارەیان پێدەدەیت، تۆ هاندەرێکت هەیە تاوەکو ژیرانەترین بڕیاری لەبار بدەیت.

بەڵام ئەو ڕێکخستنە تەنها سەرەتای "گەشکە"کەیە. بەردەوام گۆڕان ڕوودەدات کە کاردەکاتەسەر هەردوو بەها و تێچوونی سێو، ئەو گۆڕانانەش پێویستە بگەیەنرێنە بەکاربەر و بەرهەمهێنەر ئەگەر بەکاربەر و بەرهەمهێنەر خواستی ئەوە بکەن هاوسازبن.بیهێنە پێش چاوی خۆت کە دانیشتوان یەکێك لە شارەکانی ئەمەریکا، دەیانەوێت فێستیڤاڵێکی گەورە ساز بکەن کە سێوی زۆری تێدا بەکار دێت. ئەو کات ئەو شارە سێوی زیاتر لە ئاسایی پێویست دەبێت. ئەگەر نرخی سێو بەرز نەبووەوە، سێوی پێویست نابێت بۆ بەکارهێنان. کاتێک خەڵکی ئەو شارە (لەپێشدا تاکەکەسەکان، پاشان فرۆشگاکان و پاش ئەوانیش دابەشکەران) خواستی سێوی زیاتر دەکەن، بەو پێیەش نرخ بەرزدەبێتەوە.

نرخی بەرز بەکاربەرانی شار و ولایەتەکانی دیکە ناچار دەکات کە بەکارهێنانی سێو کەمبکەنەوە. بەبێ هەبوونی پێداویستییەکی

هەنوکەیی بەهێز بۆ خواردنی سێو، پێیان باشترە کە سێوی کەمتر بخۆن وەک لەوەی پارەی زیاتری پێبدەن. لەئەنجامدا کە کەسانی دەرەوەی ئەو شارە سێوی کەمتر دەخۆن تا ڕێگە خۆشبکەن بۆ خەڵکی ئەو شارە کە سێوی زیادەی خواستراو بەکارببەن – بەنرخێکی بەرزتر، کە خەڵکی ئەو شارە ئامادەن بیدەن.

لەلایەنی دابینکردنەوە، نرخی بەرزی سێو قازانجی زیاتر دەدات بە بەرهەمهێنەرەکان ئەگەر پری زیاتر دابینبکەن. لەخۆشی نرخە بەرزەکە، دابینکەرەکان بایەخی زیاتر دەدەن بۆ رێگرتن لە لەناوچوون و ڕزینی سێوە عەمبارکراو و بارکراوەکان. بۆنەیەکی کورتخایەنی وەک فێستیڤاڵی هالۆوین کاریگەری نابێت لەسەر بڕیاری چاندنی نەمامی نوێ، بەڵام زیادبوونێکی فراوانتری خواستی بەکاربەران بۆ سێو (لەوانەیە لەلایەن پسپۆڕێکی خۆراکی ناسراوەوە کە پێشنیاری خواردنی سێوێک دەکات لە ڕۆژێکدا) باخەوانەکانی سێو هان دەدات روبەری باخەکانیان زیاد بکەن.

کاتێک باخەوانەکانی سێو بەرهەم زیاد دەکەن، کردارەکانیان بەهای ئەو سەرچاوانە بەرزدەکەنەوە کە پێویستن بۆ بەرهەمهێنانی سێو، وەک نەمام ناشتن و دەرمانی دژە مێروو و کرێی کرێکاری باخ. ئەمەش سەرچاوەکان لە چالاکیی تر دەگرێتەوە و لە پیشەسازی بەرهەمهێنانی سێودا بەکاریان دەهێنێت. کاتێک کە تێچونی بەرهەمهێنانی سێودا بەرز دەبێتەوە، دابینکەری زیاتر ئامادە دەبن کە ئە بابەتان دابین بکەن. بە تێپەڕبوونی کات، ئەم گۆڕانکاریانە پری فەراهەمیی سێو لە داهاتوودا زیاد دەکەن. بەرهەمهێنانی سێو لە زیادبوندا دەبێت هەتا ئەو کاتەی بەکاربەران لەڕێگای نرخەکانەوە ئەو پەیامە دەگەیەنن کە بەهای سێوی زیاتریان لەلا بەرزترە وەک لە بەهای ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانەی کە کراونەتە قوربانی بۆ بەرهەمهێنانی سێو.

هیچ تاکەکەسێک یان دەسەڵاتێکی پلاندانانی ناوەندیی ناتوانێت هەموو ئەو زانیارییانە دەستبکەوێت یان لەبەرچاوبگرێت کە پێویستن بۆ ملیۆنان بەکاربەر و بەرهەمهێنەری هەزارن کاڵا و خزمەتگوزاری جیاواز بۆ ئەوەی کردارەکانیان ڕێکبخەن بەو شێوەیەی کە بازاڕ دەیکات. بەڵام نرخەکانی بازاڕ ئەم زانیارییانە لەخۆدەگرن بەشێوەیەکی پوخت. بەرهەمهێنەران و دابینەکەرانی سەرچاوەکان ئاراستەی بەرهەمهێنانی

ئەو شتانە دەکەن کە بەکاربەرەکان بە بەهاداریان دەزانن (ئەمەش بەپێی تێچوونیان).

پێویست ناکات کەس باخەوانێک ناچار بکات بۆ بەرهەمهێنانی سێو یان کۆمپانیایەکی بیناسازی بۆ دروستکردنی خانوو یان کارگەیەکی مۆبیلیات بۆ بەرهەمهێنانی کورسی. کاتێک نرخی ئەمانە و بەرهەمی دیکە ئەوە نیشان دەدەن کە بەکاربەرەکان بەهای ئەو شتانە دەزانن بەهێندەی یان زیاتر لە بەهای تێچوونیان، ئەوا دابینکەران کە هەوڵی بەدەستهێنانی دەستکەوتی تایبەت دەدەن، ئەو بەرهەمانە دابین دەکەن.

هیچیش پێویست ناکات کەس یادی بەرهەمهێنەرەکان بهێنێتەوە بۆ ئەوەی بگەڕێن بەدوای شێوازە هەرزانەکانی بەرهەمهێنان و سوودیان لێوەربگرن. دەستە نادیارەکەی نرخەکانی بازاڕ هاندەرێکی بەهێزیان پێدەبەخشێت بۆ گەڕان بەدوای باشترین سەرچاوە و کاریگەرترین و هەرزانترین شێوازەکانی بەرهەمهێناندا. لەبەر ئەوەی تێچوونی کەمتر واتا قازانجی زیاتر، هەموو بەرهەمهێنەرێک هەوڵدەدات کە تێچوون کەمتر و چۆنێتی باشتر بکات. لەڕاستیدا پێشبڕکێ ناچاریان دەکات ئەمە بکەن.

لە ئابوریەکی مۆدێرندا، ئەو هاریکارییەی کە لە خودبەرژەوەندی ئاراستەکراو لەلایەن دەستی نادیارەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڕاستی سەرسوڕهێنەرە. ئەم جارە کە ژەمێك خواردنی باشت خوارد، بیر لە هەموو ئەو کەسانە بکەرەوە کە بەشداربوون لە فەراهەمکردنیدا. پێناچێت هیچ کام لەوان، لە باخەوانەوە بۆ شۆفێری لۆری و بۆ بەقاڵ، گرنگییان بەوە دابێت کە تۆ ژەمێکی بەتام بە نرخێکی هەرزان بخۆیت. بەڵام نرخەکانی بازاڕ بەرژەوەندییەکانی ئەوانی لەگەڵ ئەوانی تۆدا سازاندوە.

ئەو خاوەن کێڵگانەی کە باشترین گۆشتی گا یان قەل بەرهەم دەهێنن نرخی بەرزتر وەردەگرن، شۆفێری لۆرییەکان و بەقاڵەکان پارەی زیاتریان دەست دەکەوێت ئەگەر بەرهەمەکانیان بە تازەیی و جوانی بگەیەنن بە بەکاربەرەکان. هەمیشە بە گرتنەبەری ڕێگای هەرزان بۆ ئەنجامدانی ئەمانە. دەیان هەزار کەس، کە زۆربەیان ئێمە هەرگیز نایانناسین، بەشدارن لە یارمەتیدانی هەر یەکێك لە ئێمە بۆ بەکاربردنی کۆمەڵە کاڵایەک کە بەرهەمهێنانیان لەلایەن خۆمانەوە بەدەرە لە

توانامان. دەستە نادیارەکە ئەوەندە بە بێدەنگی و خۆبەخۆیی کاردەکات کە ئەو ڕیزبەندیی و هاریکاری و ئەو هەموو کاڵایانەی کە بۆ بەکاربەری مۆدێرن دابینکراون، وەك مەسەلەیەکی سادە و بەڵگەنەویست تەماشا دەکرێن.

## 10. زۆرجار ئەنجامە درێژخایەنەکان یان کاریگەرییە لاوەکیەکانی کردارێك پشتگوێ دەخرێن.

هێنری هازڵت، نووسەرێکی ناسراوی ئابوری لە سەدەی ڕابووردا، نوسەری پەرتوکی (*ئابوری بە یەک وانە Economics in One Lesson*). یەک وانەکەی هازڵت ئەوە بوو کە لەکاتی ڕاڤەرکردنی هاوکێشەیەکی ئابوریدا ئەو کەسە:

*....پێویستە نەك تەنها بەدوای ئەنجامە ڕاستەوخۆکاندا بچێت بەڵکو بەدوای ئەنجامە دوورەکانیشدا بچێت، نەك تەنها بەدوای ئەنجامە سەرەکیەکان بەڵکو بەدوای ئەنجامە لاوەکیەکانیشدا، هەروەها نەك تەنها کاریگەرییەکانی لە سەر گروپێکی دیاریکراو، بەڵکو کاریگەرییەکانی لەسەر هەمووان.*[5]

هازڵت پروای وابوو کە جێبەجێنەکردنی ئەم وانەیە سەرچاوەی باوی هەڵە ئابورییەکانە.

بەتایبەت لە سیاسەتدا مەیلێک هەیە بۆ جەختکردنەسەر *سوودە کورتخایەنەکانی* سیاسەتیکارێك لەکاتێکدا بەتەواوی *ئەنجامە درێژخایەنەکانی* پشتگوێ دەخرێت. لە سیاسەتدا ئێمە گوێبیستی داوای بێکۆتا دەبین بۆ پێشنیاری یارمەتیدانی پیشەسازیەك یان ناوچەیەك یان گروپێکی دیاریکراو بەبێ لەبەرچاوگرتنی کاریگەرییەکانیان لەسەر کۆی کۆمەڵگا بە باجدەر و بەکاربەرانیشەوە.

زۆربەی ئەمانەش بە مەبەست دەکرێن. گروپی بەرژەوەندیەکان و نوێنەرە کرێگرتەکانیان یان لۆبیکارانیان لە کاتی بەدەستهێنانی مەسەلەیەکدا، هاندەرێکی بەهێزیان هەیە بۆ ئەوەی کە بە باشترین شێوە مەسەلەکەیان بخەنە ڕوو. زیادەڕۆیی دەکەن لەبارەی سوودەکانەوە (کە زۆربەی بەدەستدێنن ئەگەر سیاسەتیکارەکە خرایەگەڕ) و تێچوونەکەی بەکەم دەخەمەڕوو (کە زۆربەی لەلایەن کەسانی دیکەوە دەدرێت). ئەم گروپە سودخوازانە زۆر کاریگەرترن

ئەگەر سوودەکان دەستبەجێبوون و بەئاسانی لەلای دەنگدەران ئاشکرابوون، بەڵام تێچوونەکان کەمتر ئاشکران و زۆرتر لە داهاتوودا دەبن. لە سایەی ئەم هەلومەرجانەدا، گروپە سودخوازەکان زۆرجار دەتوانن دەنگدەران بەهەڵەدا ببەن.

بەم پێیەش زۆرجار دەنگدەران پشتگیری کردارێک دەکەن کە لەوانەیە ڕەتیان بکردایەتەوە ئەگەر زانیارییان هەبووایە لەبارەی *کاریگەرییە لاوەکیەکانی* یان ئەو ئەنجامانەی کە لە مەودای درێژخایەندا لێیدەکەویتەوە. تەماشای مەسەلەی کۆنترۆڵکردنی کرێی سەپێنراو بەسەر شووقەدا بکە. شاری وەک بێرکلی، سانتا مۆنیکا لە ویلایەتی کالیفۆرنیا، هەروەها شاری نیۆرک ئەم جۆرە لە کۆنترۆڵکردنیان پەیڕەوکردووە وەك بەدەنگەوەهاتنی ئەو بانگێشانەی پێیان وایە کۆنترۆڵکردنی کرێ ڕێگە لە بەرزبوونەوەی کرێ دەگرێت و خانووبەرە زیاتر فەراهەم دەبێت بۆ هەژاران.

بەڵێ ئەمە لە مەودای کورتخایەندا ڕاستە، بەڵام کاریگەری لاوەکیشی دەبێت.

یەکەم، بازاڕی شووقە بەنبەست دەگات. ئەو شوقانەی کە هەن ناگوێزرێنەوە بۆ ئەوانەی کە زۆریان پێویست پێیەتی. گران دەکەوێت لەسەر کەسێك کە شوقە کرێ کۆنترۆڵکراو چۆڵبکات، تەنانەت ئەگەر شوقەیەکی دیکە لە نزیک شوێنی کارەکەیەوە هەبێت، هەروەها سەخت دەبێت یەکێکی نزیکتر بدۆزێتەوە چونکە خەڵکانی دیکەش لە شوقاکانیان جێناهێڵن کە کرێکەی لەخوار نرخی بازاڕەوەیە.

نرخە نزمەکانی کرێ وەبەرهێنان لە خانووبەرەی نوێدا کەمدەکاتەوە.

ئەگەرچی کۆنترۆڵکردنی کرێ لەوانەیە خاوەن خانووەکانی ئێستا ناچار بکات بە کریێ کەمتر قایل ببن، ئەمە بۆ خاوەنەکانی داهاتوو ڕاست نییە. چونکە خەڵک کاردانەوەیان هەیە بۆ هاندەر، ئەو وەبەرهێنەرانەی کە لەوانەبوو سەرمایەکانیان بۆ دروستکردنی شوقەی نوێ بەکاربهێنن، سەرمایەکانیان ئاراستەی شوێنی دیکە دەکەن. ژمارەی یەکەی کرێ لە داهاتوودا کەم دەبێتەوە، ئەمەش دۆزینەوەی شوقەی کرێ سەختتر دەکات. بەم پێیەش قاتیبوون دێتە کایەوە. ئاستباشی شوقەی کرێش بە تێپەڕبوونی کات خراپ دەبێت چونکە خاوەن شوقەکان زۆر قازانج ناکەن ئەگەر پارە لە نۆژەنکردنەوەدا خەرج

بکەن چونکە کەمی شوقە وادەکات کە خواست لەسەر شوقەی خراپیش زیادبکات.
لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کاریگەریە لاوەکیانە دەستبەجێ نابینرێن.
کاتێک نزمبوونەوە لە چۆنێتی و چەندێتی شوقەدا دەردەکەوێت، زۆر کەس هۆکارەکەیان لێ دەبێت بە مەتەڵ. لێرەوە، کۆنترۆڵکردنی کرێ پشتگرییەکی بەربڵاو بەدەست دەهێنێت، ئەگەرچی دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی کرێ کەم دەبێتەوە، نۆژەنکردنەوە دادەبەزێت و قاتیبوونیش ئەنجامی حەتمییە. بەوتەی ئابوریناسی سویدی ئاسەر لیندبێک "لە زۆر حاڵەتدا کۆنترۆڵکردنی کرێ کاریگەرترین تەکنیکی زانراوە بۆ وێرانکردنی شارێک، جگە لە بۆمباران."
بەهەمان شێوەش، لایەنگرانی گومرک و پردیاریکردنی بەرهەمی بیانی زۆربەی جار یان هەمیشە کاریگەریە لاوەکیەکانی سیاسەتەیکارەکان پشتگوێ دەخەن. سنوردارکردنی هەناردەکردنی بەرهەمی وڵاتانی بێگانە و گومرک و پردیاریکردن لەوانەیە لەسەرەتادا کرێکارانی ئەمەریکا بپارێزێت کە بەرهەمی هاوشێوە بە تێچوونی زیاتر بەرهەم دەهێنن. بەڵام ئەنجامی لاوەکی لێدەکەوێتەوە، رەنگە زۆریش قورس بن.
پردیاریکردنی هێنان پۆڵا کە لەلایەن بەڕێوەبەرێتی بوشەوە لەساڵی 2002دا سەپێنرا، زۆر بە ڕۆشنی ئەم خاڵە ڕوون دەکاتەوە. ئەو پردیاریکردنە هێنانی پۆڵای تەواو کەمکردەوە، ئەم کەمکردنەوەی دابینکردنەش نرخی پۆڵای ئەمەریکی بەڕێژەی ٣٠٪ بەرزکردەوە. بەم نرخە بەرزانە، بەرهەمهێنەرە ناوخۆیەکانی پۆڵا هەردوو بەرهەم و کرێکاریان زیاد کرد. بەڵام ئەی ئەنجامە لاوەکیەکان کە لێیکەوتەوە؟ نرخی بەرزی پۆڵا بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایانەی گرانترکرد کە پۆڵایان زۆریان تێدایە، وەک لۆری و ئۆتۆمبیل و کەلوپەلی قورس. بەرهەمهێنەرە ئەمەریکیەکانی ئەم کاڵایانە لەلایەن ئەو پردیاریکردنەوە زیانیان پێگەیشت و زۆرجار ناچاردەبوون کرێکار دەربکەن. بەرهەمهێنەرانی کەرەقانی پۆڵای ئەمەریکی، کە پێشتر باڵا دەستبوون لە بازاڕی جیهانیدا، بەڕێژەیەکی زۆر کرێکارەکانیان کەمکردەوە چونکە نەیاندەتوانی لەگەڵ ئەو کۆمپانیا بیانییانەدا ململانێ بکەن کە پۆڵایان بە نرخێکی زۆر کەمتر دەکڕی.
لەوەش زیاتر، کاریگەری لاوەکی زیاتری هەبوو. لەبەر ئەوەی بیانییەکان پۆڵای کەمتریان دەفرۆشت لە بازاڕی ئەمەریکادا، دۆلاری کەمتریان دەستدەکەوت کە کاڵای دروستکراوی ئەمەریکی پێدەکڕی.

بەم جۆرەش، هەناردنی ئەمەریکی دابەزی بەهۆی ڕێگرییەکانی سەر هاوردەکردن.

هەرکاتێک کاریگەرییە لاوەکیەکان لەبەرچاو گیران، کاریگەری بۆ سەر کار پەیداکردن ئاشکرا دەبێت: ڕێگرییە بازرگانییەکان هەلی کار نارەخسێنن؛ بەڵکو سەر لە نوێ ڕێکیان دەخەنەوە. لەوانەیە هەلی کار لەو پیشەسازییانەدا کە گومرک و پردیاریکردن دەبێتە قەڵغان بۆیان زیاد بکات، بەڵام لە پیشەسازییەکانی دیکەدا پێچەوانە دەبیتەوە، بەتایبەتی پیشەسازی هەناردەکردن. پشتگیری لەسەر ڕێگرییەکان جێگەی سەرسوڕمان نییە چونکە ئەو کەسانەی کە لە پیشەسازییە پارێزراوەکاندا کاردەکەن، پۆلا لەم بارەدا، زۆر ئاشکرا دیارن، لەکاتێکدا کاریگەرییە لاوەکیەکان –لە دەستدانی کار لە پیشەسازییەکانی تردا– کەمتر دیارن و سەختیشە بیانگێڕیتەوە بۆ ڕێگرییە بازرگانییەکان. لێرەوە، زۆر کەس بە ئارگومێنتی "پاراستنی کار" فریودەخۆن، ئەگەرچی بەئاشکرا دیارە کە هەڵەیە کاتێک لێیورد دەبینەوە.

خەرجییەکانی حکومەتیش کاریگەری لاوەکی بەرهەم دەهێنن کە زۆرجار پشتگوێ دەخرێن. سیاسەتمەداران پێیانخۆشە کە پێ لەسەر ئەوە دابگرن کە خەرجییەکانی حکومەت بۆ پرۆژە خواستراوەکان هەلی کار زیاددەکات. بێگومان لەوانەیە هۆکاری باش هەبن لە پشت خەرجی حکومەت لە ڕێگاوبان و زیادکردنی پۆلیس و بەڕێوەبردنی دادوەری و هەتا دوایی. بەڵام رەخساندنی هەلی کار یەکێک نییە لەوانە.

گریمان حکومەت 50 ملیار دۆلار لە پرۆژەیەکدا خەرج دەکات کە یەک ملیۆن کرێکار تێیدا کاردەکەن بۆ بنیاتنانی شەمەندەفەرێکی خێرا کە شاری لۆس ئەنجلۆس دەبەستێتەوە بە شاری سان دیاگۆوە (دوو شاری گەورە و سەرەکی لە ویلایەتی کالیفۆرنیا کە نیزیکەی ٢٠٠کم لەیەکەوە دورن). ئایا ئەم پرۆژەیە چەند هەلی کار دەرخسێنێت؟ کاتێک کە کاریگەرییە لاوەکیەکان لەبەرچاوگیران، وەڵامەکە بریتی دەبێت لە هیچ.

هۆکارەکە ئەوەیە کە حکومەت پێویستە قەرز بکات یان پارەی باج بەکاربهێنێت بۆ خەرجی پرۆژەکە. 50 ملیار دۆلار پارەی باج، خەرجکردنی بەکاربەران و پاشەکەوتی تایبەت کەمدەکاتەوە، ئەم کەمکردنەوانەش هەمان ڕێژەی هەلی کار لەناودەبەن کە حکومەت بە نیازە بیانرەخسێنێت. ئەگەر خەرجی پرۆژەکە قەرز بێت، قەرزکردنە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی سوود و و ڕێژەی باج بۆ داپۆشینی سوودی قەرزەکە. ئەمەش پارە لە پرۆژەی دیکە دەگرێتە، چ گشتی و چ تایبەت.

یەک ملیۆن هەلی کار دەبێتە سەردێری هەواڵەکان، بەڵام لەدەستدانی کار لە سەدان شوێنی دیکە بەبێ سەرنجدان تێدەپەڕن.

وەک لە باری ڕێگرییە بازرگانییەکاندا بینیمان، ئەنجامی ئەم پرۆژەیە دوبارە دابەشکردنەوەی کارەکانە، نەک رەخساندنی کار. مەرج نییە ئەم ڕاستییە واتای ئەوە بێت کە پێویستە پرۆژکە ئەنجام نەدرێت. بەڵام واتای ئەوەیە کە پاساوی پرۆژەکە پێویستە لەو بەڵگانەوە سەرچاوە بگرێت کە سوودەکانی پرۆژەکە زیاترن لە زیانی لەدەستدانی دەرفەتی دیکە.

کاریگەری لاوەکی تەنها کێشەی حکومەت و سیاسەتمەداران نییە. هاوکات دەکرێت ببنە مایەی ئەنجامی چاوەڕواننەکراو بۆ تاکەکەسەکانیش. ئەزموونی ئەم دواییانەی مامۆستایەکی پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە ویلایەتی وێست ڤێرجینیا ئەم خاڵە ڕوون دەکاتەوە. قوتابیەکانی ئەو خانمە مامۆستایە بە بەردەوامی قەڵەمەکانیان ون دەکرد؛ لەبەرئەوە پێیوابوو ئەگەر یەکی 10 سەنتیان بداتێ بۆ پاشماوەی قەڵەمێک ئەمە دەبێتە هاندەر بۆ پاراستنی قەڵەمەکانیان هەتا تەواو دەبێت. بۆ بەدبەختی مامۆستاکە، قوتابییەکان ڕیزێکی درێژیان لەبەردەمی قەڵەم دادەرەکەدا بەست، پاشماوەی قەڵەمیان هێندە بەخێرایی دەدایە مامۆستاکە کە فریا نەدەکەوت پارەکەیان بداتێ. شتێکی باشە مرۆڤ وریای ئەنجامە نەخوازراوەکان بێت!

# بەشی دووەم
# حەوت سەرچاوەی سەرەکیی گەشەسەندنی ئابوری

**1. سیستەمی یاسایی: بنەما بۆ گەشەسەندنی ئابوری بریتیە لە سیستەمێکی یاسایی کە موڵکدارێتی تایبەت دەپارێزێت و بەشێوەیەکی یەکسان گرێبەستەکان دەسەپێنێت.**
**2. بازاڕێکی رکابەرییانە: پێشبڕکێ برەودەدات بە بەکارهێنانی کاریگەرانەی سەرچاوەکان دەدات و بەردەوام هاندەر دەبێت بۆ چاکسازی داهێنەرانە.**
**3. سنووردارکردنی کۆنترۆڵکردنی دەوڵەتی: سیاسەتیکاری کۆنترۆڵکەر کە بازرگانی کەمدەکاتەوە و هاوکاتیش ئابوری بەرودواوە دەبات.**
**4. بازاڕیکی سەرمایەی کاریگەر: بۆ درکردن بە تواناکان، وڵات پێویستە میکانیزمێکی هەبێت بۆ ئاراستەکردنی سەرمایە بەرەو پرۆژەی سامان-خولقێنەر.**
**5. سەقامگیری نەختی: سیاسەتیکاری نەختی هەڵئاوسانخواز ئاماژەکانی نرخ دەشێوێنێت و بازاڕی ئابوری تێکدەدات.**
**6. رێژەی نزمی باج: خەڵک زیاتر بەرهەم دەهێنن کاتێک رێگەیانپێدرا کە زیاتر هەڵگرن لەوەی کە دەستیان دەکەوێت.**
**7. بازرگانی ئازاد: وڵات گەشەدەکات لەڕێگای فرۆشتنی ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانەوە کە دەتوانرێت بە نرخێکی تائەندازەیەک هەرزان بەرهەمیان بهێنێت و کرێنی ئەوانەی کە بەرهەمهێنانیان گران دەکەوێت.**

بۆچی هەندێک وڵات بەخێرایی گەشەدەکەن لەکاتێکدا وڵاتانی دیکە سست دەبن یان تەنانەت تووشی پاشەکشێی ئابوری دەبن؟ بۆچی داهاتی تاکەکەس لە هەندێک وڵاتدا زۆر بەرزترە لە هەندێکی دیکە؟ ئابوریناسان هەر لە سەردەمی ئادەم سمیسەوە لە سەدەی هەژدەدا ئەم پرسیارانەیان وروژاندەوە. بێگومان وەبەرهێنانی سەرمایە و تەکنەلۆجیای نوێ بەشدارن لە گەشەسەندندا، بەڵام لە بۆشاییدا ڕوونادەن. پێویستە وڵاتان چەند تایبەتمەندییەکیان هەبێت کە ڕێگە بە دانیشتوانەکانیان دەدات لەگەڵ یەکتردا مامەڵەی بەرهەمدار بکەن. دامەزراوەی دروست – ڕێساکانی یاسا و عورفەکان، چ فەرمی و یان نافەرمی، کە ڕێنمایی ڕەفتارکردن دەکەن، هەروەها سیاسەتی دروستی حکومەت بریتین لە پێکهاتە بنەڕەتیەکانی پرۆسەی گەشەسەندن.

وەک چۆن یەک یان دوو یاریزانی لاواز دەتوانن بەئەندازەیەکی زۆر کۆی توانای تیمێکی وەرزشی دابەزێنن، دامەزراوەیەک یان سیاسەتیکارێکی نابەرهەمهێنیش لە بوارێک یان دوو بواری سەرەکییدا دەتوانن بەئەندازەیەکی زۆر زیان بگەیەنن بە توانای کاری ئابورییەکی دیاریکراو. ئەم بەشە قسە لەسەر ئەو فاکتەرە سەرەکییانە دەکات کە بناغەن بۆ گەشەسەندنی ئابورییەک و ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی داهاتی تاکەکەس لەنێوان وڵاتاندا بەئەندازەیەکی زۆر جیاوازە.

## 1. سیستەمی یاسایی: بنەما بۆ گەشەسەندنی ئابوری بریتیە لە سیستەمێکی یاسایی کە موڵکدارێتی تایبەت دەپارێزێت و بەشێوەیەکی یەکسان گرێبەستەکان دەسەپێنێت.

*سیستەمی موڵکدارێتی تایبەت خەڵک بەرپرسیار دەکات لەبەرامبەر کردارەکانیاندا لەبواری کاڵا ماددییەکاندا، سیستەمێکی لەم جۆرە زەمانی ئەوە دەکات کە خەڵک ئەنجامی کردارەکانی خۆیان ئەزموون دەکەن. موڵکداری پەرژین دروست دەکات، بەڵام هاوکات بە ئاوێنەش دەورمان دەدات، کە ڕەنگدانەوەی ئەنجامی کردارەکانی خۆمانی تێدا دەبینین.*

سیستەمی یاسایی بنەما دەبەخشێت بە پاراستنی مافەکانی موڵکداری و سەپاندنی گرێبەستەکان. وەک لە پێکهاتەی 4ی بەشی یەکەمدا باسمانکرد. ئاڵوویری بازرگانی کاڵاکان دەگوێزێتەوە بۆلای ئەوانەی کە زیاتر بەهای دەزانن و بەرهەمهێنانی زیاتر ئاسان دەکات لە ئەنجامی دەستکەوت لە تایبەتمەندبوون و شێوازەکانی بەرهەمهێنانی بەرفراوان. بۆ کەمکردنەوەی ئەو نادڵنیاییانەی کە لە ئاڵوویری بازرگانیدا هەن، پێویستە سیستەمێکی یاسایی سەپاندنێکی یەکسانی ڕێکەوتن و گرێبەستەکان دابین بکات. ئەمەش ئاستی ئاڵوویری بازرگانی زیاد دەکات و یارمەتی گەشەسەندنی ئابوری دەدات.

ڕۆڵێکی دیکەی گرنگی سیستەمی یاسایی بریتیە لە پاراستنی مافەکانی موڵکدارێتی. ئاڵوویری بازرگانی وابەستەی مافەکانی موڵکدارێتیە، سیستەمی یاساییش پێویستە مافەکانی موڵکدارێتی بپارێزێت بۆ ئەوەی ئابوری گەشە بکات. موڵکدارێتی چەمکێکی بەرفراوانە کە خاوەندارێتی خزمەتگوزاریی و بیرۆکەکانی کار، تەنانەت دیدە ئاینییەکان و هەروەها موڵکی بەرجەستەی وەک بینا و زەوی دەگرێتەوە. موڵکدارێتی تایبەت سێ شت لەخۆدەگرێت: (1) مافی بەکارهێنانی تەواو، (2) پاراستنی یاسایی لەدژی دەستێوەردەران – ئەوانەی کە هەوڵی بەکارهێنان یان بەدبەکارهێنانی موڵکەکە دەدەن بەبێ موڵەتی خاوەنەکەی – هەروەها (3) مافی گواستنەوە بۆ (واتا گۆڕینەوە لەگەڵ) کەسێکی تردا.

موڵکدارە تایبەتەکان دەتوانن بڕیاربدەن لەوەی کە چۆن موڵکەکەیان بەکاربهێنن، بەڵام موڵکدارە تایبەتەکان بەرپرسیارن لە کردارەکانیان. ئەو کەسانەی کە موڵەکەکانیان بەشێوەیەک بەکاردەهێنن کە دەبێتە هۆی دەستدرێژیکردنە سەر یان پێشێلکردنی موڵکی کەسێکی تر، دەکەونە بەر سایەی هەمان ئەو دەسەڵاتە یاساییانەی کە موڵکەکانی خۆیان دەپارێزێت. بۆ نموونە، مافەکانی موڵکدارێتی تایبەت ڕێگە لە من دەگرێت چەکوشەکەم بگرمە شاشەی کۆمپیوتەرەکەی تۆ، چونکە ئەگەر ئەوەم کرد، ئەوا پێشێلی مافی موڵکدارێتی تۆ بۆ کۆمپیوتەرەکەت دەکەم. مافی موڵکدارێتی تۆ بۆ کۆمپیوتەرەکەت ڕێگە لە من و هەموو کەسانی دیکە دەگرێت لە بەکارهێنانی بەبێ مۆڵەتی خۆت. هاوشێوە، موڵکدارێتی من بۆ چەکوشەکەم و شتەکانی دیکەم ڕێگە لە تۆ و هەموو کەسێکی دیکە دەگرێت کە بەکاری بهێنن بەبێ مۆڵەتی من.

شتێکی گرنگ لەبارەی موڵکدارێتی تایبەت ئەو هاندەرانەیە کە لێیەوە سەرچاوە دەگرن. چوار هۆکاری سەرەکی هەن لەسەر ئەوەی کە چۆن ئەو هاندەرانەی کە لە مافەکانی موڵکدارێتی تایبەتی بەئاشکرا دیاریکراو و چەسپاوەوە سەرچاوە دەگرن گەشەسەندنی ئابوری دەبزوێنن.

یەکەم، موڵکدارێتی تایبەت هانی باشڕاگرتنی ژیرانە دەدات. ئەگەر موڵکدارە تایبەتەکان شکستیان خوارد لە باشڕاگرتنی موڵکەکانیان یان ئەگەر ڕێگەیاندا کە زیانی پێبگات یان وێران بکرێت، ڕووبەڕووی بەرئەنجامەکانی دەبنەوە کە ئەویش بریتییە لە دابەزینی بەهای موڵکەکە. بۆ نموونە، ئەگەر ئۆتۆمبیلێکت هەبێت هاندەرێکی گەورەت دەبێت بۆ گۆڕینی ڕۆنەکەی، زوو زوو دەیبەیت بۆ لای فیتەر و ناوەوەی بەپاکی ڕادەگریت. ئەمە بۆچی وایە؟ ئەگەر تۆ لەمانەدا بێباک بوویت، بەهای تۆتۆمبیلەکە بۆ تۆ و بۆ خاوەنی داهاتووی دادەبەزێت. ئەگەر ئۆتۆمبیلەکە لە هەلومەرجێکی کارکردنی باشدا ڕاگیرا، بەهاکەی زۆر زیاتر دەبێت بۆ تۆ و بۆ ئەو کەسەی کە لەوانەیە بیەوێت لێت بکڕێت.

بەپێچەوانەوە، کاتێک کە حکومەت یان گروپێکی گەورەی خەڵک خاوەنی موڵک بوون، هاندەر بۆ خزمەتکردنی بێهێز دەبێت. بۆ نمونە، کاتێک حکومەت خاوەنی خانووبەرەیە، هیچ تاکەکەسێک یان گروپێکی خاوەن موڵک هاندەرێکی بەهێزیان نابێت بۆ ڕاگرتنی موڵکەکە و هیچ تاکەکەس یان گروپێک پارەی تێچوونی دابەزینی بەهای موڵکەکە نادەن یان سوود لە چاکسازییەکانی وەرناگرن. لەبەر ئەمەیە کە خانووبەرەی حکومەت لەبەراورد لەگەڵ خانووبەرەی تایبەت بەگشتی وێران دەبن و بەخراپی ڕادەگیرێن. ئەمە ڕاستە بۆ هەردوو وڵاتە سەرمایەداری و سۆشیالیستییەکان. کەمتەرخەمی لە چاودێری و ڕاگرتن و چاکسازیدا ڕەنگدانەوەی ئەو هاندەرانەن کە پەیوەستین بە خاوەندارێتی موڵکەوە لەلایەن حکومەتەوە.

دووەم، خاوەندارێتی تایبەت هانی خەڵک دەدات بۆ بەکارهێنانی موڵکەکانیان بەشێوەیەکی بەرهەمهێنانە. کاتێک خەڵک توانیان بەرهەمی کارەکانیان وەک موڵکی تایبەت بهێڵنەوە، هاندەرێکی باشیان دەبێت بۆ باشترکردنی تواناکانیان، کاری زیاتردەکەن، ژیرانەتر کاردەکەن. ئەم کردارانە داهاتیان زیاد دەکات. بەهەمان شێوەش کاتێک خەڵک ڕێگەیان درا بۆ هەڵگرتنی ئەوەی دەستیان دەکەوێت، زەوی و بینا و هەر

مولّکێکی دیکە کە هەیانە بەشیوەیەکی بەرهەمهێنەرانەتر بەکاردەهێنن. کشتوکاڵ لە یەکێتی سوقیەتی جاران نیشانی دەدات کە چۆن مافەکانی موڵکدارێتی چالاکی بەرهەمهێنەرانە زیاد دەکات. لەژێر فەرمانڕەوایی ڕژێمی کۆمەنیستدا، خێزانەکان ڕێگەیان پێدەدرا کە ئەو کاڵایانە هەڵبگرن یان بفرۆشن کە لەسەر زەوییە بچووکە کشتوکاڵیە تایبەتەکان بەرهەمیان دەهێنان، کە پانتاییان تا هێکتارێک دەبوو. ئەم زەوییە تایبەتانە تەنها لەسەدا دووی کۆی زەوییە کێڵدراوەکانیان پێکدەهێنا: لەسەدا 98ەکەی دیکە بریتی بوو لە کێڵگەی زەبەلاحی گشتی کە بەرهەم تێیاندا موڵکی دەوڵەت بوو. وەک میدیای سۆڤیەت ڕاپۆرتی دابوو، نزیکەی یەک لەسەر چواری کۆی بەهای بەرهەمی کشتوکاڵی سوقیەت لە بەشە بچووکەکەدا بەرهەم دەهاتن کە موڵکی تایبەت بوون. ئەمە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەرهەم بەپێی هێکتار لە زەوییە تایبەتەکاندا نزیکەی شانزە جار ئەوەندەی بەرهەمی کێڵگەکانی دەوڵەت بوو.

تەنانەت دوورکەوتنەوەیەکی کەمیش لە موڵکدارێتی دەوڵەتەوە بەرەو موڵکدارێتی تایبەت ئەنجامی سەرسوڕهێنەری دەبێت. لەساڵی 1978دا حکومەتی کۆمەنیستی چین سیاسەتکارێکی واقعی دەست پێکرد بۆ ڕێگەدان بە جووتیارانی کێڵگە گشتییەکان بە هێشتنەوەی هەموو ئەو برنجەی کە زیادبوو لەڕێی دیاریکراو کە دەبوایە بیاندایە بە دەوڵەت. لە ئەنجامدا حکومەت چاوپۆشی کرد لە جووتیارانی گوندی بچووکی خیاوگانگ لە هەرێمی ئەنهوی. لەوێ جووتیارەکان دەستیاکرد بە دیاریکردنی بەرپرسیارێتی کێڵانی پارچە زەوییەکی دیاریکراو بۆ جووتیارێکی دیاریکراو، هەموو جووتیارەکانیش هەموو ئەو بەرهەمەیان هەڵدەگرت کە لە ڕێی دیاریکراوی دراو بە دەوڵەت زیاددەبوو. ئەنجامەکەی بریتی بوو لە دەستبەجێ زیادبوونی بەرهەمهێنان. کاتێک باسەکە بڵاوبووەوە، حکومەتیش سیاسەتی فەرمی لەدژی ئەم "بەتایبەتکردنە" پشتگوێخست، ئەم چالاکییە وەک ئاگری کێوی تەشەنەی کرد و بووە هۆی زیادبوونی بەرهەمی کشتوکاڵی و ئازادکردنی جوتیاران بۆ ئەوەی ڕووبکەنە کەرتەکانی دیکەی ئابوری جگە لە کشتوکاڵ.

سێیەم، موڵکدارە تایبەتەکان هاندەرێکی بەهێزیان هەیە بۆ پەرەدان بەو شتانەی کە هەیانە بەشێوەیەک کە سوودی بۆ کەسانی دیکەش

دەبێت. لەکاتێکدا بەپێی یاسا، موڵکدارە تایبەتەکان دەتوانن هەرچییەکیان بوێت لە موڵکەکانیاندا بیکەن، لەو کردارانە دەستکەوتیان دەبێت کە بەهای موڵکەکەیان لای کەسانی دیکە بەرزدەکاتەوە. ئەگەر موڵکەکەیان بەشێوەک بخنەکار و پەرەپێبدەن کە سەرنجی کەسانی دیکە ڕابکێشێت، بەهای بازاڕی موڵکەکە زیاد دەکات. بە پێچەوانەشەوە، ئەو گۆڕانانەی کەسانی دیکە پێیان خۆش نییە، بەتایبەت ئەگەر کەسەکانی دیکە موشتەری بەرهەمەکان یان کڕیاری داهاتووی موڵکەکە بن، ئەوا بەهای موڵکەکە دادەبەزێت.

خاوەن باڵاخانەیەکی شوقە لەبەرچاوبگرە. لەوانەیە ئەم کەسە هیچ گرنگی نەدات بە شوێنی راگرتنی تۆتۆمبیل، شوێنی لەبار بۆ جلشۆری کارەبایی، ژوورێکی جوانی وەرزشکردن یان باخچە و مەلەوانگەیەکی قەشەنگ لەناو باڵاخانەکەدا. بەڵام ئەگەر بەکاربەرەکان ئەم شتانە زۆر بە بەهادار بزانن (بەگوێرەی تێچوونی دروستکردنیان)، موڵکدارەکە هاندەرێکی بەهێزی دەبێت بۆ دابینکردنیان. لەڕێگای باشترکردنی دۆخی بەکاربەرەکانەوە، کە ئەوانیش ئامادەبن پارەی زیاتر بدەن، ئەم شتانە داهاتی موڵکدارەکە - کرێ- و بەهای بازاڕی موڵکەکە بەرز دەکاتەوە. بە پێچەوانەشەوە، ئەو خاوەن شوقانەی کە پێدادەگرن لەسەر دابینکردنی تەنها ئەو شتانەی کە خۆیان پێیان خۆشە زیاتر وەک لەو شتانە کە بەکاربەرەکان پێیان باشە، دەبینن کە داهاتیان و بەهای سەرمایەکانیان (شوقەکان) دادەبەزێت.

بۆچی خوێندکارانی زانکۆ ئامادەن کاتژمێری زۆر بخوێنن و ڕووبەڕووی تێچوونی خوێندنی زانکۆ ببنەوە؟ خاوەندارێتی تایبەتی خزمەتگوزارییەکانی کار وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە. چونکە مافی موڵکدارێتیان هەیە لە خزمەتگوزارییەکانی کاری خۆیاندا، دەستکەوتەکانی داهاتوویان زۆر زیاتر دەبیت ئەگەر مەعریفە وەربگرن و ئەو تواناییانە پەرەپێبدەن کە خەڵکی دیکە زۆر بە بەهاداریان دەزانن.

چوارەم، موڵکدارێتی تایبەت هانی پەرەپێدانی ژیرانە و پاراستنی سەرچاوەکان دەدات بۆ داهاتوو. بەکارهێنانی سەرچاوەیەک لەوانەیە بیێتە سەرچاوەی داهات. ئەم داهاتە دەنگی بەکاربەرە لە ئێستادا، ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە ئەوان چیان لە سەرچاوەکان دەوێت. بەڵام بەکاربەرانی داهاتووش دەنگیان دەبێت، سوپاس بۆ مافەکانی موڵکدارێتی. خاوەنی سەرچاوەیەک، با بڵێین نرخی پارچە زەویەک کە

دەکرێت لە ئێستادا یان لە داهاتوودا بکرێتە پرۆژە، لەوانەیە پێیوابێت کە لە داهاتوودا بەهای زیاتر دەبێت. بەواتایەکی تر بەهای چاوەڕوانکراوی داهاتووی لە بەهای ئێستای زیاتر دەبێت. ئەم موڵکدارە هاندەرێکی هەیە بۆ هێشتنەوە - واتا پەنابگرێت لە بەکارهێنانی ئێستا- بۆ دڵنیابوون لە ئەوەی کە سەرچاوەکە لەبەردەستدا دەبێت کاتێک بەهاکەی زیادیکرد. بە واتایەکی دیکە، خاوەن موڵکەکە بایەخدەدات بە دەنگی بەکاربەرانی داهاتوو. موڵکدارە تایبەتەکان دەتوانن سامانەکانیان زیادبکەن لەڕێگای ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان داواکارییەکانی ئێستا و داواکارییە چاوەڕوانکراوەکانی داهاتوودا.

موڵکدارە تایبەتەکان قازانج دەکەن لە هێشتنەوە هەرکاتێک کە بەهای چاوەڕوانکراوی داهاتووی سەرچاوەیەک کە شایانی بەکاربردنە زیاتر بوو لە بەهای ئێستای. ئەمە ڕاستە تەنانەت ئەگەر موڵکدارەکانی ئێستا چاوەڕوانی ئەوە نەکەن کە بمێنن تا ئەو کاتەی کە سوودەکان دەردەکەون. گریمان جوتیارێکی تەمەن شەستوپێنج ساڵ بیرلەوە دەکاتەوە کە درەختە لاوەکانی ببڕێت یان نا. ئەگەر چاوەڕوان بکرێت گەشەکردنی درەختەکان و دەگمەنی بەردەوامی تەختە ببنە هۆی داهاتێک لە داهاتوودا کە زیاترە لە بەهای ئێستای درەختەکان، جوتیارەکە لەڕێگای هێشتنەوەی درەختەکانیەوە بۆ داهاتوو قازانج دەکات. تا ئەو رادەیەی کە موڵکدارێتی گوازراوە بێت (واتە کڕین و فرۆشتنی پێبکرێت)، بەهای بازاڕی موڵکی جوتیارەکە بەرزدەبێتەوە، چونکە درەختەکان گەورەدەبن و وەرزی بڕین نزیک دەبێتەوە. هەرچەندە رەنگە وەرزی بڕین ڕوو نەدات تامەوەیەکیش پاش مردنی، خاوەن موڵکەکە دەتوانێت درەختەکان بفرۆشێت (یاخود ئەگەری زیاترە کە موڵکەکە بە درەختەکانەوە بفرۆشێت) لە هەر کاتێکدا بیەوێت و بە بەهایەکی زیادبووەکەی چنگ بکەوێت.

بۆ چەندین سەدە ڕەشبینەکان پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە ئێمە خەریکە درەخت و کانزای گرنگ یان چەندین سەرچاوەی وزەمان نامێنێت. هەموو جارەکان بەهەڵەدا دەچن چونکە شکست دەخۆن لە پرواهێنان بە ڕۆڵی موڵکدارێتی تایبەت. ئەگەر لەو پێشبینیە رەشبینانە رابمێنین، زۆر شت فێر دەبین. لە ئینگلتەرای سەدەی شانزەدا، ترس پەیدابوو کە دار - کە بەشیوەیەکی بەرفراوان وەک سەرچاوەی وزە بەکاردەهات – بەزوویی کۆتایی پێدێت. بەڵام نرخە بەرزەکانی دار هانی

هێشتنەوەیاندا و بووە هۆی دەرهێنانی خەڵوز. قەیرانی دار بە زویی رەویەوە.

تەنانەت کاتێک کە سەرچاوەیەکی دیاریکراو خاوەنی نەبوو، بازاڕی ئەو سەرچاوانەی کە خاوەنیان هەیە هەندێک جار دەتوانن کێشەکان چارەسەر بکەن. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، پێشبینی ترسناک دەکرا کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا خەریکە ڕۆنی نەهەنگی نامێنێت، کە لەو کاتەدا سەرچاوەی سەرەکیی بوو بۆ ڕووناکی چرا و مۆم. هیچ کەس خاوەنی نەهەنگەکان نەبوو و بە ژمارەیەکی زۆر لە دەریاکاندا ڕاو دەکران. هەر ڕاوچییەکی نەهەنگ شکستی بخواردایە لە ڕاوکردنی نەهەنگێک کەسانی تر لەوانە بوو پاش ئەو ڕاوی بکەن. لێرەوە ژمارەی نەهەنگەکان بەرەو کەمبونەوە دەچوو. کاتێک کە نرخی ڕۆنی نەهەنگ بەرزبووەوە، هاندەر نەبوو بۆ هێشتنەوەی نەهەنگ بۆ داهاتوو چونکە کەس خاوەنی نەهەنگەکان نەبوو و کەس ڕاوکردنی نەهەنگی سنووردار نەدەکرد. بەڵام لەگەڵ گرانبوونی نرخەکانی ڕۆنی نەهەنگدا، تاکەکەسەکان هاندەرێکیان هەبوو بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی جێگرەوەی وزە. ئەگەر بتوانن سەرچاوەیەکی هەرزانتری وزە بدۆزنەوە و خاوەندارێتی بکەن، دەتوانن داهاتێکی بەرچاو بەدەستبهێنن. بەتێپەڕبوونی کات ئەمە بووە هۆی دۆزینەوەی نەوت، دابەزینی نرخی ڕۆنی نەهەنگ و بووە هۆی کۆتایهاتنی قەیرانی ڕۆنی نەهەنگ.

دواتر کە خەڵک ڕوویان کردە بەکارهێنانی نەوت، پێشبینی دەرکەوت کە ئەم سەرچاوەیەی وزەش کۆتایی دێت. لەساڵی 1914دا فەرمانگەی کانەکان ڕاپۆرتی دابوو کە کۆی نەوتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کەمترە لە شەش ملیار بەرمیل، بڕیکی کەمتر لەوەی کە ئێستا ئەمەریکا بەرهەمی دەهێنێت بە نزیکەیی لەماوەی 24 مانگدا. لەساڵی 1926دا دەستەی پاراستنی نەوتی فیدراڵی خەمڵاندبووی کە دابینکردنی نەوتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تەنها حەوت ساڵی تر دەمێنێت. دوو دەیە دواتر وەزیری ناوخۆ بڵاوی کردبووەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تەنها پاش چەند ساڵێکی تر نەوتی نامێنێت. لێکۆڵینەوەیەک کە لەلایەن (یانەی ڕۆما)وە پشگیری دەکرا پێشبینی هاوشێوەی بۆ جیهان کردبوو لە ساڵانی 1970کاندا.

تێگەیشین لەو هاندەرانەی کە لە موڵکدارێتی تایبەتەوە سەرچاوە دەگرن کارەکە ئاسانتر دەکات بۆ تێگەیشتی لەوەی کە بۆچی پێشبینیکەرە رەشبینەکان ئەوەندە بە هەڵەداچووبون. کاتێک دەگمەنی سەرچاوەیەک کە خاوەنی تایبەتی هەیە زیاد دەکات، نرخی سەرچاوەکە بەرز دەبێتەوە. بەرزبوونەوەی نرخ بەکاربەر، بەرهەمهێنەر، داهێنەر و ئەندازیاران هان دەدات بۆ (1) پەناگرتن لە بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی سەرچاوەکە، (2) گەڕانی وریایانە بەدوای جێگرەوەدا، (3) پەرەدان بە شێوازی نوێی دۆزینەوە و بەکارهێنانەوەی پری گەورەی سەرچاوەکە. لە ئەمڕۆدا ئەم هێزە رەشبینانەی زیاتر پاڵ پێوەناوە بەرەو داهاتوو، هەموو مەرجەکانیش لەبەردەستدان بۆ ئەوەی پرواپێهینین بەوەی کە بەردەوام دەبن لە کردنی هەمان شت لەگەڵ ئەو سەرچاوانەدا کە خاوەنی تایبەتیان هەیە.

بەتێپەڕبوونی کات، پرۆسەی پاراستن و جێگرتنەوە و تەکنەلۆجیای نوێ دەتوانن سەرچاوەکان بە فەراهەمی بهێڵنەوە بۆ چەندین نەوەی دیکە - هەروەها دەتوانن چەندین سەرچاوە بهێننە گۆڕێ. بۆ نموونە، ئەگەرچی نەوت و گازی سروشتی جێگەی خەڵوزیان گرتۆتەوە لەزۆر بەکارهێناندا، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هێشتا خەڵوز بەکاردەهێنێت بۆ بەرهەمهێنانی لەسەدا پەنجای کارەباکەی، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا پری یەدەگی قەبەمان هەیە لەژێر زەویدا. ئێستا لە هەموو کات زیاتر شێوە وزەی جیاوازمان هەیە. ئەگەر نرخەکانی ئێستای وزە زۆر بەرزببنەوە، دەبینین داهێنەران کە هەوڵەکانیان چڕ دەکەنەوە بۆ پەرەدان بە ڕێگە هەرزانەکانی بەرهەمهێنانی وزە لە رەشەبا و وزەی خۆر و وزەی ئەتۆم.

سیستەمێکی یاسایی کە مافەکانی موڵکدارێتی دەپارێزێت و بەشیوەیەکی یەکسان گرێبەستەکان دەسەپێنێت دەبێتە بناغە بۆ پێکەوەنانی سەرمایە و قازانج لە ئاڵوویری بازرگانی، کە ئەوانیش بەردی بناغەی گەشەسەندنی ئابورین. بە پێچەوانەشەوە، مافەی موڵکدارێتی ناسەقامگیر و نەبوونی دڵنیایی لە سەپاندنی گرێبەستەکان و لایەنگیری یاسایی هەموو ئەمانە دەبنە مایەی پوچەڵکردنی وەبەرهێنان و دەستکەوتی ئاڵوویری بازرگانی. بەدرێژایی مێژوو خەڵک شێوازی دیکەی موڵکداریتیان تاقیکردۆتەوە وەک هاوکاری بەرفراوان، سۆشیالیزم و کۆمیونیزم. ئەم ئەزموونانە هەموو ریزیان

بەستوە لە شکستخواردووەوە بۆ کارەساتاوی. تا ئەمڕۆ ئێمە بە هیچ ڕێکخستنێکی دامەزراوەیی ئاشنانین، کە ئەوەندەی مۆڵکدارێتی تایبەت لە چوارچێوەی دەسەڵاتی یاسادا، ئازادی و هاندەر ببەخشێت بۆ خزمەتکردنی خەڵکانی تر لەڕێگای بەکارهێنانی کاریگەرانە و بەرهەمدارانەی سەرچاوەکانەوە.

## 2. بازاڕی ڕکابەریی: ڕکابەری برەوودەدات بە بەکارهێنانی کاریگەرانەی سەرچاوەکان و پاڵنەری بەردەوام دەبەخشێت بە چاکسازی داهێنەرانە.

ڕکابەری یارمەتیدەرە بۆ باشترکردنی بەردەوام لە کاریگەریی پیشەسازیدا. بەرهەمهێنەرەکان ... ئاراستە دەکات بەرەو نەهێشتنی بەفیڕۆدان و کەمکردنەوەی تێچوون تاوەکو بتوانن بە هەرزانتر بفرۆشن... ئەوانەش بژار دەکات کە تێچوونەکانیان بە بەرزی دەمێننەوە، لێرەوە کاردەکات بۆ چڕکردنەوەی بەرهەمهێنان لەدەستی ئەوانەدا کە تێچوونەکانیان کەمترە.

ڕکابەری کاتێک ڕوودەدات کە ئازادی هەبێت بۆ چوونە ناو بازاڕەوە و فرۆشیاری دیکە هەبن. کۆمپانیا ڕکابەرەکان دەتوانن ڕکابەری بکەن لەسەر ئاستی ناوچەیی، هەرێمی، نیشتمانی و تەنانەت لە بازاڕی جیهانیشدا. ڕکابەری خوێنی ناو شادەمارەکانی ئابوری بازاڕە.

ڕکابەری فشار لەسەر بەرهەمهێنەرەکان دروست دەکات بۆ کارکردنی کاریگەرانە و لە خزمەتی دابینکردنی خواستی بەکاربەراندا دەبێت. ڕکابەری بەرهەمهێنەری ناکاریگەر بژاردەکات. ئەو کۆمپانیایانەی کە شکست دەخۆن لە دابینکردنی کاڵای باش بەنرخێکی ڕکابەرانە بۆ بەکاربەران ئەوا توشی زەرەر دەبن و لە ئەنجامیشدا بازرگانیەکەیان شکست دەهێنێت. ڕکابەری سەرکەوتوو پێویستە لە کۆمپانیا بەرهەڵستکارەکەی کارامەتر کاربکات. لەوانەیە ئەمە بەچەند شێوازێکی جیاواز بکەن، لەوانە چۆنایەتی بەرهەم، شێواز، خزمەتگوزاری، لەباری شوێن، ڕیکلام، و نرخ، بەڵام پێویستە کە بەردەوام ئەوەندە بەها پێشکەشی بەکاربەران بکەن کە بەرهەڵستکارەکانیان پێشکەشی دەکەن.

چی وادەکات مەکدۆناڵد و جێنراڵ مۆتۆرز یان هەر کۆمپانیایەکی دیکەی بازرگانی نرخەکانیان بە نزمی بهێڵنەوە و شتی قەڵب نەفرۆشن و خزمەتگوزاری خراپ پێشکەش نەکەن؟ رکابەری وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە. ئەگەر مەکدۆناڵد شکستی خوارد لەوەی کە لەفەی بەتام بەنرخێکی سەرنجڕاکێش و بە خەندەوە پێشکەشی کڕیارەکانی بکات، ئەوا خەڵک ڕوودەکەنە بێرگەر کینگ، ویندیس، سەبوەی، دایەری کوین (ئەمانە هەمووی ناوی دیاری لەفەفرۆشن لە ئەمەریکا) و رکابەری دیکە دیکە. تەنانەت کۆمپانیا گەورەکانیش بازرگانی دەدۆرینن بە دەستپێکەری تازە کە ڕێگە دەدۆزنەوە بۆ دابینکردنی بەرهەمی باشتر بەنرخی کەمتر بۆ بەکاربەران. بۆ نموونە، کاتێک واڵمارت (سوپەرمارکێتی هەموو کەلوپەلێك لە ئەمەریکا) هیچ نەبوو جگە لە چەند دوکانێکی بچووک لە باشوور، سیەرز (سوپەرمارکێتی هەموو کەلوپەلێك لە ئەمەریکا) فرۆشیارێکی زەبەلاح بوو. ئێستا واڵمارت گەورەترین فرۆشیاری جیهانە کە سیەرز لە چاویدا وەك دوکانیکی لێهاتووە. کۆمپانیای گەورەی وەک جێنراڵ مۆتۆرز و فۆرد کڕیار دەدۆڕێنن بە هۆندا و مازدا و تۆیۆتا و بەرهەمهێنەری دیکەی ئۆتۆمبیل، ئەگەر تەنانەت یەک هەنگاو دوابکەون لە دابینکردنی ئەو جۆرە لە ئۆتۆمبیل کە خەڵکی دەیخوازن بە نرخێکی گونجاو کە رکابەری نرخی کۆمپانیاکانی دیکە بکات.

رکابەری هاندەری بەهێز دەدات بە کۆمپانیاکان بۆ پەرەدان بە بەرهەمی باشتر و دۆزینەوەی شێوازە هەرزانەکانی بەرهەمهێنان. لەبەر ئەوەی تەکنەلۆجیا و نرخەکان بەردەوام دەگۆڕێن، هیچ کەس بەدروستی نازانێت کە بەکاربەران کام بەرهەمیان دەوێت لە داهاتوودا یان کام تەکنیکی بەرهەمهێنان تێچوون بەپێی یەکە کەمدەکاتەوە. رکابەری یارمەتیمان دەدات بۆ دۆزینەوەی وەڵام. ئایا بازاڕی فرۆشتن لەسەر ئەنتەرنێت مەزنترین بیرۆکەی تازەیە لەدوای دروستکردنی زلەبازاڕ (مۆڵ)؟ یان تەنها خەونێکی دیکەیە و هەرزوو دەڕەوێتەوە؟ رکابەری وەڵاممان دەداتەوە.

لە ئابوری بازاڕدا بازرگانەکان ئازادن لە داهێناندا. تەنها پێویستیان بە یارمەتی وەبەرهێنەران هەیە (زۆرجار خۆشیان دەگرێتەوە) بۆ دابینکردنی پارەی پێویست. ڕەزامەندی پلاندانەرانی نێوەندی، زۆرینەی یاسادانەران یان رکابەرانی بازرگانی پێویست نین.

لەگەڵ ئەوەشدا، رکابەری ئەنترۆپەنۆرەکان و ئەو وەبەرهێنەرانەی کە پارەتیان دەدەن بەرپرسیار ڕادەگرن چونکە پێویستە بیرۆکەکانیان ڕووبەڕووی "پشکنینی واقیع" ببێتەوە کە لەلایەن بەکاربەرانەوە سەپێنراوە. ئەگەر بەکاربەران داهێنانەکەیان وەک پێویست لەلا بەهادار بوو بۆ دانی پری تێچوونەکەی، بازرگانییە تازەکە گەشە دەکات. بەڵام ئەگەر بەکاربەران بینیان کە بەرهەمەکە بەهای کەمترە لە تێچوونەکەی، بازرگانییەکە شکست دەخوات. بەکاربەران دوا دادوەر و بڕیاردەرن لە داهێنانی بازرگانی و کاریگەریدا.

ئەو بەرهەمهێنەرانەی کە دەخوازن لە ژینگەیەکی رکابەرانەدا بمێننەوە ناتوانن بێباک بن. بەرهەمە سەرکەوتووەکانی ئەمڕۆ لەوانە نییە لە تاقیکردنەوە رکابەریەکانی سبەیدا دەربچن. بۆئەوەی لە بازاڕێکی رکابەرانەدا سەرکەوتوو بێت، پێویستە بازرگانییەکان کارابن لە پێشبینیکردن و دەستنیشانکردن و خێرا قۆستنەوەی بیرۆکە پەرەپێدراوەکاندا.

هاوکات رکابەری بونیادی بازرگانی و قەبارەی ئەو کۆمپانیایانە دەردەخات کە دەتوانن بەباشی تێچوون بەپێی یەکەی بەرهەمێک بەنزمی ڕابگرن. جیاواز لە سیستەمە ئابورییەکانی دیکە، ئابوری بازاڕ جۆری ئەو کۆمپانیایانە دیاری ناکات کە ڕێگەیان پێدەدرێت رکابەری بکەن. هەر فۆرمێکی ڕێکخستنی بازرگانی ڕێگەپێدراوە. جا ئایا کۆمپانیایە خاوەنەکەی بەڕێوەی دەبات، یان شەریکایەتیە، ئان کۆرپۆرەشنە، یاخود کۆمپانیا کارمەندخاوەن (*ئەو جۆرەیە لە کۆمپانیا کە کارمەندەکانی خاوەنداری دەکەن*) ، هەرەوەزی بەکاربەران، کۆمۆنە یان هەر جۆرێکی دیکەی بازرگانی ئازادە لە چوونە ناو بازاڕ. بۆ سەرکەوتن پێویستە تەنها یەک تاقیکردنەوە ببڕێت: کەمتێچوون . ئەگەر یەکەیەکی بازرگانی، چ کۆرپۆرەشن بێت یان کۆمپانیای کارمەندخاوەن، بەرهەمی باش بەنرخێکی سەرنجڕاکێش بەرهەم بهێنێت، سەرکەوتوو دەبێت. بەڵام ئەگەر بونیادەکەی تووشی تێچوونی زیاتری بکات لەچاو جۆرەکانی دیکەی ڕێکخستنی بازرگانیدا، رکابەری لە بازاڕ وەدەری دەنێت. هەمان شت دروستە بۆ قەبارەی کۆمپانیا. ئەو کۆمپانیایانەی کە بۆ نموونە فڕۆکە یان ئۆتۆمبیل دروست دەکەن، پێویستە هێندە گەورەبن تا بتوانن سوودی تەواو لە ئابورییە هاوتاکان وەربگرن. دروستکردنی تەنها یەک ئۆتۆمبیل ئێجگار گران دەبێت، بەڵام کاتێک کە پری تێچوونی

جێگیر دابەشکرا بەسەر هەزاران یەکەدا، تێچوونی دروستکردنی یەک ئۆتۆمبیل زۆر دادەبەزێت. بەشێوەیەکی سروشتی، بەکاربەران کەلوپەل لە ئەو کۆمپانیایانە دەکڕن کە دەتوانن کاڵاکان بەهەرزان بەرهەم بهێنن و بە نرخێکی هەرزان بیانفرۆشن. لەم جۆرە پیشەسازییانەدا، زۆربەی کۆمپانیا بچووکەکان لە ئەنجامدا لە بازاڕ وەدەردەنرێن.

لەگەڵ ئەوەشدا لە باری دیکەدا، کۆمپانیا بچووکەکان، کە زۆرجار وەک موڵکدارێتی تاکەکەس یان هاوکاری ڕێکخراون، تێچوونیان زۆر کەمتربێت. کاتێک کە بەکاربەران بەهایەکی بەرز دەبەخشن بە بەرهەم یان خزمەتگوزارییەکی تاکەکەسانە، کۆمپانیا گەورەکان رووبەڕووی رکابەریەکی سەخت دەبنەوە. لێرەوە پیشەی یاسایی و پزیشکی و چاپخانە و ساڵۆنی قژبڕین هەمیشە کۆمپانیای بچووکن. ئابوری بازاڕ ڕێگەدەدات بە لەبەرچاوگرتنی تێچوون و تێکەڵاوبوونی بەرهەمهێنەر و بەکاربەر بۆ دیاریکردنی جۆر و قەبارەی کۆمپانیا.

رکابەری دۆستی بازرگانی نییە. بازرگانییەکان ناخوازن ڕووبەڕووی رکابەری ببنەوە و لۆبی دەکەن بۆ ئەو سیاسەتیکارانەی کە ڕێگەیان دەدات خۆیان لە رکابەری بپارێزن. بەڵام رکابەری ئاستەکانی قازانج بەنزمی ڕادەگرێت و هەمیشەش بازرگانییەکان ئاراستەی ئەو کردارانە دەکات کە دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاری باشتر بەنرخێکی کەمتر. بە پێچەوانەشەوە، یاساکانی حکومەت کە چوونە ناو بازاڕ سنووردار دەکەن و لایەنگری هەندێک بازرگانی دەکەن لەسەر حسابی هەندێکی دیکە، پرۆسەی رکابەری لەناودەبات و گەشەی ئابوری دوادەخات.

رکابەری سوود لە خودبەرژەوەندی وەردەگرێت و دەیخاتە کار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانمان. وەک ئادەم سمیس سەرنجیداوە لە (سامانی نەتەوەکان)دا "لە بەخشندەیی قەساب، بیرە دروستکەر یان نانەوا نییە کە ئێمە چاوەڕوانی ژەمی ئێوارە دەکەین، بەڵکو لە گرنگیدانی ئەوانەوەیە بە خودبەرژەوەندیان. ئێمە لەگەڵ خۆماندا دەدوێین نەك لەبارەی مرۆڤایەتی ئەوان بەڵکو لەبارەی خودئەڤینییان، هەرگیزیش لەگەڵیاندا نادوێین لەسەر پێداویستییەکانمان بەڵکو لەسەر سوودەکانی ئەوان."

لەوانەیە ئەمە ناکۆك بنوێنێت، بەڵام خود بەرژەوەندی ئاراستەکراو لەلایەن رکابەریەوە هێزێکی کاریگەرە بۆ گەشەسەندنی ئابوری.

رکابەری دینامیکی لەنێو بەرهەمەکان، تەکنەلۆجیاکان، شێوازەکانی ڕێکخستن و کۆمپانیا بازرگانییەکاندا ناکارایی وەدەردەنێت و بەردەوام دەبێتە هۆی دۆزینەوە و ناساندنی بەرهەم و تەکنەلۆجیای باڵا.

کاتێک کە شێوازە نوێیەکان چۆنایەتی بەرهەم بەرزدەکەنەوە یاخود تێچوون کەمدەکەنەوە، زۆر بەخێرایی پەرەدەستێنن و زۆرجار جێگەی ڕێگە کۆنەکان دەگرنەوە. مێژوو لیوانلێوە لە نموونە. ئۆتۆمبیل جێگەی ئەسپ و عەرەبانەی گرتەوە. سوپەرمارکێت جێگەی دووکانی لاکۆڵانی گرتەوە. خواردنگە گەورەکانی وەک مەکدۆناڵد و وێندیز فراوان بوون و بەئەندازەیەکی زۆر جێگەی چێشتخانە بچوکەکانیان گرتۆتەوە. واڵمارت و تارگێت (یەکێکی دیکەیە لە سوپەرمارکێتە گەورەکانی ئەمەریکا) بەخێرایی گەشەدەکەن لەکاتێکدا کە فرۆشیارەکانی دیکە دەچنەوەیەك و کۆمپانیاکانی وەک واردس و کەیمارت لەبازاڕ وەدەردەنرێن. سی دی جێگەی کاسێتی گرتۆتەوە کە ئەویش پێشتر جێگەی قەوانی گرتبووەوە. کۆمپیوتەر جێگەی ئامێری چاپی گرتۆتەوە. دەتوانین چەندین نمونەی لەم جۆرە بهێنینەوە. ئابورینا‌سی مەزن جۆزیف شومپتەر ئاماژەی بە رکابەری دینامیکی دەدا وەک "خاپورکردنی داهێنەرانە" و پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە پێکهاتووە لە ناوکی گەشەسەندنی ئابوری. ڕاستیشیکرد.

## 3. سنوردارکردنی رێساکانی حکومەت: ئەو سیاسەتیکارە رێسائامێزانەی کە ئاڵووێری بازرگانی کەمدەکەنەوە هاوکاتیش ئابوری دوادەخەن.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، بازرگانی دەستکەوتی کۆمەڵایەتی زیاد دەکات – بەرهەمهێنانی زیاتر و داهاتی بەرزتر لەوەی کە بەپێچەوانەوە بەدەستدەهات. کاتێک کە حکومەت هاریکاری لەڕێگای ئاڵووێری بازرگانییەوە سنووردار دەکات، گەشەسەندنی ئابوری خەفە دەکات.

حکومەت بەچەند ڕێگایەکی جیاواز گەشەسەندنی ئابوری خەفە دەکات:

یەکەم. زۆر دەوڵەت رێساگەلێك دەسەپێنن بەسەر کردنی چەندین بازرگانیی و کاری جیاواز. لەو دەوڵەتانەدا، ئەگەر ویستت بازرگانییەک یاخود دابینکردنی خزمەتگوزاریەک دەستپێبکەیت، پێویستە مۆڵەت

وەربگریت، فۆرم پڕبکەیتەوە، مۆڵەت لە چەندین نووسینگەی جیاواز وەربگریت، پیشانی بدەیت کە تۆ شایستەیت کە دارایی پێویستت هەیە و چەندین تاقیکردنەوەی دیکەی یاسایی ببڕیت. هەندێک بەرپرس لەوانەیە مۆڵەتت نەدەنێ ئەگەر ئامادەنەبیت بەرتیلیان بدەیتێ یان کۆمەکی سیاسی حیزبەکەیان بکەیت. زۆرجار ئەو بازرگانییانەی کە سەقامگیرن و کاریگەری سیاسیان هەیە و تۆ رکابەریان لەگەڵدا دەکەیت دەتوانن سەرکەوتووانە دژایەتی داواکارییەکەت بکەن.

هێرناندۆ دی سۆتۆ، لە پەرتوکە نایابەکەیدا (تەلیسمی سەرمایە)، ئاماژە بەوە دەدا کە لە لیمای پایتەختی وڵاتی پێرو، 289 ڕۆژی ویست بۆ تیمێک لە خەڵک کە ڕۆژی شەش کاتژمێر کاریان دەکرد بۆ بەجێهێنانی ئەو مەرجە یاساییانەی کە پێویست بوون بۆ کردنەوەی بازرگانییەکی بچووکی بەرهەمهێنانی جلوبەرگ. (لە پەرتوکێکی پێشتریدا، *ڕێگاکەی دیکە*، ئەوەی ئاشکراکرد کە لەو ماوەیەدا ١٠بەرتیل دواکراون و پێویست بووە کە دوو لەو بەرتیلانە بدرێن کە داواکرابوون بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتی کارکردنی یاسایی.)

لەزۆر باردا ئەگەر لەلایەن سەرمایەی بیانییەوە پارەت بدرێتێ ڕووبەڕووی پێچەبەدەوریەکی زیاتری مەرجی یاسایی دەبیتەوە. سیاسەتیکاری لەم جۆرە ئازادی ئاڵوگۆڕ کەمدەکاتەوە، لەڕێگای خەفەکردنی رکابەری بازرگانی و هاندانی گەندەڵی سیاسی و پاڵنان بە خەڵکی باشەوە بۆ کارکردن لە ئابوری ژێرزەمینیدا (یان ئەوەی کە دیسۆتۆ ناوی دەنێت "نافەرمی").

دووەم، ئەو رێسارێژیانەی کە دەسەڵاتی سیاسی دەگۆڕنەوە بە دەسەڵاتی یاسا و ئازادی گرێبەست، ئەو رێسارێژیانە دەبنە هۆی کەمکردنەوەی دەستکەوت لە بازرگانییدا. چەندین دەوڵەت خوویان بە دانانی یاسای زۆرەوە گرتووە کە دەسەڵاتێکی کارکردنی گەورە دەدات بە بەڕێوەبەرانی سیاسی. بۆ نموونە، لە ناوەڕاستی 1980کاندا بەرپرسانی گومرک لە گواتیمالا ڕێگەیان پێدرابوو کە گومرک نەسێنن ئەگەر پێیانوابوو کە کردنی ئەوە لە "بەرژەوەندی نیشتیمانیدا"یە. یاسای لەم جۆرە بانگهێشێکی کراوەیە بۆ بەرپرسانی حکومەت بۆ داواکردنی بەرتیل. ئەمە نادڵنیایی یاسایی دروست دەکات و بازرگانی دەکاتە چالاکییەکی گران و کەمتر سەرنجڕاکێش، بەتایبەتی بۆ کەسانی دەستپاک و راستگۆ. یاسا پێویستە دیارکراو و رونوئاشکرا بێت

جوداییخواز نەبێت. ئەگەر بەو شێوەیە نەبێت، ئەوا دەبێتە بەربەستێکی سەرەکیی لەبەردەم قازانجکردن لە ئاڵووێری بازرگانیی.
بەربەستە یاساییەکان بۆ ئابوری و زۆربەی تاکەکەسەکان گران دەکەون، بەڵام ڕێسارێژیەکان دەکرێت یارمەتی هەندێک بازرگانی بدەن لە ڕیگەی سنوردارکردنی هەندێك رکابەریەوە. لەبەر ئەوەی ئەم رێسارێژیانە چەورن (واتە پردەستکەوتن) بۆ ژمارەیەکی کەم کە سوودمەندن، تێچوونێکی دیکەشیان هەیە: بازرگانی و کرێکار و گروپە سودخوازەکانی دیکە هەوڵی بەدەستهێنانی سوود دەدەن بۆ کۆمەڵەکانیان لەڕێگای هەوڵدان بۆ دانانی کاریگەری لەسەر پرۆسەی سیاسی. هەندێک لۆبی دەکەن لەلای سیاسەتمەداران و رێسادارێژەران بۆ دروستکردن یان زیادکردنی ئەم بەربەستانە، لەکاتێکدا خەڵکانی تر (ئەوانەی بەسەختی زیانیان پێگەیشتووە) لۆبی دەکەن بۆ نەهێشتنی ئەنجامەکانیان. لۆبیکردن کات و هەوڵی تاکەکەسی خاوەن تواناى بەرز دەخوازێت، سەرەڕای تێچوونی هاتوچۆ، چێژوەرگرتن، بڵاوکردنەوە، ریکلام و چالاکی دیکە. ڕاپۆرتێک کە لەلایەن لێکۆڵەرەوانی زانکۆ (مارک کرەین) و (تۆماس هۆپکنز)ەوە بۆ حکومەتی ویلاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ئامادە کرابوو، تێچوونی ئەو سەرچاوانەی کە بۆ لۆبیکردن بۆ و لەدژی گۆڕان تەرخا دەکرێن خەمڵاندوە بە 348 ملیار دۆلاری ئەمەریکی بۆ ساڵی 2000.
چەندین دەوڵەت یاسایان سەپاندوە کە شێواندن و دەستێوەردان دەکات لە گرێبەست و ڕێکەوتنی خۆبەخشانە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ چەندین کێشەدا. ئەمە بەتایبەتی ڕاستە لە بازاڕی کاردا. یاسای کەمترین کرێ، سەپاندنی ڕێکەوتننامەی مامەڵەکردنی هاوبەش بەسەر لایەنە ناڕازییەکاندا و ریسارێژی دەرکردنی کارمەند جێگەی رێسارێژی حکومەت دەگرێتەوە بۆ ڕێکەوتننامە گرێبەستییەکان. ژمارەیەک لە دەوڵەتە ئەوروپییەکان داوا لەو خاوەن کارانە دەکەن کە دەیانەوێت قەبارەی هێزی کاریان بچووک بکەنەوە کە (1) بەدەستهێنانی مۆڵەت لە دەسەڵاتدارانی سیاسی، (2) ئاگادارکردنەوەی کارمەندی دەرکراو چەند مانگێک پێشوەخت، (3) کرێدان بە کارمەندی دەرکراو بۆ چەندین مانگ دوای دەرکردن.
ئەم رێسایانە لەوانەیە وادەربکەون کە لە بەرژەوەندی کرێکاراندان، بەڵام پێویستە کاریگەرییە لاوەکیەکانیان لەبەرچاوبگیرێن. رێساگەلێك

کە دەرکردنی کرێکار گران دەکات هاوکات بەکرێگرتنیشیان گران دەکات؛ خاوەن کارەکان سارد دەبن لە بەکرێگرتنی کرێکاری زیادە لەبەر ئەو تێچوونەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. لە ئەنجامدا لەو وڵاتانەدا کە ڕێسای بەرفراوانی بازاڕی کار دەسەپێنن گەشەسەندنی کار خەفە دەبێت. چوونە ناو بازاڕ و دۆزینەوەی کار بۆ هێزی کرێکاری نوێ زۆر سەخت دەبێت؛ لێرەوە بێکاری زۆر، بەتایبەتی لەناو ئەوانەدا کە تەمەنیان لەخوار ٣٥ ساڵەوەیە، سەرهەڵدەدات. لەراستیدا، ڕێساگەلە ڕێگرەکانی بازاڕی کاری زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوا هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی کە ئاستی بێکاریان 4 تا 5 لە سەدا بەرزتر بووە لەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دوو دەیەی ڕابوردوودا.

سێیەم، سەپاندنی کۆنترۆڵکردنی نرخەکان بەهەمان شێوە بازرگانی خەفە دەکات. هەندێک جار حکومەت نرخەکان لەسەروو ئاستی بازاڕەوە دیاری دەکات. بۆ نموونە، لەوانەیە نزمترین نرخی فرۆشتنی شیر یان بەنزین دابنێن. ئەم نرخانە پاڵ بە کڕیارەکانەوە دەنێن بۆ کڕینی یەکەی کەمتر لەوەی کە بەپێچەوانەوە دەیکەن. هەروەها حکومەت نرخەکان لەخوار ئاستی بازاڕەوە دادەنێت ، وەک لە باری کۆنترۆڵکردنی کرێی خانوو یان نرخی دییاریکراوی وزەی کارەبادا. ئەم نرخانە واله دابینکەران دەکات کە ئامادە نەبن بەشی پێویست بەرهەمبهێنن. بەپێی یەکەی بەرهەممهاتوو و فرۆشراو، هیچ جیاوازییەک دروست نابێت ئەگەر کۆنترۆڵکردنی نرخەکان نرخ بەرز یان نزم بکەنەوە، هەردووکیان ئاستی ئاڵوێری بازرگانی و دەستکەوت لە بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕ کەم دەکەنەوە.

ئاڵوگۆڕ بەرهەمهێنەرە؛ یارمەتیمان دەدات بۆ بەدەستهێنانی زیاتر لە سەرچاوە بەردەستەکان. ئەو سیاسەتە ڕێسارێژیانەی کە بازرگانەکان ناچار دەکەن کە بەسەر بەربەستی سیاسی جیاوازدا تێپەڕبن، هەمیشە بەرهەم کەمدەکەنەوە. وڵاتێک ناتوانێت تەواوی تواناکانی خۆی بەدیبێنێت مەگەر ئەو ڕێگرانەی کە بازرگانی سنووردار دەکەن و تێچوونی بازرگانیکردن بەرزدەکەنەوە لە نزمترین ئاستدا بهێڵێتەوە. بازاڕ باشترین ڕێساداڕێژەرە.

## 4. بازاڕیکی سەرمایەی کاریگەر: بۆ بەدیهێنانی تواناکانی، وڵات پێویستە میکانیزمێکی هەبێت بۆ ئاراستەکردنی سەرمایە بەرەو پرۆژەی سامان-خولقێنەر.

بەکاربردن ئامانجی هەموو بەرهەمهێنانەکانە. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنان هەندێک جار گرنگە کە سەرچاوە بەکاربێت بۆ دروستکردنی ئامێر، کەرەستەی قورس و بینا کە کاڵای بەکاربردنی خواستراو بەرهەم دەهێنن. وەبەرهێنانی سەرمایە (بونیادنان و پەرەدان بە سەرچاوە درێژخایەنەکان کە تەرخانکراون بۆ یارمەتیدانی بەرهەمهێنانی زیاتر لە داهاتوودا) سەرچاوەیەکی بنەڕەتی گرنگە بۆ گەشەی ئابوری.

سەرچاوەکان (وەک کرێکار، زەوی و کەرەستەی خاو) کە بەکاردێن بۆ بەرهەمهێنانی ئەم کاڵایانەی وەبەرهێنان دەبێتە هۆی نائامادەییان بۆ بەرهەمهێنانی کاڵاکانی بەکاربردن. ئەگەر هەموو ئەوانە بەکارببەین کە بەرهەمیان دەهێنین، هیچ سەرچاوەیەک نامێنێتەوە بۆ وەبەرهێنان. لەبەر ئەوە وەبەرهێنان پێویستی بە پاشەکەوتکردن هەیە (وازهێنان لە بەکاربردنی ئیستا). کەسێک (وەبەرهێنەر یان کەسێک کە ئامادەیە پارە دابین بکات بۆ پشتگیریکردنی وەبەرهێنەر) پێویستە پاشەکەوت بکات بۆئەوەی پارەی وەبەرهێنانەکە بدات. پاشەکەوتکردن بەشێکی دانەبڕاوە لە پرۆسەی وەبەرهێنان.

لەگەڵ ئەوەشدا هەموو پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەرهەمهێنەر نین. پرۆژەیەکی وەبەرهێنان سامانی وڵاتێك زیاد دەکات، تەنها ئەگەر بەهای بەرهەمهێنانی زیادە لە وەبەرهێنانەکەوە زیاتر بوو لە تێچوونی وەبەرهێنانەکە. ئەگەر وانەبوو، پرۆژەکە بێبەرهەمە و سامان کەمدەکاتەوە. هەرگیز ناتوانرێت وەبەرهێنان بە ئایندەبینیەکی تەواوەوە بکرێت، لەبەرئەوە تەنانەت موژدەبەخشترین پرۆژەی وەبەرهێنان هەندێک جار شکست دەخوات لە زیادکردنی ساماندا. بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین لە وزەکانی بۆ گەشەسەندنی ئابوری، پێویستە وڵات میکانیزمێکی هەبێت بۆ راکێشانی پاشەکەوت و ئاراستەکردنیان بەرەو ئەو وەبەرهێنانانەی کە ئەگەری زۆریان هەیە سامان بخولقێنن.

لە ئابوری بازاڕدا، بازاڕی سەرمایە ئەم چالاکییە ئەنجام دەدات. بازاڕی سەرمایە، کاتێک بەشێوەیەکی فراوان پێناسە کرا، بازاڕی پشك

(سەهم) و خانوبەرە و بازرگانییەکانیش دەگرێتەوە سەرەڕای ئەو سامانانەی کە شایانی قەرزکردنن. دامەزراوە داراییەکان وەک بۆرسە و بانکەکان و کۆمپانیاکانی دڵنیایی (ضمان)، کۆمەکهاوبەشی و کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە هەڵسوڕاندنی بازاڕی سەرمایەدا.

وەبەرهێنەرە تایبەتەکانی وەک خاوەن بازرگانییە بچووکەکان، خاوەن پشکەکانی کۆمپانیا گەورەکان و سەرمایەدارە سەرکەشەکان، سامانەکانی خۆیان دەخەنە بەر سەرچڵی لەدەستدا لە بازاڕی سەرمایەدا. وەبەرهێنەرەکان هەندێک جار هەڵە دەکەن؛ هەندێک جار پرۆژە ئەنجام دەدەن کە بێقازانج دەدەچن. ئەگەر وەبەرهێنەرەکان ئامادە نەبوون سەرکەشی لەم جۆرە بکەن، چەندین بیرۆکەی تازە بەبێ تاقیکردنەوە تێپەڕدەبن و چەندین پرۆژەی بەهادار بەڵام پرسەرچڵی ئەنجامنادرێن.

کاتێک (تێد تێرنەر) بڕیاردا کەناڵێکی تەلەڤزیۆنێکی ٢٤ کاتژمێری بکاتەوە، چەندین شارەزا لەبواری تەلەڤزیۆندا گاڵتەیان پێدەکرد. دەیانپرسی: کێ دەخوازێت تەماشای دەنگوباس بکات لە کاتژمێر 4ی بەیانیدا؟ بەڵام بیرۆکەکەی (تێرنەر) دەستی پێکرد و بەتەواوی سروشتی پەخشی لە جیهاندا گۆڕی. دەرکەوتنی ئەنتەرنێت بووە هۆی وەبەرهێنانی زۆر  لە چەندین پرۆژەی پڕ سەرچڵیدا. (ئیبەی)، کۆمپانیایەکی ئەنتەرنێتە کە ڕێگە بە هەر کەسێک دەدات بۆ فرۆشتنی بەرهەمی دەستی دوو لە مەزاددا، سەرکەوتنێکی گەورە بوو. بەڵام کۆمپانیاکانی تر، وەک (ئی ڤینیارد)، کە شەرابی لەسەر ئەنتەرنێت دەفرۆشت، تێکەڵ بە کۆمپانیایەکی تر بوو چونکە نەیدەتوانی بەرهەمەکانی بەنرخێک بفرۆشێت کە تێچوونەکەی دابپۆشێت. بۆ زۆر کەس، "دۆتکۆم"ەکانی ساڵانی 1990ەکان ئومێدی گەورەی بەدینەهاتوو بوون.

لە جیهانی نادڵنیاییەکاندا، وەبەرهێنانی هەڵە نرخێکی پێویستە کە دەبێت بدرێت بۆ داهێنانی بەرهەمدار لە تەکنەلۆجیا و بەرهەمیدا. بەڵام پێویستە پرۆژەی بێبەرهەمی لەم جۆرە ڕابگیرێن.

بازاڕی سەرمایە دڵنیایی ئەوە دەکات کە ئەمە بە تێپەڕبوونی کات ڕوودەدات. وەبەرهێنە تایبەتەکان بۆیان دەدەکەوێت کە چیتر سەرمایەکانیان بەفیڕۆنەدەن لەو پرۆژانەدا کە بێداهات و بێبەرهەمن.

هاندەرێکی بەهێزیان هەیە بۆ گەڕان بەدوای باشترین زانیاریدا، بۆ پێداگرتن لەسەر لێشاوی زانیاری ژمێریاری بەردەوام لەو کۆمپانیایانەوە کە وەبەرهێنانیان تێدا دەکەن، هەروەها بۆ چاودێریکردنی وردی ئەو پرۆژانەی کە سامانەکانیانی تێدا بەکاردەهێنن.

بە لەبەرچاوگرتنی جوڵەی گۆڕانەکان و هەمەڕەنگی بەهرە ئەنترۆپەنۆریەکان، مەعریفەی پێویست بۆ بڕیاردانی ژیرانە لەسەر تەرخانکردنی سەرمایە، زۆر لە توانای تاکە سەرکردەیەک، کۆمیتەیەکی پلاندانانی بازرگانی یان ئاژانسێکی حکومی بەدەرە. بەبێ بازاڕی سەرمایەی تایبەت، سەختە سامانی وەبەرهێنان ئاراستەی پرۆژەی سامان-خولقێنەر بکرێت.

کاتێک پارەی وەبەرهێنان لەلایەن حکومەتەوە نەک بازاڕەوە دیاری دەکرێت، کۆمەڵە فاکتەرێکی تەواو جیاواز دێنە ئاراوە. کاریگەریی سیاسی، نەک قازانجی بازاڕ، بڕیاری ئەوە دەدات کا پرۆژەیە پێویستە ئەنجام بدرێت. پرۆژانەی وەبەرهێنانی سامان کەمکەرەوە لە بری سامان خولقێن ئەگەری رودانیان زیاتر دەبێت.

ئەزموونی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و یەکێتی سۆڤیەتی جاران ئەم خاڵە ڕوون دەکاتەوە. بۆ ماوەی چوار دەیە (1950-1990) ئاستەکانی وەبەرهێنان لەم وڵاتانە لەنێو بەرزترینەکانی جیهاندا بوون. پلاندانەرە نێوەندییەکان نزیکەی یەک لە سێی بەرهەمی نیشتیمانیان بۆ وەبەرهێنان دیاری کردبوو. بەڵام تەنانەت ئەم ئاستە بەرزانەی وەبەرهێنانیش هیچیان نەکرد بۆ باشترکردنی ئاستەکانی ژیان، چونکە لەبەرچاوگرتنی سیاسی نەک ئابوری بڕیاری ئەوەیان دەدا کام لەو پرۆژانەی پشتگیری دەکرێن. زۆرجار سەرچاوەکان لە پرۆژەی سیاسی ناعەمەلیدا بەفیڕۆ دەدران و وەبەرهێنانی کەشوفشانە دەکران کە بەلای سەرکردە سیاسییەکانەوە پەسەند بوون.

هەندێک جار حکومەت دەستوەردەداتە بازاڕی سەرمایەوە لەڕێگای دیاریکردنی ڕیژەی سوودەوە. فەرمانی ئەوە دەدەن کە قەرزدەرەکان ناتوانن داوا لە قەرزکەر بکەن بۆ پێدانی زیاتر لە بڕی دیاریکراوی ڕێژەی سوود. ئەگەرچی لەوانەیە ئەم ڕێسایە وادەربکەوێت کە لایەنی قەرزکەرەکان دەگرێت، ئەو پرۆژانە سارد دەکاتەوە کە سەرچڵیان تێدایە (کە قەرزدەرەکان داوای ڕێژەی سوودی بەرزتر دەکەن) ئەگەرچی لەوانەیە پرۆژەکان سامان-خولقینەر بن. ئەو ڕێسایە ڕیگە لە توانای بازاڕ

دەگرێت بۆ ئاراستەکردنی پاشەکەوتی شەخسی بەرەو پرۆژەی بەرهەمدار. دیاریکردنی رێژەی سوود لە ئاستێکی دەستکردی نزمدا ئاستی قازانج دەشێوێنێت و خەڵک سارد دەکاتەوە لە پاشەکەوتکردن. پاشەکەوتی کەمتر واتا سامانی کەمتر بۆ وەبەرهێنان. لەوەش خراپتر، کاتێک کە سەقفی رێژەی سوود گرێدراوی سیاسەتیکاری هەڵئاوسانی نەختیەوە، لە ئەنجامدا رێژەی سوودە کەمتریش دەبێتەوە. ئەوەی کە ئابوریناسەکان پێیدەڵێن "رێژەی سوودی ڕاستەقینە" – رێژەی سوودی گونجێنراو لەگەڵ هەڵئاوساندا – زۆر جار کەمتر دەبێت!

کاتێک ڕێژەی سوودی سەپێنراو لەلایەن حکومەتەوە کەمترە لە رێژەی هەڵئاوسان، سامانی ئەو کەسانەی کە پاشەکەوت دەکەن کەمدەبێتەوە. بە تێپەڕبوونی کات پاشەکەوتەکانیان و ئەو سوودەی وەریدەگرن توانای کڕینی کەمتر و کەمتر دەبێتەوە. لەسایەی ئەم هەلومەرجانەدا هاندانێکی کەم دەبێت بۆ پاشەکەوتکردن و بەخشینی سامان بە بازاڕی سەرمایەی ناوخۆ. ئەمەش "ڕەوکردنی سەرمایە" لێدەکەوێتەوە، کاتێک کە وەبەرهێنەرە ناوخۆییەکان هەوڵی بەدەستهێنانی قازانجی زیادە لە دەرەوە دەدەن، وەبەرهێنەرە بیانییەکان لە وڵاتەکە بەتەواوی دەتەکێنەوە. سیاسەتیکاری لەم جۆرە بازاڕی سەرمایەی ناوخۆ وێران دەکات. لە نائامادەگی سەرمایەی دارایی و میکانیزم بۆ ئاراستەکردنی وەبەرهێنان بەرەو پرۆژەی سامان-خولقێنەر، وەبەرهێنانی بەرهەمهێنەرانە لەم جۆرە وڵاتانەدا تووشی بنبەست دەبێت. داهات چەقدەگرێت و تەنانەت پاشەکشێش دەکات.

لە چەند کاتێکی جیاوازی 1980کان و 1990ەکاندا، ئەرجەنتین، زامبیا، سۆماڵ، ئۆگەندا، سیرالیۆن، ئیکوادۆر، گانا و تەنزانیا ریژەکانی سوودی ناوخۆیان دیاریکرد و سیاسەتیکارێکی هەڵئاوساوی نەختیان گرتەبەر. لە ئەنجامدا، رێژەی سوودی هەڵئاوسان گونجاوی –قازانجی ڕاستەقینەی پاشەکەوت– لەم وڵاتانە زۆرجار نێگەتیڤ بوو. بەهەمانشێوەش رێژەی گەشەسەندیان.

بەگشتی، ئەو وڵاتانەی کە ئەمڕۆ وەبەرهێنانی زیاتر دەکەن و وەبەرهێنانەکانیان ئاراستەی پرۆژەی بەرهەمدار دەکەن، سبەی داهاتی زیاتریان دەبێت بە بەراورد لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە بە نالەبارەی وەبەرهێنانیان دەکەن. کاتێک کە مافەکانی موڵکدارێتی بەڕوونی دیاریکران و سەپێنران، بازاڕە رکابەرەکان ئەنترۆپەنۆرەکان ئاراستەی ئەو

پرۆژانە دەکەن کە پڕقازانج و سامان-خولقێنەرن. داهاتی بەرز و ئاستی بەرزرتری ژیان ئەنجامی سروشتی ئەمەن. بە پێچەوانەشەوە، ئەو حکومەتانەی کە جووڵەی سەرمایە سنوردار دەکەن، ڕێژەی سوود جێگری دەکەن، سەرمایە بەپێی لەبەرچاوگرتنی سیاسی نەک ئابوری تەرخان دەکەن، کارکردنی کاریگەرانەی بازاڕی سەرمایە دەشێوێنن. هاووڵاتیانیان باجی قورسی ئەم هەڵەیە دەدەن.

## 5. سەقامگیری نەختی: سیاسەتیکاری هەڵئاوساوی نەختی ئاماژەکانی نرخ دەشێوێنێت و ئابوری بازاڕ تێکدەدات.

یەکەم و پێش هەموو شتێک پارە ئامرازی ئاڵوگۆڕە. تێچوونی ئاڵوگۆڕ کەمدەکاتەوە چونکە کەرەستەیەکی هاوبەش دەبەخشێت کە دەکرێت هەموو کاڵاو خزمەتگوزارییەکان بگۆڕدرێن بەو. هاوکات پارە ڕێگە بە خەڵک دەدات کە قازانج بکەن لە ئاڵوگۆڕی ئاڵۆز، وەک فرۆشتن یان کڕینی خانوو یان ئۆتۆمبیل، کە پێکدێت لە وەرگرتنی داهات یان پارەدانی نرخی کڕێن بەدرێژایی ماوەیەکی زۆر. هەروەها توانامان دەداتێ بۆ هێشتنەوەی توانای کڕین بۆ بەکارهێنانی داهاتوو. هاوکات پارە یەکەیەکی ژمێریارییە کە توانامان زیاد دەکات بۆ ئاگاداربوون لە سوود و تێچوونەکان، لەگەڵ ئەوانەشدا کە بەدرێژایی کات دروست دەبن.

بەڵام بەشداری بەرهەمهێنەرانەی پارە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە سەقامگیری بەهاکەیەوە. لەم بوارەدا، پارە بۆ ئابوری وەک زمانە بۆ پەیوەندیکردن. بەبێ وشەگەلێك کە مانای دیاریکراوی پێناسەکراویان هەبێت لای هەردووک قسەکەر و گوێگر، پەیوەندیکردن مەحاڵە. لەگەڵ پارەشدا هەمان شتە. ئەگەر پارە بەهایەکی سەقامگیر و زانراوی نەبێت، سەخت دەبێت بۆ قەرزدەر و قەرزکەر کە مەرجی ڕازیکەری هاوبەش بدۆزنەوە بۆ قەرز؛ پاشەکەوت و وەبەرهێنان زیاتر سەرچڵی دەبن؛ هەروەها ڕەهەندی کات لە ئاڵوگۆڕدا (وەک پارەدانی خانوویەک یان ئۆتۆمبیلێک بە ماوەیەکی درێژ) پڕ دەبێت لە مەترسی زیادە. کاتێک بەهای پارە سەقامگیرە نەبێت، چەندین ئاڵوگۆڕ کە پێدەچێت پرسوود بن ئەنجام نادرێن، هەروەها دەستکەوت لە

تایبەتمەندبوون و بەرهەمهێنانی بەرفراوان و هاریکاری کۆمەڵایەتی کەمدەبنەوە.

هیچ تەلیسمێک نییە لەسەر هۆکاری نەبوونی سەقامگیری دارایی. وەک هەر کاڵایەکی تر، بەهای پارە لەلایەن خواست و دابینکردنەوە دیاریدەکرێت. کاتێک دابینکردنی پارە نەگۆڕە یان بە رێژەیەکی کەم و لەسەرخۆ زیاد دەکات، توانای کڕینی پارە تا ڕادەیەک سەقامگیر دەبێت. بەپێچەوانەشەوە، کاتێک دابینکردنی پارە بە بەراورد لەگەڵ دابینکردنی کاڵا و خزمەتگوزاریدا بەخێرایی زیاد دەکات، بەهای پارە دادەبەزێت و نرخەکان بەرزدەبنەوە. ئەمە هەڵئاوسانە. ئەمە کاتێك ڕوودەدات کە حکومەت پارە چاپدەکات یان لە بانکی ناوەندی قەرزدەکات بۆ خەرجیەکانی. زۆرجار سیاسەتمەداران هەڵئاوسان دەخەنە ئەستۆی بازرگانیی چاوبرسی، سەندیکای بەهێزی کرێکاران، کۆمپانیای گەورەکانی نەوت یاخود بێگانە. بەڵام ئەمە فێڵە - تاکتیکێکی غافڵکارانەیە. هەڵئاوسانی بەردەوام تاکە سەرچاوەیەکی هەیە: زۆربوونی خێرای دابینکردنی پارە. دابینکەری پارە وڵاتێك بریتیە لە پارەکەی، رەسیدی بانکەکەی و لەگەڵ چەکی گەشتیاری (جۆرێکە لە چەکی پارە بەڵام پارە نیە). کاتێك ئەو دابینکردنە خێراتر لە گەشەی ئابوری زیاد دەکات، ئەنجامەکەی هەڵئاوسانە. خشتەی 1 لە خوارەوە ئەم خاڵە ڕوون دەکاتەوە.

لە ساڵانی 1990ەکاندا ئەو وڵاتانەی کە دابینکردنی پارەیان بە ئاستێکی هێواش زیادکرد، ئەزموونی ئاستی نزمی هەڵئاوسانییان کرد. ئەمە راستە بۆ وڵاتی گەورەی وەک فەڕەنسا، بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، هەروەها بۆ وڵاتانی وەک سینگاپۆرە، سوید، ماوریشەس و کامیرۆن.

بەڵام کاتێک کە دابینکردنی پارە وڵاتێک بەخێرایی زیادیکرد، هاوشێوە ئاستی هەڵئاوسان زیاد دەکات (بڕوانە داتاکان بۆ گانا، ڤەنزوێلا، نایجیریا، جامایکا، ئیکوادۆر و ئۆرۆگوای). رادەی هەرەبەرزی زیادبوونی دراو بووە هۆی مەزنەهەڵئاوسان (هایپەرئینفلەیشن)، وەک لە تورکیا، یوکرانیا، رۆمانیا و کۆماری دیمۆکراتی کۆنگۆ. کاتێک ئاستی دابینکردنی پارە لەم وڵاتانە بەرزبووەوە، هاوشێوە ئاستی هەڵئاوسانیش بەرزبووەوە.

هەموو وڵاتێک لە جیهاندا کە ئاستێکی نزمی هەڵئاوسانی هەبووە لە چەند دەیەی ڕابوردوودا، سیاسەتی زیادبوونی هێواشی پارەی هەبووە. بەپێچەوانەوە، هەموو وڵاتێک کە ئەزموونی هەڵئاوسانی لەناکاوی کردوە، ڕێوشوێنی فروانکردنی خێرای پارەی گرتۆتەبەر. ئەم پەیوەندییەی نێوان گەشەی خێرای پارە و هەڵئاوسان یەکێکە لە پەیوەندییە نەگۆڕەکان لە هەموو ئابوریەکدا.

هەڵئاوسان خۆشگوزەرانی کەمدەکاتەوە. کاتێک ساڵێک نرخەکان لەسەدا 20 بەرزدەبنەوە، لەسەدا 50 ساڵی داهاتوو، لەسەدا 15 ساڵی دوای ئەوە و بەردەوام بەم شێوەیە، تاکەکەس و بازرگانییەکان ناتوانن پلانی درێژخایەنی مانادار پەرەپێبدەن. نەبوونی دڵنیایی پلاندان و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی سەرمایە دەکاتە شتێکی ئیجگار مەترسیدار. گۆڕانی چاوەڕواننەکراو لە ڕێژەی هەڵئاوساندا دەتوانێت پرۆژەیەکی قازانجکەر بگۆڕیت بە کارەساتێکی ئابوری شەخسی. لەجیاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم نادڵنیاییانەدا، زوربەی بڕیاردەران بەسانایی دەستبەرداری ئەو جۆرە لە وەبەرهێنانی سەرمایە و گۆڕینەوەی دیکە دەبن کە وابەستەیی درێژخایەن دەخوازن. هەندێک تەنانەت بازرگانیی و چالاکییەکانی وەبەرهێنانیان دەگوێزنەوە بۆ ئەو وڵاتانەی کە ژینگەیەکی سەقامگیرتریان هەیە. لە ئەنجامدا، دەستکەوتی شیاو لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی، چالاکی بازرگانیی و کۆکردنەوەی سەرمایەوە لەدەست دەچێت.

خشتەی 1: گەشەی پارە و هەڵئاوسان، 1990-2000

| گەشەی هێواشی دابینکردنی پارە | گەشەی ساڵانە ڕێژەی ساڵانەی دابینکردنی پارە (٪) | ڕێژەی ساڵانەی هەڵئاوسان (٪) |
|---|---|---|
| سینگاپۆرە | 0.7 | 1.6 |
| سوید | 1.4 | 3.0 |
| بەریتانیا | 2.2 | 3.7 |
| فەڕەنسا | 2.9 | 1.8 |
| ئەمەریکا | 1.8 | 2.3 |
| ماورەیشەس | 3.4 | 6.7 |
| کامیرۆن | 1.6 | 4.2 |

| گەشەی خێرای دابینکردنی پارە | ڕێژەی ساڵانەی دابینکردنی پارە (٪) | ڕێژەی ساڵانەی هەڵئاوسان (٪) |
|---|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| گانا | 22.4 | 25.8 |
| ڤەنزوێلا | 38.8 | 44.0 |
| نایجیریا | 25.6 | 29.2 |
| جامایکا | 26.4 | 27.9 |
| ئیکوادۆر | 34.1 | 39.1 |
| ئۆرۆگوای | 32.3 | 45.4 |
| سیرالیۆن | 29.9 | 41.1 |

| مەزنەهەڵئاوسانی دابینکردنی پارە | ڕێژەی دابینکردنی پارە (٪) | ڕێژەی ساڵانەی هەڵئاوسان (٪) |
|---|---|---|
| تورکیا | 61 | 73 |
| ڕۆمانیا | 63 | 111 |
| ئۆکرانیا | 135 | 670 |
| کۆنگۆ | 1313 | 4011 |

سەرچاوە: بانکی جیهانی، ئاماژەکاری گەشەسەندنی جیهانی: 2002. ڕێژەی گەشەی دابینکردنی پارە پێوانەکراوە بەپێی گەشەی گریمانەیی دابینکردنی پارەکە ناقیس گەشەی ڕاستەقینەی تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی (GDP)

هەروەها، کاتێک کە حکومەتەکان هەڵدەئاوسێن، خەڵک کاتی کەمتر بۆ بەرهەمهێنان و کاتی زیاتر بۆ پاراستنی سامانەکانیان تەرخاندەکەن. کاتێك شکستخواردن لە پێشبینکردنی وردی ڕێژەی هەڵئاوسان دەکرێت سامانی کەسێک لەناوببات، تاکەکەسەکان سەرچاوەی دەگمەن لە بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاری دەگرنەوە و ئاراستەی فێربوونی زیاتری دەکەن لەسەر ڕێژەی هەڵئاوسانی داهاتوو. توانای بڕیاردەرانی بازرگانی بۆ پێشبینکردنی گۆڕان لە نرخەکاندا دەبێتە شتێکی زیاتر بەهادار وەک لە توانایان بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی بەرهەمهێنان. پارەوپول دەخرێتە وەبەرهێنان لە زێڕ، زیوو و بەرهەمی هونەری، بە ئومێدی ئەوەی کە نرخەکانیان بەرزبێتەوە لەگەڵ هەڵئاوساندا، لەجیاتی ئەوەی بیخەنە وەبەرهێنانی زیاتر بەرهەمدارەوە وەک خانووبەرە، ئامێر و لێکۆڵینەوەی تەکنەلۆجی. کاتێک کە سەرچاوەکان لە چالاکی زیاتر بەرهەمدارەوە دەچن بەرەو چالاکی کەمتر بەرهەمدار، گەشەی ئابوری هێواش دەبێتەوە.

ڕەنگە وێرانکەرترین کاریگەری هەڵئاوسان ئەوە بێت کە متمانکردن بە حکومەت کەمدەکاتەوە. لە بنەڕەتیترین ئاستدا، خەڵک چاوەڕوانی ئەوە لە حکومەت دەکەن کە سەروماڵیان لەو پەلاماردەرانە بپارێزێت کە هەموو شتێك داگیری دەکەن. بەڵام حکومەت خۆی دەبێتە پەلاماردەر

کاتێک فێڵ لە هاووڵاتیانی خۆی دەکات بەهەمان شێوەی تەزویرچییەکان لەڕێگای دروستکردنی پارە، خەرجکردنی و کەمکردنەوەی نرخەکەیەوە دەیکەن. خەڵک چۆن دەتوانن متمانەیان بە حکومەت بێت بۆ پاراستنی سەروماڵیان لە داگیرکاری، و سەپاندنی گرێبەستەکان، هەروەها سزادانی ڕەفتاری نائەخلاقی و تاوانکاری؟ کاتێک حکومەت بەهای دراوەکەی خۆی دادەبەزێنێت، لە پێگەیەکی لاوازدایە بۆ سزادانی، بۆ نموونە، بەرهەمهێنەرێکی شەربەتی پرتەقاڵ کە ئاودەکاتە ئەو شەربەتەوە کە دەیفرۆشرێت بە کڕیارەکان یان بازرگانییەک کە سەهمەکانی دادەبەزێنن (واتا سەهمی زیاتر دەردەکات بەبێ مۆڵەتی خاوەن سەهمەکانی ئێستا).

کلیلی سەقامگیری نرخ زۆر ئاسانە: کۆنترۆڵی گەشەی دابینکردنی پارە بکە. دەسەڵاتدارانی پارەی وڵاتێک، بانکی ناوەندی لەزۆر حاڵەتدا، کە لەلایەن کارمەندیکەوە ئاراستە دەکرێت کە بەشیوەیەکی سیاسی دانراو (لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، ئەمە فێدراڵ ڕیزێرڤ بانکە)، پێویستە بەرپرسیار ڕابگیرێت. دەکرێت ئەمە بە چەندین ڕێگا بەدیبێت. دەستەئ بەڕێوەبەرایەتی بانکی ناوەندی، کە دابینکردنی پارە کۆنترۆڵ دەکات، دەکرێت بە یاسا ناچاربکرێت کە رێژەی هەڵئاوسان لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا بهێڵێتەوە - ئەگەر نا لەسەر کار لادەبرێت. یاخود دەکرێت موچەی ئەندامانی دەستەکە و خەرجی چالاکییەکانیان ببەسترێتەوە بە تۆماری پارەیی و سەقامگیری نرخەکانەوە.

لەجیاتی هەبوونی بانکی ناوەندی، هەندێک وڵات – بەتایبەتی وڵاتە بچووکەکان – رەنگە بتوانن دراوەکەیان ببەستنەوە بە دراوێکەوە کە بە بەرفراوانی بەکاردێت و بە سەقامگیری ناسراوە. لە سایەی ئەم ڕێچکەیەدا، دەستەیەك کە ناسراوە بە دەستەی دراو رێژەیەکی دیاریکراوی ئاڵوگۆر دادەمەزرێنێت لەنێوان دراوی ناوخۆیی و ئەو دراوە بیانییەدا کە پێوی بەستراوەتەوە. ئەوکاتە لەسەدا سەدی وەبەرهێنان ڕادەگرێت (ئەو بۆندانەی کە دەکرێت بەئاسانی بگۆڕردرێن بۆ کاش) لەو سامانانەدا کە بە دراوی بیانی دیاریکراون. ئەم لەسەدا سەدەی پشتیوانیە بەواتایە دێت کە دەستەی دراو هەمیشە لە توانایدا دەبێت کە هەموو ئەو دراوە ناوخۆییانە بکڕێتەوە کە بە رێژەیەکی دیاریکراو دەریکردوە. هۆنگ کۆنگ لە چەند دەیەی ڕابوردوودا ئەم ڕێچکەیەی گرتۆتەبەر بە بەستنەوەی دراوی ناوخۆیی بە دۆلاری ئەمەریکیەوە.

ئاستی هەڵئاوسان لە وڵاتانی دەستەی دراودا تاڕادەیەک ئەوەندەی ئەو وڵاتە دەبێت کە دراوەکەی پێوە بەستراوەتەوە.
ڕێگایەکی دیکە بۆ پشتبەستن بە دراوێکی تر ئەوەیە کە بەسانایی ئەو دراوە بەکاربهێنیت. بۆ نموونە، پەنەما بۆ ماوەی نزیکەی سەد ساڵ دۆلاری ئەمەریکی وەک دراوی خۆی بەکارهێناوە. لەم دواییانەشدا، ئیکوادۆر دۆلاری وەک دراوی خۆی بەکارهێنا.
هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت کێ پارەیەکی باش دابین دەکات. گرنگ ئەوەیە تاکەکەسەکان دەتوانن بەکاری بهێنن. لێرەوە سەرەڕای ئاستی هەڵئاوسانی وڵاتێک، گرنگە ئەوە لەبەرچاوبگریت کە چەند سەخت دەبێت ئەگەر دراوی بەهاداری جێگرەوە بەکاربهێنیت. ئایا یاساییە کە ئاڵوگۆڕ بە دراوێکی تر بکەیت جگە لەوەی حکومەت دەریکردوە؟ ئایا دەکرێت دراوی ناوخۆ بەئاسانی بگۆڕیت بە دراوی تر؟ ئایا بانکەکان دەتوانن حسابی بانکی بۆ خەڵکی بکەنەوە بە دراوی بیانی؟ ئەگەر وەڵامی هەر یەک لەم پرسیارانە بەڵێیە، تواناى بەکارهێنانی پارەی باش زیاد دەکات. هەرچۆنێک بەدیدێت، پارەی باش گرنگە. بەبێ سەقامگیری پارەیی، دەستکەوتی شیاو لە وەبەرهێنانی سەرمایە و ئاڵوگۆڕی دیکەوە کە وابەستەبوون دەخوازن لەباردەچن و خەڵکی وڵاتەکە شکست دەخۆن لە بەدهێنانی تەواوی تواناکانیان.

## 6. ڕێژەی نزمی باج: خەڵک زیاتر بەرهەم دەهێنن کاتێک ڕێگەیاندرا کە بەشێکی زیاتری ئەو پارەیەی دەستیان دەکەوێت بۆ خۆیانی هەڵگرن.

*باج لە ئارەقی هەموو مرۆڤێک دەدرێت کە کاردەکات. ئەگەر ئەو باجانە لەڕادەبەدەر بوون، ئەوا کاردانەوەیان دەبیت لەسەر کارگەکان، لەسەر ئەو کێڵگانەی بەهۆی باجەوە دەفرۆشرێن و لەناو ئاپۆرەی ئەو خەڵکانەدا کە شەقامەکان تەیدەکەن و بێهودە بەدوای کاردا دەگەڕین.*
*فرانکلین دی ڕۆزڤێلت، پیتسبێرگ، 19ی ئۆکتۆبەری 1932*

کاتێک باجی ئاست بەرز بەشێکی زۆری داهات دەبات، هاندەر بۆ کارکردن و بەکارهێنانی بەرهەمهێنەرانەی سەرچاوەکان کەمدەبێتەوە. ڕێژەی پەراوێزی باج بەتایبەتی گرنگە. ئەمە بەشی داهاتی زیادەیە کە باجی لێگیراوە لەهەر ئاستێکی دیاریکراوی داهاتدا. بۆ نموونە، لە 2003دا لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، ئەگەر باجدەرێک کە داهاتی ساڵانەی 40،000 دۆلار بووایە و 100 دۆلاری زیادەی لە پرە دەستبکەوتایە، دەبوایە 25 دۆلاری باج بدایە بۆ ئەو 100 دۆلارە. باجدرەکە ڕووبەڕووی لەسەدا 25 پەراوێزی باج دەبووەوە. کاتێک کە ڕێژەی پەراوێزی باج بەرزدەبێتەوە، ئەو پرە لە داهاتی زیادەی تاکەکەسەکان کە ڕێگەیان پێدەدرێت هەڵیبگرن بەردەوام کەم دەبێتەوە.

سێ هۆکار هەیە بۆ ئەوەی کە بۆچی ڕێژەی بەرزی پەراوێزی باج بەرهەم و داهات کەمدەکاتەوە.

یەکەم، ڕێژەی بەرزی باج هەوڵەکانی کار ساردەکاتەوە و بەرهەمداری کارگەری کەمدەکاتەوە. کاتێك ڕێژەکانی پەراوێزی باج بەرزدەبنەوە بۆ لەسەدا 55 بۆ 60، تاکەکەسەکان دەتوانن کەمتر لە نیوەی داهاتە زیادەکانیان بۆخۆیان هەڵبگرن. کاتێک خەڵک ڕێگەیان پێنەدرا کە زۆربەی ئەوەی دەستیان دەکەوێت بۆخۆیان هەڵبگرن، مەیلیان بەلای ئەوەدا دەبێت کە زۆریان دەستنەکەوێت. هەندێک کەس، لەوانەیە ئەوانەی کە هاوسەری کارگەریان هەیە، هێزی کار بەجێدەهێڵن و لە ماڵەوە کاردەکەن کە لەوێ کارەکانیان باجی لێناگیرێت. کەسانی دیکە بەسانایی کاتژمێری کەمتر کاردەکەن، زووتر خانەنشین دەبن، یان کارێک دەکەن کە پشووی زۆرترە یان لە شوێنێکی خوازراوە. هێشتا خەڵکی تر زۆر ورد دەبن لە وەرگرتنی کاردا کاتێک بێکار دەبن، بە گواستنەوە ڕازینابن بۆ وەرگرتنی کارێکی نوێ یاخود زیادکردنی موچەکانیان، یان دەستبەرداری هەوڵدانی ئەو چالاکییە بازرگانییە ئومێدبەخشە بەڵام پرسەرکەشییە دەبن کە بیریان لێکردۆتەوە. ڕێژە بەرزەکانی باج دەتوانن هاووڵاتییە پربەرهەمەکانی وڵاتێک ناچاری ڕۆیشتن بکەن بۆ ئەو وڵاتانەی کە باجیان نزمترە. ئەم

گۆڕینەوانە قەبارەی بەرهەمداری دابینکردنی کرێکاری ئامادە دادەبەزێنیت، کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان.
بێگومان، زۆربەی خەڵک دەستبەجێ واز لە کارکردن ناهێنن، یان تەنانەت بە کارامەیی کەمترەوە کارناکەن، وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی پەراوێزی باج. کەسێک کە چەندین ساڵی لە ڕاهێناندا بۆ پیشەیەکی دیاریکراو تەرخانکردبێت، لەوانەیە بەردەوام بێت لە کارکردن – و کارکردنی سەخت– بەتایبەتی ئەگەر داهاتی ئەو کەسە لە ساڵەکانی لووتکەی ژیانی کارکردنیدا بێت. بەڵام چەندین خەڵکی گەنجتر کە هێشتا وەبەرهێنانی گرانیان لە ڕاهێنانی تایبەتمەندیدا نەکردووە، سارد دەبن لە کردنی ئەمە بەهۆی ڕێژەی بەرزەکانی پەراوێزی باجەوە. بەم شێوەیەش هەندێک لە کاریگەرییە خراپەکانی ڕێژە بەرزەکانی باج لەسەر هەوڵی کار بۆ چەند ساڵێک دوادەکەوێت.
هاوکات ڕێژە بەرزەکانی باج بەرهەمداری و دەستکەوت لە بازرگانی بەڕێگەکانی تر کەمدەکاتەوە. باجی کار (یان باجی مووچە) پوازێک دادەکوتێت لەنێوان تێچوونی بەکرێگرتنی کارمەند بۆ خاوەنکار و ئەو پارەیەی کە کارمەند بۆی دەمێنێتەوە. خاوەنکار پارەی زیاتر دەدات بۆ دامەزراندنی ئەو کارمەندە وەک لەوەی کە کارمەندەکە وەک موچە وەریدەگرێت. لەگەڵ فراوانتربوونی ئەم کەلێنەدا، دامەزراندن کەمدەبێتەوە چۆنکە تێچوونی دامەزراندن بەرزدەبێتەوە و هەندێک کارمەند هێزی کار بەجێدەهێڵن یان تەنانەت ڕوودەکەنە بازاڕی ڕەش، کە لەوێ پاراستنی یاسایی کەمترە و مافی موڵکدارێتی کەمتر زامنە.
هاوکات ڕێژە بەرزەکانی باج دەبنە هۆی ئەوەی هەندێک کەس ڕووبکەنە ئەو چالاکییانەی کە کەمتر بەرهەمدارن چونکە پێویست ناکات باجیان لەسەر بدەن. بۆ نموونە، باجی بەرز تێچوونی بۆیاخچیەکی کارامە بەرزدەکاتەوە، کە لەوانەیە ناچارت بکات خۆت خانووەکەت بۆیاخ بکەیت، ئەگەرچی کارامەییت نییە بۆ ئەوەی بەباشی ئەنجامی بدەیت. بەبێ باجی ڕێژە بەرز، بۆیاخچی پیشەوەر دەتوانێت کارەکەت بە نرخێک بۆ ئەنجام بدات کە تۆ دەتوانیت بیدەیت، تۆش دەتوانیت کاتەکەت تەرخان بکەیت بۆ ئەو کارەی کە بۆی شیاویت.
لەگەڵ ڕێژە بەرزەکانی باجدا، هەندێک خەڵک ڕوودەکەنە پیشەی خودهەڵسوڕێن (ئەگەرچی لەوانەیە کاری مووچەیان پێباشتر بێت)

چونکە بۆ پیشەی خودهەڵسورێن ئاسانترە کە خەرجیەکانی خۆت وەک خەرجی بازرگانی بنووسیت و هەندێک لە دەستکەوتەکانت باس نەکەیت. بەفیڕۆدان و ناکارایی ئەنجامی ئەم هاندەرانەن کە لەلایەن باجەوە شێوێنراون.

دووەم، ڕێژە بەرزەکانی باج هەردووک ئاست و کاریگەری کۆکردنەوەی سەرمایە دادەبەزێنێت. ڕێژە بەرزەکانی باج وەبەرهێنانە بیانییەکان وەدەردەنێت و وەبەرهێنە ناوخۆییەکان ناچار دەکات بگەڕێن بۆ پرۆژەی وەبەرهێنان لە دەرەوە کە هەردووک باج و تێچوونی بەرهەمهێنان نزمترن. ئەمە وەبەرهێنان و کەرەستەکانی بەرهەمهێنان کەمدەکاتەوە کە وزەبەخشی گەشەی ئابورین. وەبەرهێنەرە ناوخۆییەکانیش ڕوودەکەنە ئەو پرۆژانەی کە پەنای داهاتی ئێستا دەدەن لە باج و لەو پرۆژانە دوور دەکەونەوە کە داهاتیان زۆرە بەڵام سوودی خۆلادان لە باجیان کەمە. ئەم پەناگانە لە باج خەڵک تواناداردەکەن بۆ ئەوەی دەستکەوتی تایبەتیان هەبێت لەو پرۆژانەی کە بەهای سەرچاوەکان زیاد ناکەن. سەرمایەی دەگمەن بەفیڕۆ دەدرێت، و سەرچاوەکان لە بەکارهێنانە پڕبەرهەمەکەنیان دوور دەخرێنەوە.

سێیەم، ڕێژە بەرزەکانی پەراوێزی باج هانی تاکەکەسەکان دەدات کە ئەو کاڵایانە بەکاربەن کە باج بەخشراون وەك لەو بابەتانەی کە باج بەخشراو نین، ئەگەرچی لەوانەیە ئەو کاڵایانەی کە باج بەخشراو نین ڕەنگە زیاتر خواستراوبن. کاتێک کڕینەکان باج بەخشراوبن، ئەو تاکەکەسانەی کە دەیانکڕن کۆی تێچوونی ئەو بابەتانە نادەن، چونکە ئەو کڕینە ئەو باجەی کە دەبوو بەبێ کڕینی ئەو بابەتە بیاندایە کەمدەکاتەوە. کاتێک ڕێژەکانی پەراوێزی باج بەرز بێت، ئەو خەرجیانەی کە باج بەخشراون تاڕادیەک هەرزانتر دەبن.

لە 1970کاندا لە بەریتانیا، ئۆتۆمبێلی گرانبەهای دروستکراوی بەریتانیا، ڕۆڵس-ڕۆیس، زۆر باو بوو. یەکێک لە هۆکارەکان پێدەچوو ئەوە بێت کە ڕێژەکانی پەراوێزی باج نزیکەی لەسەدا 98 بەرزبوو. خاوەن بازرگانییەک کە ئەو ئاستەی لە باج دەدا دەیتوانی ئۆتۆمبیلێک بکڕێت وەک خەرجی بازرگانی کە باج بەخشراوبوو، کەواتە بۆچی گرانبەهاترین ئۆتۆمبیل نەکڕێت؟ کڕینەکە تێچوونی کڕیاری ئۆتۆمبیلەکەی کەمدەکردەوە -بابڵێین بایی 100،000 پاوەن بووە- بەڵام کڕیارەکە تەنها 2،000 پاوەنی لەسەر دەکەوت، چونکە دەبوایە 98،000 پاوەنی باج

بدایە لەو 100،000 پاوەنەی کە داویەتی بە ئۆتۆمبیلەکە. لە ئەنجامدا حکومەت لەسەدا 98ی نرخی تێچوونی ئۆتۆمبیلەکەی دەدا. پاش ئەوەی ڕێژەی پەراوێزی باج دابەزی بۆ لەسەدا 70، دەڵێن گوایا فرۆشی رۆڵس-ڕۆیس لەناکاو دابەزیوە. ئۆتۆمبیلە 100،000 پاوەنییەکە ئێستا تەنها 2،000 پاوەن لەسەر خاوەن بازرگانییەکە ناکەوێت بەڵکو 30،000 پاوەن. حکومەت هێشتا 70،000 پاشماوەکەی دەبێت بدات بەشێوەی داهاتی باج بەخشراو، بەڵام ئێستا ئۆتۆمبیلەکە زۆر گرانتردەکەوێت لەسەر کڕیارەکەی.

ڕێژە بەرزەکانی پەراوێزی باج بەشێوەیەکی روکەش تێچوونی شەخسی کەمدەکەنەوە، بەڵام تێچوون لەسەر کۆمەڵگا کەمناکەنەوە، بۆ ئەو بابەتانەی کە باج بەخشراون (یان ئەوانەی کە دەکرێت وەک خەرجی بازرگانی یان تایبەتمەند هەژماربکرێن و لە داهاتی باجلێدەراو دەردەکرێن). بەشێوەیەکی چاوەڕوانکراو، باجدەران کە ڕووبەڕووی ئاستە بەرزەکانی پەراوێزی باج دەبنەوە، پارەی زیاتر لەو شتانەدا خەرجدەکەن کە باج بەخشراون وەک نوسینگەی رازاوە، کۆنفرانسی بازرگانی لە هاوای، سوودی پەراوێزی، وەک ئۆتۆمبیلی گرانبەهای کۆمپانیا، خۆشنوودی بازرگانی و پلانی خانەنشینی کۆمپانیا. چونکە ئەم کڕینە بێباجانە باجەکەیان کەمدەکاتەوە، خەڵک زۆرجار ئەو کاڵایانە دەکڕن کە ئەگەر ناچاربوونایە تەواوی تێچوونەکانی بدەن نەیاندەکڕی. بەفیڕۆدان و ناکارایی ئەنجامی لاوەکی ئەم هاندەرانەن.

بەکورتی، شیکارە ئابورییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ڕێژە بەرزەکانی باج چالاکی بەرهەمهێنەرانە کەمدەکەنەوە، پێکەوانانی سەرمایە دوادەخات و برەودەدات بە بەکارهێنانی بەفیڕۆدەرانەی سەرچاوەکان. ئەو ڕێژانە بەربەستن لەبەردەم خۆشگوزەرانی و گەشەی ئابوریدا.

**7. بازرگانی ئازاد: وڵاتان گەشەدەکەن لەڕێگای فرۆشتنی ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانەوە کە دەتوانرێت بە نرخێکی تائەندازەیەک کەم بەرهەم بهێنرێن و کڕینی ئەوانەی کە کە بەرهەمهێنانیان گران دەکەوێت.**

بازرگانی ئازاد بەسانایی پێکهاتووە لە ڕێگەدان بە خەڵک بۆ کڕین و فرۆشتن بەو شێوەیەی کە دەیانەوێت بکڕن و بفرۆشن. گومرکی پاراستنخوازی بەکارهێنانی هێزە بەهەمان شێوەی ئابڵوقەی فرەلایەن و مەبەستیشیان یەک شتە: ڕێگەگرتن لە بازرگانی. جیاوازی لەنێوان ئەم دوانەدا ئەوەیە کە ئابڵوقەی فرەلایەن ئامرازێکە لە ڕێیەوە وڵاتان ڕێگەدەگرن لە دوژمنەکانییان بۆ بازرگانیکردن؛ گومرکی پاراستنخوازی ئامرازێکە وڵاتان بەکاری دەهێنن بۆ ڕێگەگرتن لە خەڵکی خۆیان بۆ بازرگانیکردن.

ئەو پرنسیپانەی کە لە بازرگانی نێودەوڵەتیدا هەن لە بنەڕەتدا هەمان ئەوانەن کە بنەمان بۆ هەر ئاڵوگۆڕێکی ئارەزوومەندانە. هەر وەک لە باری بازرگانی ناوخۆییدا، بازرگانی نێودەوڵەتی ڕێگەدەدات بە هەریەک لە بەشدارانی بازرگانی کە زیاتر بەرهەمبهێنن و کاڵا و خزمەتگوزاری زیاتر بەکارببەن لەوەی کە بەبێ بازرگانیکردن دەیانکرد. سێ هۆکار هەن بۆ ئەمە.

یەکەم، خەڵکی هەریەکە لە وڵاتەکان سوودمەند دەبن ئەگەر بتوانن بەرهەم یان خزمەتگوزارییەکیان لەڕیگای بازرگانییەوە بە هەرزانتر دەستبکەوێت لەوەی کە دەتوانن لە ناوخۆدا بەرهەمیبهێنن. دابەشبوونی سەرچاوەکان لەنێوان وڵاتاندا بەڕێژەیەکی زۆر جیاوازە. ئەو کاڵایانەی کە بەرهەمهێنانیان تاڕادەیەك گرانە لە وڵاتێکدا، لەوانەیە بەرهەمهێنانیان هەرزان بێت لە وڵاتێکی تردا. بۆ نموونە، ئەو وڵاتانەی کە کەشێکی گەرم و شیداریان هەیە وەک بەرازیل و کۆڵۆمبیا، دەبینن کە سوودمەند دەبن ئەگەر تایبەتمەندێتی وەربگرن لە بەرهەمهێنانی قاوەدا. خەڵک لە کەنەدا و ئوسترالیا، کە خاکی چۆڵ زۆرە و دانیشتوان کەمە، هەوڵ دەدەن کە تایبتمەند ببن لەو بەرهەمانەدا کە زەوی زۆریان پێویستە، وەک گەنم و دانەوێڵەی ئالیك و گۆشتی مانگا. بۆ هاوڵاتیانی یابان کە خاکیان دەگمەنە و هێزی کاریان هەرە بەهرەدارن، تایبەتمەند دەبن لە بەرهەمهێنانی کاڵای وەک کامێرا، ئۆتۆمبیل و بەرهەمی ئەلەکترۆنی بۆ هەناردەکردن. بازرگانی یارمەتی هەریەک لە لایەنەکانی بازرگانی دەدات بۆ بەکارهێنانی زیاتری سەرچاوەکانیان بۆ بەرهەمهێنان و فرۆشتی ئەو شتانەی کە بە باشی دەیانکەن لەجیاتی ئەوەی خۆیان ببەستنەوە بە بەرهەمهێنانی ئەو شتانەی کە تێچوونیان بەرزە. لە ئەنجامی ئەم تایبەتمەندبوونە و بازرگانیدا، کۆی بەرهەم

بەرزدەبێتەوە و خەڵکی هەر وڵاتێک دەتوانن ئاستێکی بەرزتری ژیان دەستبەر بکەن وەک لەوەی بە بێ بوون بازرگانی بۆیان دەکرا.

دووەم، بازرگانی نێودەوڵەتی ڕێگە دەدات بە بەرهەمهێنەران و بەکاربەرانی ناوخو بۆ سوود وەرگرتن لە ئابورییە ئاستفراوانەکان کە چەندین پرۆژەی بەرهەمهێنانی گەورەیان هەیە. ئەم خاڵە بەتایبەتی بۆ وڵاتە بچووکەکان گرنگە. بەهۆی بازرگانی نێودەوڵەتییەوە، بەرهەمهێنەرە ناوخۆییەکان دەتوانن بەشێوەیەکی ئاستفراوان کاربکەن، لێرەوە تێچوونی کەمتر بۆ هەر یەکەیەك بەدەستدەهێنن وەک لەوەی کە ئەگەر بهاتایە و بەتەواوی پشتیان بە بازاڕی ناوخۆ ببەستایە. بازرگانی ڕێگەخۆش دەکات بۆ بەرهەمهێنەرانی قوماش لە هۆنگ کۆنگ، تایوان و کۆریای باشور بۆ چێژ وەرگرتن لە بەرهەمهێنانی ئاستفراوان. ئەگەر نەیانتوانیایە لە دەرەوە بفرۆشن، تێچوونیان بۆ هەر یەکەیەك زۆر بەرزتر دەبوو چونکە بازاڕە ناوخۆییەکانی قوماش زۆر بچووکترن لەوەی بتوانن پاڵپشتی کۆمپانیا ئاستفراوان و تێچوون-هەرزانەکانی ئەم پیشەسازییە بکەن. بەڵام بەهۆی بازرگانی نێودەوڵەتییەوە، کۆمپانیاکانی قوماش لەم وڵاتانە دەتوانن پری زۆر بەرهەمبهێنن و بفرۆشن و کاریگەرانە لە بازاڕی جیهانیدا رکابەری بکەن.

هاوکات بازرگانی نێودەوڵەتی ڕێگەدەدات بە بەکاربەرە ناوخۆییەکان بۆ ئەوەی سوود وەربگرن لەڕێگای کڕینەوە لە بەرهەمهێنەرە ئاستفراوانەکانی دەرەوە. بە لەبەرچاوگرتنی تێچوونی زەوەندی نەخشەکێشان و ئەندازیاری فڕۆکە لە ئەمڕۆدا، پێناچێت هیچ وڵاتێک بتوانێت فڕۆکەی پێویست لە یەک کۆمپانیا بکڕێت بۆ داپۆشینی کۆی تێچوونی بەرهەمهێنانیان. بەڵام بەهۆی بازرگانی نێودەوڵەتییەوە بۆوین و ئێربەس (دوو کۆمپانیای گەورەی دروستکردنی فرۆکە) دەتوانن فڕۆکەی زۆر زیاتر بفرۆشن، هەریەکە بە تێچوونێکی کەمتر. لە ئەنجامدا، بەکاربەرانی هەر وڵاتێك دەتوانن بە فڕۆکەیەک بفڕن کە بە هەرزان لە بەرهەمهێنەرانی ئاستفراوانی لەم جۆرە کڕاوە.

سێیەم، بازرگانی نێودەوڵەتی هانی رکابەری دەدات لە بازاڕە ناوخۆییەکاندا و ڕێگەدەدات بە بەکاربەران کە کاڵای هەمەڕەنگتر بەنرخی هەرزانتر بکڕن. رکابەری لە دەرەوە وادەکات بەرهەمهێنەرە ناوخۆییەکان هەمیشە لە رکابەریدا بن. ناچاریان دەکات کە چۆنایەتی

بەرهەمەکانیان باشتر بکەن و نرخەکانیش دابشکێنن. لەهەمان کاتدا هەمەڕەنگی کاڵای دابینکراوی دەرەکی ڕشتێك لە هەڵبژاردەی زیاتر دەبەخشێت بە بەکاربەران وەک لەوەی کە لەکاتی نەبوونی بازرگانی نیودەوڵەتیدا دەشیا لەبەردەستیاندابوایە.

ئەزموونی پیشەسازی ئۆتۆمبیلی ئەمەریکی ئەم خاڵە ڕوون دەکاتەوە.

لەگەڵ روبەڕووبونەوەی رکابەری توند لەگەڵ کۆمپانیا ژاپۆنیاکاندا لەساڵانی 1980کاندا، بەرهەمهێنەرانی ئۆتۆمبیلی ئەمەریکی کاری سەختتریان دەکرد بۆ باشترکردنی چۆنایەتی ئۆتۆمبیلەکانیان. لە ئەنجامدا، چاکی ئەو ئۆتۆمبیل و پیکابانەی کە فەراهەمبوون بۆ بەکاربەری ئەمەریکی، چ ئەوانەی لە دەرەوە یان ئەوانەی لە ناوخۆدا بەرهەمهاتبوون، بەدڵنیاییەوە ئاستیان بەرزترە لەوانەی کە لە سایەی نەبوونی رکابەریدا دەکرا بەرهەم بهێنرانایە.

زۆرجار حکومەتەکان یاسا دەسەپێنن کە بازرگانی سنوردار‌دەکات. دەکرێت ئەمانە گومرک بن (باجی سەپێنراو بەسەر کاڵای هێنراودا)، پردیاریکردن (سنووردارکردنی پری هێنراو)، کۆنترۆڵکردنی ریژەی ئاڵوگۆری دراو (دابەزاندنی بەهای دراوی ناوخۆ بەشێوەیەکی روکەش بۆ ساردکردنەوەی هاوردەکردن و هاندانی هەناردەکردن)، یان ڕێسا بیرۆکراتیەکان لەسەر هەناردە و هاوردە. هەموو ئەمانە تێچوونی ئاڵوگۆر بەرزدەکەنە و دەستکەوت لە ئاڵوگۆر کەمدەکەنەوە. وەک هێنری جۆرج ئاماژەی پێدابوو لەو وتیەیەیدا کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، سنوردارییە بازرگانییەکان وەک ئەو ئابڵوقە سەربازیانەن کە سوپایەک دەیسەپێنێت بەسەر خەڵکەکەی خۆیدا. هەروەک چۆن ئابڵوقەیەکی سەپێنراو لەلایەن دوژمنەوە زیان بە وڵاتێك دەگەیەنێت، بەهەمان شێوەش ئابڵوقەی خود-سەپێراو لە شێوەی سنووردارکردنی بازرگانیدا زەرەر دەگەیەنێت.

کەسانی ئابورینەناس زۆرجار پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە سنوردارییەکانی سەر هاوردەکردن کاری نوێ دەخولقێنێن.

کاتێک ئەم دیدە شیکار دەکەین، گرنگە لەیادمان بێت کە ئەوەی گرنگە بەرهەمهێنانە، نەک کار. ئەگەر کار کلیل بوایە بۆ داهاتی بەرز، ئێمە بەئاسانی دەمانتوانی ئەوەندەی دەمانەوێت بخولقێنین. هەموو یەکێک لە ئێمە دەتوانین ڕۆژێک کاربکەین لە هەڵکەندنی چاڵێکدا و

ڕۆژی دوایی پڕیبکەینەوە. ئەو کات هەموو کارمان دەبوو، بەڵام ئەوکات ئێمە لەڕادەبەر هەژار دەبوین چونکە کاری لەو جۆرە ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانە بەرهەمناهێنێت کە خەڵک بە بەهاداریان دەزانن.

ئەگەر ئێمە دەمانەوێت ئاستی بەرزتری ژیان بەدیبهێنین، پێویستە فەراهەمی ئەو کاڵا و خزمەتگوزاییانە زیاد بکەین کە خەڵک بە بەهاداریان دەزانن. بازرگانی یارمەتیمان دەدات ئەم کارە بکەین. کاتێک دانیشتوان ڕێگەیاندرا بازرگانی بکەن لەگەڵ هەر کەسێک کە بیانەوێت، بەکاربەرە ناوخۆییەکان دەتوانن هەرزانترین نرخ و زۆرترین بەهای خەرجیان دەستبکەوێت. بەهەمانشێوە، بەرهەمهێنەرە ناوخۆییەکان دەتوانن بەرهەمەکانیان لەو شوینە بفرۆشن کە دەتوانن بەرزترین نرخیان دەستبکەوێت بۆ ئەو بەهایەی بەرهەمی دەهێنن. لە ئەنجامدا، بەکاربەران زیاتریان دەستدەکەوێت بەرامبەر بەو پارەیەی خەرجی دەکەن و خاوەن سەرچاوەکان ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانە زیاتر بەرهەمدەهێنن کە خەڵک بە بەهاداریان دەزانن. ئەم فراوانکردنەی بەرهەمهێنان و بەکاربردنە، نەک خولقاندنی کار، کە بنەمایە بۆ ئاستی بەرزی داهات و ئاستی ژیان.

سنوردارکردنی هاوردەکردن لەوانەیە وادەربکەوێت کە کارپەیداکردن فراوان دەکات چونکە ئەو بازرگانییانەی کە پارێزراون بەهۆی ئەو سنورداریانەوە لەوانەیە لە قەبارەدا گەورەببن یان وەک خۆیان بمێننەوە. بەڵام ئەمە بەواتای ئەوە نییە کە سنوردارکردنەکان هەبوونی کاری تەواوەتی فراوان دەکات. چەمکی کاریگەرییە لاوەکیەکانت لەبیر نەچێت کە پێشتر باسمان کرد. کاتێک ئەمەریکیەکان گومرک و پردیاریکردن و بەربەستی تر قوتدەکەنەوە کە توانای بێگانەکان سنووردار دەکات بۆ فرۆشتنی کەلوپەلەکانیان لە ویلاتە یەکگرتووەکان، هاوکات توانای بێگانەکان سنووردار دەکەن بۆ کڕینی کاڵای بەرهەمهاتوو لە ویلاتە یەکگرتووەکان. هاوردەکانی ئێمە دەسەڵاتی کڕین دەبەخشێت بە بێگانەکان کە پێویستیانە بۆ کڕینی هەناردەکانی ئێمە. ئەگەر بێگانەکان نەتوانن وەک پێویست بە ئەمەریکیەکان بفرۆشن، ئەوکات دۆلاری کەمتریان دەبێت کە پێویستیانە بۆ کڕین لە ئەمەریکاییەکان. لێرەوە سنوردارکردنەکانی هاوردەکردن ناڕاستەوخۆ هەناردەکردن کەمدەکاتەوە. بەرهەم و هەلی کار لە بازرگانییەکانی هەناردندا کەمدەبنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی هاوسەنگکردنەوەی هەلی کار

لەگەڵ ئەو کارانەدا کە بەهۆی ئەو پیشەسازیە پاریزاوانەوە هێڵرابوونەوە. (*واتە ئەو هەلیکارانەی کە هێڵرابونەوە یەکسان دەبن بەو هەلیکارانەی کە لەدەست دەچن و ئەنجامەکەی ئەوەیە کە رێژەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە. و*)

لەوەش زیاتر، کاتێک کە سنورداركردنە بازرگانییەکان سەپێنراون بەسەر سەرچاوەیەکی وەک پۆڵادا، بەکارهێنەرە ناوخۆییەکانی ئەم سەرچاوانە (بۆ نمونە بەرهەمهێنەرانی ئۆتۆمبیل و کەرەستەی ناوماڵ) پێویستە پارەی زیاتر بدەن، ئەم تێچوونە بەرزانە رکابەری لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکاندا سەختتر دەکات. وەک ئەزموونی ویلاتە یەکگرتووەکان لەساڵانی 2002-2004 نیشانیدا، هەلیکار لەو کارگانەدا کە پۆڵای زۆریان بەکاردەهێنا دابەزی، کە ئەو هەلیکارانەی کە بەرهەمهێنانی پۆڵا خولقاندبوونی یەکسان کردەوە. هەمان شت دروست بوو بۆ پردیاریکردنی ئەمەریکا بۆ شەکر، کە نرخی شەکری ناوخۆی سێ ئەوەندی نرخی جیهانی بەرزکردەوە. لە دەیەی ڕابوردوودا، بەرهەمهێنەرانی شیرینی و بەکارهێنەرە سەرەکییەکانی دیکەی شەکری ڕەوانەی وڵاتانی دیکە کرد، کە لەوێ دەیانتوانی شەکر بە نرخی هەرزانتری جیهانی بکڕن. دووبارە، کەمبوونەوەی هەلیکار لەو کارگانەدا کە شەکریان بەکاردەهێنا کاریگەری هەر زیادبوونێکی هەلیکاری بەرهەمهێنانی شەکری پوچەڵکردەوە.

سنورداركردنە بازرگانییەکان نە هەلیکار دەخولقێنن و نە لەناوی دەبەن، بەڵکو شوێنگۆڕکێیان پێدەکەن. سنوردارییەکان بە ئەنقەست کرێکاران و سەرچاوەکان ئاراستەی بەرهەمهێنانی ئەو شتانە دەکەن کە ئێمە بە بەراورد لەگەڵ خەڵکانی تردا بە تێچوونێکی زۆر بەرهەمیان دەهێنین. بەرهەم و هەلیکار لەو کارانەدا کەمدەبنەوە کە سەرچاوەکانمان پڕبەرهەمترن – ئە کارانەی کە کۆمپانیاکانمان دەتوانن سەرکەوتووانە لە بازاڕی جیهانیدا رکابەری بکەن ئەگەر کاریگەری لاوەکی سنوردارییەکان نەبوونایە. لێرەوە هێزی کار و سەرچاوەی دیکە لەو کارانە دووردەخرێنەوە کە بەرهەمدارێتیان بەرزە و ئاراستەی ئەو کارانە دەکرێن کە بەرهەمدارێتیان نزمە. سیاسەتی لەم جۆرە هەردووک ئاستی بەرهەم و داهاتی ئەمەریکاییەکان کەمدەکاتەوە.

زۆربەی ئەمەریکاییەکان پروایان وایە کە کرێکارانی ویلایەتە یەکگرتوەکان ناتوانن لەگەڵ ئەو بێگانانەدا رکابەری بکەن کە زۆرجار لە

ڕۆژێکدا دوو یان سێ دۆلاریان دەستدەکەوێت. ئەم بۆچوونە هەڵەیە لە بەدتێگەیشتنی هەردووک سەرچاوەی موچەی بەرز و یاسای سوودی بەراوردکارانەوە سەرچاوەی گرتووە. کرێکاران لە ئەمەریکا باش خوێنەوارن، ئاستی کارامەیی بەرزیان هەیە و بە پرێکی گەورەی کەرەستەی سەرمایە کاردەکەن. ئەم ڕاستییانە دەبنە هۆی بەرهەمداری زۆری ئەوان، بەرهەمداری زۆریشیان سەرچاوەی موچەی بەرزیانە. لە وڵاتە موچە نزمەکانی وەک مەکسیک و چین، موچە نزمە رێك لەبەرئەوەی کە بەرهەمداری نزمە.

ئاڵوگۆری بازرگانی ئاماژەیە بۆ سوودی ڕێژەیی نەک ئاستەکانی موچە. هەموو وڵاتیك هەمیشە شتێکی هەیە کە باشتر دەیکات لە وڵاتانی تر. هەردووک وڵاتانی موچە بەرز و نزم سوودمەند دەبن ئەگەر بتوانن زۆرتر لە سەرچاوەکانیان لەو چالاکییە بەرهەمدارانەدا چڕبکەنەوە کە باشترن لە کردنیاندا. ئەگەر وڵاتێکی موچە بەرز بتوانیت بەرهەمێک لە بەرهەمهێنەرە دەرەکیەکان بکڕێت بە نرخێکی کەمتر لە نرخی بەرهەمهێنانی لە ناوخۆدا، هاوردەکردنی ئەو شتە مانای دەبێت. سەرچاوەی کەمترمان دەبەسترێنەوە بە بەرهەمهێنانی ئەو کەرەستانەی کە لە ناوخۆدا تەنها بە نرخێکی بەرز دەتوانرێت دابین بکرێن. دەکرێت زیاتری سەرچاوەکانمان ئاراستەی بەرهەمهێنانی ئەو شتانە بکرێن کە ئێمە بە باشی دەیانکەین –ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانەی کە بەرهەمهێنەرە ناوخۆییەکان دەتوانن بە تێچوونێکی کەم بەرهەمیان بهێنن.

لەوانەیە نموونەیەکی خەیاڵی ئەم خاڵە ڕۆشن بکاتەوە. گریمان بەرهەمهێنەرێکی بیانی، وەک بابا نۆئێل، ئامادەیە کە قاپوتی زستانە بە بەلاش دابین بکات بۆ ئەمەریکاییەکان. ئایا دەچێت بەعەقڵدا یاسای سنورداکردنی گومرکی دەربکرێت بۆ ڕێگەگرتن لە هاتنی قاپوتە بەلاشەکان لەپێناو پاراستنی بەرهەمهێنەرە ناوخۆییەکانی قاپووتدا؟ بەدڵنیاییەوە نەخێر! ئەو سەرچاوانەی کە پێشتر بۆ بەرهەمهێنانی قاپووت بەکاردەهاتن ئێستا دەتوانرێت بەکاربێن بۆ بەرهەمهێنانی کاڵای دیکە. بەرهەم و فەراهەمی کاڵا فراوان دەبن. قووتکردنەوەی سنوردارکردنی بازرگانی بۆ هێنانی بەرهەمی هەرزانی بیانی هیچ بەماناتر نیە لە ڕێگەگرتن لە هێنانی قاپووتی بەلاشی بابا نۆئێلێکی بێگانەی دۆست.

ڕێگایەکی تر بۆ تێگەیشتن لە کێشەکانی "پاراستنی هەلیکار" ئەوەیە کە ئەوە لەبەرچاوبگرین کە ئەگەر سنورداركردنە بازرگانییەکان بیرۆکەیەکی باشن، ئەوا پێویستە کە لایەنگری گومرک و پردیاریکردنیش بکەین بۆ سنووردارکردنی بازرگانی لەنێوان ولایەتەکانی ئەمەریکادا. ڕاستە میشیگان جۆری تایبەتی کاری لەدەست دەدات (یان ناتوانێت بەدەستیبهێنێت) کاتێک کە پرتەقاڵ لە فلۆریدا، سێولە واشنتن، گەنم لە کانساس و لۆکە لە تێکساس دەکڕێت. دەکرێت هەموو ئەم بەرهەمانە لە میشیگان بەرهەم بێن. بەڵام دانیشتوانی میشیگان بەگشتی بە هەرزانتری دەزانن کە ئەم بەرهەمانە "هاوردەبکەن" زیاتر وەک لەوەی خۆیان لە ناوخۆدا بەرهەمیانبهێنن. میشیگان سوودمەند دەبێت بە بەکارهێنانی سەرچاوەکانی بۆ بەرهەمهێنان و "هەناردەکردنی" ئۆتۆمبیل و کاڵای تر. ئەمەش دەسەڵاتی کڕین دەبەخشێت بە خەڵکی میشیگان بۆ "هەناردەکردنی" کاڵا بە نرخێکی زۆر کەمتر لەوەی کە دەکرێت لە ناوخۆدا بەرهەم بهێنرێن.

بەدڵنیاییەوە زۆربەی خەڵک ددان بەوەدا دەنێن کە بازرگانی ئازاد لەنێو پەنجا ولایەتەکەدا سەرچاوەی سەرەکیی خۆشگوزەرانییە بۆ هەر یەک لە ولایەتەکان. هاوردەکردن لە ویلایەتەکانی ترەوە هەلیکار لەناونابات؛ تەنها کرێکاران ئازاد دەکات بۆ کارکردن لە پیشەسازییەکانی هەناردەدا، کە دەتوانن بەهای زیاتر بەرهەمبهێنن و لەوێوە داهاتی زیاتریان دەستبکەوێت. ئەگەر بازرگانی ئازاد لەنێوان پەنجا ویلایەتەکەدا خۆشگوزەرانی دروستدەکات، بەهەمان شێوەش بازرگانی ئازاد لەنێو وڵاتاندا هەمان شت دەکات.

ئەگەر سنوردارییە بازرگانییەکان خۆشگوزەرانی ئابوری دوادەخات، وەک بەئاشکرا دەیکەن، بۆچی ئەو هەموو وڵاتە بەکاریان دەهێنن؟ وەڵامەکە ئاسانە: دەسەڵاتی سیاسی بەرژوەندییە تایبەتەکان و سروشتی ئاشکرای کارە لە پیشەسازییە پارێزراوەکاندا. سنوردارییە بازرگانییەکان سوودیان هەیە بۆ بەرهەمهێنەری دیاریکراو و دابینکەرانی سەرچاوەکانیان، لەگەڵ ئەوانیشدا چەندین کرێکار، لەسەر حسابی بەکاربەران و دابینکەرانی پیشەسازییەکانی تر. هەمیشە ئەو پیشەسازییە دیاریکراوەی کە پاراستن لە حکومەت دەخوازێت زۆر بەباشی ڕێکخراوە و بەئاشکرا دیارە، لەکاتێکدا بەکاربەران، کرێکارانی دیکە و دابینکەرانی دیکەی سەرچاوە بەگشتی بەخراپی ڕێکخراون و

دەستکەوتەکانیشیان لە بازرگانی نێودەوڵەتییەوە بەشێوەیەکی فراوان پەرش و بڵاون. وەك شتێك چاوەڕوانکراو، گروپە ڕێکخراوەکانی بەرژەوەندی کاریگەری سیاسی زیاتر، دەنگدەری زیاتر و پارەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی زیاتریان دەبێت. زۆرجار سیاسیەتمەداران بەتەنگ بۆچوونەکانیانەوەن.

لەوەش زیاتر، زیانی ئەو کرێکارانەی کە کارەکانیان لەدەستدەدەن ئەگەر بۆ نموونە پۆڵا لە دەرەوە بەهەرزان بەرهەمهێنرا، بەئاسانی دیارە. زیانی کرێکارانی پیشەسازییەکانی دیکە کە کارەکانیان لەدەستدەدەن (یان کاری بێبەرهەمتر وەردەگرن) بەئاسانی ناگەڕێنرێتەوە بۆ گومرک و بەگشتیش بیئەسەر تێپەڕدەبن. لە باری سنوورداریە بازرگانییەکاندا، زۆرجار ئابوری باش لە پێکداداندایە لەگەڵ ستراتیژی سیاسی براوەدا.

بەڵام ئەمە ڕاستی بارودۆخەکە ناگۆڕێت. فراوانبوونی بازرگانی جیهانی کاڵای زیاتر و زیاتری بەنرخی هەرزان دابینکردووە. لە دەیەی ڕابوردوودا هەزاران بەتایبەتی سوودمەندبوون، ئاستی داهاتی چەند سەد ملیۆنێک خەڵکی هەژار لە سەرانسەری جیهاندا بەرزبۆەتەوە بۆ سەروو کەمترین ڕێژە (داهاتی کەمتر لە دۆلارێک لە ڕۆژێکدا). هەروەها دانیشتوانی ئەمەریکاش سوودیان لە فراوانبوونی بازرگانی وەرگرتوە. بازرگانی نێودەوڵەتی نموونەیەکی باشە لەسەر ئەوەی کە چۆن دەتوانین خۆشگوزەرانی خۆمان باشبکەین لەڕێگای یارمەتیدانی خەڵکی ترەوە بۆ باشترکردنی خۆشگوزەرانیان.

پێویستە کە پرواپێهێنان بەکاربهێنین، لەگەڵ نیشاندانی بەڵگە مەیدانییەکاندا، بۆ ڕازیکردنی وڵاتانی دیکە بۆ لابردنی سنوورداریەکانیان. بەڵام تەنها لەبەرئەوەی خەڵکی تر سیاسەتی زیانبەخش دەگرنەبەر، مانای ئەوە نییە کە ئێمەش پیویستە وابکەین. بەپێچەوانەوە، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بەڕادەیەکی زۆر سوودمەند دەبێت ئەگەر تاکلایەنە دەستبەرداری سنورداریە بازرگانییەکانی ببێت، بۆ نموونە بۆ ماوەی دە ساڵ. کرداری لەم جۆرە خۆشگوزەرانی ئەمەریکاییەکان باشتر دەکات و لەهەمان کاتدا هەلومەرجی ئابوری لە جیهاندا باشتر دەکات.

زیاتر لە هەر تاکە کردارێک، لابردنی تاکلایەنەی سنورداریە بازرگانییەکانمان ژینگەی جیهانێکی پڕئاشتیتر و خۆشگوزەرانتر دادەمەزرێنێت. هیچ کەس ناتوانێت بانگێشەی ئەوە بکات یەك

چارەسەری ئەفسووناوی هەیە کە دەتوانێت جەنگ و تیرۆریزم لەناوبیات. بەڵام بازرگانی دەرفەتەکان زیاد دەکات بۆ وڵاتانی هەژار لە سەرانسەری جیهاندا بۆ بەدەستهێنانی ژیانی باشتر لەڕێگای چالاکییە بەرهەمدارەکانەوە وەک لە تێکدەرەکان.

تا چەند دامەزراوە و سیاسەتیکارەکان گرنگن؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستمان بە ڕێگایەکە بۆ بەراورد کردنی دامەزراوە و سیاسەتیکاری وڵاتانی جیاواز. لە ناوەڕاستی 1980کاندا، دامەرزراوەی فرەیزەر لە ڤانکوڤەری خۆرئاوای کەنەدا، دەستیکرد بە کارکردن لەسەر پرۆژەیەکی تایبەت کە ئامادەکراوە بۆ پەرەدان بە پێوانەکرکردنی ئازادی ئابوری وڵاتان. چەند لێکۆڵەرێکی پێشەنگ، لەوانە هەڵگرانی خەڵاتی نۆبڵ میلتن فریدمان، گاری بێکەر و دۆگلاس نۆرس لە پرۆژەکەدا بەشداربوون. ئەم پرۆژەیە گەیشتە لوتکەی بەرهەمهێنانی پێرستی ئازادی ئابوری جیهان. ئێستا بڵاودەکرێتەوە لەلایەن تۆڕێکی جیهانی زیاتر لە پەنجا ڕێکخراوەوە، ئەم پێرستە پێوانەی ئەوە دەکات کە تا چ ڕادەیەک دامەزراوە و سیاسەتی وڵاتێک ڕێگە بە ئازادی بازرگانی دەدات. واتا، تا چەند ڕێگە دەدات بە هەڵبژاردەی تایبەت، خاوەندارێتی تایبەت، ئاڵوگۆڕی ئارەزوومەندانە و بازاڕی رکابەرانە. ئەم پێرستە سیوهەشت بەشی جیاواز لەخۆدەگرێت و پلە دیاری دەکات بۆ نزیکەی سەد وڵات بەدرێژایی ماوەی ساڵانی 1980-2002. (دەتوانیت ئەو پێرستە بە زمانی عەرەبی *لە ماڵپەڕی* [http://www.minbaralhurriyya.org/](http://www.minbaralhurriyya.org/) *ببینیت*)

لەزۆر ڕووەوە ئەم پێرستە ڕەنگدانەوەی ئەو پێکهاتانەی گەشەی ئابورییە کە لەسەرەوە دیاریمان کردن. ئەگەر وڵاتێک پلەی بەرز لەم پێرستەدا بەدەستبهێنێت، پێویستە پاراستنی زامن بۆ موڵکدارێتی تایبەت، سەپاندنی یەکسانی گرێبەستەکان و ژینەیەکی سەقامگیری پارەیی دابینبکات. هاوکات پێویستە باجەکان بە نزمی ڕابگرێت، خۆی بەدوربگرێت لە خولقاندنی ڕێگری لەبەردەم بازرگانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و پشتی تەواو بە بازاڕ ببەستێت زیاتر وەک لە خەرجی و یاساکانی حکومەت بۆ دیاریکردنی کاڵا و سەرچاوەکان. ئەگەر بەڕاستی ئەم فاکتەرە دامەزراوەیی و سیاسەتیکارانە کاریگەریان هەیە لەسەر چۆنێتی کارکردنی ئابوری، ئەو وڵاتانەی کە بەردەوام لە پلەی

بەرزدان لەسەر پێوەری ئەم پێرستە پێویستە کە زۆر باشترین لەوانەی کە بەردەوام پلەی نزمیان هەیە.


خشتەی 2 (بڕوانە لاپەڕە 75) داتای 2002ی داهات بەپێی تاکەکەس و زیادکردنی نیشان دەدات بۆ ١٠وڵات کە بەرزترین و نزمترین پلەیان هەیە لە ماوەی ساڵانی 1982-2002. لەنێو ئەو نەوەد و نۆ وڵاتەدا کە داتای پێرستەکە لەبەردەستدا بوو لەماوەی دوو دەیەدا، هۆنگ کۆنگ، سەنگاپورە، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و سویسرا لە لوتکەی لیستی وڵاتانی بەردەوام ئابوری ئازاددا بوون. بەری بەرامبەری هاوکێشەکەدا، کۆماری دیمۆکراتی کۆنگۆ و مینامار و جەزائیر و ئوگەندا کەمترین ئازادی ئابورییان هەبوو. تێکڕای داهات بەپێی تاکەکەس لە ١٠ وڵاتی هەرە ئابوری ئازددا 28،166 دۆلار بوو، نزیکەی دە ئەوەندەی (2،886 دۆلار) بۆ دە وڵاتی کەمترین ئابوری ئازاد. دە وڵاتی زیاتر ئابوری ئازاد نەك تەنها داهاتی زۆر زیاتریان هەبووە، بەڵکو زۆر بەخێراتر گەشەیان کردوە. گەشەی ١٠ وڵاتی زیاتر ئابوری ئازاد نزیکەی لەسەدا 2.4ی ساڵانە بوو لەماوەی 1980-2002، بە بەراورد لەگەڵ لەسەدا 0.0ی ١٠ وڵاتە کەمترین ئابوری ئازادەکان.

خشتەی 1 (بڕوانە لاپەڕەی داهاتوو) داتای هاوشێوە نیشان دەدات بۆ کۆی نەوەد و نۆ دەوڵەتەکە بەپێی ریزبەندی پێرستەکە. هەمان شێواز دەردەکەوێت: ئابورییە زیاتر ئازادەکان هاوکات ئاستی بەرزتری داهات بەپێی تاکەکەس بەدیدەهێنن و خێراتر گەشە دەکەن. ئەو چواردە وڵاتەی کە ئازادی ئابورییان لە 7.0 پلە یان زیاتربوو لە ساڵانی 1980-2002 تێکڕای 2002 داهات بەپێی تاکەکەس 27،195 دۆلار بوو، نزیکەی یانزە جار ئەوەندەی پلەی 5.0ی ٣٠ وڵات بوو پیرستەکە. بەهەمانشێوە تێکڕای گەشەی ساڵانەی گروپی لوتکە لەسەدا 2.4 بوو، بە بەراورد لەگەڵ 0.1 بۆ گروپی ژێرەوە.


کاتێک وڵاتانی داهات نزم دامەزراوە و سیاسەتیکاری دروست دادەمەزرێنن، دەتوانن کە گەشەی لەڕادەبەر بەرز بەدەستبهێنن و کەلێنی داهاتیان لەگەڵ وڵاتانی پیشەسازی داهات بەرزدا تەسکبکەنەوە. وڵاتانی وەک هۆنگ کۆنگ، سەنگافورە، تایوان، ئێرلەندا، چیلی، مۆریشەس و بۆستوانا ئەم خاڵە ڕۆشن دەکەنەوە. لە چەند دەیەی دواییدا، سەرجەم ئەم وڵاتانە هەنگاوی دیاریان ناوە بەرەو ئازادی ئابوری، هەمووشیان بەخێرایی گەشەیان کرد و زیادبوونێکی

بەرچاویان بەدیهێنا لە ئاستی داهات و ئاستی ژیاندا. لە 1980دا هەردوو وڵاتی خاوەن زۆرترین دانیشتوان، چین و هیند، لەنێو وڵاتانی خاوەن کەمترین ئازادی ئابوریدا بوون. لە دوو دەیەی ڕابوردوودا سیاسەتی زیاتر گونجاویان لەگەڵ ئازادی ئابوریدا گرتۆتەبەر، ئەوانیش ئێستا ئاستی سەرسوڕهێنەری گەشەی ئابوری بەدیدەهێنن.

هێڵکاری1: ئازادی ئابوری و جیاوازی نێوان وڵاتان لە ئاستی داهات و ڕێژەکانی گەشەدا.




گەشە بەپێی گەشەی تێکڕای داهاتی ساڵانەی ڕاستەقینەی بەپێی تاکەکەس 1980-2002 (%)




تێکڕای داهاتی ساڵانە بەپێی تاکەکەس، 2002 (بەدۆلاری ئەمەریکی ساڵی ١٩٩٥)

سەرچاوە: لە بانکی جیهانییەوە وەرگیراوە، ئاماژەدەری گەشەی جیهانی: 2004؛ هەروەها جەیمس گوارتنی و ڕۆبەرت لۆسن، ئازادی ئابوری لە جیهاندا: 2004 ڕاپۆرتی ساڵانە.

هەردووک تیۆری ئابوری و بەڵگەی مەیدانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە وڵاتان سەرنجی وەبەرهێنانی زیاتر ڕادەکێشن، خێراتر گەشە دەکەن و داهاتی بەرزتریان دەبێت، کاتێک ئەو جۆرە سیاسەتیکارانە دەگرنەبەر و لەسەری بەردەوام دەبن کە لەم بەشەدا دیاریمان کردن. پێکهاتەی

سەرەکی بۆ گەشەی ئابوری بریتیە لە دامەزراوە و سیاسەتیکاری دروست. هەتا زووتر سەرکردە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی جیهان دەستبکەن بە بزواندنی وڵاتەکانیان بەرەو ئازادی ئابوری زیاتر، جیهان خۆشگوزەرانتر دەبێت.

خشتەی 2: ئازادی ئابوری، تێکڕای داهاتی ساڵانە بەپێی تاکەکەس

| ١٠ وڵاتی ئاست بەرزترین ١٩٨٠-٢٠٠٢ | پلەبەندی پێرست ١٩٨٠-٢٠٠٢ | تێکڕای داهاتی ساڵانە بە پێی تاکەکەس لە ٢٠٠٢دا (بە دۆلاری ساڵی ١٩٩٥) | ڕێژەی گەشە بەگوێرەی تاکەکەس بۆ تێکڕای داهاتی ساڵانە ١٩٨٠-٢٠٠٢ |
|---|---|---|---|
| هۆنك کۆنگ | 8.7 | 23،833 | |
| سەنگافورە | 8.3 | 21،296 | %4.2 |
| ویلایەتە یەکگرتوەکان | 8.0 | 31،660 | %1.9 |
| سویسرا | 7.9 | 26،579 | %0.7 |
| کەنەدا | 7.5 | 26،114 | %1.6 |
| مەملەکەتی یەکگرتوو | 7.5 | 23،166 | %2.2 |
| هۆڵەندا | 7.4 | 25،778 | %1.8 |
| لۆکسمبۆرگ | 7.3 | 54،201 | %4.0 |
| ئەڵمانیا | 7.3 | 24،004 | %1.7 |
| ئوستراليا | 7.3 | 25،032 | %1.9 |
| تێکڕا | 7.7 | 28،166 | %2.4 |

| ١٠ وڵاتی ئاست نزمترین١٩٨٠-٢٠٠٢ | پلەبەندی پێرست ١٩٨٠-٢٠٠٢ | تێکڕای داهاتی ساڵانە بە پێی تاکەکەس لە ٢٠٠٢دا ( بە دۆلاری ساڵی ١٩٩٥) | ڕێژەی گەشە بەگوێرەی تاکەکەس بۆ تێکڕای داهاتی ساڵانە ١٩٨٠-٢٠٠٢ |
|---|---|---|---|
| ئێران | 4.2 | 5.923 | %1.2 |
| بەرازیل | 4.2 | 6.878 | %0.4 |
| سوریا | 4.0 | 3.205 | %0.7 |
| گانا | 4.0 | 1.882 | %0.5 |
| نایجیریا | 4.0 | 758 | %1.1- |
| نیکاراگوا | 3.9 | 2.187 | %1.4- |
| یوگەندا | 3.9 | 1.229 | %2.2 |
| جەزائیر | 3.8 | 5.101 | %0.0 |
| مینامار | 3.7 | 1.121 | %2.7 |
| کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ | 3.6 | 578 | %4.9- |
| تێکڕا | 3.9 | 2.886 | %0.0 |

سەرچاوە: لە بانکی جیهانییەوە وەرگیراوە، ئاماژەدەری گەشەی جیهانی: 2004؛ هەروەها جەیمس گوارتنی و رۆبەرت لۆسن، ئازادی ئابوری لە جیهاندا: 2004 ڕاپۆرتی ساڵانە.
99 وڵات هەبوون کە پلەی ئی ئێف دەبلیو یان پێدرابوو بۆ ساڵانی1980،1985، 1990، 1995 و 2000.
پلەدانی ئی ئێف دەبلیو تێکڕای ئەو پێنج ساڵە بوو. داتای ئاستی گەشە بەپێی هەڵئاوسان ڕێکخراوە.

# بەشی سێیەم
# گەشەی ئابوری و ڕۆڵی حکومەت
# 10 پێکهاتەی بیرکردنەوەی ڕوون لە گەشەی ئابوری و ڕۆڵی حکومەت

**1.حکومەت برەو بە گەشەی ئابوری دەدات لەڕێگای پاراستنی مافەکانی تاکەکەس و دابینکردنی ئەو کاڵایانەوە کە ناتوانرێت لەڕێگای بازاڕاەوە دابینبکرێن.**
**2.حکومەت ئامرازی ڕاستکردنەوە نییە.**
**3.تێچوونی حکومەت تەنها باج نییە.**
**4.ئەگەر بنەما دەستورییەکان جڵەوگیریان نەکات، گروپەکانی بەرژەوەندی تایبەت پرۆسەی سیاسی دیمۆکراتیانە بەکاردەهێنن بۆ ڕووتاندنەوەی باجدەرە و بەکاربەران.**
**5. ئەگەر بنەما دەستورییەکان جڵەوگیریان نەکات، یاسادارێژەران کورتهێنانی بودجە دەخولقێنن و لەڕادەبەر خەرج دەکەن.**
**6.حکومەت گەشەی ئابوری خاودەکاتەوە کاتێک کە بەسەختی بەشدارە لە هەوڵداندا بۆ یارمەتیدانی هەندێک کەس لەسەر حسابی خەڵکی تر.**
**7. تێچوونی گواستنەوەی داهاتی حکومەت ئێجگار زیاترە لە دەستکەوتی سافی بۆ ئەو لایەنانەی کە مەبەست بووە سوودیان پێبگەیەنرێت.**
**8.پلاندانانی نێوەندی سیاسەت دەخاتە جێگەی بازاڕ، کە ئەویش سەرچاوەکان بەفیڕۆدەدات و ئابوری دوادەخات.**
**9. رکابەری چەندە بۆ بازاڕ گرنگە ئەوەندەش بۆ حکومەت گرنگە.**
**10. ئەو رێسا دەستوورییانەی کە پرۆسەی سیاسی و ئابوری درست پێکەوە دەسازێنن، برەو بە گەشەی**

ئابوری دەدەن.

حکومەت کەمێک لە خۆراك دەچێت. خۆراك شتێکی بنەڕەتیە، بەڵام کاتێک بەکارهێنانی لەڕادەبەر بوو، دەبێتە هۆی قەڵەوی لەرادەبەدەر، لەدەستدانی وزە و کێشەی دیکەی تەندروستی. بەهەمان شێوەش، کاتێک لە چوارچێوەیەکی دروستدا جڵەوگیرکرا، حکومەت دەبێتە هێزێکی بەتوانا بۆ خۆشگوزەرانی. بەڵام کاتێک لەڕادەبەدەر فراوان دەبێت و ئەو چالاکییانە ئەنجامدەدات کە باش نیە تیایاندا، گەشەی ئابوری تێکدەدات.

کاتێک بڕیارەکان بەشیوەیەکی دیمۆکراتیانە دەدرێن، بەتایبەتی گرنگە بۆ دەنگدەران کە لە هێز و لاوازییەکانی حکومەت تێبگەن. زۆرجار، خەڵک لەلایەن مەبەستی لایەنگرانی مەسەلەیەکەوە ڕوایان پێدەهێنرێت و شکست دەهێنن لە لەبەرچاوگرتنی کاریگەرییە ناوەندییەکانی گۆڕانی سیاسەتیکارێك. کاتێک خەڵک ئومێدی ناواقیعییان هەیە، بێئومێدی شتێکی بەرپێنەگیراوە.

ئابوری تیژبینیەکی بەرچاومان پێدەبەخشێت لەبارەی چۆنێتی کارکردنی پرۆسەی سیاسیەوە. ئەم بەشە کەرەستە ئابورییەکان بەکاردەهێنێت بۆ شیکارکردنی پرۆسەی سیاسی دیمۆکراتیانە. ڕوونی دەکەینەوە کە بۆچی ئەنجامە سیاسییەکان زۆرجار جیاوازن لەوانەی کە بەڵیندرابوون. هەروەها ئەوە لەبەرچاودەگرین کە بۆجی حکومەت مەیلی فراوانبوون و ئەنجامدانی ئەو چالاکییانەی هەیە کە سەرچاوەکان بەفیڕدەدەن و ئاستی داهاتی هاووڵاتیان دادەبەزێنن. لە کۆتاییدا، کۆمەڵێک بنەمای دەستوری دیاری دەکەین کە دەتوانن بەشێوەیەکی بەردەوام حکومەت ئاراستە بکەن بەرەو ئەو چالاکییانەی کە چۆنێتی ژیانمان باشتردەکەن.

## 1.حکومەت برەو بە گەشەی ئابوری دەدات لەڕێگای پاراستنی مافەکانی تاکەکەس و دابینکردنی ئەو کاڵایانەوە کە ناتوانرێت لەڕێگای بازاڕەوە دابینبکرێن.

*حکومەتێکی دانا و دەستبەپارەوەگر کە ڕێگە لە ئازار گەیاندنی مرۆڤەکان بەیەکتر دەگرێت و بەپێچەوانەشەوە لێیاندەگەڕێت ئازادانە ڕێوشوێن دابنێن بۆ بەدەستهێنانی پیشەسازی و باشکردنیان، هەروەها نابێت ئەو نانە لە دەمی کرێکار بسەنێت کە دەستیکەوتووە. ئەمە کورتەی حکومەتی*

*باشە.*

*تۆماس جێفەرسن*

بەگشتی حکومەت لە دوو ڕێگاوە دەتوانێت هانی هاریکاری کۆمەڵایەتی بدات و خۆشگوزەرانی ئابوری هاوڵاتییەکانی زیادبکات: (1) لە ڕێگای دابینکردنی پاراستنی ژیان و ئازادییەکان و موڵکوماڵیانەوە (بەمەرجێک ئەو موڵک و ئازادییانە بەبێ بەکارهێنانی هێز، فێڵ یان دزی بەدەستهاتبن)، (2) لە ڕێگای دابنیکردنی هەندێک کاڵای هەڵبژاردەوە کە تایبەتمەندێتی ناوازەیان هەیە کە وایان لێدەکات دابینکردنیان لە ڕێگای بازاڕەوە سەخت بێت. هەڵگری خەلاتی نۆبڵ جەیمس بوکانین بەم چالاکییانەی حکومەت دەڵێت چالاکی *پارێزگاریکارانە* و *بەرهەمهێنەرانەی* حکومەت.

ئەرکی پارێزگاریکارانە بریتیە ڕاگرتنی چوارچێوەی ئاسایش و ئارامی لەلایەن حکومەتەوە، بە سەپاندنی ڕێساکان لەدژی دزیکردن و فرتوفێڵ و توندووتیژی. حکومەت بەکارهێنانی شەرعیانەی هێزی قۆرغکردوە بۆ پاراستنی هاووڵاتیان لە یەکتر و لە بێگانە. لێرەوە دەوڵەتی پارێزێزگاریکەر هەوڵدەدات ڕێگە بگرێت لە تاکەکەسەکان لە ئازار گەیاندن بەیەکتر، هەروەها هەوڵ دەدات سیستەمی رێساکان ڕابگرێت کە ڕێگە بە خەڵک دەدات بەشێوەیەکی هاوساز لەگەڵ یەکدی مامەڵەبکەن. پێکهاتەی سەرەکی و گرنگی ئەم سیستەمە پاراستنی خەڵک و موڵکەکانیان لە داگیرکەران و سەپاندنی گرێبەستەکان و پەناگرتن لە دانانی سنورداریکردن و رێسا و باجی جوداییخوازانە لەخۆدەگرێت.

کاتێک حکومەت بەباشی ئەرکی پارێزێزگاریکارانەی خۆی ئەنجام دەدات، تاکەکەسەکان دڵنیادەبن لەوەی کە فێڵیان لێناکرێت و ئەو سامانەی کۆیدەکەنەوە لێیان ناسەنرێت – چ لەلایەن داگریکەری خۆپەرستەوە بێت یان لەلایەن خودی حکومەتەوە لەڕێگای باجی بەرزەوە یان رێسارێژی زیادەڕۆییانە یان وێرانکارییەکانی هەڵئاوسان. ئەم پارێزگاریکارانە دڵنیایی دەبەخشن بە هاووڵاتیان کە ئەگەر شتێک بچێنن ئەوا ڕێگەیان دەدرێت بیدرونەوە. کاتێک ئەمە وابێت، خەڵک بەئاشکرا

دەچێنن و دەدروونەوە و گەشەی ئابوری دێتە دی.
کاتێک حکومەتێک چالاکییە پارێزگاریکارەکانی بەخراپی ئەنجام بدات، کێشە سەرهەڵدەدات. ئەگەر مافەکانی موڵکدارێتی تایبەت بەڕوونی دیارینەکرابن و نەسەپێنرابن، هەندێک لایەن سەرقاڵی کرداری زیانبەخش دەبن لەدژی لایەنی دیکە. موڵک داگیردەکەن کە هی خۆیان نییە و سەرچاوەکان بەکاردەهێنن بەبێ ئەوەی پارەکەی بدەن. کاتێک ڕێگەی خەڵک درا بۆ سەپاندنی ئەم تێچوونانە بەسەر کەسانی دیکەدا بەبێ قەرەبووکردنەوە، بازاڕ تێچوونی ڕاستەقینەی بەرهەمهێنانی کاڵاکان بەدروستی تۆمارناکات. کەواتە کاتێک کە مافەکانی موڵکدارێتی سەرچاوەکان بە خراپی دیاریکرابوون و سەپێنرابوون، سەرچاوەکان زیادەڕۆییانە بەکاردەهێنرێن و بەکەمی دەپارێزرێن. جیگەی سەرسامی نییە کە ئێمە خاوەنی پیسبوونی لەڕادەبەری ژینگە و ڕاڕەوە ئاوییەکانین، چونکە ئەم سەرچاوانە بەئاسانی خاوەندارێتی و ئاڵوگۆڕ ناکرێن وەک موڵکی تایبەت.
دووەم چالاکی سەرەکیی حکومەت، چالاکی بەرهەمهێنەرانە، بریتیە لە دابینکردنی ئەوەی ئابوریناسەکان پێی دەڵێن کاڵا گشتیەکان. کاڵای لەم جۆرە دوو تایبەتمەندێتی جیاکەرەوەیان هەیە: (1) دابینکردنیان بۆ تاکەکەسێک هاوکات فەراهەمیان دەکات بۆ کەسانی تر، (2) سەختە، ئەگەر مەحاڵ نەبێت، بەکاربردنیان سنوردار بکرێت تەنها بۆ ئەو کەسانەی پارە دەدەن. هەندێك لەو کاڵایانە بریتین لە: بەرگری نیشتمانی، پرۆژەکانی کۆنترۆڵکردنی لافاو، پرۆگرامەکانی لەناوبردنی مێشوولە - ئەمانە خاسیەتی کاڵای گشتیان هەیە.
ئێجگار سەختە بۆ بازرگانییە تایبەتەکان کاڵایەکی گشتی بەرهەمبهێنن و بخەنە بازاڕەوە. سروشتی کاڵای گشتی وایلێدەکات مەحاڵ بێت بۆ خاوەنەکەی کە پەیوەندییەکی یەک بە یەک لەنێوان پارەدان و بەکارهێنان یان سودمەندبوون لە کاڵاکە دابمەزرێنێت. ئەمەش هاندەرێکی کەم دەبەخشێت بە کڕیار بۆ کڕینی ئەو کاڵایە یان خزمەتگوزارییە. دواجار ئەگەر کەسانی تر کاڵاکە بکڕن، تۆ دەتوانیت بەکاریبەریت بەبێ ئەوەی پارەی پێبدەیت. بۆ نموونە ئەگەر کۆمپانیایەک بەربەستێک دروستبکات بۆ بەرگرتن بە لافاو، سەخت دەبێت، ئەگەر مەحاڵ نەبێت، کۆنترۆڵکردنی لافاو تەنها بۆ بەکاربەرە پارەدەرەکان دابینبکەیت و ئەوانەش بێبەش بکەیت کە پارە نادەن. پاش زانینی ئەم

سەختییە، سوودمەندە بەرچاوەکان بەگشتی ئامادەنین کۆمەکی کۆکردنەوەی خەرجی دروستکردنی پرۆژەکە بکەن. هەموو کەسێک هاندەرێکی هەیە کە بڵێت "لێگەڕێ با کابرای تر" پارەکەی بدات. بەڵام کاتێک ئەمە ڕوودەدات، لەوانەیە پرۆژەکە ئەنجام نەدرێت ئەگەرچی بەهاکەی لە تێچوونەکەی زیاترە.

لەگەڵ ئەوەشدا، لەزۆربەی حاڵەتەکاندا ئاسانە پەیوەندییەک بدۆزیتەوە لەنێوان پارەدان و بەکارهێنان یان سودمەندبوون. ئەگەر تۆ پارە نەدەیت بە چلورەیەك، ئۆتۆمبیلێک، تەلەڤزیۆنێک، دی ڤی دیەك و سەدان کەرەستەی دیکە، دابینکەرەکان بۆتی دابین ناکەن و تۆش ناتوانیت ئازادانە سوودمەند بیت لەوانەی کە خەڵکی تر پارەکەیان داون. لێرەوە تەنها چەند کاڵایەکی گشتی کەم هەن. بەڵام کاتێک سروشتی کاڵاکە وایلێدەکات کە پێکەوەگرێدانی پارەدان و بەکارهێنان یان سودمەندبوون لێی سەخت بێت، لەوانەیە هاووڵاتیان بتوانن لە کردارەکانی حکومەت سوود وەربگرن. لە جەوهەردا دابینکردنی کاڵا گشتییەکان لەلایەن حکومەتەوە هەمان ئەو شتەیە کە لە بیری ئەبراهام لینکندا بوو کاتێک وتی "ئامانجی شەرعی حکومەت بریتییە لە کردنی هەرشتێک بۆ جڤاکێك لە خەڵک کە پێویست بووە بیکەن، بەڵام بەپێی توانا جیاواز و تاکەکەسییەکانیان بەهیچ شێوەیەک نەیانتوانیوە بیکەن، یان *ناتوانن ئەوەندە بەباشی* بیکەن."

ئەمەریکیەکان پەیوەندییەکی خۆشەویستی پچڕ پچڕیان لەگەڵ حکومەتدا هەبووە. دەستوری ئەمەریکی چالاکییە سنووردارەکانی حکومەتی فیدراڵی ڕیزکردەوە، هەروەها بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەک حکومەتی تائەندازەیەکی زۆر لەناو چوارچێوەی سنوورەکانی پارێزگاریلێکردن و بەرهێنەریدا، وەک لێرەدا باسمان کردن، هێشتەوە. ئەگەرچی گرانی گەورە[1] بەڕادەیەکی زۆر ئەنجامی بەدبەڕێوەبردنی حکومەت بوو (بۆ نموونە، کەمکردنەوەیەکی بەرچاوی دابینکردنی پارە، بەرزکردنەوەیەکی زۆری گومرگەکان لەساڵی 1930دا و بەرزکردنەوەیەکی زۆری باج لە 1932دا)، ئەمانە ڕۆڵی حکومەتیان

[1] گرانی گەورەی ئەمەریکا لەساڵی 1929 لەئەنجامی داڕمانی بازاڕی بۆرسەی ئەمەریکیدا the Great Depression, دەستی پێکرد و بووە هۆی داڕمانی بازاڕی جیهانی. ئێستا لە ئەمەریکا بەڕۆژی داڕمانی بازاڕی دراو و بۆرسە دەڵێن "سێشەممەی ڕەش"، کە لەبەرواری 1929/10/29دا دەستیپێکرد و یەک دەیەی لە هەژاری، گرانی، بێکاری و داڕمانی ئابوری بەدوای خۆیدا هێنا. جێگای سەرنجە کە نەوەی ئەو ساڵانە لە کوردستان بەهەمان سەردەم دەڵێن گرانی گەورە، لەبەرئەوە پێمان باش بوو گرانی گەورە بۆ ئەو ڕووداوە ئابورییە مێژووییە هاوشێوەیەی ئەمەریکا بەکاربهێنین.

ئێجگار فراوانکرد. لە ساڵانی 1960ەکاندا ئەمەریکیەکان پێیانوابوو کە حکومەت دەتوانێت هەموو شتێک ئەنجامبدات. گواستنەوەی داهات بەڕادەیەکی زۆر هەژاری کەمدەکاتەوە، ئەگەر لەناوی نەبات. چاودێڕی تەندروستی و یارمەتی تەندروستی (دوو بەرنامەی دەوڵەتین بۆ دابینکردنی بیمەی تەندروستی بۆ هەمووان )، چاودێری تەندروستی بێبەرامبەر بۆ بەساڵاچوو و هەژاران دابینبکەن. هەروەها کورتی بودجە چالاکییە ئابورییەکان دەبووژێنێتەوە و ڕێژەی بێکاری کەمدەکاتەوە. حکومەت سنووری چالاکییە پارێزەرگاریلێکەرەکان و بەرهەمهێنەرییەکانی بەتەواوی تێپەڕاند، بەڵام ئەنجامەکان زۆر کەمتر لە بەڵێنەکان دڵخۆشکەر بوون. بەهاتنی ساڵی 1980، ناکاریگەری و کاریگەرییە لاوەکییە خراپەکانی سیاسەتەکانی 1960ەکان پەیوەندییە خۆشەویستییەکەی ساردکردەوە.

بەڵام خەڵک زوو شتیان بیر دەچێتەوە، کاتێکیش حکومەت ئەنجامی ئومێدیڕ دەخاتەوە، مەیلێك هەیە لەناو خەڵدا بۆ بڕواهێنان بەوەی هۆکاری ئەمە ئەوەیە کە کەسانی ناشایاستە لەسەر حوکمن. ئەگەر "کەسەکانی تر" هەڵبژێردران، شتەکان باشتر دەبن. پێدەچێت جارێکی تر مەیلداری بۆ حکومەت لە هەڵکشاندا بێت. ئابوریناسی شتی زۆرە بیڵێت لەسەر کاری حکومەت – لەبارەی چۆنێتی کارکردنی ڕاستەقینەی، بۆچی زۆرجار ئەنجامەکان ئومێدیڕ دەبن، هەروەها دەکرێت چی بکرێت بۆ باشترکردنی کاریگەرییەکەی. لەوەی کە پەیوەندی بە حکومەتەوە هەیە، ئابوریناسی رۆمانسیەتی ساویلکانە وەلا دەنێت و بە هیوای واقیعیانەی جێگەیان پڕ دەکاتەوە. لەوانەیە هیوا واقیعییەکان ئەوەندە نەشئەبەخش نەبن، بەڵام دەبنە مایەی تێگەیشتنی زیاتر و ئومێدیڕی کەمتر.

## 2. حکومەت کەرەستەی ڕاستکردنەوە نییە.

خەڵک مەیلێکیان هەیە بۆ بیرکردنەوە لە حکومەت، بەتایبەتی حکومەتێک کە دیموکراتیانە هەڵبژێردرابێت، وەک کەرەستەیەکی ڕاستکردنەوە. بەشێوەیەك رەفتار دەکەن وەک ئەوەی حکومەت جادوگەر بێت و لە دوا ساتدا بێت و هەموو شتەکان بە چاکەی ئێمە بخات بەلادا. ئەم دیدە هەڵەیە. حکومەتێکی دیموکراتی تەنها

میتۆدێکی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە، پرۆسەیەکە کە لە چوارچێوەیدا تاکەکەسەکان بەهاوبەشی هەڵبژاردە دەکەن و چالاکییەکانیان ئەنجام دەدەن. هیچ گەرەنتیەك نییە بۆ ئەوەی کە سیاسەتیکارێك کە زۆرینە پشتگیری دەکەن برەو بە گەشەی ئابوری دەدات. لەڕاستیدا هۆکاری زۆر هەن وامان لێبکات چاوەڕوان ئەوە بکەین کە تەنانەت حکومەتێکی هەڵبژێردراوی پەسەندیش زۆرجار ئەو سیاسەتیکارانە دەگرێتەبەر کە بوژانەوەی ئابوری تێکدەدات، ئەمەش تەنها لەو بارانەدا روندادات کە پاڵنەرە هەنووکەییەکانی زۆرینە جڵەو کرابن.

خشتەی ٣ ڕوونکردنەوەیەکی ساکاری ئەم خاڵەیە. خشتەکە بە شێوەیەکی نەخشەڕێژی ئاماژە دەکات بە تێچوونی پرۆژەیەك، وەک دروستکردنی رێگایەك یان بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی فەرمانگەیی. لەپێناو ئاسانکردنی نموونەکەدا، ئابورییەکی پێنج کەسی لەبەرچاو دەگرین. بەڵام ئەنجامەکان وەک خۆیان دەبن ئەگەر هەزاران (یان ملیۆنان) دەنگدەری وەک پێنجەکەی خشتەکە هەبن. پرۆژەکە 60 دۆلاری تێدەچێت و 50 دۆلار سوود بۆ هاووڵاتییەکان بەرهەم دەهێنێت. لەبەرئەوەی تێچوونەکە لە سوودەکە زیاترە، ئاشکرا دیارە کە پرۆژەکە بەرهەمدار نییە و بۆیە پێویستە ڕەتبکرێتەوە. بەڵام ئەگەر تێچوونەکە بەیەکسانی لەنێوان دەنگدەرەکاندا دابەشکرا (پلانی ا) و مەسەلەکە لەلایەن زۆرینەوە دەنگی لەسەر درا، پرۆژەکە ئەنجام دەدرێت. هەریەک لە کاروان، ئارام و سەروەر سوودی زیاتر لە تێچوون وەردەگرن (15 دۆلار بە بەراورد بە 12 دۆلار) و دەنگدانیان بە بەڵێ زۆرینە پێکدەهێنێت. ئەو تێچوونەی سەپێنراوە بەسەر نەریمان و ئاراس دا زۆر زیاتر دەبێت لە سوودەکەیان، بەڵام چونکە کەمینەن، هیچ شتێکیان پێناکرێت.

خشتەی ٣: تێچوون و سوودی پرۆژەیەکی گریمانەیی حکومەت

| دەنگدەر | سودی بەدەستهاتوو بە دۆلار | پلانی ا بە دۆلار | پلانی ب بە دۆلار |
|---|---|---|---|
| کاروان | 15 | 12 | 18 |
| ئارام | 15 | 12 | 18 |
| سەروەر | 15 | 12 | 18 |
| نەریمان | 3 | 12 | 3.60 |
| ئاراس | 2 | 12 | 2.40 |
| سەرجەم | 50 | 60 | 60 |

ئایا دەکرێت پرۆسەی دەنگدان چاکسازی تێدابکرێت بەشیوەیەک کە کاری حکومەت باشتر بکات؟ پلانی ب ئاماژە بۆ یەک ئەگەر دەکات. بەپێی پلانی ب، تێچوون بەپێی ئەو سوودە دیاری دەکرێت کە هەر دەنگدەرێک بەدەستیهێناوە. ئەو دەنگدەرانەی کە بەشی زیاتری سوود بەدەستدەهێنن داوایان لێدەکرێت کە بەشی زیاتری تێچوونەکە بدەن. بەم پێیەش لەبەر ئەوەی کاروان و ئارام و سەروەر هەریەک لەسەدا ٣٠ ی سوودەکە وەردەگرن (15 دۆلار لەکۆی 50 دۆلار)، پێویستە لەسەریان کە لەسەدا ٣٠ ی باجەکە بدەن بۆ پشتگیریکردنی پرۆژەکە. لەبەرامبەریشدا، نەریمان و ئاراس پێویستە یەک لەدوای یەک لەسەدا ٦ و لەسەدا ٤ی تێچوونەکە بدەن لەبەری ئەوەی ئەو پرە ڕەنگدانەوەی بەشەکانیانە لە کۆی سوودەکە. کاتێک کە تێچوون بەپێی سوودی بەدەستهاتوو دیاریکرا، هەر پێنج دەنگدەرەکە بە "نەخێر" دەنگ لەسەر پرۆژەکە دەدەن، چونکە بەشیان لە تێچوونەکە زیاترە لە بەشیان لە سوودەکەی.

ئەم خشتەکاریە ساکارە خاڵێکی ئیجگار گرنگ دەردەخات: *کاتێک دەنگدەران بەپێی سوودی بەدەستهاتوو پارەدەدەن*، هەموو دەنگدەرەکان زەرەرمەند دەبن ئەگەر کرداری حکومەت بێبەرهەم بوو و سوودمەند دەبن ئەگەر بەرهەمدار بوو.

لێرەوە، کاتێک کە سوود و تێچوونی دەنگدەران پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەبوو، زۆرینەی گەورە دژی پرۆژەی بێبەرهەم دەوەستنەوە و لەگەڵ پرۆژە بەرهەمدارەکاندا دەبن.

زۆرێک لە ئابوریناسان لەو بڕوایەدان کە پارەی باجدەران بەشێوەیەکی بەرهەمدارتر سەرف دەکرێت، ئەگەر بۆ ڕەزامەندی لەسەر خەرجییەکانی حکومەت پێویست بە دەنگی زۆرترین زۆرینە بکات، بەتایبەتی لە ئاستی حکومەتی فیدراڵیدا. پاڵپشتی زۆرترین زۆرینە، بۆ نموونە لەسەدا 80 یان 90ی دەنگدەران، بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ ئەوەی کە پرۆژەکە بەرهەمدار دەبێت. بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر زۆرترین زۆرینە بەدەست نەهات، ئەمە بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ ئەوەی کە پرۆژەکە بێبەرهەم دەبێت. بە بەراورد لەگەڵ دەنگدانی زۆرینە، مەرجی زۆرترین زۆرینە کارێکی زۆر باشتر دەکات بۆ پاڵاوتنی پرۆژە بەفیڕۆدەرەکانی حکومەت و دڵنیایی دەبەخشێت لەسەر ئەوەی کە کرداری حکومەت ڕەنگدانەوەی باشی دەبێت لەسەر خۆشنودی ئابوری

جەماوەر.
کاتێک بیر لە حکومەت دەکەینەوە، گرنگە لەبیرمان بێت کە جیاوازی بنەڕەتی هەیە لەنێوان دیموکراتی سیاسی و بازاڕدا. کاتێک حکومەتێکی دیموکراتی باج دادەنێت، ئەمە لەڕێگای زۆرەملێیەوە دەکات. کەمینەی ناڕازی ناچارن باجەکان بدەن بەدەرلەوەی ئایا ئەو کاڵایانەی کە باجەکان دابینیان دەکات وەردەگرن یان بە بەهاداری دەزانن. دەسەڵاتی باجگرتن ڕێگە بە حکومەت دەدات دەست بگرێت بەسەر موڵکی تاکەکەسدا (بۆ نموونە داهات) بەبێ ڕەزامەندی خۆیان.
هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی زۆرکارانەی هاوشێوەی ئەمە لە کەرتی تایبەتدا نییە. کۆمپانیا تایبەتەکان دەتوانن نرخی بەرز بسەنن، بەڵام ناتوانن زۆر لە هیچ کەس بکەن بۆ کڕین. بەدڵنیاییەوە پێویستە کۆمپانیا تایبەتەکان بەها ببەخشن بە کڕیارەکان ئەگەر نا ناتوانن دۆلاری بەکاربەرەکان بۆلای خۆیان ڕابکێشن. پێویستە کڕیارەکان کاڵا یان خزمەتگوزارییەکان بە بەهادارتر بزانن لە تێچوونیان، ئەگەرنا نایانکڕن. بەڵام کاتێک فەرمانگە یان دەزگا حکومییەکان لەلایەن پارەی بەزۆر سەندراوەوە (باجەکان) پارەیان بۆ دەدرێت، هیچ زەمانەتێك نییە کە ئەو کەسانەی کە کاڵا یان خزمەتگوزارییەکان بەکاردەهێنن لە تێچوونەکانیان بە بەهادارتریان دەزانن.
جیاوازییەکی دیکەی بنەڕەتی ئێجگار گرنگ هەیە: دیموکراسی سیاسی جڵەوگیرنەکراو سیستەمی حوکمی زۆرینەیە، لەکاتێکدا دیاریکردنی بازاڕ سیستەمی نوێنەرایەتیکردنی ڕێژەییە. کاتێک کە بڕیارەکان لەڕێگای حکومەتەوە دەردەچن، پێویستە کەمینە ملکەچی زۆرینە بێت و پارەی تێچوونەکان بدات، جا بۆ یاریگایەکی تۆپی پێ بێت یان بۆ هۆڵێکی مۆسیقا بێت یان بۆ بنکەی سەربازی بێت و چەندانی شتی دیکەی لەو جۆرە. لەبەراوردا، بازاڕ ڕێگە بە چەندین گروپی جیاواز دەدات "دەنگ بدەن بۆ" ئەو شتانەی کە دەیانەوێت و بەدەستیانبهێنن.
بۆ نموونە، کاتێک کە قوتابخانە لەڕیگای بازاڕەوە نەک حکومەتەوە دابیندەکرێت، هەندێک باوان رووەکەن ئەو قوتابخانانەی گرنگی دەدەن بە بەها ئاینییەکان، لەکاتێکدا هەندێکی تر عەلمانییەت هەڵدەبژێرن، لەهەمان کاتیشدا خەڵکانی دیکە ئەو قوتابخانانە هەڵدەبژێرن کە گرنگی دەدەن بە لێهاتوویە سەرەکییەکان، هەمەڕەنگی کەلتوری یان

ئامادەکاری پیشەیی. لە بازاڕدا دەکرێت هەریەک لەم خواستە جیاوازانە دابینبکرێت. پێویست ناکات کەسێک بەشێك بێت لە زۆرینە بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی کە دەیەوێت، لەوانەیە ئەمە ڕوونیبکاتەوە کە بۆچی نەتەوە کەمینەکان لەگەڵ خوێندن قەرەبوکردندان(*واتە وەرگرتنی پارەی خوێندن لە حکومەت و ناردنی وەچەکەت بۆ خوێندنگایەکی تایبەت نەك گشتی*) بەڕێژەیەکی زۆر زیاتر لەوانی دیکە. تا ئەو رادەیەی تاکەکەسەکان (یان گروپەکان) ئامادەبن پارەی تێچوونەکە بدەن، بازاڕ بەدەنگ خواستەکانیانەوە دەچێت، چەندین کەمینەش بەپێی قەبارەی کڕێنەکانیان نوێنەرایەتی دەکرێن. لەوەش زیاتر، دەکرێت بەربگیرێت بەو ململانێیانەی کە روودەدەن کاتێک کە زۆرینە ئیرادەی خۆی دەسەپێنێت بەسەر کەمینەدا.

## 3. تێچوونی حکومەت تەنها باجدان نییە.

زۆرجار سیاسەتمەداران بەشێوەیەک دەدوێن وەک ئەوەی باج تاقە پێوەری تێچوونەکانی حکومەت بێت. ئەگەرچی ئەو باجانەی دەدرێن بەشێکین لە تێچوونەکانی کردارێک یان سیاسەتیکارێکی حکومەت، بەڵام کۆی تێچوونەکە نین. تێچوونی بەرهەمێک بریتیە لەوەی کە ئێمە دەبێت دەستبەرداری ببین بۆ بەرهەمهێنانی ئەو بەرهەمە، حکومەتیش لەمە بەدەر نیە. سێ جۆر تێچوون هەن کاتێک حکومەتەکان باج دەسێنن و کاڵا و خزمەتگوزاری دابیندەکەن.

*یەکەمیان لەدەستدانی بەرهەمی کەرتی تایبەتە کە دەکرا بەو سەرچاوانە بەرهەمبهێنرێن کە ئێستا بەکاردێن بۆ بەرهەمهێنانی کاڵای دابینکراو لەلایەن حکومەتەوە.* ئەو سەرچاوانەی تەرخان دەکرێن بۆ پاراستن لەلایەن پۆلیس و شەقامە دەرەکییەکان و موشەک و پەروەردە و چاودێری تەندروستی یان هەر "پرۆژەیەکی حکومی" دیکە، بەکارهێنانی بەدیلیان هەیە. ئەگەر نەبەسترانایەتەوە بە بەکارهێنان بۆ بەرهەمهێنانی کاڵای دابینکراو لەلایەن کەرتی گشتییەوە، ئەوا ئامادە دەبوون بۆ کەرتی تایبەت. ئەگەرچی ئەم تێچوونە هەندێک جار لەلایەن باجەوە پارەی دەدرێت، بەڵام دەبێت بدرێن بەدەر لەوەی کاڵاکانی کەرتی گشتی لەلایەن باجی هەنوکەییەوە دەدرێن_یاخود بە زیادکردنی قەرزی حکومەت یاخود خولقاندنی پارەوە. تەنها لەڕێگای بچووکردنەوەی

قەبارەی کڕینەکانی حکومەتەوە دەتوانرێت کەمبکرێنەوە.
*جۆری دووەمی تێچوون بریتیە تێچوونی ئەو سەرچاوانەیە کە لە کۆکردنەوەی باجەکان و سەپاندنی فەرمانەکانی حکومەتدا سەرف دەکرێن.* پێویستە یاساکانی باج و فەرمانە ڕێساییەکان بسەپێنرێن. پێویستە گەڕاندنەوەی باج و ئاگادارکردنەوەی فەرمی بۆ پابەندبوون بە ڕێساکانیەوە ئامادە و چاودێری بکرێن. ئەو سەرچاوانەی بەکاردێن بۆ ئامادەکردن و چاودێریکردن و چەسپاندنی یاساکانی باج و ڕێکخستن، ئەو سەرچاوانە بەردەست نین بۆ بەرهەمهێنانی کاڵای کەرتی تایبەت – یان گشتی. لە ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لێکۆڵینەوەکان نیشانی دەدەن بازرگانیەکان و تاکەکەسەکان کە تەنها بۆ تەواوکردنی موعامەلاتی باجی هەر ساڵێک، 5.5 ملیار سەعاتی کاریان پێویستە (ئەو سەعاتانە کاری 2.7 ملیۆن کارمەندە کە دەوامی تەواو دەکەن لە ساڵێکدا). لەساڵی 2000دا لە ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەم تێچوونانە و تێچوونی دیکەی پابەندبوون، لەسەر ئاستی فیدراڵیدا خەمڵێنرابوو بە 495 ملیار دۆلار. موعەدلی 4،800$ بۆ هەر خێزانێک.
کاتێک کە بڕی 348 ملیار دۆلاری خەرجکراو بۆ لۆبیکردن لەپێناو و لەدژی ڕێساکان زیاد بکەین بۆ ئەو بڕە (بڕوانە پێکهاتەی 3، بەشی 2)، ژمارەی ساڵی 2000 دەگاتە 843 ملیار دۆلار، یان 8،200 دۆلار بۆ هەر خێزانێک. بۆ ئەوەی ئەو ژمارەیە بە بەراورد بە ژمارەی دیکە تەماشا بکەین، گریمان داهاتی باجی کۆکراوە لەلایەن حکومەتی فیدراڵیەوە 19،600 دۆلارە بۆ هەر خێزانێک. لێرەوە کۆی تێچوونی حکومەت بۆ هەر خێزانێک 27،800 دۆلار دەبێت – لەسەدا 70 وەک باج و لەسەدا 30 وەک تێچوونی لۆبیکردن و سەپاندنی یاسا. ئەم دابەشکردنە، ئەگەر تاڕادەیەک لەسەر هەموو ئاستەکانی حکومەتدا دروست بێت، مەغزایەکی سەرنجڕاکێشی هەیە: خەرجییەکانی حکومەت لەسەر هەموو ئاستەکان لە ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کەمێک زیاترە لە یەک لەسەر سێی تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی، بەڵام ئەگەر ئەو خەرجییە تایبەتانەی کە حکومەت پێویستی پێیانە لەگەڵدا کۆکردەوە، کۆی خەرجییەکانی حکومەت دەکاتە نیوە یان زیاتری تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی.
*سێیەم، تێچوونی شیواندنی نرخەکانیش هەیە کە لە ئەنجامی باج و قەرزکردنە دەکەوێتەوە.* باج هاندەرەکان دەشێوێنێت. کەلێنێک دەخاتە

نێوان ئەو پارەیەی کڕیارەکان دەیدەن و ئەوەی فرۆشیارەکان وەریدەگرن.(بەهۆی باجەکانەوە کڕیارەکان پارەی زیاتر دەدەن، بەڵام فرۆشیارەکان لەوە کەمتر وەردەگرن کە کڕیارەکان دەیدەن.) هەندێک ئاڵوگۆڕ کە بەپێچەوانەوە سوودبەخش دەبوون بۆ هەردوولا، دەبنە بێقازانج و ئەنجام نادرێن. دەستبەرداربوون لەم دەستکەوتە چاوەڕوانکراوانە، لەسەر ئابوری دەکەوێت. لە هەندێک باری تردا لەوانەیە باج تاکەکەسەکان چەشە بکات بۆ دانانی کاتی زیاتر بۆ خۆشنوودی یان چالاکی دەرەوەی بازاڕ، کە دیسان بەرهەم کەمدەکاتەوە. هەندێک خەڵک سەرقاڵی چالاکی پەناگر لە باج دەبن، کە تێچوونێکی دیکە بەسەر ئابوریدا دەسەپێنێت. لێکۆڵینەوە نیشانی دەدات کە ئەم زیانانە لەسەدا 9 تا 16 دەخاتە سەر تێچوونی باج سەندن، لەسەروو تێچوونەکانی سەپاندن و پابەندبوونەوە. پێویستە ئەم تێچوونانە لەبەرچاوبگیرێن کاتێك چاکەی بەرنامەکانی حکومەت شیکاردەکەین.

هاوکات گرنگە کە بزانین سیاسەتمەداران هەوڵی پەردەپۆشکردنی تێچوونی حکومەت دەدەن. وەک سەرۆکی پێشووی زۆرینەی ئەنجوومەنی پیران وتی "باج سەندن زۆر لە پەڕلێکردنەوەی قاز دەچێت. بریتییە لە هونەری بەدەستهێنانی زۆرترین ژمارەی پەڕ بە کەمترین پڕ لە فیشکەفیشکی قازەکە". سەرنجڕاکێشی سیاسی کورتهێنانی بودجە و خولقاندنی پارە و چەندین جۆری باج سەندنی ناڕاستەوخۆ، لە خواستی سیاسەتمەدارانەوە سەرچاوەیان گرتووە بۆ پەردەپۆشکردنی تێچوونی بەرنامەکانی حکومەت.

هەڵخەڵەتاندن لەبارەی باجی بازرگانییەکانەوە بەتایبەت بەربڵاوە. سیاسەتمەداران زۆرجار لەبارەی دانانی باج لەسەر "بازرگانیی" قسەدەکەن، وەک بڵێی بەشێکی باجەکە لە ئەستۆی تاکەکەسەکان دەبێتەوە و دەگوێزرێتەوە بۆ ناکەسێک (بازرگانیی). بەسانایی و بەڕوونی، باجی بازرگانیی، وەک هەموو جۆررەکانی باج، لەلایەن تاکەکەسەکانەوە دەدرێت. لەوانەیە کۆمپانیایەکی بازرگانیی چەکێکی بانکی بنووسێت بۆ حکومەت، بەڵام باجەکان نادات. کۆمپانیای بازرگانیی ئەو پارەیە لە کەسانێکی تر کۆدەکاتەوە – لە کڕیارەکانی و کارمەندەکانی یان خاوەن پشکەکانی ئەو کۆمپانیایە – و دەیگوێزێتەوە بۆ حکومەت. لەوانەیە قسەکردن لەسەر باجی "بازرگانی" دروشمێکی

سیاسی باش بێت، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە باجەکان و هەموو تێچوونەکانی دیکەی حکومەت، لەلایەن خەڵکەوە دەدرێن.

**4. ئەگەر بنەما دەستورییەکان جڵەوگیریان نەکات، گروپەکانی بەرژەوەندی تایبەت پرۆسەی سیاسی دیمۆکراتیانە بەکاردەهێنن بۆ ڕووتاندنەوەی باجدەرە و بەکاربەران.**

کاتێک سیاسەتیکاری گشتی بۆ چالاکییە دروستەکانی خۆی سنووردار دەکرێت، حکومەت دەتوانێت بە ئەندازەیەکی گەورە بەشداری بکات لە خۆشگوزەرانی ئابوریدا. بەڵام ئەمە لە حوکمی زۆرینە و هەڵبژاردنی گشتی بۆ یاسادانەران زیاتر دەخوازێت.
بەداخەوە زۆرجار ئەو بەرپرسانەی بەشێوەیەکی دیمۆکراتیانە هەڵبژێردراون، لەڕێگای پشتگیریکردنی ئەو سیاسەتانەوە سوودمەند دەبن کە لایەنگری گروپەکانی بەرژەوەندی تایبەت دەکات لەسەر حسابی خەڵک. سیاسەتیکارێك لەبەرچاوبگرە کە دەستکەوتێکی تایبەتی گەورەی هەبێت بۆ ئەندامانی گروپێکی باش ڕێکخراو (بۆ نموونە گروپێکی ئاڵووێری بازرگانی کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە پیشەسازییەکان دەکات، ئەندامانی سەندیکای کرێکاران، یان گروپێکی کێڵگەداران) لەسەر حسابی بەرژەوەندییە بەرفراوانەکانی باجدەران یان بەکاربەران. لەکاتێکدا گروپی بەرژەوەندی ڕێکخراو ئەندامی زۆر کەمتری هەیە لە کۆی ژمارەی باجدەران یان بەکاربەران، پێدەچێت لەسەر ئاستی تاکەکەسیدا دەستکەوتە تایبەتەکانیان لە یاساکەوە زیاتر بێت. لەبەراوردا، لەکاتێکدا کە چەندین باجدەر و بەکاربەر زیانیان پێگەیشتووە، ئەو تێچوونەی بەسەر هەریەکێکدا سەپێنراوە کەمە و زۆرجار سەختە سەرچاوەی تێچوونەکە دەستنیشان بکەیت.
بۆ مەسەلەی لەم جۆرە ئاسانە تێبگەین بۆچی سیاسەتمەداران زۆرجار پشتگیری گروپی بەرژەوەندی تایبەت دەکەن. چونکە بەشی تایبەتی ئەندامانی گروپی بەرژەوەندی ئێجگار زۆرە، هاندەرێکی بەهێزیان هەیە بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتی و پاڵێوراو و یاسادارێژەران ئاگادار بکەنەوە کە چەند هەستیان بەهێزە لەسەر مەسەلەکە. چەندین ئەندامی گروپی بەرژەوەندی بڕیاردەدەن لەسەر ئەوەی دەنگ

بۆ کێ بدەن و هاوکاری دارایی کێ بکەن، بەتەواوی لەسەر بنەمای هەڵویستی سیاسەتمەدار لەسەر ئەو مەسەلانەی کە گرنگی تایبەتی هەیە بۆ خۆیان. چونکە مەسەلەی بەرژەوەندی تایبەت، تەنها کەمێک کاریگەری تایبەتی دەبێت لەسەر دەنگدەرانی دیکە، زۆرێک لە دەنگدەران بێئاگادەبن لێیان و بەگشتی بایەخێکی کەمی پێدەدەن.

ئەگەر تۆ سیاسەتمەدارێک بوویت عەوداڵی کۆکردنەوەی دەنگ بیت، چی دەکەیت؟ بەئاشکرا دیارە کە لەڕێگای لایەنگری بەرژەوەندییەکانی زۆرینەیەکی بێئاگا و بێباکەوە هیچ پاڵپشتییەکی ئەوتۆ بۆ هەڵمەتەکەت بەدەست ناهێنیت. بەڵام دەتوانیت پشتگیریی زارەکی، کارمەند بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردەنەکەت و لەهەمووشی گرنگتر پشرگیریی دارایی بۆ هەڵمەتەکەت بەدەست بهێنیت، لەڕێگای لایەنگری مەسەلەیەکی بەرژەوەندی تایبەتەوە. لە سەردەمی سیاسەتی میدیادا، سیاسەتمەداران لەژێر فشارێکی بەهێزدان بۆ پشتگیری کردنی بەرژەوەندییە تایبەتەکان، پارەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەیان لێوەردەگرن و هاوکارییەکانیان بەکاردەهێنن بۆ دروستکردنی وێنەیەکی باشی پاڵێوراو لەسەر تەلەفزیۆن. ئەو سیاسەتمەدارانەی کە ئامادەنین ئەم گەمەیە بکەن – ئەوانەی کە ئامادەنین سەرمایەی حکومەت بەکاربهێنن بۆ بەخشینی لایەنگیری بە گروپی بەرژەوەندی باش ڕێکخراو لەبەرامبەر پاڵپشتی سیاسیدا – بەتەواوی زەرەرمەند دەبن. بەلەبەرچاوگرتنی ڕێساکانی ئێستا، وەك ئەوە وایە سیاسەتمەداران لەلایەن دەستێکی نادیارەوە ئاراستە بکرێن بۆ پەرچکردنەوەی بۆچوونی گروپەکانی بەرژەوەندی تایبەت، ئەگەرچی زۆرجار ئەنجامی ئەمە سیاسەتیکاری بەفیڕۆدەرە.

گرنگترین شت لەمەدا ئاشکرایە: حکومەتی هەڵبژێرردراو کە بەتەنها لەسەر بنەمای حوکمی زۆرینە بونیارنراوە، مەسەلەکانی بەرژەوەندی تایبەت بەباشی هەڵناسورێنێت. مەیلی پرۆسەی سیاسی جڵەوگیرنەکراو بۆ لایەنگیری گروپە باش ڕێکخراوەکان، هەبوونی چەندین پرۆگرامەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بەشەکان لە دەستکەوتی ئابوری کەمدەکەنەوە. بۆ نموونە حاڵەتی نزیکەی شەست هەزار جووتیاری چەوەندەری شەکر و قامیشی شەکر لە ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەبەرچاوبگرە. حکومەت ڕێژەی ڕێگریکەر بەکاردەهێنێت لەسەر هاوردەی شەکر بۆ هێشتنەوەی نرخە

ناوخۆییەکانی شەکر چەندین جار بەرزتر لە نرجی بازاڕی جیهانی. بۆ نموونە لە مانگی دووی 2004دا نرخی ناوخۆیی شەکر 20 سەنت بوو بۆ هەر پاوەندێک (نزیکەی نیو کیلۆ)، لەکاتێکدا نرخی جیهانی کەمتر بوو لە 6 سەنت بۆ هەر پاوەندێک. لە ئەنجامی ئەم پرۆگرامەدا، جووتیارانی شەکر نزیکەی 1.9 ملیار دۆلاریان دەست دەکەوێت، زیاتر لە 30،000 دۆلار بۆ هەر جووتیارێک. زۆربەی ئەم سوودانە لەلایەن جووتیاری خاوەن کێڵگەی گەورەوە چنرانەوە، کە ئەمانە داهاتیان زۆر لە سەروو تێکڕای داهاتی نیشتمانییەوەیە. لەلایەکی ترەوە، ئەم دەستکەوتانە ساڵانە 20 دۆلار لەسەر هەر خێزانێکی ئاسایی ئەمەریکی دەکەوێت، ئەمەش بەهۆی نرخی بەرزی ئەو بەرهەمانەوە کە شەکریان تێدایە. تەنانەت لەمەش گرنگتر، سەرچاوەی ئەمەریکییەکان بەفیڕۆدراوە بۆ بەرهەمهێنانی کاڵایەک کە ئێمە زۆر لەبارنین بۆ بەرهەمهێنانی، کاڵایەک کە دەکرێت لەڕێگای ئاڵوێری بازرگانییەوە بە تێچوونێکی ئێجگار کەمتر دەستبخرێت. لە ئەنجامدا ئەمەریکییەکان زەرەرمەند بوون.

سەرەڕای هەموو شتێک، کۆنگرێس بەردەوامە لە پشتگیریکردنی پرۆگرامەکە و ئاسانە بزانین بۆچی. بەلەبەرچاوگرتنی کاریگەری بەرچاوی لەسەر سامانی تایبەتیان، بەتەواوی شایانی تێگەیشتنە کە جووتیارانی شەکر، بەتایبەتی گەورەکان، سامان و دەسەڵاتی سیاسی خۆیان بەکاربهێنن بۆ یارمەتیدانی ئەو سیاسەتمەدارانەی کە پشتگیری بەرژەوەندییەکانیان دەکەن. ئەمە رێك ئەو شتەیە کە کردوویانە. لە میانەی هەڵبژاردنی 2000دا لۆبی بەرهەمهێنەرانی شەکر نزیکەی 13 ملیار دۆلاریان بەخشی بە پاڵێوراوان و کۆمیتەکانی کرداری سیاسی. لەبەراوردا، هیچ مانایەکی نییە دەنگدەرێکی ئاسایی لەم کێشەیە بکۆڵێتەوە یان قورساییەکی ئەوتۆی پێبدات لەکاتی بڕیاردانیدا لەسەر چۆنێتی دەنگدانی. لەڕاستیدا زۆربەی دەنگدەران بێئاگان لەوەی کە ئەم پرۆگرامە بۆ ئەوان پارەی تێدەچێت. لە ئەنجامدا سیاسەتمەداران دەتوانن سوودمەند بن لەڕێگای درێژەدان بە پشتگیری جوویارانی شەکر، ئەگەرچی ئەو پرۆگرامی قەرەبووی داراییە سەرچاوە بەفیڕۆ دەدات و سامانی نەتەوە کەمدەکاتەوە.

ڕووتکردنەوەی باجدەر و بەکاربەران لەپێناو بەخشینی سوود بە کۆمەڵی دیار و چالاک لەڕووی سیاسیەوە، بۆتە کاری سەرەکیی سیاسەتی مۆدێرن. باجدەر و بەکاربەران ساڵانە نزیکەی 20 ملیار دۆلار

دەدەن بۆ پشتگیری کردنی پرۆگرامی دانەوێڵە، لۆکە، تووتن، خوری و شیرەمەنی، کە هەموویان هەمان بونیادی پرۆگرامی شەکریان هەیە. هاوکات دەسەڵاتی سیاسی بەرژەوەندی تایبەت هەبوونی گومرک و پردیاریکردن بۆ پۆڵا، پێڵاو، گسک، قوماش و چەندین بەرهەمی دیکە روون دەکاتەوە. ئەو رێسایانەی دەیسەپێنن کە دەبێت نەوتی ئەلاسکا لەڕێگای پێشەسازی دەریاوانی تێچوون بەرزی ئەمەریکیەوە بگوازرێتەوە لەجیاتی گوێزەرەوەی هەرزانتری بێگانە، کاریگەری دەسەڵاتی سیاسی ئەو بازرگانییە دەردەخات، نەک کاراییە ئابورییەکەی. پرۆژەی ئاودێری کە حکومەتی فیدراڵی پارەی دەدات، مافی لەوەڕاندنی کۆمەکی دارایی کراو، قەرزی بازرگانی کۆمەکی داراییکراو، کۆمەکی دارایی بۆ فڕۆکەخانەکان (لیستەکە تابێت درێژ و درێژتر دەبێتەوە) هەموویان لەو جۆرە سیاسەتیکارانەن کە رەگیان داکوتاوە لەناو کاریگەری بەرژەوەندی تایبەتدا وەك لەوەی سودیان هەبێت بۆ هاوڵاتی ئەمەریکی. ئەگەرچی هەریەک لەم پرۆگرامانە بەتەنها بارستاییەکی بچووک لەسەر ئابوری ئێمە دروست دەکەن، بەسەریەکەوە بودجەی حکومەتی فیدراڵی نابووت دەکەن، سەرچاوە بەفیرۆ دەدەن، بەڕێژەیەکی زۆریش ئاستی گوزەرانکردن دادەبەزێنن.

داڕێژەرانی دەستوری ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەم کەموکورییەی سیاسەتی دیمۆکراتیانە ئاگاداربوون. (ئەوان بە گروپەکانی بەرژەوەندییان دەوت "تاقم و دەستە"). دەستور هەوڵیداوە کە فشاری تاقمەکان سنووردار بکات لە بەندی 1، بڕگەی 8دا، کە دەڵێت پێویستە کونگرێس باجی یەکسان بسەپێنێت بەسەرئەو پرۆگرامانەدا کە برەودەدەن بە بەرگری هاوبەش و خۆشگوزەرانی گشتی. ئەم بڕگەیە داهێنرا بۆ رێگەگرتن لە بەکارهێنانی داهاتی باجی گشتی بۆ سوود بەخشین بە گروپە بچووکەکانی دانیشتوان. بەڵام بەدرێژایی ساڵان بڕیارەکانی دادگا و یاسا دەرکراوەکانی یاسادانەران، ماناکەی شێوێندراو و لە ناوەڕۆکیان بەتاڵ کردەوە. لێرەوە، وەک ئێستا ڕاڤەی بۆ دەکرێت، دەستور چیتر تواناى نییە دەسەڵاتی سیاسی گروپە باش ڕێکخراوەکانی بەرژەوەندی تایبەت جڵەوگیر بکات.

زۆرن ئەو گرۆپانەی بەرژەوەندی تایبەت کە کاریگەری سیاسییان بەکاردەهێنن بۆ سوودوەرگرتن لەسەر حسابی کەسانی تر.

لەراستیدا، ئێستا تاڕادەیەک هەموو کەس ئەندامە لە گروپێکی بەرژەوەندیدا کە شەڕدەکات بۆ بەدەستهێنانی بەشێکی گەورەتر لە پڵاووگۆشتی ئابوری. لەوەش زیاتر، ئەو سیاسەتیکارانەی کە گروپەکانی بەرژەوەندی وا لە کۆنگرێس دەکەن بیانکەن بە یاسا، کاریگەرییان ئەوەیە کە کۆی گەشەی ئابوری وڵاتەکەمان کەمدەکەنەوە. کەواتە، تەنانەت ئەگەر گروپێک بە شێوەیەکی سیاسیانە سەرکەوتوو بێت لە بەدەستهێنانی بەشێکی زۆرتری پڵاووگۆشتەکە، لەوانەیە دواجار بەشێکی کەمی بۆ بمێنێتەوە وەک لەوەی کە ئەگەر سەرکەوتنی سیاسی لەو جۆرە بۆ هەموو کەسێک سەخت بوایە. ئاراستەکردنی ئەو هەموو هەوڵەڵانە بەرە چالاکی سیاسی بەرژەوەندی تایبەت کە تێچوونیان زۆر دەکەوێت، لەجیاتی بەرهەمداری، قەبارەی هەموو پڵاووگۆشتەکە کەمدەکاتەوە. لێرەوە، سیاسەتیکاری بەرژەوەندی تایبەت دەکرێت ببێتە مایەی ئەوەی تەنانەت بەرژەوەندییە تایبەتەکانیش کەمتریان دەسبکەوێت. پێکهاتەی 7 وردتر ئەم مەسەلەیە تاووتوێ دەکات.

## 5. ئەگەر بنەما دەستورییەکان جڵەوگیریان نەکات، یاسادارێژەران کورتهێنانی بودجە دەخولقێنن و لەڕادەبەر خەرج دەکەن.

*دەبێت مەسەلەی سەرنجڕاکێشی پارەدانی خەرجییەکان لەڕێگای قەرزەوە بۆ سیاسەتمەداران شتێکی ئاشکرا بێت. قەرزکردن ڕێگەدەدات بە ئەنجامدانی ئەو خەرجیانەی کە دەستبەجێ سوودی سیاسیان دەبێت، بەبێ زیادکردنی ڕاستەوخۆی هەر تیچوونێکی سیاسی.*

کاتێک خەرجی حکومەتێک لە داهاتی زیاتربێت، کورتهێنانی بودجەی لێدەکەوێتەوە. حکومەتەکان بەگشتی بۆندی قازانجبەخش دەردەکەن بۆ پارەدانی کورتهێنانی بودجەکانیان. ئەم بۆندانە قەرزی نیشتمانی پێکدەهێنن. کورتهێنانی بودجە قەبارەی قەرزی نیشتمانی زیاد دەکات بەپێی ڕێژەی کورتهێنانەکە. بەپێچەوانەشەوە، زیادهێنانی بودجە ڕێگە بە حکومەتی فیدراڵی دەدات کە پارەی خاوەن بۆندەکان بداتەوە، لێرەوە

قەبارەی قەرزی نیشتمانی کەمدەکاتەوە. لەبنەڕەتدا قەرزی نیشتمانی ئاماژەیە بۆ کاریگەرییە کەڵەکەبووەکانی هەموو کورتهێنان و زیادهێنانەکانی بودجە.

بەرلە 1960 تارادەیەک هەموو کەسێک – لەگەڵ سەرکردەکانی هەردوو پارتە سیاسیەکەدا – پێیانوابوو کە پێویستە حکومەت هاوسەنگی بودجەکەی ڕابگرێت، مەگەر تەنها لەکاتی جەنگدا نەبێت. ڕێککەوتنێکی نائاشکرای بەربڵاو هەبوو - کە زۆر لە ڕێسایەکی دەستوری دەچوو – کە پێویستە بودجە هاوسەنگ بێت. بەلەبەرچاوگرتنی ئەم پێشینەیە، بودجەی حکومەتی فیدراڵی بەشێوەیەکی گشتی نزیك بوو لەوەی کە هاوسەنگ بێت لە سەردەمی ئاشتیدا. تەنها لە کاتی جەنگدا نەبێت کە هەردوو کورتهێنان و زیادهێنانەکانی بودجە تا ئاەندازەیەک بچووک بوون بە بەراورد لەگەڵ قەبارەی ئابورییدا (لێرەدا باس لە ئابوری ئەمەریکا دەکات.و).

شۆڕشی کینیزی[2] هەموو ئەمانەی گۆڕی. کینیزییەکان – ئەوانەی کە دیدەکانی ئابوریناسی ئینگلیزی جۆن مەینارد_کینیزیان قبووڵە– لەو بڕوایەدابوون کە گۆڕان لە خەرجییەکانی حکومەت و کورتهێنانەکانی بودجەدا، دەتوانن یارمەتیدەربن لە برەودان بە ئابورییەکی زیاتر سەقامگیردا. پێداگری ئەوەیان دەکرد کە لەجیاتی ڕاگرتنی هاوسەنگی بودجە، پێویستە حکومەت لەکاتی چەقبەستندا کورتهێنانی بودجە پەیڕەو بکات و لەکاتی نیگەرانی لەسەر هەڵئاوسان ڕووبکاتە پەیڕەوکردنی زیادهێنانی بودجە.__ بەکورتی، شۆڕشی کینیزی بڕیاردەرانی سیاسی لەو پەیڕەوانە ئازادکرد کە لەلایەن هاوسەنگی بودجەوە بەسەریاندا سەپێنرابوو. پاش ئازادبوون لەم لەمپەرە، سیاسەتمەداران بە بەردەوامی زیاتریان خەرجدەکرد وەک لەو باجەی ئامادەبوون بیسەنن. لە ساڵانی 1960ەکانەوە، تەنها دوو ماوەی کورتی زیادهێنانی بودجە هەبووە، یەکێک لە 1969 و ئەوی دیکە لە 1999-2000.

سەرنجڕاکێشی سیاسی خەرجکردن بە بەراورد لەگەڵ باج

[2] شۆڕشی کینیزی کە هاوکات ناسراوە بە تیۆری کینیزی (یان ئابوری کینیزی) تیۆرێکی ئابوریی پێشتئەستورە بە ئایدیا ئابورییەکانی سەدەی بیستەمی ئابوریناسی بەریتانی جۆن مەینارد کینیز. بەپێی ئەم تیۆرە دەوڵەت دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە ڕاگرتنی گەشە و سەقامگیری ئابوری لە ئابورییەکی تێکەڵدا، کە لەم جۆرە ئابورییەدا هەردووک کەرتی گشتی و تایبەت ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن. ئابوری کینیزی هەوڵ دەدات چارەسەر بدۆزێتەوە بۆ شکستییەکانی لیبراڵیزمی ئابوری، کە بانگەشی ئەوە دەکات بازاڕ و کەرتی تایبەت بەبێ دەستێوەردانی دەوڵەت زۆر باش کاردەکەن. ئەم تیۆرە یەکەم جار لە کتێبی (تیۆری گشتی کار، سوود و پارە)دا شێوەی گرت.

سەنداندا، جێگەی سەرسوڕمان نییە. یاسادانەران حەزدەکەن پارە لەو پرۆگرامانەدا سەرف بکەن کە دەنگدەرەکانیان دڵخۆش دەکەن. حەزناکەن باج بسێنن، چونکە باج تێچوونێکی دیار دەسەپێنێت بەسەر دەنگدەراندا. قەرز بەدیلە بۆ باج؛ تێچوونی بەرچاوی حکومەت بەرەو داهاتوو پاڵپێوە دەنێت. کورتهێنانی بودجە (واتا قەرزکردن)، ڕێگە بە سیاسەتمەداران دەدات سوودی هەنووکەیی بۆ دەنگدەران دابینبکەن، بەبێ ئەوەی ناچاربن تێچوونێکی بەرچاوی بەراودکارانەی وەک باجی بەرزتر بسەپێنن. کورتهێنان ئەنجامی سروشتی سیاسەتی دیمۆکراتی جڵەوگیرنەکراوە. ئەگەر سیاسەتکاران لەلایەن ڕێسا دەستورییەکان یان پرواى پتەووەوە جڵەوگیرنەکرێن، ئەوا کورتهێنان بەکاردەهێنن بۆ شاردنەوەی تێچوونی پرۆگرامەکانیان لە دەنگدەران.

پرۆسەی سیاسی جڵەوگیرنەکراو بەپێی خواستی گروپە باش ڕێکخراوەکانی بەرژەوەندی کاردەکات و هانی خەرجییەکانی حکومەت دەدات بۆ سوود گەیاندنی قەبە لە کاریگەری لەسەر دەسەڵاتی سیاسی بە کەمینەیەك لەسەر حسابی زۆرینە. هەر نوێنەرێک هاندەرێکی بەهێزی هەیە بۆ هەوڵدانی سەخت بۆ خەرجیگەلێك کە سوودی بۆ دەنگدەرەکانی هەیە و هاندەرێکی کەمی هەیە بۆ بەرەنگاربونەوەی خەرجی کەسانی دیکە. لەبەراوردا، هاندەرێکی کەم هەیە بۆ بوونی یاسادانەر بە "چاودێر". ئەو یاسادانەرە ڕووبەڕووی لەعنەتی ئەو هاوکارانەی دەبێتەوە کە لایان سەختترە پرۆگرامە تایبەتەکان بۆ ناوچەکانیان دابین بکەن، هاوکات پشتگیرییەکی کەم نیشان دەدەن بۆ خەرجییەکان لە ناوچەی یاسادانەری چاودێر. لەوەش گرنگتر، سوودەکانی ئەو کەمکردنەوانەی خەرجی و نزمکردنەوەی ئەو کورتهێنانانەی بودجە کە یاسادانەری چاودێر هەوڵی بەدهێنانیان دەدات (بۆ نموونە، باجی نزم و ڕێژەی سوودی نزم) ئەوەندە بەتەنکی بەناو دەنگدەراندا دابەش دەبێت کە دەنگدەرانی ناوچەی یاسادانەرەکە تەنها بەشێکی بچووکی ئەم سوودانەیان چنگ دەکەوێت.

435 نوێنەر (ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی) و 100 سێناتۆر (ئەندامی ئەنجوومەنی پیران) هەن. بیهێنە بەرچاوت کە ئەم 535 تاکەکەسە بچن بۆ نانخواردنی ئێوارە پێکەوە لەکاتێکدا کە بزانن پاش نانخواردن هەریەکە 1 لەسەر 535ی تێچوونی ئەو نانخواردنەیان بەردەکەوێت. ئەوکات هیچ کامێکیان ناچار نابێت داوای خواردنی کەمتر

و هەرزانتر بکات چونکە ئەو رەزیلیکردنە کاریگەرییەکی کەمی دەبێت لەسەر کۆی وەسڵی گشتی نانخواردنەکە. بۆچی داوای ڕۆبیان نەکەیت بۆ کردنەوەی ئیشتیها، لەپەی گۆشت و خواردنی دەریای گرانبەها بۆ ژەمی سەرەکیی و پارچەیاکی گەورەش شیرینی؟ دواجار خەرجییە زیادەکە تەنها چەند سەنتێک دەخاتە سەر بەشی هەریەکەیان لە پارەدانی وەسڵەکە. بۆ نموونە سەرفکردنی 20 دۆلاری زیاتر بۆ ژەمێکی گرانبەها و شیرینی کە بەهای 5 دۆلار چێژی زیاترت لە خواردنەکە پێدەدات، بەشی تۆ لە وەسڵەکە تەنها بەپری کەمتر لە 0.4 دۆلار زیاددەکات. ئەمە چ قازانجێکە! بێگومان تۆش پارەی زیادەی ئەو خواردنە گرانبەهایانەی 535 کەسەکەی تر دەدەیت. بەڵام ئەمە ڕاستە بەدەر لەوەی تۆ چ خواردنێک داوا دەکەیت. ئەنجام ئەوەیە کە هەموو کەسێک پارەی ئەو زیادانە دەدات کە ئەوەندەی تێچوونەکەیان بەهای نییە.

ئایا زیادکردنی باج یارمەتیدەرە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم خواستانەی خەرجکردن؟ بەڵام رەنگە سەیر دەربکەوێت کە زۆر کەم رێگەی تێدەچێت ئەمە وابکەوێتەوە. داهاتی بەرزتری حکومەت تاڕادەیەکی زۆر ئەگەری ئەوەی هەیە ڕێگە بۆ خەرجی زیادەی حکومەت خۆش بکات زیاتر لەوەی ڕێگەی لێبگرێت. بەڵین بۆ کەمکردنەوەی خەرجی لەبەرامبەر باجی زیاتردا، بەمسۆگەری دەشکێنرێت. لەساڵی 1982دا سەرۆک ڕیگان ڕازیبوو لەسەر بەرزکردنەوەی باج کە زۆر باش بانگەشەی بۆ کرابوو، لەبەرامبەر کەمکردنەوەی خەرجیدا لەلایەن کۆنگرێسەوە. باجەکان بەرزکرانەوە، بەڵام کەمکردنەوەی خەرجییەکان بەدینەهاتن. سەرۆکی پێشوو جۆرج بوشی باوك کەوتە هەمان داوەوە بە رازیبوون لەسەر بودجە بەدناوەکەی ساڵی 1990. جارێکی تر باجەکان زیادکران و خەرجییەکانیش زیاتر بەرزبوونەوە لەوەی خرابونە ڕوو، هەروەها کورتهێنانی بودجەش فراوانتربوو. دیسانەوە لەم دواییانەدا، پاش ئەوەی ئابوری بەهێز داهاتی فیدراڵی زۆر خێراتر زیادکرد وەک لەوەی چاوەڕوان دەکرا لەساڵانی 1999 و 2000، کۆنگرێسی زۆرینە کۆماری دەستیکرد بە زەماوەندی خەرجکردن لە کۆتایی ئەو دوو ساڵە دارایییەدا.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو خواستانەی ئێستا بۆ خەرجکردن، هەندێک تەنانەت پێداگریان لەسەر ئەوە دەکرد کە لەوانەیە کەمکردنەوەی باج و

کورتهێنانی زیاتری بودجە ببنە مایەی کۆنترۆڵکردنی خەرجییە لەڕادەبەدرەکانی حکومەت. لەبارەی ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە بۆچی باکی نییە بە کاریگەری کەمکردنەوەی باج لەسەر کورتهێنانی بودجە، هەڵگری خەڵاتی نۆبڵ میلٚتن فریدمان وتی "کورتهێنان ڕێگرێکی کاریگەرە – بگرە من لەوەش دورتر دەڕۆم و دەڵێم کە تاکە ڕێگەی کاریگەرە - لەبەردەم خواستی خەرجکردنی لایەنی جێبەجێکار و یاسادانەردا" (رۆنامەی وۆڵ ستریت جێرنەڵ، 2003/01/15).

چاکسازی سیاسی پێویستە ئەگەر پڕیارە شتێک لە کورتهێنانی بودجە و خەرجی زیانبەخشدا بکەین. پێویستە ڕیساکان بگۆڕێن بۆ ئەوەی سەختتر بێت بۆ سیاسەتکاران زیاتر خەرج بکەن لەو باجەی کە دەیسێنن. چەند ڕێگایەک هەن بۆ ئەنجامدانی ئەمە.

دەکرێت دەستور هەمواربکرێت بۆ ئەوەی حکومەتی فیدراڵی وابەستە بکات کە هاوسەنگی بوجە ڕابگرێت، ئەگەرچی زۆربەی حکومەتی ویلایەتەکان وابەستەکراون کە بودجەکانیان هاوسەنگ ڕابگرن. یان هەمواركردنێکی دەستور کە دوو لەسەر سێی یان سێ لە سەر چواری دەنگی هەردوو ئەنجوومەنەکەی گونگرێس بخوازێت بۆ پەسەندکردنی پێشنیازی خەرجی و فراوانکردنی دەسەڵاتی قەرزکردنی حکومەتی فیدراڵی. یان ئاستی خەرجی ئەم ساڵ سنووردداربکرێت بەپێی ئاستی داهاتی ساڵی ڕابوردوو. پێشینازی گۆڕینی ڕێسای لەم جۆرە، خەرجکردن سەختتر دەکات بۆ یاسادانەران مەگەر لەکاتێکدا کە ئامادەبن باج بسێنن یان پارە وەربگرن بەرامبەر خزمەتگوزارییە حکومییەکان. ئەم جۆرە لە گۆڕینی ڕێساکان ڕێگرەکانی بەردەم حکومەت توند دەکات و یاسادانەران ناچار دەکات وردتر تێچوونی پرۆگرامەکانی حکومەت لەبەرچاوبگرن. ئەم باشبونەش تێچوونکاریگەری حکومەتی لێدەکەوێتەوە.

## 6. حکومەت گەشەی ئابوری خاودەکاتەوە کاتێک کە بەسەختی بەشدارە لە هەوڵداندا بۆ یارمەتیدانی هەندێک کەس لەسەر حسابی خەڵکی تر.

*ئامرازی سیاسەت (کە زۆرجار دەبێتە ئامانجەکەی) بۆ کێشانەوەی سەرچاوەکانە لە باجدەران بەگشتی بە کەمترین زویرکردن و هەروەها بۆ دابەشبکردنی دەستکەوتەکان بەسەر داواکاری بێشوماردا بەشێوەیەک کە پاڵپشتی سەر سندوقەکانی دەنگدان زیاد بکات. سیاسەت، تا ئەو جێگایەی پەیوەندی هەیە بە کۆکردنەوەی پشتگیرییەوە، بریتیە لە هونەری فێڵکردنی بەرنامەڕێژکراو، یان وردتر، چۆن فێڵبکەیت بەبێ ئەوەی بگیرێیت.*

*جەیمس شلێسینگەر*

دوو ڕێگا هەیە کە تاکەکەس دەتوانێت بەهۆیانەوە سامان پێکەوەبنێت: بەرهەمهێنان و تاڵانی. خەڵک دەتوانن سەرکەوتوو بن لەڕێگای بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەوە و ئاڵوگۆڕکردنیان بە داهات. ئەم شێوازەی بەدەستهێنانی داهات یارمەتی لایەنەکانی ئاڵوگۆڕ دەدات و سامانی کۆمەڵگا زیاد دەکات. بەڵام هەندێک جار رێساکان رێگە بە خەڵک دەدەن کە لەڕێگای "تاڵانکردن"ی بەرهەمی کەسانی دیکەوە سەربکەون. ئەم شێوازە بەتەنها لە دروستکردنی داهاتی زیادەدا شکست ناخوات – دەستکەوتی کەسێک زەرەری کەسێکی دیکەیە - بەڵکو هاوکات سەرچاوەکان بەفیڕۆدەدات و لێرەوە سامانی کۆمەڵگا کەمدەکاتەوە. حکومەت برەو بە خۆشگوزەرانی ئابوری دەدات، کاتێک هانی چالاکی بەرهەمدار بدات و تاڵانی سارد بکاتەوە. ئەو حکومەتەی وەک هێزێکی بێلایەن کاردەکات، مافەکانی موڵکداری دەپارێزێت و گرێبەستەکان دەسەپێنێت، دەتوانێت بەباشترین شێوە ئەم ئامانجە بەدیبهێنێت. کاتێک یاسا کاراکانی وڵاتێک داگیرکردنی موڵکی کەسانی تر سەخت دەکات، چەند سەرچاوەیەکی کەم تاڵان دەکرێن. لەوەش زیاتر، لەو هەلومەرجە باشەدا، ئەو سەرچاوانەشی کە بۆ پاراستن لەدژی تاڵانی بەکاردێن بەهاوشێوە کەم دەبن.

لە جیهانی مۆدێرندا، زۆرجار حکومەت خۆی دەبێتە داردەستی تاڵانکردن. قەبارەی ئەو سەرچاوانەی کە ئاراستەی لۆبیکردن، هەڵمەتی سیاسی و چەندین جۆری تری "بەدەستهێنانی پشتگیری"

حکومی دەکرێن، ڕاستەوخۆ وابەستەن بەئاستی ئاسان بەکارهێنانی پرۆسەی سیاسییەوە بۆ دەستکەوتی تایبەت (یان گروپی بەرژەوەندی) لەسەر حسابی کەسانی دیکە. کاتێک حکومەت شکست دەخوات لە دەستنیشانکردنی تێچوونی پرۆژەکانی کەرتی گشتی بۆ سوودمەندە سەرەکییەکان (بۆ نموونە لەڕێگای کرێی بەکارهێنانیەوە) یان کاتێک بەچڕی بەشداردەبێت لە چالاکی گواستنەوەی داهاتدا (پڕوانە پێکهاتەی 7)، ئەوکات خەڵک کاتی زیاتر تەرخان دەکەن بۆ لۆبیکردنی سیاسەتکاران و کاتی کەمتر بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاری. ئایا ئەو سەرچاوانەی کە دەکرا بەکاربێن بۆ پێکەوەنانی سامان و دروستکردنی داهات، بەفیڕۆ دەدرێن لە پێناوی شەرکردن لەسەر ئەوەی کێ پڵاو و گۆشتی زیاتری ئابوری بەردەکەوێت کە لە بەهاکەی کەمترە.

لەم سەردەمەی لاوازبوونی جڵەوگیریەکان بەسەر دەوڵەتدا، لە وڵاتە دەوڵەمەندەکانی باکوری ئەمەریکا و خۆرئاوای ئەوروپادا، گواستنەوەی داهات لە باجدەرانەوە بۆ گروپە باش ڕێکخراوەکان و بلۆکەکانی دەنگدان بۆتە کاری سیاسەتی مۆدێرن. سوودی بەراوردکاری بۆ ئەو سیاسەتمەدارە کە رێگەیەك بدۆزێتەوە بۆ بەدەستهێنانی داهات بەڕێگایەک کە بە کەمترین شێوە زویرکەرانە بێت و بە کەمترین شێوەش ئاشکرا بێت لەلای دەنگدەران، ئەوکات داهاتەکە بەکاربهێنێت لە خزمەتی ئەو گروپانەی کە ئامادەن زۆرترین دەنگ و بەشداری دارایی هەڵمەتی هەڵبژاردن ببەخشن لەبەرامبەر ئەو گواستەنەوەی داهاتەدا. چالاکیە بێبەرهەم و سودخوازەکان دەرهاویشتەی سروشتی دیمۆکراسیەتی جڵەوگیرنەکراون. ئەگەر جڵەوگیریە دەستورییەکانی حکومەتی دیمۆکراسی پتەو نەکرێن، سیاسەتمەداران ئەو پرۆگرامانە کارادەکەم کە سەرچاوەکان بەفیڕۆدەدەن و ئاستی گشتی گوزەرانکردن ئیفلیج دەکەن.

## 7. تێچوونی گواستنەوەی داهاتی حکومەت ئێجگار زیاترە لە دەستکەوتی سافی بۆ ئەو لایەنانەی کە مەبەست بووە سوودیان پێبگەیەنرێت.

کاتێک لەناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی رابردوودا جەنگ لەدژی

هەژارای لە ئەمەریکا ڕاگەیەندرا، بەشێوەیەکی بەرفراوان پروا وابوو کە دەکرێت هەژاری لەناوببرێت ئەگەر ئەمەریکیەکان ئامادەبن کەمێکی تر لە داهاتیان بگوێزنەوە بۆ ئەو ئەندامانەی کۆمەڵگا کە کەمێك بەدبەختترن. خەڵکەکە ئامادەبوون (یان بەلای کەمەوە نوێنەرە سیاسییەکانیان ئامادەبوون) و پرۆگرامەکانی گواستنەوەی داهات بەڕێژەیەکی زۆر بەرفراوانتر بوون. بەپێی پێوانەی *ڕێژەی کۆی داهات*، ئەو گواستنەوانەی ئاراستەی هەژاران کران (بۆ نموونە یارمەتی بۆ خێزانی خاوەن منداڵ، وەرەقەی وەرگرتنی کۆمەکی خۆراکی و کۆمەك-تەندروستی) دووقات بوون لەماوەی نێوان ساڵانی 1965-1975. لە ساڵی 1975ەوە گواستنەوەی داهات وەک بەشێک لە داهات بەردەوام لە زیادبوندابووە.

بەڵام کاریگەری گواستنەوەی داهات، جیاواز بوو لەوەی خەڵک پێشبینیاندەکرد. وەک نەخشەی 2 نیشانی دەدات، بەر لە جەنگ دژی هەژاری ئاستی هەژاری بەخێرایی لەدابەزیندا بوو. لەساڵی 1947دا ڕێژەی هەژاری لە سەدا ٣٢ بوو، لەساڵی 1965دا ئەو ڕێژەیە دابەزی بۆ لەسەدا 13.9. ئەم دابەزینە بۆ چەند ساڵێکی دیکە بەردەوام بوو، هەتا گەیشتە لەسەدا 10 لەساڵی 1968دا. بەڵام لەساڵانی کۆتایی 1960ەوە، تەنها چەند ساڵیک پاش دەستپێکردنی گواستنەوەکانی جەنگ لەدژی هەژاری، باشتربوونەکە هێواش بوەوە و لە ئاستی خۆیدا مایەوە لەبری ئەوەی زاياتر دابەزێت. لەساڵی 1970ەوە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی نزیک بە لەسەدا 10دا هەڵبەرزودابەز دەکات. لەساڵی 2002دا ڕێژەی هەژاری لەسەدا 9.6 بوو، کە زۆر جیاواز نەبوو لە ڕێژەکەی ساڵانی شەستەکان. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕێژەی داهاتی تاکەکەس بە لەبەرچاوگرتنی ڕێژەی هەڵئاوسان لە ساڵی 1965 تاڕادەیەك دوو هێندە زیادیکردوە، ئەم بەروپێش نەچوونە شتێکی سەرسوڕهێنەرە.

بۆچی گواستنەوەکانی داهات کاریگەرتر نەبوون؟ شیکارە ئابورییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ناکاریگەریان ڕەنگدانەوەی دراوێکی گشتییە: گواستنەوەی داهات بۆ گروپێک لە وەرگر بە مەبەستی باشترکردنی درێژخایەنی گوزەرانیان شتێکی سەختە. دووبارە ئەم دراوە ڕەنگدانەوەی *ئەنجامە نەخوازراوەکانی کاریگەرییە لاوەکیەکانە*.

سێ فاکتەری سەرەکیی کاریگەری گواستنەوەکانی داهات

کەمدەکەنەوە، بەدەر لەوەی ئاراستەی کێ دەکرێن.
*یەکەم، زیادکردنی گواستنەوەکانی حکومەت هاندەرەکان بۆ بەدەستهێنانی داهات لەلای هەردووک باجدەر-بەخشەر و وەرگری گواستنەوە کەمدەکاتەوە.* بەو پێیەش گەشەی ئابوری دوادەکەوێت.
داهات وەک "گەزۆی لەبەهەشتەوە باریوو نییە". نە ئەوەشە داهاتی نیشتمانی پڵاووگۆشتی ئابوری بێت کە حکومەت ئامادەیکردبێت بۆ ئەوەی گۆشت و قوبڵی گەرم بە پری جیاجیا بدرێت بە خەڵکی لە سەرانسەری وڵاتدا. بەپێچەوانەوە، داهات شتێکە کە خەڵک بەرهەمی دەهێنن و بەدەستی دەهێنن. تاکەکەس داهاتی دەستدەکەوێت لە ئەنجامی دابینکردنی کاڵا و خزمەتگوزارییەوە بۆ کەسانی دیکە کە ئامادەن پارەی پێبدەن. ئێمە دەتوانین وەک پڵاووگۆشتی ئابوری بیر لە داهاتی نیشتمانی بکەینەوە، بەڵام پڵاووگۆشتێك کە پرەکەی بە کرداری ملیۆنان کەس دیاریدەکرێت، کە هەریەکەیان بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕی بازرگانی بەکاردەهێنن بۆ بەدەستهێنانی بەشێکی بەشێکی پڵاووگۆشتەکە. مەحاڵە بتوانرێت پرێك لەو بەشەی دەستیانکەوتوە دابەشبکرێتەوە بەبێ نزمکردنەوەی هەوڵەکانی کارکردنیان و ئەو داهێنان و نەخشەکێشییانەی کە هەریەکەیان پێیهەستاون، لێرەوە پری گۆشتوپڵاوەکە کەمدەبێتەوە.
کاتێک باجەکام بەرزدەکرێنەوە بۆ پارەدانی ئاستە بەرزەکانی گواستنەوە، باجدەران هاندەری کەمتریان دەبێت بۆ قوربانیدانی پێویست بۆ بەرهەمهێنان و دەستکەوت، هاندەری زیاتریان دەبێت بۆ وەبەرهێنان لە چالاکی بەفیڕۆدەردا کە پەنای خۆدزینەوە لە باجدان دەدەن، لە هەوڵداندا بۆ دەستگرتن بەو پارەیەوە کە دەستیان دەکەوێت. هاوشێوەش، لەبەرئەوەی سوودەکانی گواستنەوە کەمدەبنەوە کاتێک داهاتی وەرگر بەرزبووەوە، وەرگریش هاندەری کەمتری دەبێت بۆ دەستکەوت. بەهۆی ئەم دابەزینانەی گواستەوەوە، کاتێک دەستکەوت زیاد دەکات، داهاتی زیادە کۆی داهات تەنها بە پرێکی کەم داهاتە زیادەکان بەرزدەکاتەوە - هەروەها لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە پرێکی زۆر کەم. لێرەوە، باجدەر و وەرگری گواستنەوەکان بەرهەم ناهێنن و ئەوەندەشیان دەست دەکەوێت کە ئەگەر ئەو پرۆگرامانەش نەبونایە هەر هێندەیان دەست دەکەوت.
بۆ بینینی کاریگەرییە خراپەکانی هەر سیاسەتێکی گواستنەوە

لەسەر هەوڵە بەرهەمهێنەکان، کاردانەوەی قوتابیان لەبەرچاوبگرە کاتێک کە مامۆستا لەسەرەتای ساڵدا رایدەگەیەنێت کە هەموو نمرە بەدەستهاتووەکان لە تاقیکردنەوەکاندا بەسەر هەموو خوێندکارەکاندا دابەشدەکاتەوە، بۆ ئەوەی هیچ کەس لە ٦٠ کەمتر وەرنەگرێت. لەسایەی ئەم پلانەدا، ئەو خوێندکارانەی کە تێکڕای 90 یان زیاتریان لە تاقیکردنەوەدا هێناوە، پێویستە بەشێکی زۆر لە نمرەکانیان لەدەست بدەن بۆ بەرزکردنەوەی تێکڕای ئەوانەی کە نمرەکانیان ٦٠ و بەرەوخوارە. بێگومان، ئەو قوتابیانەشی کە نمرەکانیان لە ٧٠ و ٨٠ دایە پێویستە هەندێک نمرە ببەخشن، ئەگەرچی ئەوەندە زۆرنا، لەپێناوی دابەشکردنی نمرەدا بەشێوەیەکی زیاتر یەکسان.

ئایا کەس گومانی هەیە لەوەی ئەو خوێندکارانەی ٩٠ یان ٨٠ دەهێنن کەمتر دەخوێنن، کاتێک کە هەوڵە زیادەکانیان "باجی لێدەگیرێت" بۆ سوود بەخشین بە کەسانی دیکە؟ هەمان شتیش بۆ ئەو خوێندکارانەی کە ٥٠ و ٤٠یان هێناوە، چونکە ئەو سزایەی ڕووبەڕووی دەبنەوە لەسەر کۆششی کەم، و نمرەکانیان بەرزدەکرێتەوە لەلایەن ئەوانەوە کە زیاتریان هێناوە و ئەگەر ئەمان خۆیان زیاتریان بهێنایە ئەوا هەو نمرە زیادانەیان لە کیس دەچوو چونکە لە کاتی نمرە کەمیدا نمرەیان وەردەگرت لەوانی دیکەوە. هەمان لۆجیک بۆ خوێندکارانی دەرنەچووش کاردەکات، ئەگەرچی لەوانەبوو لەهەر دۆخێکدا ئەوەندەیان نەخوێندایە. بەشێوەیەکی چاوەڕوانکراو ئەنجامەکە کۆششی کەمتر دەبێت و تێکڕای بەدەستهێنان دادەبەزێت. کاریگەری پرۆگرامی گواستنەوەی باج هاوشێوە دەبێت: هەوڵی کاری کەمتر و ئاستی نزمتری کۆی داهات.

*دووەم، رکابەری لەسەر گواستنەوە زۆربەی دەستکەوتە درێژخایەکانی سوودمەندە مەبەستدارەکان دەسڕیتەوە.* پێویستە حکومەت پێودانگێک داڕێژێت بۆ وەرگرتنی گواستنەوەی داهات و پیاوەتیپێوەکردنی سیاسی دیکە. ئەگەر ئەمەی نەکرد، گواستنەوەکان بودجە نابووت دەکەن. بەگشتی، حکومەت داوا دەکات کە وەرگری گواستنەوە خاوەنی شتێک بێت، شتێک ئەنجام بدات یان شتێک بێت. بەڵام کاتێک پێودانگەکان داڕێژران، خەڵک ڕەفتاری خۆیان دەگۆڕن بۆ ئەوەی پارەی بەلاش یان پشتگیری دیکەی حکومی بیانگرێتەوە. کاتێک ئەمە ئەنجام دەدەن، کۆی دەستکەوتیان لە گواستنەوەکانەوە دادەبەزێت.

بیر لەمەی خوارەوە بکەرەوە: گریمان حکومەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بڕیاریدا کە 50 دۆلار لەنێوان 9ی بەیانی تا 5ی ئێوارەی هەر ڕۆژێکی کارکردنی هەفتەدا بدات بەوانەی کە ئامادەن لە ڕیزدا بوەستن لەبەردەمی پەنجەرەکانی خەزنەداری وەزارەتی خەزێنەدا. ڕیزی درێژ دەگیرێن. بۆ ماوەی چەند؟ ئایا خەڵک ئامادەن چەند کات لە کەیفوسەفا و چالاکی بەرهەمهێنانی خۆیان بگرنەوە؟ کەسێک کە بەهای هەر کاتژمێرێکی بریتی بێت لە پێنج دۆلار، ئامادە دەبێت نزیکەی ١٠ کاتژمێر لە ڕیزدا بوەستێت بۆ وەرگرتنی 50 دۆلارەکە. بەڵام لەوانەیە زیاتر لە ١٠ کاتژمێری پێبچێت ئەگەر خەڵکی دیکەی زۆر هەبوون کە کاتەکانیان بەهایان کەمتر بوو، بابڵێین 3 یان 4 دۆلار بۆ کاتژمێرێك. هەروەها هەمووان تێدەگەن کە چاوەڕاوانیەکەیان زۆربەی بەهای 50 دۆلارە گوازراوەکەی سەرفکردوە. ئەگەر ئامانجی حکومەت ئەوەبوویێت کە وەرگری 50 دۆلارەکە دەوڵەمەندتر بکات، ئەوا شکستی خواردوە.

ئەم نموونە ساکارە نیشانی دەدات کە بۆچی سوودمەندی مەبەست لە پرۆگرامەکانی گواستنەوە یارمەتیەکی ئەوتۆیان نەدراوە. کاتێک سوودمەندەکان دەبێت شتێک ئەنجام بدەن (بۆ نموونە، وەستان لە ریزدا، پرکردنەوەی فۆرم، لۆبیکردنی بەرپرسانی حکومەت، ئەنجامدانی تاقیکردنەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی دواکەوتن یان هاوکاریکردنی هەڵمەتێکی سیاسی دیاریکراو) بۆ ئەوەی گواستنەوەکە بیانگرێتەوە، بەشێکی زۆری دەستکەوتی چاوەڕوانکراویان لەدەست دەچێت کاتێک هەوڵدەدەن پێودانگەکان بیانگرێتەوە. بەهەمانشێوەش، کاتێک سوودمەند داوای لێدەکرێت خاوەنی شتێک بێت (بۆ نموونە، زەویەک کە مێژوی چاندنی گەنمی هەبێت بۆ ئەوەی پرۆگرامی کۆمەکەکانی بەرهەمهێنانی گەنم بیگرێتەوە، یان مۆڵەتی لێخوڕینی تەکسی یان فرۆشتنی بەرهەمێك بە بێگانە) بۆ ئەوەی یارمەتییەکە بەدەستبهێنێت، خەڵک نرخی ئەو موڵکانە بەرزدەکەنەوە کە پێوستن بۆ بەدەستهێنانی یارمەتیەکە. نرخی بەرزی موڵکەکە، وەک مۆڵەتی تەکسی یان زەوی کە مێژووی چاندنی گەنمی هەبێت، های یارمەتییەکە دادەپۆشێت.

لەهەریەک لە حاڵەتەکاندا سوودمەندە چاوەڕوانکراوەکان ململانێ دەکەن بۆ ئەوەی پێودانگەکان بیانگرێتەوە تا ئەو ڕادەیەی زۆرێک لە

بەهای گواستنەوەکە لەناودەبەن. لەئەنجامدا، *داهاتی سافی* وەرگر، بەگشتی زۆر کەمتر دەبێت لە پڕی گواستراوەکە. بێگومان داهاتی سافی وەرگری پەراوێز (ئەو کەسەی کە بەئەستەم پێیوایە کە ئەوە دەهێنێت هەوڵی ئەوە بدات ئەو پێودانگانە بیگریتەوە) زۆر نزیک دەبێت لە سفر، ئەگەر یەکسان نەبێت بە سفر. ئەمە ڕوونیدەکاتەوە کە بۆچی پرۆگرامەکانی گواستنەوە بەگشتی شکستیانخواردوە لە باشترکردنی گوزرانی ئەو سوودمەندانەدا کە مەبەستبوون.

بێگومان گۆڕانی چاوەڕواننەکراو لە پرۆگرامەکانی گواستنەوەدا دەکرێت دەستکەوت یان زیانی کاتی بۆ گروپە جیاوازەکان بخولقێنێت. بەڵام کاتێک پرۆگرامێک کرایە بەشێک لە دامەزراوەیەک، ململانێ بەشێوەیەکی نائاسایی داهاتی گەورەی هەر چالاکییەک لەناودەبات کە ئەگەرەکانی کەسێک زیاددەکات بۆ ئەوەی پشتگیرییەکی حکومی بیگرێتەوە.

*هۆکاری سێیەم هەیە بۆ ناکارایی گواستنەوەکان: ئەو پرۆگرامانەی کە وەرگری چاوەڕوانکراو دەپارێزن لەو ڕکابەرانەی کە لەمیانەی بڕیاردانی نەزانانەدا دروست دەبن، هانیان دەدات بۆ هەڵبژاردەیەک کە ئەگەرەکانی ڕکابەرەکە زیاد دەکات.*

گواستنەوە دوو شت بۆ سوودمەندان ئەنجامدەدات: (1) سەختی ئەنجامەکانی نەهامەتی کەمدەکاتەوە، (2) هاندەرەی وەرگرتن کەمدەکاتەوە بە ئاراستەی هاندانیان بۆ هەوڵدانی پەناگرتن لەو نەهامەتیانە. کێشەکە سەرهەڵدەدات چونکە ئەم دوو شتە کاریگەری دژبەیەک دروست دەکەن.

بۆ نموونە، کۆمەکی دارایی حکومەت بۆ پارەی مانگانەی دڵنیایی (تآمین) لە ناوچەکانی زریاندا تێچوونی تایبەتی تاکەکەسەکان بۆ پاراستنی خۆیان لە زیانی ئابوری لە ئەنجامی زریان کەمدەکاتەوە. ئەمەش سامانیان زیاد دەکات. چونکە کۆمەکەکە خۆپاراستن بۆ ئەوان هەرزانتر دەکات، بەڵام تاکەکەسەکان هاندەدرێن بۆ خانووکردن لەو ناوچانەی کە هەڕەشەی زریانیان لەسەرە. لەئەنجامدا، ئەو زیانانەی کە بەهۆی زریانەوە دەکەونەوە گەورەتر دەبن لەوەی ئەگەر ئەو کۆمەکە نەبوایە. بیمەی بێکاری نموونەیەکی دیکەیە. ئەو سودمەندبوونە وەها لە کرێکاری بێکار دەکات کە کەمتر لەسەری بکەوێت کاتێك هەلێکی کار رەتدەکاتەوە لەچاوەڕوانی کارێکی باشتردا. بەم پێیەش کرێکارەکان

کاتی زیاتر بەسەردەبەن لە گەڕان بەدوای کاردا و لەئەنجامدا ئاستی بێکاری بەرزتر دەبێت لەوەی کە ئەگەر ئەو بیمەیەیان نەبوایە.

ئەگەر کۆمەکی دارایی شتێک بکەیت، ئەوا ئەو شتە زیاد دەکات. گواستنەوەکانی دژەهەژاری بەدەرنین لەم ڕێسا گشتییە. ئەو گواستنەوانەی ئاراستەی هەژاران دەکرێن، بێمەبەست هانی شێوازی ژیانی پڕ سەرکەشی دەدەن (بۆ نموونە، بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، وازهێنان لە خوێندن یان کارکردن، منداڵبوون لەلایەن هەرزەکاران و ژنانی شوونەکردووەوە، وەرگرتنی تەڵاق و دەستبەرداربوونی منداڵ لەلایەن باوکەوە). تاوەکی خەڵکی زیاتر ئەم ئیختیارانە هەڵبژێرن، ئاستی هەژاری بەرزدەبێتەوە. لەوانەیە ئەم کاریگەرییە لاوەکیانە لە ماوەدای کورتدا زۆر گرنگ نەبن. بەڵام لە ماوەدای دوردا، ئەنجامە خراپە بێمەبەستەکانی ئەم گۆڕانکارییانەی شێوازی ژیان و ئەو ڕەفتارانەی لێیان دەکەونەوە زۆر سەختتر دەبن.

لەوەش زیاتر گواستنەوەکانی دژەهەژاری حکومەت تەنگ هەڵدەچنێت بە هەوڵە تایبەتە خێرخوازەکانی خێزان، تاکەکەس، کەنیسەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان. ئەم بەخشەرە تایبەتانە زۆر زیاتر سروشتی کێشە ڕاستەقینەکە دەبینن، زیاتر هەستیاردەبن بەرامبەر شێوازی ژیانی سودمەندەکان و بەخشینەکانیان ئاراستەی ئەوانە دەکەن کە هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی یارمەتیدانی خۆیان بدەن. لێرەوە هەوڵی خێرخوازانەی تایبەت کاریگەرتر دەبن لەوانەی کە حکومەت ئەنجامیان دەدات. بەڵام کاتێک باج کۆدەکرێتەوە و حکومەت کاری زیاتر دەکات، ئاشکرایە کە تاکەکەس و گروپە تایبەتەکان کاری کەمتر دەکەن. کاتێک کە هەوڵی ناکارای پرۆگرامەکانی حکومەت تەنگ بە پرۆگرامە زیاتر کاریگەرە تایبەتەکان هەڵدەچنن، کێشەکە سەختتر دەبێت.

لە دیدی ئابورییەوە، شکستخواردنی پرۆگرامە جیاوازەکانی گواستنەوە، هەر لە پشتگیری نرخی بەرهەمی کێڵگەوە تا پرۆگرامەکانی دژەهەژاری، جێگەی سەرسوڕمان نین. کاتێک کاریگەرییە لاوەکیەکان لەبەرچاوگیران، ڕاڤە ئابورییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە یارمەتیدانی سوودمەندەکان لە مەودای دووردا زۆر سەختە.

## 8. پلاندانانی نێوەندی سیاسەت دەخاتە جێگەی بازاڕ، کە ئەویش سەرچاوەکان بەفیڕۆدەدات و ئابوری دوادەخات.

*پیاوی سیستەم لە بیرکردنەوەی خۆیدا پێیوایە کە زۆر دانایە. پێدەچیت وێنای ئەوە بکات کە دەتوانێت ئەندامە جیاوازەکانی کۆمەڵگایەکی گەورە ڕێکبخات بەهان ئاسانی بەدەست ڕێکخستنی داشەکانی شەترەنج. ئەوە لەبەرچاوناگرێت کە داشەکانی شەترەنج پرنسیپێکی تری جووڵەیان نییە جگە لەوەی کە دەست دەیسەپێنێت بەسەریاندا. بەڵام لە بۆردی شەترەنجی مەزنی کۆمەڵگای مرۆییدا، هەر داشێک پرنسیپێکی جووڵەی تایبەت بەخۆی هەیە، جیاواز لەوەی کە لەوانەیە یاسادانەر هەوڵبدات بیسەپێنێت بەسەریدا. ئەگەر ئەو دوو پرنسیپە تەبابن و بەیەک ئاراستەدا کاربکەن، گەمەی کۆمەڵگای مرۆیی بەئاسانی و تەبایی دەڕوات بەڕێوە، هەروەها ئەگەری زۆرە بەختەوەر و سەرکەوتوو بێت. ئەگەر دژبەیەک یان جیاوازبوون، گەمەکە بەرباد دەبێت، هەروەها کۆمەڵگا بەدرێژایی کات لە بەرزترین ئاستی بێنیزامدا دەبێت.*

*ئادەم سمیس*

وەک پێشتر باسکرا، هەندێک جار حکومەت دەتوانێت باشتر لە بازاڕ دابینکردنی کاڵای گشتی ڕێکبخات –جۆرێکی کەمی کاڵا کە سەختە بەکاربردنیان سنوورداربکرێت بۆ پارەدەران. هەروەها زۆر کەس پروایان وایە کە حکومەت دەتوانێت پیشەسازی هەڵبژێرێت ، کۆمەکی دارایی دابینبکات، وەبەرهێنان ئاراستە بکات، دامەزراوەکان بەڕێوەبەرێت، هەروەها کاڵای دیکە دابینبکات بەشێوەیەک کە گەشەی ئابوری خێراتر بکات. بەپێی ئەم دیدە، وەبەرهێنانی حکومەت و "پلاندانانی پیشەسازی" دەتوانێت ئەنجامی بازاڕ باشتر بکات.

ئەم دیدە سەرنجڕاکێشە. بەدڵنیاییەوە پلاندانان شتێکی ژیرانەیە. ئایا ئەگەری زیاتر نیە بەرپرسە هەڵبژێردراوەکان و شارەزایانی حکومەت نوێنەرایەتی "چاکەی گشتی" گەل بکەن زیاتر لە بازرگانە ئینتەرپرونێرەکان؟ ئایا بەرپرسانی حکومی "کەمتر تەماعکار" نین لە بازرگانە تایبەتەکان؟ ئەو کەسانەی کە لە پرنسیپی *دەستی نادیار* تێناگەن، زۆرجار پلاندانانی نێوەندی بەلایانەوە زیاتر جێگەی پروایە. بەڵام ئابوریناسی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەمە هەڵەیە.

چوار هۆکاری سەرەکی هەن کە تا رادەیکی زۆر دڵنیامان دەکەن لەوەی کە پلاندانانی نێوەندی زیانی زیاترە لە سوود.

*یەکەم، پلاندانانی نێوەندی سیاسەتکردن دەخاتە جێگەی بڕیارەکانی بازاڕ.* ئەوەت لەیاد نەچیت کە حکومەت ئامرازی ڕاستکردنەوە نییە. پلاندانەرە نێوەندیەکانی جیهانی ڕاستەقینە (هەروەها ئەو یاسادانەرانەی کە ئاراستەیان دەکەن) دەستەیەك پیاوچاکی خۆنەویستی غەیبزان نین. بێگومان ئیعتیباراتی سیاسی کاردەکاتە سەر ئەو کۆمەک و وەبەرهێنانانەی کە لەلایەن پلاندانەرەکانەوە تەرخاندەکرێن.

بیربکەرەوە کە ئەم پرۆسەیە چۆن کاردەکات، تەنانەت کاتێک کە بریارەکان بەشێوەیەکی دیمۆکراتیانە دەدرێن. پێویستە یاسادانەران خەرجییەکان پەسەندبکەن. چەندین بازرگانی و سەندیکای بەرژەوەنی کرێکاری لۆبی دەکەن بۆ ئەو وەبەرهێنان و کۆمەکەداراییانەی کە سوودیان پێدەگەیەنن. یاسادانەرانیش بەشێوەیەکی تایبەت بەلای ئەوانەدا بایەدەنەوە کە توانای ئەوەیان هەیە کۆمەکی دارایی هەڵبژاردن بکەن و هەروەها دەنگی دەنگدەری گرنگیان پێببەخشن. بەبەراورد لەگەڵ کۆمپانیا تازەپێگەیشتووەکاندا، بازرگانییە کۆنەکان تۆمارێکی پتەوتریان دەبێت لە بوارەکانی هاوکاری سیاسیدا، زانیاری باشتریان دەبێت لەسەر تەکنیکەکانی لۆبیکردن و پەیوەندییەکی نزیکتریان دەبێت لەگەڵ کەسایەتیە سیاسیە دەسەڵاتدارەکاندا. وەک سێناتۆری پێشوو ولیام پرۆکسمایەردەڵێت:

"پارە دەچێت بۆ ئەو شوێنەی کە دەسەڵاتی سیاسی لێیە." پرۆسەی سیاسی فەزڵی کۆمپانیا کۆنەکان، تەنانەت ئەگەر لەڕووی ئابوریشەوە بێهێزبوون، دەدات بەسەر ئەو کۆمپانیا تازانەدا کە مەبەستیان گەشەسەندنە. لەپاڵئەوەشدا، سەرۆکی کۆمیتەکان زۆرجار چەندین پرۆگرام ڕەتدەکانەوە، مەگەر یاسادانەری تر ڕازیببن پاڵپشتی ئەو پرۆژانە بکەن کە بەسوودن بۆ دەنگدەرەکانیان و ئەو گروپانەی بەرژەوەندی کە لەلایەن پەسەندن. تەنها خەیاڵپڵاوێکی نائومێد پروا بەوە دەکات کە ئەم پرۆسە بەسیاسەتکراوە ئەنجامەکەی دەبێتە مایەی بەفیڕۆدانی کەمتر و کۆکردنەوەی سامانی زیاتر و دابەشکردنی پارەی وەبەرهێنانی بەشێوەیەکی باشتر لەوەی بازاڕ دەیکات.

*دووەم، کۆمپانیا حکومییەکان هاندەری لاوازیان هەیە بۆ بەنزمی ڕاگرتنی تێچوون و داهێنانی نوێ و دابینکردنی کاریگەرانەی کاڵا.* جیاواز لە خاوەندارە تایبەتەکان، بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیاری پرۆژەکانی کەرتی گشتی سودی ئەوتۆیان پێناگات کاتێك پرۆژەکانیان کاراییان باشتر و تێچوونیان نزمتر بێت. ئاشکرا دیارە کە هەوڵدەدەن بودجەیەکی گەورەتریان هەبێت. بودجەی گەورەتر کۆمەک دابیندەکات بۆ گەشەی ڕێکخراوەکە، زیادکردنی مووچە، خەرجکردنی زیاتر لە موشتەرییەکاندا و فاکتەری دیکە کە ژیانی بەڕێوەبەرەکان ئاسانتر دەکەن. بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا حکومییەکان، تاڕادەیەکی زۆر بەبێ هەڵاوێرد، هەوڵدەدەن ڕوا بە پلاندانەرەکان بهێنن کە پرۆژەکانیان ئەو کاڵا و خزمەتگوزاریانە بەرهەمدەهێنن کە لەلای خەڵکی زۆر بەهادارن و ئەگەر پارەی زیاتریان بخرێتە بەردەست، شتی زۆر باشتر دەکەن بۆ کۆمەڵگا. لەهەمانکاتیشدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە ئەگەر پارەی تەرخانکراو بەردەوام نەبێت، خەڵک زیانیان پێدەگات و ئەنجامەکان وێرانکەر دەبن.

زۆرجار سەختە بۆ یاسادانەران و پلاندانەرانی دیکەی حکومەت بانگەشەی لەم جۆرە هەڵبسەنگێنن. هیچ شتێک نیە کە هاوشێوەی ئاستی قازانجی کەرتی تایبەت بێت کە پلاندانەران بتوانن بەکاریبهێنن بۆ پێوانەکردنی کارئەنجامی بەڕێوەبەری دامەزراوەکان. لە کەرتی تایبەتدا، ئیفلاکردن لە ئەنجامدا ناکارایی بژارە دەکات، بەڵام لە کەرتی گشتیدا، هیچ میکانیزمێکی هاوشێوە نییە بۆ کۆتاییهێنان بە پرۆگرامە شکستخواردووەکان. لەڕاستیدا زۆرجار کارکردنی خراپ و شکستخواردن لە بەدیهێنانی ئامانجەکاندا بەکاردەهێنرێت وەک پاساویك بۆ داواکردنی زیادکردنی پارەی دابینکراو لەلایەن حکومەتەوە. بەڕێوەبەرێتی پۆلیس بەرزبوونەوەی ئاستی تاوان بەکاردەهێنێت بۆ داواکردنی پارەی زیاتر بۆ هێزەکانی سەپاندنی یاسا. ئەگەر نمرەی خویندکاران لەنزمبونەوەدا بێت، بەڕێوەبەرانی قوتابخانە گشتییەکان ئەم شکستخواردنە بەکاردەهێنن بۆ داواکردنی پارەی زیاتر. بەلەبەرچاوگرتنی هاندەری بەهێزی بەڕێوەبەرانی پرۆژەکانی حکومەت بۆ فراوانترکردنی بودجەکانیان و هاندەری لاواز برەودان بە کارایی، چاوەڕوان دەکرێت کە پرۆژەکانی حکومەت تێچوونیان بەپێی دانە بەرزتربێت لە هی کۆمپانیا تایبەتە هاوشێوەکانیان.

*سێیەم، زۆر لە جێگەی خۆیایەتی کە بڵێین وەبەرهێنەرە تایبەتەکان کە سەرکەشی وەگەرخستن بە پارەی خۆیانەوە دەکەن، وەبەرهێنانی باشتر هەڵدەبژێرن لەچاو پلاندانەرانی نێوەندیدا کە پارەی باجدەران دەخەنە گەڕ.* ئەوەشت لەبیر نەچێت کە ئەو وەبەرهێنەرەی کە قازانجی دەستدەکەوێت پێویستە ئەو پرۆژانە بدۆزێتەوە و وەبەرهێنانیان تێدا بکات کە بەهای سەرچاوەکان زیاد دەکەن. ئەو وەبەرهێنەرەی هەڵە دەکات – واتە پرۆژەی وەبەرهێنانەکەی زەرەر دەکات– راستوخۆ خۆی تەحەمولی ئەنجامەکان دەکات. بەپێچەوانەشەوە کەمجار سەرکەوتن و شکستخواردنی پرۆژەکانی حکومەت کاریگەریان دەبێت لەسەر سامانی تایبەتی پلاندانەرانی حکومەت. تەنانەت ئەگەر پرۆژەیەک بەرهەمداریش بێت، ئەگەری ئەوە زۆرە کە دەستکەوتی تایبەتی پلاندانەرەکان کەم دەبێت. بەهەمانشێوەش، ئەگەر پرۆژەکە بەفیڕۆدەر بوو– ئەگەر بەهای سەرچاوەکان کەمبکاتەوە - ئەم شکستە کاریگەرییەکی نێگەتیڤی کەمی دەبێت لەسەر پلاندانەرەکان. تەنانەت لەوانەیە بتوانن دەستکەوتی تاکەکەسی بپچڕن لەو پرۆژە بەفیڕدەرانەی کە پارە و سوودمەندی دیکە ئاراستەی ئەو گروپە سیاسییە بەهێزانە دەکات کە پاڵپشتی سیاسی زیاتری بەڕێوەبەرێتییەکە دەکەن لەکاتی دانانی بودجەدا. بەلەبەرچاوگرتنی بونیادی ئەم هاندەرە، بەسانایی هیچ هۆکارێک نییە وامان لێبکات بڕوا بەوە بهێنین کە پلاندانەرە نێوەندییەکان ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت لە وەبەرهێنەرە تایبەتەکان زیاتر کار بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆژانە بکەن کە سامانی کۆمەڵگا زیاد دەکەن.

*چوارەم، مەحاڵە کە پلاندانەرانی نێوەندی بتوانن زانیاری پێویست بەدەستبهێنن بۆ خولقاندن و ڕاگرتن و تازەکردنەوەی بەردەوامی پلانێکی ژیرانە.* ئێمە لە جیهانی گۆڕانی بەردەوامدا دەژین. پێشکەوتنی تەکنەلۆجی و بەرهەمی نوێ و پشێوی سیاسی و گۆڕانی خواست و گۆڕانی کەشوهەوا ئەمانە هەموویان بەردەوام گۆڕانکاریدەکەن لە دەگمەنیبوونی کاڵا و سەرچاوەدا. هیچ دەسەڵاتێکی نێوەندی ناتوانێت مواکەبەی ئەم گۆڕانانە بکات و لەڕوی سیاسیەوە هەڵیان بسەنگێنێت و ڕێنمایی مانادار ببەخشێت بە بەڕێوەبەری دامەزراوەکان.

بازاڕەکان جیاوازن لە یەکتر. نرخەکانی بازاڕ زانیارییە

پەرتوبڵاوەکان تۆمار دەکەن و ڕێکیان دەخەن. زانیارییەکانی نرخ بەردەوام لە گۆڕانداان بۆ دەرخستنی ئەو گۆڕانانەی هەمیشە لە ئابوریدا ڕوودەدەن. نرخەکان ڕەنگدانەوەی ئەم پەرشوبڵاوییە زۆرەی زانیارین و ئاماژە دەنێرن بۆ کۆمپانیا بازرگانییەکان و دابینکەرانی سەرچاوەکان. ئەم ئاماژانەی نرخ ئەو زانیاریانە دەبەخشن بە بازرگانییەکان و خاوەن سەرچاوەکان کە پێویستن بۆ ڕێکخستنی کردارەکانیان و هاوسازکردنیان لەگەڵ هەلومەرجە نوێیەکاندا.

چەند ساڵێک لەمەوبەر بڕوایەکی بەربڵاو هەبوو کە پلاندانانی حکومی و "سیاسەتیکاری پیشەسازی" کلیلی گەشەی ئابورین. پێمان دەوترا کە ئابوری بازاڕ دۆشی داماوە: یان ئەوەتا دەبێت روبکەنە پلاندانانی حکومی زیاتر یان ڕووبەڕووی ئەنجامەکانی گەشەی سست و داکشانی ئابوری ببنەوە. ئابوریناسان پۆڵ سامۆیڵسن و لێستەر سیرۆ لە پێشڕەوانی ئەم دیدە بوون، کە باڵیکێشابوو بەسەر میدیای باو و بازنە ڕۆشنبیرییەکانی ساڵانی حەفتا هەشتاکاندا. داڕمانی سیستەمی سۆڤێت و خراپبوونی ئابوری یابانی تاڕادەیەکی زۆر بەربڵاوی ئەم دیدەیان داخوراند. بەهەرحاڵ، زۆر خەڵك هێشتاش لەو بڕوایەدان کە حکومەت دەتوانێت کەرتە جیاوازەکانی ئابوری ئاراستە بکات، وەک چاودێری تەندروستی و پەروەردە. ئەمەش دیسانەوە وەهمە.

نزیکەی دوو سەدە و نیو لەمەوبەر، ئادەم سمیس باسی لە شکستخواردنی پلاندانانی نێوەندی کردوە، بە ئەوانەشەوە کە لەمیانەی هەوڵدان بۆ پلاندانان بۆ کەرتێکی دیاریکراو دێنە ئاراوە. بۆ بەدبەختی پلاندانەران، تاکەکەسەکان عەقڵی تایبەت بەخۆیانیان هەیە، ئەوەی سمیس ناوی دەنێت "پرنسیپی جووڵە،" و کاتێکیش ڕووبەڕووی پێکهاتی هاندەرێک دەبنەوە کە هانیان دەدات بۆ کردارکردن بەشێوەیەک کە ناکۆکە لەگەڵ پلاندارە نێوەندییەکان، ئەوکاتە کێشتە سەرهەڵدەدات. دەکرێت خشتەیەکی ساکاری دوو بەدوو ئەم خاڵە ڕوونبکاتەوە. وەک خشتەی 4 دەریدەخات، دەکرێت کاڵا و خزمەتگوزاری یان لەلایەن پرۆژەی تایبەتەوە بەرهەمبێن یان لەڕیگای حکومەتەوە دابینبکرێن. دەکرێت ڕاستەوخۆ لەلایەن بەکاربەر یان لەلایەن باجدەر یان لایەنێکی سێیەمەوە پارەکەیان بدرێت. ئەمە بەو مانایە دێت کە چوار پێکهاتەی لەبار هەن بۆ بەرهەمهێنان و بەکاربردن. با ئەو هاندەرانە

لەبەرچابگرین کە هاوەڵی هەریەک لەم چوار دۆخەن و ڕاڤەی کاریگەرییەکانیان لەسەر پلاندانانی نێوەندی بکەین.

*لە پۆلی یەکەمدا کاڵاکان لەلایەن کۆمپانیا تایبەتەکانەوە بەرهەمدێن و لەلایەن بەکاربەرانەوە بەپارەی خۆیان دەکڕێن.* ئاشکرایە کە دەکرێت چاوەڕوانی بڕیاردانی ژیرانە لە بەکاربەران بکرێت، چونکە ئەگەر شکستیان خوارد لە ئەنجامدانی ئەمەدا، ئەوا کاریگەری خراپ لەسەر ئاسوودەیی تایبەتیان دروست دەبێت. بەلەبەرچاوگرتنی ئەمەش، بەرهەمهێنەرە تایبەتەکان هاندەرێکی بەهێزیان دەبێت بۆ بەدەنگەوەچوونی رای بەکاران و دابینکردنی کاڵای خواستراو بە تێچوونێکی کەم. شکستخواردن لە ئەنجامدانی ئەمەدا دەبێتە هۆی تێچوونی زیاتر و قازانجی کەمتر. لەم دۆخەدا هەردووک بەکاربەر و بەرهەمهێنەر هاندەریان دەبێت بۆ بەشداریکردن لەو کردارانەدا کە برەو دەدات بە ئاسوودەیی گشتی. وەک سمیس سەرنجی داوە، لەسایەی ئەم هەلومەرجانەدا "گەمەی کۆمەڵگای مرۆیی بەئاسانی و تەبایی دەڕوات بەڕێوە، ئەگەریش زۆرە کە بەختەوەر و سەرکەوتوو بێت."

خشتەی 4: هێڵکاری بەرهەمێنان و پارەدانی کەرتی تایبەت و حکومی

| کاڵاکان بەرهەمهاتوون لەلایەن | پارەی کاڵاکان دراون لەلایەن | |
|---|---|---|
| | بەکاربەر-کڕیار | باجدەران یاخود لایەنی سێهەم |
| دامەزراوەی تایبەت | (١) نمونە: سێو، پرتەقاڵ، تەلفزیۆن، خۆراك، خانوبەرە و چەندین بەرهەمی دیەك | (٢) نمونە: خزمەتگوزاری تەندروستی، ئازوقەی بەلاش |
| دامەزراوەی حکومی یاخود بەڵێندەرەی | (٣) نمونە: پۆستە، ئاو و کارەبا | (٤) نمونە: قوتابخانەی حکومی، بەرگری نیشتمانی |

*پۆلی (٢) نوێنەرایەتی ئەو دۆخە دەکات کە کاڵاکان بەشێوەی تایبەت بەرهەمدەهێنرێن، بەڵام لەلایەن باجدەران یان لایەنی دیکەی سێیەمەوە پارەیان دەدرێت.* دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە بەزۆری لەلایەن حکومەت

(خزمەتگوزاری تەندروستی و یارمەتی تەندروستی) دەدرێت و دڵنیایی (بیمە) نموویەکمان پێدەبەخشن لەسەر ئەم بونیادە ڕێکخراوەییە. کاتێک کەسێکی تر پارە دەدات، تاچەند بەکاربەر هاندەری دەبێت بۆ گرنگیدان بە نرخ؟ وەڵامەکەشی: "زۆر کەم". لەجیاتی دەستپێوەگرتن، زۆربەی بەکاربەران بەسانایی لەو دابینکەرانە دەکڕن کە لەو بڕوایەدان کە باشترین کاڵایان هەیە، بەبێ گوێدانە نرخەکەی. هاوکات ڕەفتاری بەرهەمهێنەرانیش کاری تێدەکرێت. لەبەرئەوەی بەکاربەران بەگشتی گوێنادەنە نرخ، بەرهەمهێنەران ناچارنابن بۆ کۆنترۆڵکردنی تێچوون و دابینکردنی خزمەتگوزاری بەنرخێکی سەرنجڕاکێش. ئاشکرا دیارە کاتێک کۆمەڵگایەک دابینکردنی کاڵا لەسەر شێوازی پۆلی 2 ڕێکدەخات، کێشە سەرهەڵدەدات. لەبەرئەوەی نە کڕیار و نە فرۆشیارهیچ هاندەرێکیان نییە بۆ دەستپێوەگرتن، نرخەکان بەخێرایی زۆر زیاتر لە کەرتەکانی دیکەی ئابوری بەرزدەبنەوە. لە ئەنجامیشدا خەرجییەکان زۆر زیاد دەکەن. ئەمە بەڕێکی ئەو شتەیە کە لە کەرتی خزمەتگوزاری تەندروستیدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕوویداوە، چونکە لە چوار دەیەی ڕابوردوودا پرۆگرامەکانی حکومەت هانی پشتبەستنی زیاتریان داوە بە دابینکردنی پارەی ئەو خزمەتگوزاریانەوە لەلایەن لایەنی سێیەمەوە.

*پۆلی 3 نوێنەرایەتی ئەو دۆخە دەکات کە بەکاربەر پارەی کاڵا یان خزمەتگوزای دەدات، بەڵام بەرهەمهێنان لەڕێگای حکومەتەوە بەڕێوەدەبرێت.* گەیاندنی پۆستی خێرا لەلایەن خزمەتگوزاری پۆستەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە و خزمەتگوزارییەکانی دابینکردنی ئاو و کارەبا لەلایەن چەندین حکومەتی خۆجێیەوە نموونەی ئەم بونیادەن. لەبەرئەوەی پارەی خۆیان سەرف دەکەن، بەکاربەران هاندەرێکی بەهێزیان دەبێت بۆ دەستپێوەگرتن و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین بەها بۆ هەر دۆلارێک لە خەرجییەکانیان لەو کەرەستانەدا کە دەکەونە ئەم پۆلەوە. لێرەوە خەرجییەکانی بەکاربەران کاریگەر دەبن. بەڵام، وەک باسمان کرد، ئەوەش دەزانین کە کۆمپانیا حکومییەکان بەگشتی کەمتر کارا دەبن بە بەراورد لەگەڵ پرۆژە تایبەتەکاندا، بەتایبەتی ئەگەر کۆمپانیا حکومییەکان زۆربەی داهاتیان لە دەسەڵاتی سیاسییەوە وەربگرن. هەروەها ئەگەری ئەوە زۆرە کە گوێدانە تێچوون کەمبێتەوە ئەگەر کۆمپانیا حکومییەکان قۆرخکاربوون –

ئەگەر لە ململانێ لەگەڵ کۆمپانیای شیاوی ڕکابەردا پارێزراوبوون. لێرەوە لەم پۆلەدا ناکارایی بەرهەمهێنان ئەگەری هەیە.

*پۆلی 4 نوێنەرایەتی ئەو دۆخە دەکات کە حکومەت لەهەمان کاتدا خزمەتگوزاریەك دابیندەکات و تێچوونکەنایشی لەڕێگای باجگرتنەوە پڕدەکاتەوە.* لەم دۆخەدا پرۆسەی سیاسی بڕیاردەدات کە چی بەرهەم بێت، چۆن بەرهەم بێت و چۆن بەسەر خەڵکدا دابەشبکرێت. لەبەرئەوەی کە دابیکەرانی کاڵاکان داهاتیان لە کڕیارانەوە دەستناکەوێت، هاندەرێکی کەمیان هەیە بۆ گرنگیدان بە بۆچوونی بەکاربەران. لەسایەی ئەم هەلومەرجانەدا بەکاربەر لە پێگەیەکی زۆر لاوازدایە بۆ سزادانی دابینکەری ناکارا یان دانانی کاریگەری ئەوتۆ لەسەر چۆنێتی و جۆری کاڵای بەرهەمهاتوو. بەرهەمهێنەران جەخت دەکەنە سەر هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پارەی زیاتر لە ئاژانسی کۆمەکبەخشەوە، کە عادەتەن باڵی یاسادانەرە، هەروەها هاندەریان بۆ کۆنترۆڵکردنی تێچوون زۆر لاوازە. ئەنجامی چاوەڕوانکراو: دروستبوونی لەیەکترازن لەنێوان کاڵای بەرهەمهاتوو و خواستەکانی بەکاربەردا، ناکارایی بەرهەمهێنان، خەرجی زۆر. لە ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا دابینکردنی پەروەردە ئاشکراترین نموونەمان پێدەبەخشێت لەسەر ڕێکخستن بەپێی پۆلی ٤. سیستەمی پەروەردەی ویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمەریکا، بە هەموو کێشە چاوەڕوانکراوەکان داڕزاوە: تێچوونی بەرز، زیادبوونی خێرای خەرجی، "بەکاربەر"ی نائاسوودە و هەستی بەربڵاوی دەستەوسانی بۆ گۆڕینی بارودۆخەکە.

هاندەرەکانی چوار پۆلەکە یارمەتیمان دەدەن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی بۆچی هەندێک فۆرمی ڕێکخستنی ئابوری باش کاردەکەن و بۆچی هەندێکی تر خراپ کاردەکەن. پۆلی 1 کەرتی بازاڕە. تیایدا بەکاربەر و بەرهەمهێنەر ئەو کردارانە ئەنجام دەدەن کە ئاسوودەیی تایبەتیان زیاد دەکات، لەهەمان کاتدا برەو بە ئاسوودەیی گشتیش دەدات. ئەو شتەی کە بۆ تاکەکەس باشە، هاوکات بۆ ئابوریش باشە. ئەمە لە سێ پۆلەکەی دیکەدا وا نیە. لەهەریەک لەو بەشانەی دیکەدا ناکۆکی هەیە لەنێوان ئەوەی باشترینە بۆ ئەو تاکەکەسەی بڕیار دەدات و ئەوەی باشترینە بۆ ئابوری. ئەم سێ پۆلە ئەو کێشەیە دەردەخەن ئەو کاتە سەرهەڵدەدات کە حکومەت لە ئاستی ڕۆڵی پارێزەری تێدەپەڕیت و دەستدەکات بە کۆمەکردنی چەندین چالاکی، پرۆژە

ئەنجام دەدات، چەندین کەرت ئاراستە دەکات و لە ئەوپەڕیشیدا، پلانی نێوەندی بۆ کۆی ئابوری دادەنێت. کرداری لەم جۆرەی حکومەت، هەمیشە هەلومەرجێک دروست دەکات کە لەسایەیدا ئەو تاکەکەسانەی دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەون، هاوکات سەرچاوەکان بەفیڕۆدەدەن، خۆشگوزەرانی نیشتمانی پێشێل دەکەن و دەبنە هۆی دابەزندنی ئاستەکانی گوزەرانکردن بۆ خوار ئەو ئاستانەی دەکرا پییان بگەن.

تۆماری پلاندانانی حکومەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەم خاڵە ڕوون دەکاتەوە. ئەو تۆمارە لێوانلێوە لە ناکۆکی و ناڕیکی ناوەکی. حکومەتی فیدراڵی لە هەمانکاتدا دەستکەوتی جوتیارانی تووتن زیاد دەکات و پروپاگەندە لەدژی جگەرەکێشان دەکات. پارە دەدات بە هەندێک جوتیار بۆ ئەوەی دانەوێڵە بەرهەم *نەهێنن*، لەهەمان کاتیشدا کۆمەکی دارایی پرۆژەی ئاودێری بۆ جوتیارانی دیکە دابیندەکات بۆ بەرهەمهێنانی هەمان جۆری دانەوێڵە. پرۆگرامەکانی حکومەت بۆ بەرهەمهێنەرانی شیرەمەنی، نرخی شیر بەبەرزی ڕادەگرێت، لەکاتێکدا حکومەت کۆمەک پێشەکەش دەکات بۆ نانخواردنی نیوەڕۆی قوتابخانەکان بۆ ئەوەی یارمەتی خەڵک بدات تا توانای کڕینی شیری گرانیان هەبێت. یاسا فیدراڵییەکان فەرمانی دانانی تاسەی پتەوتر دەدەن تاوەکو ئۆتۆمبیلەکان سەلامەتتر بن، لەکاتێکدا ستاندەردەکانی دامەزراوەی تێکڕای بەنزین کەمخۆری ئەو تاسانە تەنکتر دەکات و کەمتر سەلامەتیان دەکات. هەردوو یاساکە تێچوونی ئۆتۆمبیل بەرزدەکەنەوە و دابنیکردنی ئۆتۆمبیلی کەمبەنزینخۆر و سەلامەتتر دادەبەزێنن. حکومەتی فیدراڵی کۆمەک دەنێرێت بۆ وڵاتانی هەژار بە مەبەستی ئەوەی یارمەتیان بدات لە پێشکەوتندا، پاشان دێت سنوردارکردنی هاوردە دەسەپێنێت کە توانای ئەم وڵاتانە سنووردار دەکات بۆ یارمەتیدانی خۆیان (هەروەها ئەمەریکیەکانیش) بە دابینکردنی بەرهەمی باش و بەنرخێکی گونجاو بۆ بەکاربەرانی ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمەریکا.

ئەوانەی پێیانوایە کە پلاندانانی نێوەندی، بە پلاندانانی کەرتەکانی خزمەتگوزاری تەندروستی و پەروەردەشەوە، برەوەدەدات بە گەشەی ئابوری، هاوکات لوتبەرز و ساویلکەن. کاتێک بەرپرسانی حکومەت بڕیاردەدەن چی بکڕدرێت و چی بفرۆشرێت، یان نرخی ئەو کەرەستانە

دابنێن، یەکەم شت کە کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێت دەنگی بەرپرسە هەڵبژێردراوەکانە. کاتێک پرۆژەکان کۆمەکی زیاتر لە حکومەت و کۆمەکی کەمتر لە بەکاربەران وەردەگرن، کاتی زیاتر سەرف دەکەن بۆ هەوڵدان بۆ دانانی کاریگەری لەسەر سیاسەتکاران و کاتی کەمتر سەرف دەکەن بۆ هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی تێچوون و ئاسوودەکردنی بەکاربەر. ئاشکرایە، دانانی سیاسەت لەجێگای بازاڕ، دەبێتە هۆی داتەپینی ئابوری و بەوتەی ئادەم سمیس "، *گەمەکە بەخراپی دەڕوات بەڕێوە، هەروەها کۆمەڵگا بەدرێژایی کات لە بەرزترین ئاستی بێنیزامیدا دەبێت."*

## 9. رکابەری چەندە بۆ بازاڕ گرنگە ئەوەندەش بۆ حکومەت گرنگە

ململانێ هێزێکی دیسپلینخوازە. لەبازاڕدا، پێویستە بازرگانییەکان رکابەری بکەن بۆ بردنەوەی دڵسۆزی موشتەریەکانیان. کاتێک کۆمپانیاکان خراپ خزمەتی موشتەری دەکەن، بەگشتی بازرگانی دەدۆڕێنن بەو ڕکابەرانەی کە مامەڵەی باشتر پێشکەش دەکەن. رکابەری پارێزگاری بۆ بەکاربەران بەرامبەر نرخی بەرز و بەرهەمی خراپ و خزمەتگوزاری خراپ و/یان ڕەفتاری بەد دابیندەکات. تاڕادەیەک هەموو کەس ئەم خاڵەدا دەزانن لە کەرتی تایبەتدا. بەداخەوە، گرنگی رکابەری لە کەرتی گشتیدا بەهەمان بەربڵاوی زانراونیە (نابینرێت).

ئەو هاندەرانەی دێنە رێگەی ئاژانس و پرۆژە حکومییەکان زۆر برەودەرنین بە بەرهەمهێنانی کاریگەرانە. جیاواز لە کەرتی تایبەت، بەڕێوەبەران و سەرپەرشتیارانی کەرتی گشتی بەدەگمەن لە پێگەیەکدا دەبن کە دەستکەوتیان هەبێت لە تێچوونی نزم و کاری باشکراودا. لەڕاستیدا زۆرجار پێچەوانەی ئەمە دروستە. ئەگەر ئاژانسێک نەیتوانی بودجەی دیاریکراوی ئەم ساڵ خەرجبکات، پێگەکەی بۆ داواکردنی بودجەی گەورەتر لەساڵێ داهاتوودا لاواز دەبێت. عادەتەن ئاژانسەکان دەستدەکەن بە زەماوەندی خەرجکردن لەکۆتایی ماوەی بودجەدا، ئەگەر بۆیان دەرکەوت کە نەیانتوانیوە هەموو پارەی تەرخانکراوەی ئەو ساڵە خەرجبکەن.

لەکەرتی تایبەتدا ڕێژەی قازانج خشتەیەکی نمایشکردنی

ئاساندەستنیشانکراو دابیندەکات. لەبەرئەوەی هیچ پێوەرێکی هاوشێوە نییە بۆ نمایشی کەرتی گشتی، زۆرجار بەڕێوەبەری کۆمپانیا حکومییەکان ناکارایی ئابوری دەشارنەوە. لەکەرتی تایبەت ئیفلاسکردن دەبێتە مایەی بژارکردنی ناکارایی، بەڵام لەکەرتی گشتیدا هیچ میکانیزمێکی هاوشێوە نییە بۆ لەناوبردنی پرۆگرامە سەرنەکەوتووەکان. لەڕاستیدا، وەک لە پێکهاتەی پێشوودا باسکرا، زۆرجار نمایشی خراپ و شکستخواردن لە بەدیهێنانی ئامانجەکاندا، وەک ئارگومێنت بەکاردەهێنرێن بۆ زیادکردنی کۆمەک لەکەرتی گشتیدا، وەک ئەو کاتەی کە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس بەرزبوونەوەی ئاستی تاوان بەکاردەهێنێت بۆ پێداگرتن لەسەر کۆمەکی زیاتر بۆ سەپاندنی یاسا.

بەلەبەرچاوگرتنی هاندەرەکانی کەرتی تایبەت، ئێجگار گرنگە پرۆژەکانی حکومەت ڕووبەڕووی رکابەری ببنەوە. پێویستە ڕێگەبدرێت بە کۆمپانیا تایبەتەکان بۆ ململانێکردن لەسەر زەمینەیەکی یەکسان لەگەڵ ئاژانس و پرۆژە حکومییەکاندا. کاتێک حکومەت بەشی چاککردنەوەی مەکینە، چاپخانە، خزمەتگوزاری خواردەمەنی، خزمەتگوزاری کۆکردنەوەی زبڵ، بەشی چاککردنی شەقام، قوتابخانە و ئاژانسی هاوشێوە بەڕێوە دەبات، دەکرێت دەرفەتی یەکسان بدرێت بە کۆمپانیا تایبەتەکان بۆ رکابەریکردن لەگەڵ پرۆژە گشتییەکاندا. بۆ نموونە، ئۆفیسی بەڕێوەبردن و بودجەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بڕیاریدا بزانێت ئایا چاپخانە تایبەتەکان دەتوانن بودجەی فیدراڵیێ ساڵی 2004 چاپبکەن. لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەدا لەگەڵ رکابەری، ئۆفیسی چاپی حکومەت بۆی دەرکەوت کە دەتوانێت نرخەکانی بەڕێژەی لەسەدا 23 دابشکێنێت. لەڕێگای ئەنجامدانی ئەمەوە کارەکە هێڵرایەوە. هەواڵنامەی مانگانەی دامەزراوەی سیاسەتی گشتی عەقڵانی بۆ *چاودێری بەتایبەتکردن*، ئەم دۆخەی لە ژمارەی شوباتی 2003دا دۆکیومێنت کردبوو، هەروەها مانگانەی وردەکاری دۆخی هاوشێوەی دیکە لە هەموو ئاستەکانی حکومەتدا بڵاودەکاتەوە. رکابەری نمیاش باشتر دەکات، تێچوون کەمدەکاتەوە و برەودەدات بە ڕەفتاری داهێنەرانە لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا. لەئەنجامدا باجدەران لەبەرامبەر پارەکانیاندا زیاتریان دەستدەکەوێت.

رکابەری لەناو یەکە حکومییە لامەرکەزییەکاندا – ویلایەت و حکومەتە خۆجێیەکان – هاوکات یارمەتیدەرە لە برەودانا بە گەشەی

ئابوری. حکومتێک ناتوانێت سەکوتکەر بێت، کاتێک هاوڵاتیان بەئاسانی بتوانن "هەڵبژاردەی دەرچوون" هەڵبژێرن و بگوێزنەوە بۆ شوێنێک کە ئاستێک خزمەتگوزاری حکومی تێدابێت و باجەکان نزیک بن لە حەزی ئەوانەوە. بێگومان دوورکەوتنەوە لە حکومەتەکەت ئەوەندەی دورکەوتنەوە لە بەقاڵەکەت ئاسان نییە! بەڵام لە هەلومەرجی لامەرکەزیدا خەڵکی دەتوانن بە پێی خۆیان دەنگ بدەن (*واتە باربکەن لەکاتێکدا کە بارودۆخەکەیان بەدڵ نەبێت*.و).

ئەگەر ئەرکی حکومەتی نێوەندی بەتووندی سنووردارکرابێت بۆ پاراستنی مافە تاکەکەسییەکان، قەدەغەکردنی ڕێگری لەسەر ئاڵوگۆڕی بازرگانی و دابینکردنی بەرگری نیشتمانی، ئەوا دەکرێت ویلایەت و حکومەتە خۆجێیەکان زۆر جیاواز دەبن لەبارەی رادەی سەندنی باجەوە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریە دەوڵەتیەکان، بەهامان شێوەی جیاوازبوونی خەڵك لە خەرجکردنی پارە بۆ خانووبەرە یان ئۆتۆمبیل. هەندێک ئاستێکی بەرزتری خزمەتگوزاری حکومییان پێباشە و ئامادەن باجی زیاتر بدەن بۆیان. هیتر باجی نزمتر و خزمەتگوزاری حکومی کەمتریان پێباشە. هەندێک دەیانەوێت پارەی خزمەتگوزارییە حکومییەکان لەباج بدرێت، لەکاتێکدا هەندێکی تر پێیاباشە زیاتر پشت ببەسترێت بە پارەوەرگرتن لەسەر بنەمای بەکارهێنان. سیستەمێکی لامەرکەزی دەتوانێت هەموو ئەم دیدە جیاوازانە جێبکاتەوە و ڕازییان بکات.

رکابەری لەنێوان حکومەتە خۆجێیەکاندا بەهامان شێوە یارمەتیدەرە بۆ برەودان بە کارایی ئیدارەی دەوڵەتدا. ئەگەر حکومەتێک باجێکی زۆری گرت بەبێ ئەوەی ئاستێکی هاوشێوە لە خزمەتگوزاری پێشکەش بکات، ئەو تاکەکەس و بازرگانییانەی کە بنکەی باجەکەی پێکدەهێنن کاردانەوەیان دەبێت و ناوچەی دەسەڵاتی ئەو ویلایەتە بەجێدەهێڵن. هەندێک کەسە هەر لە بنەڕەتەوە نایەتە ئەو ویلایەتە. لێرەوە، وەک کۆمپانیا بازرگانییەکان لە بازاڕدا، ئەو حکومەتە خۆجێیانەی شکست دەخۆن لە خزمەتکردنی هاوڵاتییەکانیاندا ئەوا موشتەری (واتە دانیشتوانەکەی) و داهات لەدەستدەدەن. پێویست ناکات هەموو خەڵک، یان تەنانەت زۆرینەی خەڵک، ناوچەی دەسەڵاتی حکومەتێک بەجێبهێڵن بۆ ئەوەی سەرنجی سیاسەتکاران و بەرپرسانی حکومی ڕابکێشن. دابەزینی بنکەی باج کاتێک چەند کۆمپانیایەک ڕەو دەکەن،

یان کاتێک ژمارەی خەڵکانی هاتوو لەدابەزیندایە، هەستی پێدەکرێت لەلایەن ئەوانەوە کە بۆ مووچەکانیان و کۆمەککردنی ئەو پرۆگرامانەی بەڕێوەی دەبەن پشت بە باج دەبەستن.

ئەگەر رکابەری لەناو حکومەتە لامەرکەزییەکاندا خزمەت بە بەرژەوەندی هاوڵاتیان دەکات، پێویستە لەلایەن سیاسەتەکانی حکومەتی نێوەندییەوە پەکنەخرێت. کاتێک حکومەتی نێوەندی کۆمەک دەکات، فەرمان دەردەکات و یاسا دادەنێت بۆ کۆی ئەو خزمەتگوزارییانەی لەلایەن حکومەتە خۆجێیەکانەوە پێشکەش دەکرێن، پرۆسەی رکابەری نێوانیان دەشێوێنێت. باشترین شت کە حکومەتی نێوەندی دەتوانێت بیکات، ئەنجامدانی چالاکییە سنووردارەکانیەتی بەباشی و بێلایەن بێت لە بەڕێوەبردن و ئاستی خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی ولایەتەکان و هەرێم و حکومەتە خۆجێیەکان.

وەک پرۆژە تایبەتەکان، یەکە حکومییەکانیش خوازیاری پاراستنن لە ڕکابەر. خولیایەکیش هەیە لای حکومەت بۆ بەدەستهێنانی پێگەی قۆرخکاری. لێرەوە ململانێ لەنێوان حکومەتەکاندا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی گەشە ناکات. پێویستە بخرێتە نێو بونیادی سیاسەییەوە. ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە دامەزرێنەرانی ئەمەریکا هەوڵیان دەدا ئەنجامی بدەن کاتێک کە دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایان داڕشت و سیستەمی فیدراڵیان دامەزراند.

## 10. ئەو رێسا دەستوورییانەی کە پرۆسەی سیاسی و ئابوری درست پێکەوە دەسازێنن، برەو بە گەشەی ئابوری دەدەن.

*وانەی هەردیاری ئەم سەردەمە ئەوەیە کە هیچ سنوورێک نییە بۆ توانای مرۆڤ بۆ حوکمکردنی ئەوانی تر و لێرەوە نابێت هیچ سنوورێک بسەپێنرێت بەسەر حکومەتدا. بڕوا کۆکەنە، کە لە ئەنجامی چەندین سەردەم لە چەوسانەوەی مرۆڤ بەدەسی مرۆڤەوە هاتبوە ئاراوە، بریتی بوو لەوەی کە نمایشکردنی دەسەڵاتی بێسنوور لەلایەن مرۆڤەوە کە خاوەنی عەقڵی سنووردار و پێشداوەری خۆبەزلزانانەن، پاش ماوەیەک گۆڕا بۆ ستەمکارانە، پەرچەکردارانە و گەندەڵ... لەوانەیە پێویست بکات مرۆڤ بە تەنگژەی ساماناکدا تێپەڕێت بەرلەوەی دووبارە ئەو ڕاستییە نێوەندییانە بدۆزنەوە کە لەبیری کردون.*

*بەڵام دووبارە دەیاندۆزنەوە وەک ئەوەی زۆرجار لەسەردەمەکانی کاردانەوەدا دووبارە دۆزیویاننەتەوە، ئەگەر بێتو ئەو ئایدیایانەی کە بەلاڕییدابردوون بخرێنە بەر سەنگی مەحەکەم و بەرنگاری بکرێن.*
*واڵتەر لیپمان*

هەڵەی ڕۆشنبیری سەردەمەکەمان بریتیە لەو دیدەی کە پێیوایە هەڵبژاردنە دیمۆکراتییەکان بەتەنها ژینگەیەک دادەمەزرێنن کە برەو بە گەشەی ئابوری دەدات. هەریەك لە مێژوو و تیۆری سیاسی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەم دیدە هەڵەیە. ئەگەر واڕیارە حکومەت هێزێکی پۆزەتیف بێت بۆ خۆشگوزەرانی ئابوری، پێویستە ڕێساکانی گەمەی سیاسی بەشێوەیەک داڕێژرێن کە هاوسازی دروستبکەن لەنێوان خۆدبەرژەوەندی دەنگدەران و سیاسەتمەداران و بیرۆکراتەکاندا لەلایەك و گەشەی ئابوری لەلایەکی دیکە. ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کە چوارچێوەی دەسەڵاتی حکومەت سنووردار بێت و حکومەت بێلایەن بمێنێتەوە لەنێو نیمچەگروپەکانی هاوڵاتیاندا.

کاتێک حکومەت جڵەوگیر نەکرابوو – کاتێک هەموو شتێک لەناو پرۆسەی سیاسیدا ئامادەیە بۆ چنینەوە - چالاکی دابەشکارانە و ڕووتاندنەوە سەرهەڵدەدات. تاکەکەسەکان کاتی زیاتر تەرخان دەکەن بۆ خۆڕێکخستن و شەڕکردن لەسەر پڵاو و گۆشتی ئابوری و کاتی کەمتر تەرخان دەکەن بۆ بەرهەمهێنانی "پڵاووگۆشت." لەئەنجامدا، بەرهەم کەمتر دەبێت لەوەی کە بەپێچەوانەوە دەبوو. دوژمانیەتی، بێمتمانەیی و تەنانەت ڕق لەنێوان تاقمەکاندا دروست دەبێت، لەکاتێکدا کە بەرهەمهێنان دادەتەپێت. ژیان لە ئابوریەکی تەواو بەسیاسەتکراودا دیمەنێکی سەرنجڕاکێش نییە.

داڕێژەرانی دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەم خاڵە ئاشنابوون و لەئەنجامدا ڕێگرییان دانا لەسەر ڕۆڵی ئابوری حکومەت. دەسەڵاتە داراییەکانی حکومەتی نێوەندییان بە ژمارە دیاریکردوە (ماددەی 1، بڕگەی 8) و دەسەڵاتەکانی دیکەیان بەخشیوە بە ویلایەتەکان و گەل (هەموارکردنی دەیەم (بەشێك لە دەستوری نوێیّ ئەمەریکا)). هاوکات لە ویلایەتەکانیان قەدەغە کرد کە ڕێساگەلێك داڕێژن کە "وابەستەییکانی گرێبەست پەکدەخەن" (ماددەی 1، بڕگەی 10). لەوەش زیاتر، هەموارکردنی پێنجەم ئەوە دیاریدەکات کە نابێت

موڵکی تایبەت "بۆ بەکارهێنانی گشتی دەستی بەسەردا بگیرێت بەبێ قەرەبووی دادوەرانە." ئاشکرایە کە دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵیداوە توانای حکومەت، بەتایبەتی حکومەتی فیدراڵی، بۆ بەسیاسەتکردنی ئابوری و پێشێلکردنی مافەکانی هاوڵاتیان سنووردارېکات.

بەڵام بەتێپەڕبوونی کات جڵەوگیریە ئابورییەکان داخوران.

ئێستا حکومەتی فیدراڵی تائەندازەیەک لە هەموو شتێکدا بەشدارە. ئەمڕۆ مەحاڵە چالاکییەکی ئابوری هەبێت کە حکومەتی فیدراڵی ئەنجامیبدات و دادگا بڕیاری نادەستوریبوونی بدات. ئێستا کاریگەرییە ناوەندییەکانی ئەم بونیادە بەسیاسەتکراوە ئاشکران: باجی بەرز، ڕیسای لەڕادەبەدەر، خەرجی و گواستنەوەی بەرژەوەندییە تایبەتەکان و کورتهێنانی گەورەی بودجە. ئەو ئەرکە سەختەی لەڕێمانە ئەوەیە دەبێت پشتگیری ڕێسا و ڕێوشوێنە دەستورییەکان بکەین، بە تێگەیشتن و هاوکاری پێویست بۆ گێڕانەوەی پرۆسەی سیاسی بۆ هاوسازبووب لەگەڵ گەشەی ئابوریدا. لەوەش زیاتر، لەبەرچاوگرتنی هەندێک ڕێگری دەستووری زیاتر لەسەر حکومەت شتێکی بەهادارە.

پرۆگرامێکی عەمەلی بۆ خۆشگوزەرانی

ئەمە چۆن بەدیدێت؟ پێویستە دەستورێک کە داڕێژراوە بۆ برەودان بە خۆشگوزەرانی ئابوری و سەقامگیری کام ڕێوشوێن لەخۆبگرێت؟ ڕاستەوخۆ چەند پێشنیارێک لە ڕاڤەکردنەکەی ئێمەوە گەڵاڵە ببێت. لەناوکۆیی ئەمەریکیدا، ئێمە لەو بڕوایەداین کە ئەم حەوت ڕێوشوێنەی خوارەوە، دەتوانن ناوەڕۆکی یاسای مافەبنەڕەتیەکانی ئابورییمان پێببەخشن کە برەو بە گەشەی ئابوری دەدات:

ا. نابێت هیچ حکومەتێک دەسەڵاتی یاسادانانی بەکاربهێنێت بۆ دەستبەسەرداگرتنی موڵکی تایبەت، چ بەشێکی یان سەرجەمی موڵکە تایبەتەکە بەمەبەستی بەکارهێنانی گشتی بەبێ قەرەبووکردنەوەی تەواوی خاوەنەکەی بەپێی بەهای بازاڕی موڵکی دەستبەسەرداگیراو.

لەم ساڵانەی دواییدا حکومەتە خۆجێیەکان و حکومەتی ویلایەتەکان بە تایبەت یاسایان بەکارهێناوە بۆ دەستبەسەرداگرتنی موڵکی تایبەت بەبێ

قەرەبووکردنەوە، ئەگەرچی خاوەن موڵکەکە مافی هیچ کەسێکی پێشێلنەکردووە. دادگاکان بەگشتی ڕێگەیان داون ئەمە ئەنجامبدرێت بەمەرجێک کە دەستەی یاسادانان بڕیاریدابێت کە کردارەکە "لە بەرژەوەندی گشتی"دایە یان دەستبەسەرداگرتنەکە خاوەنەکەی لە بەکارهێنانەکانی موڵکەکەی بێبەشنەکردووە. ئەمە دەرگایەکی کراوەیە بۆ بەدبەکارهێنان و پێویستە دابخرێت.

ب. مافی تاکەکەسەکان بۆ رکابەری لە بازرگانی یان پیشەیەکدا ، یاخود ئەنجامدانی کڕین و فرۆشتنی کاڵا و خزمەتگوزاری یاسایی بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی بەپێی مەرجی قبووڵکراوی هاوبەش، نابێت لەلایەن کۆنگرێس یان هەر ویلایەتێکەوە پێشێلبکرێت.

ئازادی تاکەکەسەکان بۆ رکابەری لە بازرگانیدا و بۆ بەشداریکردن لە چالاکی ئاڵوگۆڕی خۆبەخشانەدا بەردی بناغەی هەردوک ئازادی و گەشەی ئابورییە. کۆنترۆڵکردنی نرخ، ڕێگرییەکانی سەر بازرگانی و چوونە ناو پیشەوە، ئەو یاسایانەی کە ڕێگرن لە ئاڵوگۆڕی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە دەرەوەی سنوورەکاندا و یاسای دیکەی حکومەت کە ڕێگرن لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی پێویستە قەدەغە بکرێن.

ج. پێویستە کۆنگرێس باج نەگرێت یان ڕێژە دیاری نەکات لەسەر هاوردە یان هەناردە.

دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەپاندنی ئەم جۆرە لە ڕێگری سەر هەناردنی قەدەغە کردووە. پێویستە ئەم قەدەغەکردنە هاوردەش بگرێتەوە. ئازادی ئاڵوگۆڕی بازرگانی مافێکی بنەڕەتی مرۆڤە، هەر وەک ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی ئایین. هیچ هۆکارێک نییە ڕێگەبگرێتە لەوەی ئەمەریکییەکان کڕین یان فرۆشتن لەگەڵ هەر کەسێکدا بکەن کە باشترین مامەڵی بازرگانیان لەگەڵ دەکات، تەنانەت ئەگەر لایەنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە وڵاتێکی تر بژی.

د. پێویستە ڕەزامەندی سێ لەسەر چواری هەردوو ئەنجوومەنەکەی کۆنگرێس بخوازرێت بۆ بڕیاردان لەسەر خەرجی هەموو پرۆگرامەکانی حکومەتی فیدراڵ. پێویستە لانیکەم ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی باڵی یاسادانەری حکومەتی ویلایەتەکان داوابکرێت بۆ خەرجییەکانی حکومەتی ویلایەتەکان.

با ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە ئەگەر پرۆژەیەک بەڕاستی بەرهەمداربێت، هەمیشە شێوازێکی لە دابینکردنی دارایی دەبێت کە ئەنجامەکەی دەستکەوتی هەموان دەبێت (بڕوانە بەشی سێ،

پێکهاتەی 1). لێرەوە، پێویست نییە ڕێوشوێنی زۆرینەی باڵا ئەو پرۆژانەی کە بەڕاستی سامان زیاد دەکەن لەناوبەرێت. بەڵام بەکارهێنانی حکومەت وەک کەرەستەی تاڵانی لەلایەن بەرژەوەندییە تایبەتەکانەوە سەختتر دەکات. هاوکات یارمەتیدەر دەبێت لە هێشتنەوەی چالاکییەکانی خەرجکردنی حکومەت لەسەر ئاستی ناوچەییدا کە رکابەری لەنێوان حکومەتەکاندا هاندەرێکی بەهێزتر دەبەخشێت بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی هەموو هاوڵاتیان.

ر. پێویستە ڕەزامەندی سێ لەسەر چواری هەردوو ئەنجوومەنەکەی کۆنگرێس وەربگیرێت پێش ئەوەی حکومەتی فیدراڵی ڕێگەی بدرێت قەرز بکات بۆ پارەدانی کورتهێنان لە بودجەی ساڵانەیدا.

ز. پێویستە ڕەزامەندی سێ لەسەر چواری هەردوو ئەنجوومەنەکەی کۆنگرێس وەربگیرێت بۆ فەرماندانی حکومەتی فیدراڵی لەسەر هەر خەرجییەک چ لەلایەن حکومەتی ویلایەتەکانەوە بێت یان لەلایەن کۆمپانیا بازرگانییە تایبەتەکانەوە بێت.

ئەگەر ئەم ڕێوشوێنە دانەنرێت، کۆنگرێس فەرمانی خەرجی بەکاردەهێنێت بۆ هەڵهاتن لە سنووره پێشوەخت دانراوەکانی خەرجکردن و قەرزکردن.

ح. ئەرکی سیستەمی بانکی نێوەندی ئەمەریکا (فێدراڵ ریزێرف) بۆ ڕاگرتنی بەهای دراو و داڕشتنی ئاستی سەقامگیری نرخە. ئەگەر نرخەکان دوو ساڵ لەسەریەک و ساڵانە بەڕێژەی زیاتر لەسەدا 4 بەرزبوونەوە یان نزمبوونەوە، پێویستە داوا لە هەموو فەرماندەکانی سیستەمی بانکی نێوەندی بکرێت کە دەست لەکار بکێشنەوە.

ئەم ڕێوشوێنە بەئاشکرا دیاری دەکات کە فێدرەل ریزێرف پێویستە چی بکات. ئەگەر فێدرەل ریزێرف سەقامگیری نەختی بەدیهێنا، ئەوا بەشی خۆی ئەنجامداوە لە برەودان بە سەقامگیری و گەشەی ئابوری.

شیکاری ئابوری ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەم ڕێوشوینانە یارمەتیدەر دەبن لە برەودان بە گەشەی ئابوری و سنووردارکردنی پاڵنەری سیاسەتمەداران بۆ خزمەتکردنی گروپەکانی بەرژەوەندی تایبەت. هەنگاوی ئەرێنی دەبن بەئاراستەی دووبارە دامەزراندنەوەی حکومەت

لەسەر بنەمای ڕەزامەندی هاوبەش لەجیاتی هێز یان تاڵانی.

بەڵام بەرلە دووبارە داڕشتنەوەی ئەو ڕێسا دەستورییانەی کە تەبان لەگەڵ گەشەی ئابوریدا، پێویستە ئەو پێکهاتە ڕۆشنبیرییەی کە بناغەی دۆزی حکومەتی سنووردار چاسازیتێدابکرێت. پێویستە ئەو چەوتباوەڕیە وەلانێین کە وەهای دەبینێت هەڵبژاردنە گشتییەکان سیمای ناوازەی پرۆسەی سیاسی ئەمەریکیە. پیویستە بزانین کە دیاریکردنی سەرکردە سیاسییەکانمان لەڕێگای دەنگی زۆرینەوە شتێکە و پڕیاردان لەسەر ئەوەی حکومەت دەیکات لەڕێگای حوکمی زۆرینەوە شتێکی دیکەیە. کاتێك حکومەت بەتەنها تەرکیز دەخاتە سەر ئەو چالاکییانەی کە سوودی گشتی فراوانیان هەیە، ڕێزی زیاتر بەدەست دەهێنێت و لێرەوە بەهێزتر دەبێت. حکومەتی سنووردار نەک حوکمی زۆرینە، کلیلە بۆ گەشەی ئابوری. هەتا زووترئەم خاڵە گرنگە فێرببین، زیاتر ئازاد و خۆشگوزەران دەبین.

هەردوو ئابورناسی سەرەتایی و ئەزموونی ئەمەریکی ڕۆشنایی بەرچاو دەخەنە سەر سامانی نەتەوەکان و سەرچاوەکانی گەشەی ئابوری. سەلیقەی ئابوری ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە موڵکدارێتی تایبەت، ئازادی ئاڵوگۆر، بازاڕی رکابەرانە، دەوڵەتی یاسا، و سەقامگیری دارایی بەردی بناغەن بۆ خۆشگوزەرانی. کاتێک ئەم بەردی بناغانە ئامادەن، تاکەکەسەکان دەتوانن "ئەوەی چاندویانە دروێنەی بکەن،" وزەی بەرهەمهێنەرانە ئازاد دەبێت و سامان پێکەوە دەنرێت. ئەمە ئەو شێوازەیە کە گەشەی ماددی ئەمەریکای دروستکردووە. هەتا ئەو ئەندازەیەی ئەمەریکا لەمە دوور بکەوێتەوە، ئەمەریکا توشی کەمبونەوەی گەشە و خۆشگوزەرانی دەبێت.

بەشی 2 و 3 تایبەتبوون بە خۆشگوزەرانی نیشتمانی. دوا بەشی ئەم پەرتوکە گرنگی دەدات بە خۆشگوزەرانی شەخسی بەلەبەرچاوگرتنی چەند هەڵبژاردەیەکی عەمەلی کە دەتوانیت بیانکەیت و یارمەتیت دەدەن بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی خۆشگوزەرانتر.

# بەشی چوارەم
# نۆ پێکهاتەی سەرەکی بۆ دارایی عەمەلی تاکەکەسی

**1. باڵادەستی ڕێژەیی خۆت بناسە**
**2. ئەنتۆرپەنۆریاڵ بە (خاوەنی بیرۆکە و پرۆژەی بازرگانی نوێ) . لە ئابوری بازاڕدا، خەڵک لەڕیگای یارمەتیدانی ئەوانی ترەوە سەردەکەون و ڕێگای باشتر دەدۆزنەوە بۆ ئەنجامدانی شتەکان.**
**3. کەمتر خەرج بکە لەوەی دەستت دەکەوێت. هەرئێستا بەرنامەی پاشەکەوتی ئاسایی بگرەبەر.**
**4. پارەی هیچ شتێک بە قەرز وەرمەگرە کە لە ماوەی ژیانی شتەکە زیاتری پێبچێت بۆ دانەوەی.**
**5. دوو ڕێگا هەن بۆ وەدەستهێنانی زیاترین سود لە پارەکەت. خۆت بە دووو بگرە لە قەرزی کرێدێت کارت و هەروەها هەوڵبدە شتی دەستیدوو بکڕێت.**
**6. دەستبکە بەوەی مانگانە پارە بخەیتە حسابی کۆکردنەوەی "راستەقینە"وە.**
**7. هەوڵ بدە هێزی سوودی لێکدراو لەبەرژەوەندی تۆ کاربکات.**
**8. هەمەجۆری پەیڕەو بکە – هەموو سێوەکانت مەخەرە یەک سەبەتەوە.**
**9.منداڵەکانت فێربکە چۆن پارە پەیدابکەن و ژیرانە خەرجیبکەن.**

## پێشەکی

بەبەراورد لەگەڵ ئەمەریکیەکانی دوو نەوە پێش ئێستا و هەروەها هاوزەمانەکانیان لە سەرتاسەری دنیادا، ئەمەریکیەکان لە ئێستادا داهاتی یەکجار بەرزیان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرێك، یاخود زۆرترینیان لەسایەی باری گرژی داراییدا دەژین. ئەمە بۆ وایە؟ وەڵامەکەش ئەوەیە کە دڵئارامنەبوونی دارایی بە شێوەیەکی بنەڕەتی بەهۆی هەڵبژاردەکانمانەوە دێتە بوون نەوەك ئەو پارەیەی کە پەیدای دەکەین.

ئەگەر جڵەوی دارایی خۆت نەکەیت، ئەوا ئەو جڵەوت دەکات. وەك یۆگی بێرای فەیلەسوفی مەزنی ئەمەریکا (کۆنە یاریزانی بەسیبۆڵ) دەڵێت هەریەکە لە ئێمە پێویستی بە پلانە. ئەگەر پلانێکمان نەبێت، ئەوا دەکەوینە بارێکەوە کە نامانەوێت تێیدا بین. ئەو دوانزە خاڵەی کە لە خوارەوە روندەکرێنەوە دەبنە کرۆکی پلانێکی عەمەلی. وەك بەشەکانی دیکەی ئەم پەرتوکە، ئەو خاڵانە ئاراستەی کەسی ئاسایی دەکرێن نەوەك تایبەتمەندان.ئەو خاڵانە جەخت دەخەنە سەر پێشنیارە عەمەلییەکان – ئەو شتانەی کە دەتوانیت دەستبەجێ ئەنجامیان بدەیت – کە یارمەتیت دەدەن بۆ بڕیاردانی باشتری دارایی بەدەر لەتەمەنی ئێستات، ئاستی داهاتت یان باری تەندروستیت.

زۆرجار، جیهانی ئامۆژگارییەکانی وەبەرهێنان وادەردەکەون کە بەتەواوی دابڕاوبن لە جیهانی ئابوری. لە دوکانی کتێبفرۆشەکان، پەرتوکگەل لەبارەی وەبەرهێنان لە هەمان ئەو بەشەدان لەگەڵ کتێبەکانی خود-فێرکردن لەبارەی رابەری بازرگانی و پلاندانانی ستراتیژی، کە چەندین ڕەفە دوورن لەبەشی کتێبە بەربەستکراو و ئەکادەمییەکانی ئابوری. پەیامەکەش ئەوەیە کە ئەم دوو بوارە هیچ پەیوەندییان بەیەکەوە نییە. کەچی ئەو پرنسیپانەی کە دەبنە هۆی سەقامگیری دارایی، هەمان ئەوانەن کە بنەمان بۆ ئابورییەکی خۆشگوزەران.

وەک دواتر دەبینین، پرنسیپی باڵادەستی رێژەیی، ڕوونی دەکاتەوە بۆچی وڵاتان سوودمەند دەبن لە تایبەتمەندبوون لەو چالاکییانەدا کە زۆر باشن تیایاندا، هەروەها ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی تۆ وەک تاکەکەسێک دەتوانیت لەڕووی داراییەوە سوودمەند بیت لە تایبەتمەندبوون لەو شتانەدا کە بەهێزیت تیایاندا. بەهەمان شێوەش

کاری ئەنتۆرپەنۆریاڵ، بەرپرسیارێتی دارایی، و وەبەرهێنانی لە سەرمایەدا (بەتایبەتی سەرمایەی مرۆیی) بۆ تاکەکەسەکان گرنگن بەهەمان ئەو شێوەییەی کە بۆ وڵاتان گرنگن.

ئێمە نامانەوێت بتکەینە بلیمەتێکی وۆڵ ستریت یان ملیۆنەرێکی لەناکاو. ئەم ئامۆژگارییانەی لێرە پێشکەش دەکرێن تایبەتن بە شتە بنەرەتیەکانی دارایی. پێدەچێت هەندێک لە خاڵەکان سادە و ئاشکرا بن؛ لەوانەیە هەندێکی دیکەیان سەرسامت بکەن. بەڵام هەموویان بەرمەبنای ئەزموون و لۆجیک و لەهەندێک حاڵەتدا نموونەی زانستی ژمارەیین. بێگومان ئەم پلانە گشتگیرترین پلانی فەراهەم نییە و لەوانەشە باشترین پلانی دارایی نەبێت بۆ تۆ. بەڵام زۆرجار گەڕان بەدوای کامڵبووندا دوژمنی کردەی پۆزەتیڤە. زۆر کەس پروا ناکەن کە کات و شارەزایی پێویستیان هەبێت بۆ گەڵاڵەکردنی پلانێکی دارایی تەواو دروست. لەئەنجامدا، هەوڵنادەن تەنانەت ڕێنماییە عەمەلی و سادەکان بەکاربهێنن بۆ یارمەتیدانیان بۆ باشتربوون و پەناگرتن لە کارەساتی دارایی. ئەم بەشە ڕێمانیی لەم جۆرەت دەداتێ. پەیڕەویان بکە.

بەرلەوەی پێشنیاری ڕێگاکانی بڕیاردانی دارایی باشتر و بەدەستهێنانی زیاتر لە سەرچاوە بەردەستەکانت بۆ بکەین، دەمانەوێت کە چەند بیرۆکەیەکت بۆ باس بکەین لەسەر گرنگی پارە و سامان. یەکەم، ژیانێکی باش زۆر زیاترە لەوەی تەنها پارە پەیداکردن بێت. کاتێک باس دێتە سەر بەختەوەری، موڵکی نادارایی وەک هاوسەرێتی باش، خێزان، هاوڕێ، پیشەیەك کە حەزی پێبکەیت، باوەڕی ئاینی و خولیای نەنشئەبەخش، زۆر لە پارە گرنگترن. لێرەوە هەوڵدانی بیرتەسکانە بۆ تەنها بەدەستهێنانی پارە و سامان شتێکی بێمانایە.

بەڵام لەهەمان کاتدا، خواستی بەدەستهێنانی سامانی زیاتر شتێکی نەشیاو نییە. ئەم خواستە تەنها سنووردار نییە بۆ ئەوانەی کە بەتەنها گرنگی دەدەن بە خۆشبەختی تاکەکەسی خۆیان، کاتێک بەشێوەیەکی بەرتەسک تەماشای مەسەلەکە دەکەین. بۆ نموونە دایکە تیرێزا حەزی بە سامانی زیاتر دەکرد، بۆئەوەی بیتوانیایە کاری زیاتر بکات بۆ یارمەتیدانی هەژاران. زۆر کەس حەزدەکەن سامانی زیاتریان هەبێت بۆئەوەی بتوانن کۆمەکی زیاتر ببەخشن بە ڕێکخراوە ئایینی و کەلتوری و خێرخوازیەکان. ئامانجەکانمان لەژیاندا هەرچیەك

بن، ئاسانتر بەدیدێن ئەگەر سامانی زیاترمان هەبێت. لەبەرئەوە هەر یەکێک لە ئێمە هاندەرێکمان هەیە بۆ باشترکردنی پڕیاردانە داراییەکانمان. ئەم بەشە دوانزە ڕێنمایی پێشکەش دەکات بۆ یارمەتیدانمان بۆ ئەنجامدانی ئەمە.

*پێویستە زۆر وریا بیت ئەگەر نازانیت بەرەو کوێ دەچیت، چونکە لەوانەیە نەگەیتە جێ.*

*یۆگی بێرا*

## 1. باڵادەستی ڕێژەیی خۆت بناسە

پرنسیپی باڵادەستی ڕێژەیی، زۆرجار بەکاردێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی بۆچی ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئازاد ڕێگە بە خەڵك دەدات لە وڵاتە جیاوازەکاندا بۆ ئەوەی بەرهەمی زیاتر بەرهەم بهێنن و ئاستی گوزەرانیان باشتر بکەن. وەک لە بڕگەی چوارەمی بەشی یەکەمدا بینیمان، دوو وڵات دەتوانن قازانج بکەن لەڕێگای ئاڵوگۆڕی بازرگانییەوە لەگەڵ یەکتردا، تەنانەت ئەگەر یەکێک لە وڵاتەکان باشترین بوو لە بەرهەمهێنانی هەموو شتێکدا و ئەوی دیکە خراپترین بوو لە بەرهەمهێنانی هەموو شتێکدا. پرنسیپی باڵادەستی ڕێژەیی بەهەمانشێوە گرنگە بۆ سامانی تاکەکەسەکان. ئاشنابوون بەو پیشە و بازرگانییانەی کە تۆ تیایاندا سودی بەراوردکاریت هەیە و تایبەتمەندبوونیش تیایاندا یارمەتیت دەدات بۆ بەدەستهێنانی پارەی زیاتر وەک لەوەی بەپێچەوانەوە دەتوانی، بەدەرلەوەی تۆ چەند باشیت بەشێوەیەکەی رەها.

تاکەکەسەکانیش وەك وڵاتان دەتوانن داهاتی بەرزتر بەدەستبهێنن کاتێک تایبەتمەند دەبن، واتا کاتێک کە هەوڵەکانیان لەو شتانەدا چڕدەکەنەوە کە بەباشترین شێوە ئەنجامیان دەدەن. با نموونەیەکی زۆر زەق بهێنینەوە، گریمان تۆ لە هەموو کەس باشتریت لە هەموو چالاکییەکانی بەرهەمهێناندا. ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە تۆ پێویستە هەوڵ بدەیت کەمێک کات بۆ هەر چالاکییەک تەرخان بکەیت؟ یان با سەیری نموونەیەکی زەقی دیکە بکەین، لەوانەیە کەسێک لەهەموو کەس خراپتر بێت لەهەموو چالاکییەکانی بەرهەمهێناندا. ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو کەسە سوودمەند نابێت لە تایبەتمەندبوون تەنها

لەبەر ئەوەی ناتوانێت سەرکەوتوانە ململانێ بکات لەهیچ شتێکدا؟ وەڵامی هەروو پرسیارەکە نەخێرە. بەدەرلەوەی تۆ چەند بەهرەمەندیت، لەڕاستیدا تۆ بە شێوەیەکی ڕێژەیی بەرهەمدارتریت لەبوارێکدا بە بەراورد لەگەڵ بوارەکانی دیکەدا.

بەهەمانشێوەش بەدەرلەوەی توانای تۆ چەند کەمە بۆ بەرهەمهێنانی شتەکان، باڵادەستی ڕێژەییت هەیە لەشتێکدا. دەتوانیت سەرکەوتوانە لەهەندێک شتدا رکابەری بکەیت و لەڕێگای تایبەتمەندبوونەوە دەتوانیت باڵادەستی ڕێژەییت بەدیبهێنیت (پروانە بەشی 1، پێکهاتەی 4 بۆ زانیاری زیاتر لەسەر باڵادەستی ڕێژەیی)

بەواتایەکی تر باڵادەستی ڕێژەییت لەلایەن توانا ڕێژەییەکانتەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت، نەک توانا ڕەهاکانت. بۆ نموونە، تایگەر ودز بەتەنها توانای ئەوەی نییە ببێتە باشرین یاریزانی گۆڵفی جیهانی بەڵکو هاوکات باشترین ڕاهێنەریش. کێ دەتوانێت کارێکی باشتر بکات لە تایگەر ودز بۆ ڕێنماییکردنت لە لێدانەکانتدا، کام هاوێژەر بەکاربهێنیت و چۆن هاویشتنەکانت بۆ ناو چاڵەکان ڕێك بخەیت؟ بەڵام تایگەر ودز باڵادەستی ڕێژەیی هەیە بۆ یاریکردنی گۆڵف نەک ڕاهێنان. بەهای زۆر زیاتر لەدەست دەدات ئەگەر کاری ڕاهێنەری بکات وەک لەوەی یاری گۆڵف بکات، واتا *تێچوونی دەرفەت* لە ڕاهێناندا زۆر زیاترە لە تێچونی دەرفەت لە یاریکردنی گۆڵفدا. بەهەمانشێوەش لەوانەیە ڕاهێنەرەکانی خولی یاریزانە تایبەتمەندەکان هەمان ئەو توانایەی تایگەر ودزیان نەبێت بۆ ڕاهێنان، بەڵام چونکە تواناکانیان وەک ڕاهێنەر زۆر باشترە لە تواناکانیان وەک یایزانی گۆڵف، ئەوا ئەوکات بەهای کەمتر دەکەنە قوربانی کاتێک ڕاهینەری دەکەن، ئالێرەدا باڵادەستی ڕێژەیی ئەوان دەردەکەوێت. بۆ ئەوان تێچوونی دەرفەتی ڕاهێنان کەمترە لەوەی یاری گوڵف بکەن.

ئاشکرایە کە هەمیشە تاکەکەسەکان باشتردەبن ئەگەر لە شتێکدا بەڕاستی باش بن کە خەڵکی دیکە بە بەهاداری دەزانن. ئەمە ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی کەسانی وەک تایگەر ودز پارەی زۆریان دەستدەکەوێت. بەڵام تەنانەت کەسێک کە لە هیچ شتێکیشدا زۆر باش نەبێت، باشتر دەبێت لەڕێگای تایبەتمەندبوونەوە لەو شتەدا کە کەمترین باڵادەستی تێیدا هەیە بەبەراورد لەگەڵ شتی دیکەدا و ئاڵوگۆڕکردنیان لەگەڵ کەسانی تردا کە تایبەتمەندێتی جیاوازییان

هەیە.
لەوانەیە هەندێک کەس هەست بە لاوازی بکەن کاتێک ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ ئەوانەدا ئەنجامدەدەن کە پارەی زیاتریان لەخۆیان دەستدەکەوێت. بەڵام وەک لەبەشی 1، پێکهاتەی 4دا باسمانکرد، ئاڵوگۆڕی بازرگانی سوود بەهەردوولا دەگەیەنێت. هەروەها بەگشتی ئەو کەسانەی کە ئاڵوگۆڕی بازرگانیان لەگەڵدا ئەنجامدەدەیت تاوەکو زیاتر سەرکەوتوو و دەوڵەمەند بن، تۆ باشتر دەبیت، چونکە زۆرجار خزمەتگوزارییەکانت لای ئەوان بەهادارترە وەک لای ئەوانی کە کەمتر سەرکەوتوو و دەوڵەمەندن. ئێمە پێمان باشترە ڕاهێنەری بۆ تایگەر ودز بکەین وەک لەهەر یاریزانێکی تایبەتمەندی دیکەی گۆڵف، چونکە ئەو لەڕێگای بردنەوەی خولی گۆڵفی زیاترەوە لە خزمەتگوزاری ڕاهێنان زیاتر لە یاریزانانی گۆڵفی دیکە سوودمەند دەبێت و سوودە زیادەکان ڕەنگدانەوەیان دەبێت لەسەر داهاتی ڕاهێنەرەکەی.
خراپترین شت کە دەکرێت بیکەیت ئەوەیە کە پڕوا بەخۆت بهێنیت، یان ڕێگە بدەیت کەسانی دیکە پڕوات پێبهێنن، کە بەشێوەیەک لەشێوەکان تۆ قوربانیت و ناتوانیت لەڕێگای هەوڵ و دەستپێشخەریەکانی خۆتەوە دەوڵەمەند بیت. هەندێک کەس بە چەند ئیمتیازێکەوە دەستپێدەکەن، بەڵام وەک دەبینین، تەنانەت ئەوانەش کە ئیمتیازی کەمتریان هەیە، لەبەر هەر هۆیەک بێت، دەتوانن لەڕووی داراییەوە زۆر سەرکەوتوو بن ئەگەر هەوڵ بدەن و زیرەکانە خۆیان بەکاربهێنن. پێویستە خۆت سەرپەرشتیاری پێشکەوتنی توانا پیشەییەکانی خۆت بیت و بزانیت چۆن بەباشترین شێوە دەتوانیت بەهرەکان پەرەپێبدەیت و هاوکارییەکانی بازاڕ بەکاربهێنیت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانت. هیچ کەسێکی دیکە زیاتر لەخۆت گرنگی نادات بە سەرکەوتنی تاکەکەسیت. هەروەها جگە لەخۆت هیچ کەسێکی دیکە زانیاری زیاتری نییە لەسەر بەرژەوەندی و توانا و ئامانجەکانت.
دۆزینەوەی ئەو دەرفەتی کارانەی کە تۆ باڵادەستی بەراوردکاریت هەیە تیایاندا، زیاتری پیویستە لە تەنها زانینی ئەو شتانەی کە تۆ بە باشترین شێوە ئەنجامیان دەدەیت. هاوکات پێویستی بە دۆزینەوەی ئەو چالاکییە بەرهەمدارانە هەیە کە بۆ بەرژەوەندییەکانی تۆ شیاون و زۆرترین ئاسوودەیت پێدەبەخشن. ئەگەر چێژ لەو کارە ببینیت کە دەیکەیت و پڕوات وابێت کە گرنگە، ئەوا بەکردنی کاری زیاتر و کارکردن

بۆ باشترکردنی بەختەوەر دەبیت. دەوڵەمەندی ڕاستەقینە بە ئاسوودەیی تایبەت دەپێوریت. بۆ نموونە، نووسەرانی ئەم کتێبە (کە هەموویان ئابورناسن) بە شتێکی ئاسوودەکەری دەزانن وەڵامی پرسیارە ئابورییەکان بدۆزنەوە و ئەوەی دەیزانین بەشێوەیەک بگەیەنن کە یارمەتی کەسانی دیکە بدات بۆ تێگەیشتنی باشتر لە کونجە بچووکەکانی جیهان – و لەهەندێک حاڵەتدا چەند بەشیکی وێنە گەورەکەش – کە ئێمە بە شێوەیەکی پێشەییانە لیمان کۆڵیونەتەوە. تەنانەت ئەگەر هەندێک جار کاتەکانی کارکردن زۆر درێژبوون، ئێمە زۆربەی ئەو کاتانە بە چێژبەخش دەبینین. ئەوەی ئێمە دەیکەین بۆ هەموو کەس نییە. بەڵام بۆ ئێمە، بە لەبەرچاوگرتنی حەزکردنمان لە بابەتەکە، چێژی ئەوەی دەیکەین زیاترە لە سەختی کارەکە.

## 2. ئێنترۆپەنۆر بە (داهێنەری بازرگانی). لە ئابوری بازاڕدا، خەڵک لەڕیگای یارمەتیدانی ئەوانی ترەوە سەردەکەون و ڕێگای باشتر دەدۆزنەوە بۆ ئەنجامدانی شتەکان.

*کاری* ئێنترۆپەنۆری چۆنێتی هەڵبژاردنی بەکارهێنانی سەرچاوەکان لەخۆدەگرێت. لەکاتێکدا ئەم چەمکە زۆرجار وەها راڤە دەکرێت کە پەیوەندی هەبێت بە پرۆسەی پریاردانەوە لە بازرگانیدا، بە واتایەکی تەواو راستەقینە ئێمە هەموومان ئێنترۆپەنۆرین. ئێمە بەردەوام پریاردەدەین لەسەرچۆنێتی بەکارهێنان و پەرەدان بە زانین و بەهرە و ئەو سەرچاوانەی دیکە کە لە ژێر کۆنترۆڵماندان. سەرکەوتنی داراییمان ڕەنگدانەوەی ئەنجامی ئەو هەڵبژاردانە دەبێت.

ئەگەر دەتەوێت لەڕووی داراییەوە سەرکەوتوو بیت، پێویستە بەشێوەیەکی ئێنترۆپەنۆریانە بیربکەیتەوە. بەواتایەکی تر، پێویستە جەخت بخەیتە سەر چۆنێتی بەکارهێنان و پەرەدان بە بەهرەکانت و سەرچاوە بەردەستەکان بۆ دابنیکردنی ئەو شتانەی لای کەسانی دیکە بەهایان زیاترە.

*دابینکردنی ئەو کەلوپەل و خزمەتگوزاریانەی لای کەسانی دیکە بەهایان زیاترە بەبەراوردا لەگەڵ تێچوونیاندا کلیلی سەرکەوتنی داراییە.*

باری گریمانەیی ڕۆبەرت جۆنز وەربگرە، بازرگانێکی خانووبەرە. جۆنز چەند پارچە زەوییەکی گەورە دەکڕێت، دابەشیان دەکات و چەند

شـوێنێکی خزمەتگوزاری وەک شـەقام، ئاوەڕۆ، گۆڕەپانی گۆڵف و پارکیان بۆ زیاد دەکات. جۆنز قازانج دەکات ئەگەر توانی پارچەکان بفرۆشـێت بە پرێکی زیاتر لە تێچوونی زەوییەکە و ئەو خزمەتگوزارییانەی دروسـتی کردوون. ئەگەر کردارەکانی قازانجیان کرد، بەهای سـەرچاوەکان زیاد دەکەن و یارمەتی کەسـانی دیکە دەدەن لەڕێگای دابینکردنی خانووبەرەی باشـترەوە لەوەی لە جێگەکانی دیکە هەن. سـەرکەوتن یان شـکسـتی دارایی جۆنز پەیوەسـتە بە توانایەوە بۆ زیادکردنی بەهای سـەرچاوەکان.

هەندێک جار چالاکی ئێنترۆپەنۆری زۆر لەمە سـادەترە.

بۆ نموونە، هێنری تەمەن پانزە سـاڵ، کە چیمەنبڕیکی کارەبایی دەکڕێت و خزمەتگوزاری چیمەنبڕین بۆ دراوسـێکانی پێشـکەش دەکات، هێنریش بە هەمانشـێوە ئێنترۆپەنۆرە. هینری هەوڵ دەدات قازانج بکات لەڕێگای زیادکردنی بەهای سـەرچاوەکانییەوە - کات و ئامێرەکەی. سـادەبوون کلیلی سـەرکەوتنی کاری ئێنترۆپەنۆری ناگۆڕێت. هەروەک لە حاڵەتی جۆنزدا، سـەرکەوتنی هێنریش پەیوەسـتە بە توانایەوە بۆ بەکارهێنانی سـەرچاوەکان بەشـێوەیەک کە بەهایان زیاد بکات.

ئەو کەسـانەی کە توانای عەقڵییان بەچڕی ئاراسـتەی چۆنێتی دابینکردنی ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانە دەکەن کە لای خەڵکانی دیکە بەهایان زۆرە، ئیمتیازێکی گەورەیان دەبێت لە بازاڕدا. زۆر کارمەند زۆربەی کاتیان لەوەدا بەسـەردەبەن کە چەند پارە وەردەگرن لەجیاتی ئەوەی بیربکەنەوە کە چۆن کارێک بکەن خزمەتگوزارییەکانیان بەهادار بێت لای خاوەن کارەکانی ئێسـتا و داهاتوویان. بەهەمانشـێوەش، زۆرێك لە خاوەن بازرگانیەکان جەختی زیاتر دەخەنە سـەر وردەکارییەکانی بەڕێوەبردن وەک لەوەی کە چۆن دەتوانن بەهای بەرهەم یان خزمەتگوزارییەکانیان بەبەراوردا لەگەڵ تێچوونیاندا زیاد بکەن. لەهەمان کاتدا ئەوانەی کە ناسـراون بە خولقاندنی– یاخود یارمەتیدانی کەسـانی دیکە بۆ خولقاندنی– بەهای زیاتر، دەتوانن کاڵا و خزمەتگوزارییەکانیان بەنرخی زیاتر بفرۆشـن.

کاتێک دەسـتتکرد بە بیرکردنەوەی جدی لەبارەی چۆنێتی زیادکردنی بەهای خزمەتگوزارییەکانت لای کەسـانی دیکە، توانای خۆت بۆ بەدیهێنانی سـەرکەوتن بەکەم مەزانە. زۆرجار بەهرەی ئێنترۆپەنۆری لەشـوێنی چاوەڕواننەکراو دەدۆزرێتەوە. کێ بیری لەوە دەکردەوە کە

رەی کرۆك کە فرۆشیارێکی ئامێری هاوشێوەی ئامێری ئەزبەری کە لە چلەکانی تەمەنیدابوو، شۆڕش لە بازرگانی فرانچایز(ئەو جۆرەیە لە خواردنگە و بازرگانی دیکە کە لە ژێر هەمان ناودا لە زۆر شوین بەهەمان شێوە دەکرێتەوە) دا بەرپا دەکات و تاکە چێشخانەیەکی مەکدۆناڵدز لە سان بێرناردۆ، لە کالیفۆرنیا، دەگۆڕێت بۆ گەورەترین زنجیرە چێشخانەی خواردنی خێرا لە جیهاندا؟ ئایا کەس چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد دوکانە بچووکەکەی سام والتمان لە هەژارترین ویلایەتی ئەمەریکادا لەساڵانی 1970کاندا، ببێتە هەوێنی گەورەترین کۆمپانیا و سوپەرمارکێت لە جیهاندا(واڵمارت)؟ کەس دەیتوانی پێشبینی ئەوە بکات کە تێد تێرنەر، خاوەنی بازرگانییەکی خۆشنووسی بچوك لە شاری ئەتلانتا، کە بێسەروبەرەیی هەڵسوکەوتی بووە هۆی دەرکردنی لە زانکۆی براون، کە دوا جار ببێتە خاوەنی گەورەترین تۆری دەنگوباس؟ (سی ئێن ئێن)

ئەمانە حاڵەتی ناسراون، بەڵام هەمان رێچکە بەردوام دووبارە دەبێتەوە. زۆرجار بەڕێوەبەرە سەرکەوتووە پێشەیی و بازرگانییەکان لە پێشینەی جۆراوجۆرەوە دێن کە پێدەچێت تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندیان نەبێت بەو بوارانەوە کە تیایاندا سەرکەوتودەبن. بەڵام یەک شت لە نێو هەموویاندا هاوشێوەیە: هەمووان باشن لە دۆزینەوەی ڕێگای باشتر بۆ ئەنجامدانی شتەکان و قۆستنەوەی هەلەکان بۆ زیادکردنی بەهای سەرچاوەکان کە کەسانی تر بەشێوەیەکی گشتی پشتگوێیان دەخەن.

ئێنترۆپەنۆرەکان، کە زیاتر کار بۆ خۆیان دەکەن، بەشێوەیەکی نایەکسان لەناو ملیۆنێرەکانی ئەمەریکادا نوێنەرایەتی دەکرێن. بەپێی ئامارەکان ئەوانەی کار بۆ خۆیان دەکەن تەنها پێنج یەکی کۆی هێزی کار پێکدەهێنن، بەڵام دوو لە سەر سێی ملێۆنێرەکان پێکدەهێنن. ئەو ملیۆنێرانەی کار بۆ خۆیان دەکەن زیاتر پێگەی ملیۆنێرییان لەتەمەنێکی گەنجتردا بەدەست دەهێنن.

سەرکەوتنی ئەو ئێنترۆپەنۆرانەی کە کار بۆ خۆیان دەکەن لە چوار هۆکارەوە سەرچاوەیان گرتووە.

*یەکەم و پێش هەموو شتێک، سەرکەوتنیان ئاماژەیە بۆ بەهرەی ئێنترۆپەنۆرانەیان: توانای دۆزینەوەی بەرهەمی داهێنەرانەی نوێ و ڕێگەکانی کەمکردنەوەی تێچوون و ئەو دەرفەتە پڕقازانجانەی کە*

*لەلایەن کەسانی دیکەوە پشیگوێ خراون.*

*دووەم، کار بۆ خۆکردن سەرکەشی زیاترە لەوەی کار بۆ خەڵکی دیکە بکەیت، سەرکەشی زیاتر و داهاتی زیاتریش هاوشانی یەکترن.* ئەوانەی کار بۆ خۆیان دەکەن داهاتی دیاریکراوی زامنیان نییە، بەڵام ئەو سەرکەشییە زیادانەی کە هاوشانی کار بۆخۆکردنن دەبێتە مایەی داهاتی زیاتر (و سامانی زیاتر). ئەگەر داهاتی کار بۆخۆکردن، بە سەرکەشییە زۆرەکانیشیەوە، لە تێکڕادا زیاتر نەبووایە لە داهاتی کاری بێ مەترسی، خەڵک وازیان لە کار بۆخۆکردن دەهێنا و ڕوویاندەکردە ئە دەرفەتانەی کە سەرکەشیان کەمە. ئەمە داهاتی کاری پرسەرکەشی زیاد دەکات و داهاتی کاری کەم سەرکەشی کەمدەکاتەوە. لەئەنجامدا، سەرکەشی زۆر دەبێتە هۆی داهاتی زۆر.

*سێیەم، ئاستی بەرزی پاشەکەوت، سامانی تاکەکەسە* ئێنترۆپەنۆرەکان زیاددەکات. زۆرجار ئەو خاوەن بازرگانییانەی کار بۆ خۆیان دەکەن، لەسەرەتادا داهاتی بەشێکی زۆر کەمی داهاتەکە بۆخۆیان هەڵدەگرن ئەمەش لەپێناوی ئەوەی وەبەرهێنانی زیاتر بکەن لەپێناوی ئەوەی بازرگانیەکەیان زیاتر خۆیبگرێت. تەنانەت پاش سەرکەوتنی بازرگانییەکەش، زۆرجار خاوەنەکەی زۆربەی قازانجەکە بەکاردەهێنێتەوە بۆ باشترکردن و فراوانکردن.

*چوارەم، عادەتەن خاوەن بازرگانییەکان کاتژمێری زیاتر کاردەکەن.* بۆ زۆرێک لەو ئێنترۆپەنۆرانەی کار بۆ خۆیان دەکەن، چل کاتژمێر کار لەهەفتەیەکدا وەک پشووی هاوین وایە بەلایانەوە. هاوکات ئەم کاتژمێرە زۆرانەی کارکردن داهات و سامانیان زیاددەکات.

هاوکات ئەو کەسانەی بۆ خەڵکی دیکەش کاردەکەن دەتوانن ئەو تایبەتمەندییانە بگرنەبەر کە بەشدارە لە پێگەی داهاتی بەرز و سامانی ئەو ئێنترۆپەنۆرانەی کە کار بۆ خۆیان دەکەن. دەتوانن پاشەکەوتەکانیان ئاراستەی پشکی بۆرسە بکەن و پاشان داهاتی سەروو-تێکڕا بەدەستبهێنن کە هاوشانی خاوەندارێتی بازرگانی پرسەرکەشیە. ئەگەر بخوازن، دەتوانن داهاتی زیاتر بەدەستبهێنن و سامانی زیاتر کۆبکەنەوە لەڕێگای ئاستی بەرز پاشەکەوت و کاتژمیری زیاتری کارەوە. لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە ئەوکەسانەی بۆ خەڵکانی تر کاردەکەن دەتوانن دەستکەوتیان هەبێت لەڕێگای "بیرکردنەوە وەک ئێنترۆپەنۆر". هەروەک چۆن داهاتی ئێنترۆپەنۆری بازرگانی هاوشانی تواناییانە بۆ

ڕازیکردنی موشتەریەکان، داهاتی کارمەندانیش هاوشانی تواناکانە بۆ بەهادارکردنی خۆیان لای خاوەنکاری ئێستا و داهاتوویان. ئەگەر کارمەندان دەیانەوێت داهاتی زیاتریان هەبێت، پێویستە پەرە بدەن بە ئەو بەهرە و توانا و عادەتانەی کارکردن کە لای کەسانی دیکە بەهایان بەرزە.

ئەم شێوە بیرکردنەوەیەی ئێنترۆپەنۆر بەتایبەتی گرنگە کاتێک کە بڕیار دەدرێت لەسەر خوێندن و ڕاهێنان. خوێندن داهات زۆر زیاد ناکات ئەگەر زانین بەدەست نەهێنیت و پەرە بە تواناکانت نەدەیت کە خزمەتگوزارییەکانت لای کەسانی تر بەهادار بکات. ئەمانەش بریتین لە: توانای نووسینی باش و پەیوەندیکردنی باش لەسەر ئاستی تاکەکەسیدا و بەکارهێنانی ئامرازە بنەڕەتیەکانی ماتماتیک و ئەو توانا دیاریکراوانەی کە لە حەشامەتت جیادەکەنەوە و بەرهەمداریت بەرزدەکەنەوە. پەرەدان بەو توانایانەی کە لای کەسانی تر بەهات زیاد دەکەن، کلیلی خوێندنە لەسەر ئاستی دواناوەندی و زانکۆ. ئەو خوێندکارانەی زانکۆ کە پێیان وایە کە بەتەنها بڕوانامە کلیلی کاری داهات بەرزە، زۆرجار بەسەختی بەئاگادەهێنرێنەوە کاتێک دەچنە بازاڕی کارەوە.

لە ئابوری بازاڕدا، هەردووک خاوەن بازرگانی و کارمەندان لەڕێگای دۆزینەوەی ڕێگای باشترەوە بۆ ئەنجامدانی شتەکان و یارمەتیدانی کەسانی دیکە لە بەرامبەر داهاتدا سەردەکەون. ئەگەر دەتەوێت داهاتێکی زۆرت هەبێت، پێویستە بزانیت چۆن دەتوانیت بەهرەکانت پەرە پێبدەیت و بەکاربهێنیت بەو ڕێگایانەی کە بەشداری گەورەیان دەبێت بۆ کەسانی دیکە.

## 3. کەمتر خەرج بکە لەوەی دەستت دەکەوێت. هەرئێستا پرۆگرامێکی ڕێکخراوی پاشەکەوتکردن دابنێ.

پاشەکەوت زۆرگرنگە بۆ دەوڵەمەندبوون. وڵاتان بە پاشەکەوت دەوڵەمەند دەبن – بەکاربردنی کەمتر لەوەی بەرهەمی دەهێنن. تەنها لەڕێگای پاشەکەوتەوە وڵاتێک دەتوانێت سەرمایەی پێویست بۆ پێکەوەنانی سامان کەڵەکە بکات. بەڵام خۆشگوزەرانی وڵاتێك پێویستی بە شتی زیاتر هەیە وەك لەوەی تەنها سەرمایە کۆبکاتەوە.

پێویستە کۆکردنەوەی سەرمایە بەشێوەیەکی پربەرهەم وەبەربهێنرێت – ئاراستەی ئەو پرۆژانە بکرێت کە زۆرترین بەها بۆ بەکاربەران دروستدەکات. (بڕوانە پێکهاتەی 4، بەشی 2، لەسەر گرنگی بازاڕی کارای سەرمایە). هەمان شت دروستە بۆ تاکەکەس. ئەوانیش بەهەمان شێوە پێویستە پاشەکەوت بکەن و وەبەرهێنان ئەنجام بدەن. ئەگەری ئەوەی کەسێك بەبێ پاشەکەوت و وەبەرهێنانی ژیرانە دەوڵەمەند بێت ئەگەرێکی زۆر زۆر کەمە.

وەبەرهێنانی ژیرانە چەندە گرنگە (ڕێگەکانی وەبەرهێنانی ژیرانە لە پێکهاتەکانی 7 و 8دا باس دەکەین)، پێویستە هەنگاوی یەکەم بە بەرنامەیەکی ڕێکوپێکی پاشەکەوتکردن دەستپێبکات. وەڵامی بەردەوام بۆ ئەم پێشنیارە بریتییە لە "ئەزانم کە پێویستە دەست بکەم بە پاشەکەوتکردن، بەڵام هێندە پارەم دەست دەکەوێت کە بەشی خەرجییە پێویستەکانم بکات، لەبەرئەوە بودجەکەم بەشی پاشەکەوتکردنی تێدانابێتەوە. بەڵام بەبێ درۆ دواتر بەرنامەیەکی پاشەکەوت دەستپێدەکەم." ئەگەر ئەمە وەڵامی تۆیە، تکایە زیاتر بیری لێبکەرەوە. مرۆڤ هەمیشە دەتوانێت زیاتر کۆبکاتەوە و ئێستاش دەست پێبکات.

ئەگەرچی ئێمە هەمیشە بیر لەو شتانە دەکەینەوە کە "پێویستە" بیانکڕین، بەڵام زۆر زیاتر دەکڕین لەوەی پێویستمانە. ئابورییناسان هەمیشە ئاماژەی خواست لەسەر تەختە دەکێشن نەک "ئاماژەی پێداویستی"، چونکە زۆربەی بڕیارەکانی خەرجکردنمان خۆویستانەیە، زیاتر لەوەی بەرمەبنای پێداویستی ڕاستەقینە بن، هەروەها نرخ کاریگەری زۆرە لەسەر ئەو بڕیارانە. کاتێک نرخی شتێک بەرزدەبێتەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە کەمتر پێویستمان بە ئەو شتە هەیە. بەڵام ئەگەر نرخی بەرهەمێک دابەزێت، یان کەسێکی تر پارەکەی بدات(ئەوا نرخەکە *بۆ ئێمە* کەمدەکەوێت)، دەبینین کە زیاترمان لەو شتە پێویستە.

کەواتە تاڕادەیەک هەموو کەسێک، تەنانەت ئەوانەش کە داهاتیان کەمە، دەتوانن خەرجییەکانیان کەم بکەنەوە بەبێ ئەوی قوربانی گەورە بدەن. ئاسانە مەسەلەکە دوابخەیت و بیر لەوە بکەیتەوە کە کاتێک داهاتت زیادی کرد دەست دەکەیت بە پاشەکەوتکردن. ئەم گریمانەیە دوو کێشەی هەیە.

*یەکەم، ئەگەرلە ئێستادا ئیرادەت نییە بۆ پاشەکەوتکردنی پارە،*

*پێناچێت لەداهاتووشدا ئەو ئیرادەیەت هەبێت.* پری ئەو پارەیەی کە خەڵک پێیانوایە پێویستیانە، هەمیشە لەگەڵ داهاتیاندا بەرزدەبێتەوە، لەبەرئەوە خۆت هەڵمەخەڵەتێنە بەوەی کە زۆر ئاسانتر دەبێت بۆت کاتێک زۆرترت پارە دەستکەوت ئەوکات دەستبکەیت بە پاشەکەوتکردن. ڕاستە ئەو کەسانەی کە پاشەکەوت دەکەن زۆرتریان بۆ پاشەکەوت دەکرێت کاتێك داهاتیان زیاد دەکات. بەڵام ئەو کەسانەی کە داهاتی بەرزیان هەیە و پارەی زۆر کۆدەکەنەوە، بەگشتی کاتێک دەستیان کردوە بە پاشەکەوتکردن کە داهاتیان زۆر نزمتر بووە. هەروەها هۆکارێکی گرنگی بەرزبوونەوەی داهاتیان ئەوەیە کە لە قۆناغێکی زووی ژیاندا دەستیان کردوە بە پاشەکەوتکردن.

*کێشەی دووەم ئەوەیە کە لەگەڵ دواخستنی بەرنامەی پاشەکەوتکردندا تێچوونەکەی زیاتر دەبێت کاتێك لە قۆناغی خانەنشینبوون نزیکدەبیتەوە.* ئاشکرایە کە تاوەکو زووتر دەستپێبکەیت، ئەوا پارەی زیاترت پاشەکەوتکردوە ئەو کاتەی دەگەیتە تەمەنی خانەنشینی. ئەوەی ئاشکرا نییە ئەوەیە کە چەند سامانی خانەنشینی زیاتر کۆدەکەیتەوە ئەگەر کەمێک زووتر دەست بکەیت بە پاشەکەوتکردن. تەنانەت بچووکترین پڕ کە ئێستا پاشەکەوتی دەکەیت، دەتوانێت گۆڕانێکی گەورە بهێنێت بەسەر سامانی داهاتووتدا. سوودی ئەم دەستپێکردنە زووە بەدرێژی لە پێکهاتەی 7دا باس دەکەین. بەڵام بۆ ئێستا، ئەم نموونەیەی خوارەوە لەبەرچاوبگرە لەسەر ئەوەی کە دواخستنی پاشەکەوتکردن دەشێت چەند لەسەرت بکەوێت.

گریمان تۆ ئاهەنگی لەدایکبوونی ٢٢ ساڵەت دەگێڕیت و خەریکیت دەستبکەیت بە یەکەم کارت پاش تەواوکردنی زانکۆ. لەبەرئەوەی یەکسەر پارەیەکی زۆرت دەستناکەوێت و چەندین ساڵی زۆرت لەبەردەمەدا ماوە بۆ خانەنشینبوون، بەخۆت دەڵێیت کە پێویست ناکات سەرقاڵی پاشەکەوتکردن بیت لە ئێستادا، بەڵام بەڵێن بەخۆت دەدەیت کە لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا دەست پێبکەیت. بیرۆکەیەکی باشتر: *ئێستا دەست بکە بە پاشەکەوتکردن.* پێویست ناکات زۆر بێت. بابڵێین ڕۆژی 2 دۆلار لە دوو ساڵی داهاتوودا تا تەمەنت دەبێت بە ٢٤ ساڵ. ئەوە لەوانەیە هەر ئەوەندە بێت کە تۆ ڕۆژانە دەیدەیت بە قاوە و کۆلا یان لەکۆتایی ڕۆژدا بە وردە لە گیرفانتا بێت. پاشان لە تەمەنی ٢٤ ساڵییەوە تاوەکو تەمەنی ٢٦ ساڵی، ڕۆژی 3 دۆلار کۆبکەرەوە. ئەوە

تەنها کەمێک زیاترە لەوەی کە تا ئێستا کۆتکردۆتەوە و داهاتیشت زیادی کردوە. کاتێک دەبیت بە ٢٦ ساڵ، پاشەکەوتکردنەکەت زیاد بکە بۆ ڕۆژی 4 دۆلار تاوەکو دەبیت بە ٣٠ ساڵ. پاشان دەستبکە بەو بەرنامەی پاشەکەوتەی کە پاش تەواوکردنی زانکۆ بەڵێنت دابوو لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا دەستی پێبکەیت. خستنەلاوەی ئەم پرە کەمە رۆژانە شێوازی ژیانت زۆر نابووت ناکات و تاوەکو تەمەنت دەبێت بە ٣٠ ساڵ، 9،490 دۆلارت کۆکردۆتەوە، لەگەڵ سوودی دەستکەوتوو پرێکی باشت بۆخۆت پاشەکەوتکردوە. لەڕاستیدا کۆکردنەوەی 2، 3 یان 4 دۆلار ڕۆژانە شتێک پێکەوە دەنێت.

تەماشەیەکی ئەو شتە سەرسوڕهێنەرەش بکە. کاتێک لەتەمەنی ٦٧ ساڵیدا خانەنشین دەبیت، ئەو دەستپێکردنە زووە 153،305 دۆلار دەخاتە سەر سامانت، ئەمە بەپێی توانای کڕینی ئەمڕۆ. ئەوەی پێویستە بیکەیت تەنها وەرگرتنی ڕێژەی سوودی قازانجە کە یەکسانە بە نزیکەی ئەوەی کە بازاڕی پشك لەماوەی هەشت دەیەی ڕابوردوودا بەرهەمی هێناوە (دواتر، زیاتر لەسەر ئەم ئاستی قازانجە قسەدەکەین)، ئەمەش ڕێژەیەکی سەدی تاڕادەیەک بچووک دەبێت لە کۆی سامانی کۆکراوەت لەکاتی خانەنشینیدا ئەگەر بەڕاستی بەردەوام بیت لە کۆکردنەوە لەتەمەنی ٣٠ ساڵییەوە. ئەوەشت لە بیر نەچێت کە ئەگەری بەردەوامبوون لەسەر پاشەکەوتکردن لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا زۆر زیاتر دەبێت وەك لەوەی لە ٣٠ ساڵیدا دەستبکەیت بە پاشەکەوتکردن.

کەواتە جاری داهاتوو کە بیردەکەیتەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە تۆ "پێوستتن"، بزانە کە لەڕاستیدا پێویستت بەزۆربەیان نیە و بیربکەرەوە لەوەی کە تێچوونیان چەند لەسەر سامانی داهاتووت دەکەوێت. ئێمە پێشنیاری ئەوە ناکەین کە تۆ ژیانێکی کولەمەرگی بژیت بۆئەوەی بتوانیت لەداهاتوودا دەوڵەمەند بیت. ئەوە هیچ مانای نییە. بەڵام دوو شت لەبەرچاوبگرە:

*یەکەم، لەساڵانی 1980کاندا کۆنگرێسی ئەمەریکا ڕێگەی بە تۆدا کە پارە کۆبکەیتەوە بە دۆلاری پێش-باج.* واتە ئەو پرە پارە پاشەکەوتکراوە ئەو پرە پارەیەیە کە پاشەکەوتی دەکەیت لە داهاتی مانگانەت پێش ئەوەی باجی لێبدەیت. بەم پێیەش پاشەکەوت لەڕاستیدا پری داهاتی باجلێگیراوت دادەبەزێنێت. لەوەش زیاتر،

سوودی پاشەکەوتەکەت باجی لێناگیرێت تاوەکو پارەی لێدەرنەهێنیت بۆ داهاتی خانەنشینیت. سوودوەرگرتن لەم دواخستنەی باجگرتن لە پاشەکەوتەکەت قوربانیدان بە بەکاربردنی پاشەکەوتکردنی ئێستات کەمدەکاتەوە.

*دووەم، ئەگەرچی بەرنامەی پاشەکەوت پێویستی بە چەند کەمکردنەوەیەک هەیە لە خەرجییە هەنووکەییەکاندا، بەڵام چەندین ڕێگای داهێنەرانە هەن بۆ خەرجکردنی بڕێکی کەمتر.* هەروەها دەستبەجێ ئاسوودە دەبیت بە هەستکردنت بە زاڵبوون و ئاسایش کە لە ئامادەکارییەکانتەوە بۆ داهاتووی دارایت سەرچاوە دەگرن. کردنەوەی حسابێکی پاشەکەوت ئێستا یارمەتیت دەدات بۆ کەمرکردنەوەی فشارە داراییەکان و پاشان چۆنێتی ژیانت باشتر دەکات.

بەدەرلە هەموو شتێك، ژیان بریتیە لە زنجیرەیەک مەسروفاتی چاوەڕوانەکراوە. پێویستە حسابی پاشەکەوتت هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیاندا. هاوکات پێویستت بە پاشەکەوت هەیە بۆ خانەنشین بوونت (بڕوانە پێکهاتەی 6 و 7). پێویستە پاشەکەوتی بە بەرنامەی مانگانە ببێتە بەشێک لەشێوازی گوزەرانت. پێویستە وەک خانوو، خواردن، هاتووچۆ و تیچوونە بەردەوامەکانی دیکە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت. زۆرجار خاوەن کارەکان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەشیک لە پارەکەت دەخەنە حسابی پاشەکەوتەوە کە خۆت هەڵیدەبژێریت. هەندێکیان تەنانەت بەقەدەر ئەو پڕەی خۆت دەیخەیتەلاوە ئەوانیش مانگانە هەمان پڕ دەخەنە سەر پاشەکەوتەکەت. ئەم دەرفەتانە لەدەست مەدە. *کاتێک هاتە سەر پاشەکەوت، باشترین ڕێسا ئەمەیە: "بیکە."*

## 4. پارەی هیچ شتێک بەقەرزی بانکی وەرمەگرە بۆ وادەی زیاتر لە ژیانە کارکردنەکەی (سوودبەخشی).

چی ڕوودەدات کاتێک تۆ پارە قەرز دەکەیت بۆ سەفەر یان جلوبەرگ یان شتومەکی دیکە کە بەخێرایی بەکاردەبرێن یان بەهایان دادەبەزێت؟ چی ڕوودەدات کاتێک قەرزێکی چوار ساڵی دەکەیت بۆئەوەی ئۆتۆمبیلێکی بەکارهاتوو بکڕیت کە بە دوو ساڵ کەڵکی نامێنێت؟ وەڵامی هەردوو پرسیارەکە هەمان شتە: پاش ماوەیەک قەرزی شتگەلێکێك دەدەیتەوە کە بەهایەکی کەم یان هیچ بەهایەکیان نییە بۆ

تۆ یان بۆ کەسێکی تر. ئەم قەرزدانەوەیە دەبێتە هۆی گرفت و ناسەقامگیریی دارایی.

بەقەرزهێنانی شتێک بۆ ماوەیەکی درێژتر لە ژیانە بەسوودەکەی ناچارت دەکات لە داهاتوودا پارەی خۆشنودی ڕابوردووت و خواستەکانی ئێستات بدەیت. هاوکات ئەمە بەئاسانی دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر لەوەی دەستت دەکەوێت خەرجبکەیت، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە قەرزاربوونت زیاددەکات و تۆش هەژار و هەژارتر دەبیت لە داهاتوودا. ئەمە ڕێڕەوە بەرەو کارەساتی دارایی.

ئایا هەرگیز هیچ مانایەکی هەیە تاکەکەسێک یان خێزانێک کاڵا بە قەرز بکڕن؟ وەڵامەکە "بەڵێ"یە، بەڵام تەنها ئەگەر کاڵاکە موڵکێکی تەمەندرێژ بێت و ئەگەر قەرزەکە درایەوە پێش نابووت بوونی موڵکەکە. بەم شێوەیە تۆ پارەی شتێك دەدەیت کە بەکاری دەهێنێت.

زۆر کەم کڕێن ئەم مەرجەیان تێدایە. سێ خەرجی سەرەکیی ناوماڵ دێنە یادمان: خانوو، ئۆتۆمبیل و خوێندن. ئەگەر بەدروستی ڕاگیرا، خانوویەکی نوێ لەوانەیە ژیانێکی بەسوودی هەبێت بۆ ماوەی چل یان پەنجا ساڵ. لەم بارەدا، کڕینی خاونیەك بە قەرزی ٣٠ ساڵ زۆر مەعقولە. بەهەمان شێوەش، ئەگەر ئۆتۆمبیلێک چاوەڕوانی ئەوەی لێبکرێت ماوەی چوار یان پێنج ساڵ بمێنێتەوە، هیچ هەڵەیەک نییە ئەگەر پارەکەی بە ماوەی ٤ ساڵ یان کەمتر بدەیتەوە. بەهەمان شێوەی خانوو، وەبەرهێنان لە خوێندندا بەگشتی سوودی دەبێت لە مەودای دوردا. ئەو گەنجانەی کە وەبەرهێنان دەکەن لە خوێندنی زانکۆدا، دەتوانن بەرهەمی وەبەرهێنانەکەیان بچننەوە لە شێوەی داهاتی بەرزدا لەماوەی ٣٠ بۆ ٤٠ ساڵی داهاتووی تەمەنیاندا. داهاتی بەرزتر ڕێگەیان بۆ خۆشدەکات بۆ دانەوەی قەرزی خوێندن.

کاتێک کە موڵکی تەمەندرێژ هێشتا داهاتی زیاتر دروست دەکەن یان خزمەتگوزاری بەهادار دابین دەکەن، ئەو قەرزی کڕینەکەشی دراوەتەوە، هەندێک لە قەرزدانەوەکە لەڕاستیدا جۆرێکە لە پاشەکەوت و وەبەرهێنان کە سامانی پەتی خاوەنەکەی زیاد دەکات.

بۆ زۆربەی خاوەن ماڵەکان شتەکان سادەن: قەرز مەکە بۆ پارەدانی هەرشتێک جگە لە خانوو و ئۆتۆمبیل و خوێندن. سەرباری ئەوەش، جەخت لەسەر ئەوە بکەرەوە کە قەرزەکە بۆ کڕێنی ئەو شتانە زۆر زووتر

لە تەواوبوونی ژیانی بەسوودی موڵکەکە دەدرێتەوە. گرتنەبەری ئەم ڕێنماییە ساکارە، دەتبات بەئاراستەی دورکەوتنەوە لە کێشەی دارایی.

## 5. دوو ڕێگا هەن بۆ بەدەستهێنانی زیاتری سوود لە پارەکەت. خۆت بەدور بگرە لە قەرزی کرێدێت کارت و بیر لە کڕینی کەرەستەی بەکارهاتوو بکەرەوە.

زۆربەمان حەزدەکەین لە داهاتوودا زیاترمان هەبێت بەبێ ئەوەی لە ئەمڕۆدا زۆرمان لەدەست بچێت. زۆر کەس، بە ئەوانەشەوە کە داهاتیان زۆر لە تێکڕا زیاترە، دوو شت دەکەن کە ئەم ئامانجە لە ڕیدەردەکات. یەکەم: قەرزدەکەن بۆ کڕینی شت پێش ئەوەی توانای کڕینی ئەو شتەیان هەبێت. دووەم: پێدادەگرن لەسەر کڕینی شتی نوێ ئەگەرچی بەکارهاتووەکان هێندەی نوێیەکان سوودبەخش دەبن و زۆر هەرزانتر دەکەون.

دەشێت بەکارهێنانی نەزانانەی کرێدێت کارت بەربەستێکی سەخت بێت لە ڕێگای سەرکەوتنی داراییدا. ئەگەرچی زۆرکەس وریان لەگەڵ کارتەکاندا، بەڵام کەسانێك هەن بەشێوەک رەفتار دەکەن وەک ئەوەی پارەی بەکارنەهاتووی سەر کرێدیت کارتێك وەك پارەی لە بانک دانراودا وابێت. ئەمە هەڵەیەکی حاشاهەڵنەگرە. پارەی بەکارنەهاتووی کرێدیت کارت زۆر بە سادەیی بە مانای ئەوە دێت تۆ توانای قەرزکردنی زیاترت هەیە، سامانت زیاد ناکات یان پارەی زیادەت پێنابەخشێت. واباشترە بیر لە کرێدێت کارتەکەت بکەیتەوە وەک پاشکۆی حسابی هەڵسوڕاوی بانك. ئەگەر پارەت هەیە لە حسابی هەڵسوڕاودا، ئەوا دەتوانیت کرێدێت کارتەکەت بەکاربهێنێت بۆ خەرجکردن – بە مەرجێك مانگانە پارەکە بدەیتەوە. ئەگەر پارەی پێویستت نییە لە حسابەکەتدا، شتەکە مەکڕە.

لەکاتێکدا کرێدێت کارت ئاسانە بۆ بەکارهێنان، هاوکات ڕێگەیەکی فریودەر و گرانە بۆ قەرزکردن. چونکە کرێدێت کارت درێژەدان بەقەرز ئاسان دەکات، بەڵام لە ناواخندا زۆر مەترسیدارە. هەندێک کەس ناتوانن بەسەر هاندەری خەرجکردندا زاڵبن کاتێک کە پارەی بەکارنەهاتوو لە کارتەکەیاندا هەیە. ئەگەر تۆ ئەم کێشەیەت هەیە پێویستە دەستبەجێ کردار بکەیت! مقەستێک بگرە بە دەستتەوە و

هەموو کرێدێت کارتەکانت بدڕێنە. ئەگەر وا نەکەیت، بەرەو بەدبەختی داراییت دەبەن.

کڕینی شت بە کرێدێت کارت وەها دەردەکەوێت کە تۆ توانای کڕینت زیاترە، بەڵام لیستی حسابەکەت لە کۆتایی مانگدا هەر بۆ دێتەوە. ئەمەش هاندەرێکی دیکەیە: هەڵبژاردەی دانەوەی پڕێکی کەم بۆ پڕکردنەوەی سوودەکە و ڕێژەیەکی سەدی زۆر بچووکی ئەو پارەیەی قەرزت کردوە و هێشتنەوەی زۆربەی پارەکەت بۆ خەرجکردنی لە شتی زیاتردا. بەڵام ئەگەر ئەم هەڵبژاردەیە هەڵبژێریت و بەردەوام بیت لە بەکارهێنانی پارەی کارتەکەت، بەزووترین کات ڕووبەڕووی کێشەیەکی گەورە دەبیتەوە - ئاستی بەرزی سوود کە دەچێتە سەر ئەو پارانەی خەرجتکردون.

شتێکی باوە بۆ خەڵک کە نزیکەی لەسەدا 15 بۆ 18ی قەرزی کرێدێت کارتەکەیان بدەن. ئەم بڕە پارەیە زۆر لەوە زیاترە کە زۆربەی خەڵک، تەنانەت وەبەرهێنەرە سەرکەوتووەکانیش، دەتوانن لە قازانجی پاشەکەوت و وەبەرهێنانەکانیان دەستیان بکەوێت. وەک لە پێکهاتەکانی تردا دەبینین، بەئاسانی دەتوانیت دەوڵەمەند ببیت ئەگەر ساڵانە لەسەدا 7 سوود لە پاشەکەوتەکەت بەدەستبهێنیت. بەڵام ناخۆشبەختانە ئاستی بەرزی سوود لەسەر قەرزی نەدراوە کاریگەرییەکی پێچەوانەی ئەمەی هەیە. دانی لەسەدا 15 بۆ 18 لەسەر قەرزی کرێدێت کارت، دەکرێت تەنانەت کەسێک کە داهاتێکی باشی هەیە بەرەو هەژاری ببات.

نموونەی شۆن لەبەرچاوبگرە، پیشەوەرێکی لاو کە بڕیاریدەدات چەند ڕۆژێک لە بەهامەس (وڵاتێکی گەشتوگوزاریە لە ئەمەریکای ناوەراست لە زەرایای ئەتڵەسیدا) پشوو بدات. ئەم سەفەرەی 1500 دۆلاری تێدەچێت ، کە دەیخاتە سەر کرێدێت کارتەکەی. بەڵام لەجیاتی دانەوەی کۆی پارەکە لە کۆتایی مانگدا، شۆن کەمترین پڕ دەداتەوە، بەردەوام دەبێت لە کردنی ئەمە بۆ ماوەی ١٠ساڵی داهاتوو، کاتێک کە قەرزەکە بەتەواوی دەدرێتەوە. شۆن چەندی داوە بۆ سەفەرەکەی، ئەگەر گریمان رێژەی سوود لەسەدا 18 بووە بۆ کرێدێت کارتەکەی؟ مانگی 26.63 دۆلار دەدات بۆ ماوەی 120 مانگ، یان کۆی 3185.40 دۆلار. کەواتە شۆن بۆ سەفەرەکەی پارەی زیاتر دەدات بە کۆمپانیای کرێدێت کارتەکەی، زیاتر لەوەی کە داویەتی بۆ کرێی بلیتی فرۆکە و

ئوتێل و خواردن و کەیفوسەفا.

شۆن دەیتوانی سەفەرەکەی بکردایە و زۆر کەمتریشی تێبچوایە لەڕێگای پلاندانی پێشوەختەوە و دەستکردن بە پارەدان بەخۆی پێش سەفەرەکە لەبری پارەدان بە کۆمپانیای کرێدێت کارت پاش سەفەرەکە. لەڕێگای پاشەکەوتکردنی 75 دۆلار مانگانە بەڕێژەی ساڵانەی لەسەدا 5 سوودی لێکدراو (پاشان باسی سوودی لێکدراو دەکەین لە پێکهاتەی 7دا) بۆ ماوەی بیست مانگ، شۆن دەیتوانی 1560.89 دۆلاری هەبێت بۆ سەردانەکە لە کۆی پاشەکەوتکردنی 1500 دۆلار. بەواتایەکی دیکە، لەڕێگای پاشەکەوتکردنەوە بۆ ئەنجامدانی سەفەرەکەی، لەجیاتی قەرزکردنی کرێدێت کارت و دانەوەی پارەکە، شۆن دەیتوانی دوو سەفەر بکات (پارەی زیاتریشی هەبوایە بۆ خەرجکردن) بە کەمتر لە 3195.40 دۆلار کە دواجار لەسەری کەوت بۆ یەک سەفەر.

یان باشتر، شۆن دەیتوانی سەفەرەکە بکات بۆ 1،500 دۆلار و ئەوجا لەجیاتی دانەوەی 26.63 دۆلاری مانگانە بە کۆمپانیای کرێدێت کارت بۆ ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوو، دەیتوانی ئەو پڕە پارەیە کۆبکاتەوە. ئەگەر ئەمەی بکردایە و ساڵی لەسەدا 5 سوودی دەستبکەوتایە، لەکۆتایی ١٠ ساڵەکەدا دەبوە خاوەنی 4135.26 دۆلار. لەو کاتەدا دەیتوانی 2000 دۆلار لە سەفەرێکی تردا خەرج بکات و هێشتا 2،135.25 دۆلاری بۆ بمێنێتەوە. ئاشکرایە لەم نموونەیە و چەندینی دیکەوە کە دەکرێت باسیان بکەین، ئەوانەی هەوڵ دەدەن کە بەکاربردنیان زیادبکەن لەڕێگای بەکارهێنانی قەرزی کرێدێت کارتەوە لە کۆتاییدا بەکاربردن و پارەی کەمتریان دەبێت لەوانەی کە خۆ بەدور دەگرن لە قەرزی کرێدێت کارت و لەبەرامبەردا پاشەکەوت دەکەن.

بێگومان لەوانەیە ئێستا قەرزێکی زۆری کرێدێت کارتت لەسەر بێت. باشتر دەبوو ئەگەر خۆت بەدوربگرتایە لەو قەرزە، بەڵام دەرفەتێکت دەداتێ بۆ دەستکەوتنی سوودێکی زۆر لەڕێگای دەستکردنت بە بەرنامەی پاشەکەوتکردن. هەموو دۆلارێک کە پاشەکەوتی دەکەیت بۆ پارەدانەوەی قەرزی کرێدێت کارت، بەشیوەیەکی کاریگەر رادەی سوودی لەسەدا 18ی دەست دەکەوێت، یاخود هەر رادەیەك کە دەچێتە سەر قەرزەکەت.

بە واتایەکی تر، ئەگەر تۆ دۆلارێک بخەیتە وەبەرهێنانێکەوە کە لەسەدا 18 سودی دەچێتە سەر، ئەوا ساڵێک پاشتر 1.18 دۆلارت

زیادکردوە بۆ بەهای سامانەکەت. ئەگەر دۆلارێک کۆبکەیتەوە بۆ دانەوەی قەرزی کرێدێت کارتەکەت، ئەوا ساڵێک پاشتر بەهەماشێوە 1.18 دۆلاری خستۆتە سەر بەهای سامانەکەت. قەرزەکەت ئەوەندە کەمتر دەبێت – یەکەم لەو دۆلارەوە کە کۆتکردۆتەوە لەسەرەتادا قەرزەکەتی کەمکردۆتەوە و دووەم لەو 18 سەنتەوە کە بەپێچەوانەوە دەبوایە وەک سوود بیدەیت.

تەنانەت ئەگەر رادەی سودی کرێدێت کارتەکەت لە لەسەدا 18 کەمتریش بێت، هێشتا زۆر کەمترە لەوەی کە تۆ بە بەردەوامی دەستت دەکەوێت لە هەر پرۆگرامێکی پاشەکەوتکردن کە لەوانەیە هەتبێت، مەگەر تۆ زۆر بەختت هەبێت یان باش بیت لە وەبەرهێناندا. بەدڵنیاییەوە لەوانەیە واهەست نەکەیت کە پاشەکەوتکردنەکەت بەڕاستی لەسەدا ی18 دەستدەکەویت، چونکە پارەکەت ناخرێتە ناو حسابی وەبەرهێنانەوە. بەڵام هەمان شتە. هەر کەسێک کە قەرزی کرێدێت کارتی هەیە و سوورە لەسەر بەدیهێنانی سەرکەوتنی دارایی، پێویستە *یەکەم شت ئەو قەرزە بداتەوە*، ئەگەر پێویستی کرد لە پارەی پاشەکەوتیش.

ئەی ئەگەر پارەت نەبوو بۆ دانەوەی قەرزی کرێدێت کارتەکەت؟

ئەوکات قەرزێکی بانک وەربگرە -ئاستی سوود نزمتر دەبێت لە رادەی سودی کرێدێت کارتەکەت- هەروەها پلانێک دابنێ بۆ دانەوەی قەرزەکە بەزووترین کات، بۆ نموونە لەماوەی شەش مانگدا. بێگومان هاوکات پێویستە خۆت بەدور بگریت لەوەی کە قەرزێکی دیکەی کرێدێت کارت بکەیت.

ڕێگایەکی دیکە بۆ زیادکردنی پارەکەت کڕینی شمەکی بەکارهاتووە کاتێک کە ئەو شتانە هەمان سودی شتە نوێیەکانت پێدەگەیەنن. کێشەی کڕینی شتی نوێ ئەوەیە کە دەستبەجێ بەهایان دادەبەزێت. ئەمەش بە واتای ئەوەی کە لەکاتێکدا دەکرێت شتی نوێ بکڕیت بەڵام ئەو شتانە ناکرێت بۆ ماوەی درێژخایەن بە نویی خاوەنداری بکرێن. هەر کە شتەکەت کڕی، ئەوا بە پێی بەهای بازاڕ دەبێتە شتی "بەکارهاتوو."

دەتوانیت لە کڕینی شتی بەکارهاتوو پاشەکەوتێکی بەرچاوت دەستبکەوێت. تێچوونی کڕینی ئۆتۆمبیلێکی نوێ بە بەراورد لەگەڵ یەکێکی بەکارهاتوو لەبەرچاوبگرە. بۆ نموونە، ئەگەر تۆیۆتا کامرییەکی نوێ بکڕێت، کە نزیکەی 28000 دۆلار لەسەرت دەکەوێت، پاش ساڵێک

بیفرۆشەرەوە تەنها 18000 دۆلار دەکات، واتە 10000 دۆلار کەمتر لەوەی پێتداوە. ئەگەر 24 هەزار کیلۆمەتر ئۆتۆمبیلەکەت لێخوڕیبێت، ئەوا تێچوونی دابەزینی نرخەکە 66 سەنت دەبێت بۆ هەر کیلۆمەترێك.

بەڵام لەجیاتی کڕینی کامرییەکی نوێ، دەتوانیت دانەیەک لە مەعرەزێکی ئۆتۆمبێل بکڕیت کە یەک ساڵ کۆنە. نزیکەی 8000 دۆلار کەمتر دەدەیت لەوەی کە بە نوێی بیکڕیت (ئەمە نزیکەی 2000 دۆلار زیاترە لەو پارەیەی کە خاوەنە ئەسڵیەکەی لە خاوەن مەعرەزەکەی وەرگرتووە)، واتە تۆ بە نزیکەی 20000 دۆلار دەیکڕیت.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئۆتۆمبیل چەند دەمێنێتەوە ئەگەر خزمەتی بکەیت، بەئاسانی دەتوانیت سودێکی نایاب لە کامرییە بەکارهاتوەکەت وەربگریت بۆ ماوەی هەشت ساڵ، پاش ئەو ماوەیە لەوانەیە بتوانیت بیفرۆشیت بە 2000 دۆلار. گریمان ساڵی 24000 کیلۆمەترت لێخوڕیوە ، تێچوونی دابەزینی بەها بۆ هەرکیلۆمەترێك بریتی دەبێت لە 18،000دۆلار بۆ هەر 120،000 میلێک، واتە تەنها 15 دۆلار بۆ هەر میلێك. ئەمە 51 سەنتی کەمترە لە تێچوونی لێخوڕینی ئۆتۆمبیلی نوێ بۆ هەر ساڵێک. بەو گریمانەیەی کە تۆ ساڵی 24000 کیلۆمەتر لێدەخوڕێت، تێچونی دابەزینی بەها ساڵانە 7650 دۆلار دەبێت. بێگومان لەوانەیە تێچوونی پارەی فیتەر بەرزتر ببێتەوە پاش ئەوەی ئۆتۆمبیلەکەت کۆنتر دەبێت، بەڵام تەنانەت ئەگەر گریمان ساڵانە تێکڕای 1650 دۆلار بێت (کە زۆر ئەستەمە بگاتە ئەو رادەیە)، هێشتا ساڵانە 6000 دۆلار پاشەکەوت دەکەیت لەڕێگای قوربانیدانت بە بۆنی ئۆتۆمبێلی نوێ.

چەندین شمەکی دیکە هەر ئەوەندەی نوێ لەبارن بۆ بەکارهێنان و زۆرجار زۆر هەرزانترن. کەلوپەلی ناوماڵ، کەلوپەلی کارەبایی (بۆ نموونە سەلاجە، جلشۆر و وشککەرەوە)، هەروەها جلوبەرگی منداڵ و یاری (کە هەر زوو بچوك دەبن و کۆن دەبن) ئەمانە دەستبەجێ دێنە یادمان. ئێمە پێشیاری ئەوە ناکەین کە تۆ کاتێکی زۆر بەسەرببەیت لەلای کۆنە فرۆشەکان و ئۆتۆمبێلی کۆن. بە لەبەرچاوگرتنی بەهای کاتەکەت، لەزۆر باردا هەرزانترە بۆ تۆ کە شمەکێکی نوێ بکڕیت وەک لە بەکارهاتوو بە تایبەت ئەگەر بتەوێت ئەو شتە بۆ ماوەیەکی درێژ بهێڵیتەوە. لەبری ئەوە ئێمە هانت دەدەین کە ئەو پاشەکەوتە لەبارانە لەبەرچاوبگریت کە زۆرجار دەکرێت لە کڕینی شتی بەکارهاتووەوە دەستتبکەوێت، بەبێ

ئـەوەی ناچـار بیـت رازیبـوونی لـە شـتەکـان لـەدەسـت بـدەیـت. ئـەم دەرفەتانە لەدەستمەدە بۆ دەستکەوتنی بەهای زیاتر لە پارەکەت.

## 6. دەستبکە بەوەی هەموو مانگێك پارە بخەیتە ناو حسابێکی پاشەکەوتی عەمەلی.

باسی بەهای پاشەکەوتمانکرد بۆ داهاتووت. بەڵام تۆ پێویستت بە حسابێکی پاشەکەوتی عەمەلی هەیە. بەڵام ئایا مەبەست لە پاشەکەوتی عەمەلی چیە؟ ژیان پڕیەتی لە ڕووداوی لەناکاو: ئۆتۆمبیلەکە دەشکێت، بنمیچەکە دڵۆپە دەکات، کێشەی بۆریت هەیە، منداڵەکەت قوڵی دەشکێت – ئەمانە تەنها چەند دانەیەکی کەمن. لەناکاو هاتنی شتەکان پەیوەستە بە کات و سروشتی ڕووداوەکانەوە، نەک بە ڕوودانیانەوە. زۆر چاوەڕوانکراوە کە پاش ماوەیەکی درێژ هەموو خێزانێك ڕووبەڕووی خەرجی گەورە دەبێتەوە بۆ ئەو شتانەی لەسەرەوە باسکران. کەواتە شتێکی ژیرانەیە ئەگەر پلانیان بۆ دابنێیت. حسابی پاشەکەوتی عەمەلی بۆ ئەمە پێویستە. ئەو حسابە یارمەتیت دەدات مەسرەفی ئەو خەرجیە چاوەڕواننەکراوانە بکەیت بەبێ ئەوەی بتخاتە ژێر فشاری دەروونی زۆرەوە.

لەبری ئەمەش دەکرێت چاوەڕوان بیت تاوەکو ڕووداوە لەناکاوەکان ڕوودەدەن و ئەوکات هەوڵ بدەیت پلانێک داڕێژیت و مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت. ئەمە بەگشتی واتا بەکارهێنانی قەرزی کرێدێت کارت یان هەندێک شێوازی دیکەی قەرزکردن بەپێی کۆمەڵێک مەرجی سەخت. پاشان پێویستە خەمی ئەوە بخۆیت کە چۆن ئەو سوودە دەدەیتەوە کە لەئەنجامدا دەچێتە سەر قەرزەکە. هەموو ئەمانە دەبنە هۆی نیگەرانی کە لە ئاکامی بڕیاری دارایی نەزانانەوە دەکەونەوە.

پێویستە بەردەوام چەند بخەیتەلاوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوی لەم جۆرەدا؟

یەکێك لە ڕێگاکان ئەوەیە کە خەرجییەکانت لە ڕووداوە ناکاوەکانی ساڵی ڕابوردوودا کۆبکەیتەوە، دابەشی دوانزەی بکەیت، پاشان

دەستبکە بە پاشەکەوتکردنی ئەو پڕە و هەموو مانگێک بیخەرە ناو حسابی پاشەکەوتە عەمەلیەکەتەوە. لەوانەشە وەها باشتر بێت کە هەندێک لەوەش زیاتر بخەیتە سەر حسابەکەت، بۆ ئەوەی ئەگەر لە داهاتوودا ڕووبەڕووی خەرجی زیاتر بوویتەوە لەم بوارەدا. دواجار، ئەگەر پارەی زۆر بخەیتە حسابەکەتەوە، دەتوانیت بناغەیەکی باش دروست بکەیت. ئەگەر پارەی ناو حسابەکەت بەردەوام بێت لەزیادبوون، دواجار دەتوانیت هەندێکی بەکاربهێنێت بۆ مەبەستی دیکە یان تەرخانی بکەیت بۆ بەرنامەی پاشەکەوتی خانەنشینیت. خاڵێکی سەرەکی بریتییە لەوەی کە مانگانە پڕێکی دیاریکراو بخەیتە سەر حسابی پاشەکەوتەکەت وەک شتێکی ئیلزامی نەک بە پێی کەیف. پێویستە هاوشێوەی پارەدانی قیستی خانووەکەت، پارەی کارەبا و خەرجیەکانی دیکەت مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت.

حسابی پاشەکەوتی عەمەلی ڕێگەت دەدات کەمێک مێشکت ئاسودە بێت لەبری خەمخواردن لە قۆرتەکانی ژیان. بە حسابێکی لەم شێوەیە، دەتوانیت بە متمانەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو خەرجییانەدا بکەیت، کە لەڕووی کاتەوە چاوەڕوان نەکراو بوون، بەڵام دەکرێت بە دروستییەکی باشەوە پێشبینی بکرێن. لەو کاتانەدا کە خەرجییە لەناکاوەکانت لەخوار تێکڕاوەن، پارەی حسابی پاشەکەوتەکەت زیاتر دەکات. کاتێک کە خەرجییە لەناکاوەکان زۆربن، پارەی ناو حسابی پاشەکەوتەکەت کەمدەکات، بەڵام بەهێمن دەمێنیتەوە چونکە پێشتر خۆت بۆ ئامادەکردوە. ئەمە پێکهاتەیەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە "تۆ ببیتە سەروەری پارە" لەبری ئەوەی ڕێگە بدەیت کە "پارە ببێتە سەروەری تۆ".

## 7. هەوڵ بدە هێزی سوودی لێکدراو لەبەرژەوەندی تۆ کاربکات.

لە پێکهاتەی سێهەمدا پێداگریمان کرد لەسەر گرنگی پاشەکەوتکردنی بە بەرنامە. دوو هۆکاری سەرەکیی هەن بۆ ئەوەی لە ئێستادا دەستپێبکەیت. یەکەم، وەک باسمان کرد، ئەوانەی کە خۆدەدەنە دەست بیانوهێنانەوە بۆ دەسپێنەکردن لە ئێستادا، زەحمەت دەبێت بۆیان لە داهاتوودا زاڵبن بەسەریاندا. بەڵام لەم پێکهاتەیەدا

دەمانەوێت زیاتر باسی هۆکاری دووەم بکەین بۆ دەستبەجێ دەستکردن بە پاشەکەوتکردن. ئەویش ئەو دەستکەوتە گەورەیەیە کە لە زوو دەستپێکردنەوە سەرچاوە دەگرێت.
دەستپێکردن بە شتێکی بچووك لە بەرنامەی پاشەکەوتەکەتدا دەبێتە هۆی زیادبوونێکی بەرچاو لە ئاکامدا. نمونەکەی پێکهاتەی سێهەم بهێنەرەوە یادی خۆت لەسەر زیادەی سامانی خانەنشینی کە کەسێکی گەنج دەتوانێت هەیبێت لەڕێگای پاشەکەوتکردنی بڕێکی کەمەوە لەتەمەنی ٢٢ ساڵییەوە بۆ تەمەنی ٣٠ ساڵی. خستنەلاوەی تەنها 6000 دۆلار لە توانای کڕیندا (گریمان پاشەکەوتەکە لە پارەی پێش باجەوە خراوەتەلاوە) بۆ ماوەی ئەو هەشت ساڵە، بەئاسانی دەتوانێت زیاتر لە 153000 دۆلار بخاتە سەر سامانی خانەنشینی لە تەمەنی شەتوحەوت ساڵیدا. کلیلی گۆڕینی بڕێک پارەی کەم لە ئێستادا بۆ بڕێک پارەی زۆر لە داهاتوودا، بریتییە لە دەستکردن بە پاشەکەوتکردن بەزووترین کات، بۆ سوود وەرگرتنی تەواو لە "پەرجوی سوودی لێکدراو".
لەڕاستیدا سوودی لێکدراو موعجیزە نییە، بەڵام هەندێک جار وەها دەردەکەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە باسکردنی چۆنێتی کارکردنی سوودی لێکدراو ئاسانە، ئەنجامەکان بەڕاستی سەرسوڕهێنەرن. بەسانایی سوودی لێکدراو بریتییە لە دەستکەوتنی سوود لەسەر سودی بەدەستهاتوو. ئەگەرسودی بەدەستهاتووی پاشەکەوتەکەت ئەم ساڵ خەرج نەکەیت، سوود دەچێتە سەر پاشەکەوتەکەت و ئەو سوودەی پاشەکەوتەکە لەو ساڵەدا بەدەستیهێناوە. بەکردنی هەمان شت ساڵی دوای ئەوە، ئەوکات سوود لەسەر سوود لەسەر سوود...هتد وەردەگریت. ئەمە لەوانەیە زۆر دەرنەکەوێت و بۆ چەند ساڵی سەرەتا شتێکی ئەوتۆ ناخاتە سەر سامانەکەت. بەڵام پاش ماوەیەک سامانەکەت بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات و تاوەکو زیاتر بێت خێراتر گەشە دەکات. وەک ..... تۆپەڵە بەفری گلۆربوەوە وایە بە شاخێکی بەفر گرتوودا. لەسەرەتادا بەهێواشی قەبارەی زیاد دەکات، پاشتر دەبێتە شتێکی زەبەلاح و بەپەلە گەورە دەبێت و ڕاست بەرەو تۆ دێت.
گرنگی دەستپێکردنی زوو بە بەرنامەی پاشەکەوتەکەت ڕوون دەبێتەوە لەڕێگای کاریگەری هێواشی سوودی لیکدراوەوە کە

لەسەرەتادا هەیەتی کاتێک کە ڕێگە خۆش دەکات بۆ خێرابوونی کاریگەرییەکەی لە دواتردا. ئەو تۆپەڵە بەفرەی کە لە بناری شاخەکەوە دەست پێدەکات زۆر گەورە نابێت کاتێک لە گلۆربوونەوە دەوەستێت. لەبەرئەوە تاوەکو زووتر دەستبکەیت بە کۆکردنەوە، ئەو کۆکردنەوەیە کاتی زیاتری دەبێت بۆ گەورەبوون و گەورەبوونەکە زۆر خێراتر دەبێت.

نموونەیەکی ساکارلەبەرچاوبگرە. گریمان تەمەن شانزە ساڵێک بڕیار دەدات کە ئایا دەستبکات بە جگەرەکێشان. ئەمە بڕیارێکی گرنگە لەبەر چەند هۆیەک، لەبەرچاوگرتنی تەندروستی گرنگترینیانە. بەڵام سەرەڕای هۆکاری تەندروستی، هۆکارێکی دارایی هەیە بۆ جگەرەنەکێشان. نرخی جگەرە نزیکەی 4 دۆلارە بۆ پاکەتێک لەزۆربەی ویلایەتەکانی ئەمەریکا، لەبەرئەوە ئەگەر هەرزەکارەکەمان، با ناوی بنێین ڕۆجەر دیاز، بڕیاربدات جگەرە نەکێشێت، ساڵانە 1370 دۆلاری بۆ دەگەڕێتەوە (ئەگەر گریمان ڕۆژی پاکەتێکی بکێشایە). گریمان لەبری خەرجکردنی ئەم بڕە لەشتێکی تردا، ڕۆجەر دەیخاتە وەبەرهێنانەوە لە کۆمەکێکی هاوبەشدا کە سوودی ساڵانەی لەسەدا 7ی دەبێت پاش لەبەرچاوگرتنی هەڵئاوسان. (تێبینی: ئەم لەسەدا 7 سوودە دروستە بەپێی ئاستی ساڵانەی سوودی پێرستی ستاندارد و پوەر ( Standards and Poors, S&P)ی پێنجسەد گەورەترین کۆمپانیای ئەمەریکی لەساڵی 1926ەوە.) ئەگەر ڕۆجەر لەمە بەردەوام بێت بۆ ماوەی ١٠ ساڵ، کاتێک دەبێت بە بیستوشەش ساڵ، 18929 دۆلاری پێکەوەناوە لە کۆکردنەوەی 13700 دۆلار. ئەم بڕە پارەیە خراپ نییە لەبەرامبەر قوربانیدانێکی بچوکدا– قوربانیدانێك کە لەڕاستیدا باشە بۆ ڕۆجەر.

بەڵام ئەمە تەنها سەرەتاکەیە، قازانجی سوودی لێکدراو تازە دەست پێدەکات. ئەگەر ڕۆجەر درێژە بدات بەم پلانی پاشەکەوتە تاوەکو تەمەنی دەگاتە ٣٦ ساڵ، دەبێتە خاوەنی 56164 دۆلار لە پاشەکەوتکردنی 27400 دۆلار. بەردەوام بوون تاوەکو تەمەنی دەبێت بە ٤٦ دەیکاتە خاوەنی 129411 دۆلار لە کۆی پاشەکەوتکردنی 41100 دۆلار. ئێستا کاریگەری سوودی لێکدراو دەست پێدەکات. کاتێک ڕۆجەر دەبێت بە ٥٦ ساڵ خاوەنی 273500 دۆلار دەبێت لە پاشەکەوتکردنی 54800 دۆلارەوە. کاتێکێش خانەنشین دەبێت لەتەمەنی ٦٧ ساڵیدا، خاوەنی 597301 دۆلار لە سوودی ڕاستەوخۆی تەنها 68870 دۆلارەوە. لێرەوە، لەڕێگای هەڵبژارنی جگەرەنەکێشانەوە، ڕۆجەر نزیکەی 600000

دۆلاری پێکەوەنا وەک سوودی خانەنشینی.

لە بارێکی دیکەدا، بیهێنە بەرچاوی خۆت کە چی ڕوودەدات ئەگەر ڕۆجەر لەتەمەنی ١٦ ساڵیەوە بۆ ٢٦ ساڵی جگەرەی بکێشایە، ئەوجا وازی لێبهێنایە و دەستیبکردایە بە پاشەکەوتکردنی پارەی یەک پاکەت جگەرە لە ڕۆژێکدا. وازهێنانی لە جگەرە شتێکی باشە و سوودیش لە پاشەکەوتەکە دەبینێت. بەڵام بەهۆی دواخستنی پرۆگرامی پاشەکەوتکردنەکەیەوە بۆ ماوەی ١٠ساڵ، لەبری ئەوەی 597301 دۆلاری هەبێت، ڕۆجەر تەنها 294015 دۆلاری دەبێت کاتێک تەمەنی دەبێت بە ٦٧ ساڵ. لابردنی١٠ ساڵی پاشەکەوت لە بەرنامە ٥١ ساڵەیەکەی رۆجەر، 294015 دۆلار لەسەر ڕۆجەر دەکەوێت.

لەبەرامبەردا، لەڕێگای پاشەکەوتکردنەوە بۆ ماوەیەکی کەمێک درێژتر، دەتوانیت سوود وەربگریت لە خێرابوونی گەشەوە کە سوودی لێکدراو دەیبەخشێت. بۆ نموونە، ئەگەر ڕۆجەر بەردەوام بوو لە پرۆگرامی کۆکردنەوەکەی بۆ ماوەی کەمێک زیاتر لە دوو ساڵ (ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ گریمانەکەمان کە لەتەمەنی شانزە ساڵیدا دەست دەکات بە پاشەکەوتکردن) و خانەنشینبوونی کەمێک پاش تەمەنی ٦٩ ساڵی، نزیکەی 700000 دۆلاری دەبێت بەپێی تواناى کڕینی ئەمڕۆ. تاوەکو زیاتر پاشەکەوت بکەیت، سوودی لێکدراوی زیاتر سامانەکەت زیاتر دەکات. ئەگەر ڕۆجەر هەندێک قوربانی دیکەی بچووک بدات، وەک کڕینی ئۆتۆمبیلی بەکارهاتوو لەجیاتی ئۆتۆمبیلی نوێ، کەمتر خواردنی شتی لابەلا، هەروەها نەکڕینی بلیتی یانەسیب (لەڕوی رێکەوتەوە، ئەگەری ئەوە زیاترە کەسێک هەورەبروسکە لێیبدات وەک لەوەی یانەسیبی بۆ دەربچێت)، بەئاسانی دەتوانێت یەک ملیۆنی زیادە یان زیاتری هەبێت لەکاتی خانەنشینیدا.

دووبارە، مەبەستی ئێمە ئەوە نییە کە تۆ ژیانێکی چەرمەسەری بژیت و برسێتی بچێژیت و قوربانی بدەیت بۆئەوەی لەکاتی خانەنشینیدا دەوڵەمەند بیت. کامەیە سوودی دەوڵەمەندبوون لەداهاتوودا لەڕێگای گوزەرانکردن لەهەژاریدا تا ئەو کاتەی داهاتوو دێت؟ لەبەرامبەردا، ئێمە جەخت لەوە دەکەینەوە کە خەڵکی ئاسایی دەتوانن چەندین شتی جوانیان هەبێت و هێشتا پارەی زۆر پاشەکەوت بکەن، چونکە بەدەستهێنانی سوودی گەورە پاشەکەوتی زۆری ناوێت. لەو 597301 دۆلارەی ڕۆجەر پاشەکەوتیکردوە لەرێگای جگەرە

نەکێشانەوە، تەنها 69870 دۆلاری لە کەمکردنەوەی بەکاربردنیەوە هاتووە (ئەمەش گریمانەی ئەوە دەکات کە سوود لەو دەرفەتانە نابینێت کە لەبەردەستدان بۆ پاشەکەوتکردن لە داهاتی پێش-باجدا). لەراستیدا ئەو کەسانەی کە پاشەکەوت و وەبەرهێنان دەکەن دەتوانن زۆر زیاتر خەرجبکەن لەوانەی کە نایکەن. لەکاتی خانەنشینیدا -یان زووتر- ڕۆجەر دەتوانێت دەستبکات بە خەرجکردنی سامانەکەی و لەکۆتاییدا زۆر زیاتری هەبێت لەوەی کە ئەگەر هەرگیز پارەی کۆنەکردایەتەوە.

تەنها ئەوەندەت پێویستە بەرنامەیەکی پاشەکەوتکردنی زوو وەختت هەبێت، لەگەڵ کەمێک سەبر و زانینی ئەوەی کە چۆن سوودێکی شیاوت دەستبکەوێت لە پاشەکەوتەکەت (پروانە دوو پێکهاتەی داهاتوو)، هەروەها سوود وەرگرتن لە توانای سوودی لێکدراو

## 8. هەمەجۆری – هەموو سێوەکانت مەخەرە یەک سەبەتەوە.

وەبەرهێنان سەرکەشی لەگەڵ خۆی دێنێت. بەهای بازاڕی موڵک یان وەبەرهێنانی پشك گەورەکۆمپانیا دەکرێت بەخێرایی بگۆڕێت لەماوەیەکی تا ئەندازەیەک کورتدا. تەنانەت ئەگەر نزمترین سوود زامن بێت، وەک لە دۆخی بۆندی بەها بەرزدا، گۆڕانکاری لە ڕادەکانی سوود و هەڵئاوساندا، دەتوانێت بەڕادەیەکی زۆر بەهای موڵکەکە بگۆڕێت. ئەگەر تۆ زۆربەی سامانەکەت بەستراوەتەوە بە خاوەندارێتی یەک موڵکە یان ژمارەیەکی کەمی پشکی گەورەکۆمپانیاوە، (یان بگرە خراپتر، تاکە یەک پشك) ئەوا تۆ لە پێگەیەکی لاوازدایت. ئەزموونی ئەم دواییانەی ئەوانەی کە پشکی گەورەی سامانەکانیان خستۆتە ناو پشکداری کۆمپانیای وەک ئێنرۆن، وۆرەڵد کۆم، یونایتد ئێرەلانس و تایم وۆرنەر، ئەم خاڵە نیشان دەدات.(ئەم کۆمانیایانە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا توشی دارمان هاتن و هەندێکیان ئیفلاسیان کرد وەك ئێنرۆن، نمونەی هاوچەرخ بریتی دەبێت لە کۆمپانیای بێرن ستێرن کە لە هاوینی ٢٠٠٨ دا بەهای بشکەکانی هەرەسیان هێناو ئەوانەی خاوەنی پشکبوون لەو کۆمپانیایە مایەپووچ بۆی دەرچوون).

دەتوانیت ئاستی سەرکەشی کەمبکەیتەوە لەڕێگای

هەمەجۆریکردنەوە ئەویش بە کڕینی ژمارەیەک موڵک کە پەیوەندییان بەیەکەوە نییە. هەمەجۆریکردن یاسای ژمارە زۆرەکان لەبەرژەوەندی تۆ دەخاتەگەڕ. لەکاتێکدا کە هەندێک لە وەبەرهێنانەکانت لە زەرەردا دەبن، هەندێکی دیکەیان زۆر قازانج دەکەن. قازانجی باشەکان قەرەبووی ئەوانەی تر دەداتەوە و رادەی دەستکەوت لە ئاستی تێکڕادا دەوەستێت.

لەوانەیە بۆ زۆربەی خەڵک کڕینی خانوو وەبەرهێنانی سەرەکییان بێت، لانیکەم لەسەرەتادا. ئەگەر بەباشی ڕابگیرێت و ناوچەیەکی باشدا بێت، خانوو بەشێوەیەکی گشتی وەبەرهێنانێکی باشە. لەوە بەدەر، بۆ ئەوانەی کە دەخوازن سامان پێکەوەبنێن بەبێ ئەوەی بەشداربن لە پڕیاردانی ڕۆژانەی بازرگانیدا، بازاڕی بۆرسە دەتوانیت دەستکەوتی خوازراو فەراهەم بکات. کە بە درێژایی مێژوو هەر وابووە. لە دوو سەدەی ڕابوردودا، پاش لەبەرچاوگرتنی هەڵئاوسان، پشکی گەورەکۆمپانیاکان نزیکەی لەسەدا 7 سوودی راستەقینەی ساڵانەی چۆتەسەر، بە بەراورد لەگەڵ سوودی ڕاستەقینەی لەسەدا 3 بۆ بۆند.

سەرکەشی پشك ئەوەیە کە کەسێک هەرگیز ناتوانێت دڵنیابێت لەوەی کە بەهایان چیلێدێت لەهەر ساتێکی دیاریکراوی داهاتوودا. بێگومان ماوە دەبێت کە بەهای بازاڕی وەبەرهێنانەکانت دادەبەزێت. بەڵام سەرکەشیەکە، کە ناسراوە بە ناسکیی، هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی کە پشك دەستکەوتی زیاتر دەخاتەوە بەبەراورد لەگەڵ حسابی پاشەکەوت و بۆندی مەودا کورتی حکومیدا کە هەموو ئەمانە زامنی دەستکەوتنی پرێک دەکەن لەداهاتوودا. لەبەرئەوەی زۆربەی خەڵک حەزیان لەو دڵنیاییە زیادەیەیە کە لە دەستکەوتی حسابی پاشەکەوت و بۆنددا هەیە بەبەراورد لەگەڵ پشکدا، تێکڕای سوودی پشك دەبێت بەرزتر بێت بۆئەوەی سەرنجی وەبەرهێنەران ڕابکێشێت و سەرنجیان دوور بخاتەوە لە وەبەرهێنانی زیاتر زامن.

سەرکەشی بازاڕی پشك بەڕادەیەکی زۆر کەمدەبێتەوە ئەگەر کەسێک بەردەوام پشک زیاد بکات یان ژمارەیەک پشکی جیاوازی هەبێت بۆ ماوەیەکی درێژ، بۆ نموونە 30 یان 35 ساڵ. تەنانەت وەبەرهێنەرێکی بچووکیش دەتوانیت ئەمە هەڵبژێرێت لەڕێگای پشکداری کۆمەك هاوبەشی گەورە کۆمپانیایەکە کە پشکی بۆرسە لە چەندین کۆمپانیای جیاوازدا دەکرێت و دەیانهێڵێتەوە. کاتێک کۆمەڵێک

پشکی جیاواز بۆ ماوەیەکی درێژ هێڵرانەوە، ئاستێکی بەرزی سوودیان دەبێت و هەمەچەشنی ئەو سوودە زۆر کەم دەبێت.
گریمان کەسێک پڕێکی دیاریکراوی ساڵانەی بۆ ماوەی زیاتر لە 35 ساڵ خستە کۆمەک هاوبەشیەکەوە کە ڕەنگدانەوەی ئیس & پی 500 بوو، کۆمەڵێک پشك کە نوێنەرایەتی کۆی بازاڕ دەکات. لەساڵی 1871ەوە تێکڕای سوودی ڕاستەقینە لەماوەی چەندین 35 ساڵی جیاوازدا نزیکەی لەسەدا 7 بووە، پاش هاوگونجاندن لەگەڵ هەڵئاوساندا. لەوانەیە لەمەش گرنگتر پڕی سوودی ساڵانەی هاوگونجاو لەگەڵ هەڵئاوساندا لەماوەی هەر 35 ساڵێکدا هەرگیز لە لەسەدا 2.7 کەمتر نەبووە. تەنانەت ئەم سوودە نزمە ناوازەیەش هێشتا تاڕادەیەک یەکسانە بەو سوودەی کەسێک لە بۆند دەستی دەکەوێت.
هەمەجۆریکردن مەترسیەکانی وەبەرهێنان لە بازاڕی بۆرسەدا بە دوو ڕێگا کەم دەکاتەوە. کاتێک هەندێک کۆمپانیا ئەدائیان خراپ دەبێت، کۆمپانیای دیکە لەولاوە باش دەبن. دابەزینی نرخی نەوت دەبێتە هۆی قازانجی کەمتر بۆ پیشەسازی نەوت، بەڵام لە بەرامبەردا دەبێتە هۆی زیادبوونی قازانج لە پیشەسازی فڕۆکەوانیدا چونکە تێچوونی سووتەمەنی فڕۆکە کەم دەبێتەوە. کاتێک قازانج لە پیشەسازی ئاسندا دادەبەزێت بەهۆی دابەزینی نرخی ئاسنەوە، نرخی نزمی ئاسن دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی قازانج لە پیشەسازی ئۆتۆمبیلدا. بێگومان هەلومەرجی گشتی ئابوری ئەگەری ئەوەی تیایە بگۆڕێت، وەک لەکاتی سستی ئابوری یان فروانبووندا، کە دەبنە هۆی گۆڕان لە بەهای بۆرسەی هەموو کۆمپانیاکاندا. بەڵام تەنانەت لەم حاڵەتانەشدا، هەمەجۆریکردن ئاستی مەترسی لەسەر بەهای وەبەرهێنانەکانت کەمدەکاتەوە، چونکە سستی ئابورە کاریگەری لەسەر هەندێک کۆمپانیا و پیشەسازی زیاترە وەک لە هەندێکی دیکە و بوژانەوەش بەهەمان شێوە کارێگەری لەسەر هەندێک زۆرترە بە بەراورد لەگەڵ لە هەندێکی دیکەدا. ئەو سستیە ئابوریەی زیان دەگەیەنێت بە نیمان مارکەس (کۆمپانیایەکی پۆشاکی گران بەهایە) لەوانەیە ببێتە هۆی زیادبوونی فرۆشتن و قازانج بۆ واڵمارت (کە کۆمپانیاکە بەرهەمەکانی زۆر هەرزانن).
هەندێک خاوەن کار پرۆگرامی خانەنشینی دەبەخشنە کارمەندەکانیان ، وەک پلانی 401-ك (بەرنامەی پاشەکەوتی پارە بۆ

کاتی خانەنشینی بەبێ دانی باج لەسەری) کە پڕی یەکسان بەو پارەیەی تۆ پاشەکەوتی دەکەیت دەخاتە سەر حسابەکەت لە پشکەکانی کۆمپانیاکەدا (بەڵام وەبەهێنان لە کۆمپانیای تردا نا) یانخود ڕێگەت دەدات پشك لە کۆمپانیاکە بکڕێت بە نرخێکی داشکاو بەرچاو. ئەم پلانە کڕینی پشکیی ئەو کۆمپانیایەی کە تۆ کاری بۆ دەکەیت دەکاتە شتێکی سەرنجڕاکێش. ئەگەر متمانەی باشت هەیە بە کۆمپانیاکە، شتێکی باشە کە سوود لەم دەرفەتە وەربگریت. پاش ماوەیەك لە خاوەنداریێتی، بەگشتی سێ ساڵ، ئەم پلانانە ڕێگەت دەدەن ئەو پشکە کڕاوانە بفرۆشیت و پارەکە بەکاربهێنیت بۆ وەبەرهێنانی دیکە. هەر کاتێک ڕێگەت پێدرا ئەمە بکەیت، پێویستە بیکەیت. شکستخواردن لەکردنی ئەمە مانای ئەوەیە کە پاش ماوەیەک تۆ زۆرێک لە سێوەکانت لە سەبەتەی ئەو کۆمپانیایەدا دەبن کە کاری بۆ دەکەیت. ئەمە دەخاتە پێگەیەکی دووجار سامناکەوە: کارەکەت و وەبەرهێنانەکانت بەتەواوی وابەستە دەبن بە سەرکەوتنی ئەو کۆمپانیایەوە کە کاری تێدا دەکەیت. *خۆت مەخەرە ئەم پێگەیەوە.*

ئەگەر تاکەکەسەکان بیانەوێت سەرکەوتنی دارایی خۆیان بەدەستبهێنن، پێویستە پاشەکەوتەکانیان بخەنە ئەو وەبەرهێنانانەوە کە دەستکەوتی باشیان دەبێت. لەڕابوردوودا وەبەرهێنان لە بازاڕی بۆرسەدا قازانجی زۆری هەبووە. کۆمەک هاوبەشیی بۆرسە، ڕێگە دەدات تەنانەت بە وەبەرهێنەری بچووکیش کە لیستێکی هەمەجۆری لە پشك هەبیت، بەردەوام بۆی زیاد بکات و هێشتاش تێچوونی ئاڵوگۆڕ بە نزمی بهێڵێتەوە. وەبەرهێنان لە لیستێکی هەمەجۆری پشکی بۆرسەدا بۆماوەیەکی درێژ، سەرکەشیەکانی خاوەنداریێتی پشك دادەبەزێنێت بۆ ئاستێك نزم. لەکاتێکدا کە هەموو وەبەرهێنانەکان جۆرێك لە نەبوونی دڵنیایان تێدایە، دەتوانیت متمانەی زۆرت هەبیت کە لەمەودای دووردا، لیستێکی هەمەجۆری پشکی کۆرپۆرەت دەستکەوتی ڕاستەقینەی زیاتری لێدەکەوێتەوە وەک لە حسابی پاشەکەوتکردن و بۆند و کۆمپیالە و شێوازی دیکەی دارایی هاوشێوە. خاوەنداریێتی پشك لە کۆمەک هاوبەشییدا بەتایبەتی سەرنجڕاکێشە بۆ لاوان کە دەیانەوێت پاشەکەوت بۆ تەمەنی خانەنشینیان بکەن.

## 9. منداڵەکانت فێربکە چۆن پارەیان دەست بکەوێت و ژیرانە خەرجی بکەن

تائێرە ئێمە باسی ئەوەمان کردوە کە چۆن دەتوانێت ببیەتە خاوەن سامان کاتێک لە خانەنشینی نزیك دەبیتەوە لەڕێگای پەیڕەوکردنی هەندێک ڕێسای سادە و هەبوونی ئاستێک لە سەبرگرتن و سوربوون لەسەر شتەکان. لەم پێکهاتەیەدا سەرنجمان لەتۆوە دەگوێزینەوە بۆ منداڵەکانت، یان منداڵەکانی داهاتووت.

باوان دەیانەوێت منداڵەکانیان سەرکەوتوو بن، نەک تەنها داراییەوە بەڵکو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. سەرکەوتنی گشتی و سەرکەوتنی دارایی شان بە شانی یەکتر دەڕۆن، پەیوەندییەکەشیان ڕێکەوت نییە. ئەوانەی کە خوودەگرن بە کارکردنی چالاکانە، دانانی ئامانج و هێنانەدی ئەو ئامانجانە و پەناگرتن لە چێژە ساتەوەختییەکانەوە لەڕێگای لەبەرچاوگرتنی کاریگەرییە ئایندەییەکانی هەڵبژاردەکانی ئێستاوە، بەگشتی سەرکەوتووترن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا زیاتر لەوانەی کە نایانکەن. چەندین ڕێگا هەن بۆ ڕاهێنانی منداڵەکانت لەسەر ئەم تایبەتمەندییانە. راهێنانیان لەسەر پارە پەیداکردن و پاشەکەوتکردن لە تەمەنێکی زوودا یەکێکە لەو ڕێگایانە.

یەکێک لە ڕێگا زۆر گرنگەکانی فێرکردنی بەرپرسیارێتی لای لاوان، ڕێگەدانیانە بۆ ئەوەی بزانن کە پارە پەیدادەکرێت، پارە گەزۆ نیە لە ئاسمانەوە ببارێت. لەجیاتی ئەوەی تەنها ڕۆژانەیەک بدەیت بە منداڵەکانت، پارەیان بدەرێ بۆ ئەنجامدانی هەندێک کار لە ماڵدا و بەدیهێنانی ئامانجەکانی خوێندن. لەگەڵ ئەم پارەدانەدا هەندێک گفتوگۆ لەسەر پارە وەک پێوانەیەک بۆ زانینی ئەوەی کە چەند بەباشی یارمەتی کەسانی دیکە دەدەیت و چۆن باشترین ڕێگا بۆ دەستکەوتنی پارەی زیاتر بریتیە لە دۆزینەوەی ڕێگای باشتر بۆ باشکردنی بارزی گوزەرانی کەسانی دیکە. پارە تەنها کەرەستەیەک نییە بۆ بەدەستهێنانی پری زیاتر لەو شتانەی کە خۆت دەتەوێن، بەڵکو پێوانەی بەشداریکردنتە لە یارمەتیدانی کەسانی تردا بۆ بەدەستهێنانی ئەو

شتانەی *ئەوان* دەیانەوێت. ئەم وانەیە قازانجی گرنگی لێدەکەوێتەوە لە پیشەی داهاتووی منداڵەکانتدا، بەدەر لەوەی ئەو پیشەیە چیە.

بێگومان چەندین شت بۆ منداڵەکانت دەکڕیت بەبێ ئەوەی داوایان لێبکەیت پارەی ئەو شتانە پەیدا بکەن. بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەو شتانەشت کرێ کە منداڵەکانت دەیانخوازێن، دەشێت بتوانیت تێگەیشتنێکیان لەلا دروستبکەیت لەبارەی تێچوونەکان و لەدەستچوونەکان کە لە ناو هەموو خەرجیەکدا هەن. بۆ نموونە، هەر یەک لە سێ نووسەرەکەی ئەم پەرتوکە ئەزموونی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ خواستی هەرزەکاران بۆ کڕینی مارکە زۆر باوەکانی پۆشاك، تەنانەت ئەگەر مارکەی هەرزانتر بەهەمان شێوە کاریگەربن. بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە ئابوریناسین، بۆیە هەریەکەمان لە جێگەی خۆیەوە هەمان کاردانەوەمان هەبووە بەرامبەر بە خواستی منداڵەکانمان. پارەمان پێداون بۆ کڕینی پۆشاکی خوازراو و پێمان وتوون کە ئەوە پارەی خۆیانە و ئەگەر پۆشاکێکی هەرزانتر بکڕن ئەوا دەتوانن پاشماوەی پارەکە پاشەکەوت بکەن و بەکاریبهێنن بۆ هەر شتێک کە دەیانەوێت. هەندێک جار گرانترین پۆشاکیان کڕیوە، بەڵام هەندێک جار گرانترینیان نەکڕیوە. خاڵکی گرنگ ئەوەیە کە ڕووبەڕووی تێچوونی بڕیاری کڕینەکانیان بوونەتەوە و ئەگەر دەستیان بە پارەوەگرتبێت ئەوا خۆیان سودیان لە پارە پاشەکەوتکراوەکە بینیوە. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە بڕیاردانی بەکاربەر لە جیهانی ڕاستەقینەدا پێکدەهێنێت.

ئەم ستراتیژە هاوکات دەتوانێت ناکۆکی نێوان باوان و منداڵان کەم بکاتەوە.

ڕووداوێک لە مێژووی خێزانی "گوارتنی" ئەم خاڵە ڕوون دەکاتەوە. لەکاتیکدا کە باوان و چوار کوڕەکەی خێزانی گوارتنی لە فلۆریداوە دەچوون بۆ مۆنتانا لەساڵانی 1980کاندا، کێشەیەک هاتە ئاراوە لەیەکەم وەستاندا بۆ نانی نیوەڕۆ. کوڕە یانزە ساڵەکەی گوارتنی دەیویست داوای لەپەی گۆشتی گا (*ستەیك*) بکات بۆ نانی نیوەڕۆ، بەڵام باوکی پێیوابوو هەمبەرگر و پەتاتەی سورەوەکراو گونجاوترە (هەروەها نیوەی پارەی گۆشتەکەی تێدەچێت). پاش کەمێک گفتوگۆ باوکەکە بردیەوە، بەڵام کوڕە یانزە ساڵەکە دڵتەنگبوو. ئەم دیمەنە لەکاتی نانی ئێوارەدا دووبارە بووەوە، یانزە ساڵەکە لەگەڵ یەکێک لە برا گەورەکانیدا، ویستیان لەپەی گۆشت و ڕۆبیان داوا بکەن، لەکاتێکدا

باوکەکە بیری لەشتێکی زۆر هەرزانتر دەکردەوە. پاش تەنها دوو ژەم، خێزانەکە لەگەڵ تەنگژەیەکدا ڕووبەڕووبوون: یان ئەوەتا هەژارتر دەبن کاتێک دەگەنە مۆنتانا یان سەفەرەکە سەفەرێکی بەچێژ نابێت.

لەکاتی گفتوگۆکردندا لەسەر کێشەکە دوای نانی ئێوارە، دایک و باوک گەیشتنە پلانێک: پارەی ڕۆژانە بۆ ژەمی باش و بەڵام زۆر گرانبەها نەبێت دەدەن بە منداڵاکان. ئەگەر منداڵەکان لەو پارەیە زیاتریان خەرجکرد بۆ خواردن ئەوا دەبێت خۆیان جێگەی بگرنەوە لەو پارەیەی کە خستویانەتە لاوە بۆ کڕینی دیاری و شتی نایاب. بەڵام ئەگەر پارەی ژەمەکان کەمتر بوون لە ڕۆژانەکە، هەریەکەیان دەتوانن زیادەکە بخەنە گیرفانیان. بە زانینی ئەوەی کە دەتوانن بەباشی بخۆن و هێشتا پارەیان بۆ دەمێنێتەوە بۆ بەکارهێنانی تایبەت، هەموو کوڕەکان بەم بیرۆکەیە دڵخۆش بوون. تەماشاکە! ئەمە چ کاریگەرییەکی هەبوو لەسەر بڕیاردان! کوڕە یانزە ساڵەکە هەر زوو بۆی دەرکەوت کە جۆرە خواردنێکی بەلاش لەچەند چێشخانەیەک هەیە و تاڕادەیەک هەموو ڕۆژانەی ڕۆژی یەکەمی پاشەکەوتکرد. لەڕۆژی دووەمدا، بڕێکی باشی کۆکردەوە لەڕێگای ئاشنابوونی بەوەی کە شۆربا چەند بەلەزەتە. ڕۆژی سێیەم، داوای خواردنی باش بەڵام هەرزانی دەکرد و بڕێکی لە ڕۆژانەکەی کۆدەکردەوە. کوڕە گەورەکانیش هەمان ڕێچکەیان گرت، ئەگەرچی سازاندنەکانیان ئەوەندە توند نەبوون. لەهەمووی گرنگتر ئەبوو کە چیتر ناکۆکی لەسەر خواردن نەما، پاشماوەی سەفەرەکە بۆ مۆنتانا بەچێژ بوو، هەروەها هێشتا توانیان ئێوارەیەک داوای لەپەی گۆشت و ڕۆبیان بکەن.

بەدرێژایی ژیانیان، منداڵەکانمان دەبێت خۆیان بڕیار بدەن لەسەر چۆنێتی سەرفکردنی داهاتە سنووردارەکانیان. ئەگەر زۆرتر خەرج بکەن بۆ یەک شت، کەمتریان دەبێت بۆ خەرج کردن بۆ شتی دیکە. لە تەمەنێکی زووەوە، پێویستە زانیاری بدەین بە منداڵەکانمان لەسەر واقیع و ئەزموونیان بدەینێ کە یارمەتیان دەدات بۆ فێربوونی هەڵبژاردنی ژیرانە.

تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتن لەژیاندا بریتیە لە دیاریکردنی ئامانج و کۆششکردن بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە و دۆزینەوەی ئەو ڕێگەیانەی کە وادەکەن خزمەتگوزارییەکانمان بکەینە سوودبەخشبن بۆ کەسانی دیکە و پاشەکەوتکردن بۆ مەبەستێکی دیاریکراو و خەرجکردنی پارە

بەشێوەیەکی ژیرانە. باوانیتی باش بریتیە لە یاریمەتیدانی وەچەکان بۆ بەرەودان بەم خاسیەتانە لە تەمەنێکی منداڵەوە. کردنی ئەمانە دەکرێت سەخت و چێژبەخشبن. کێ وتویەتی کە ئابوری "زانستی ژمارەکانە".